حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان

بەشی کۆمەڵناسی

# ڕانیە

## توێژینەوەیەکی مرۆڤناسی

ئەم توێژینەوەیە، پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسی - مرۆڤناسی.

لە لایەن

**داڕێژ وریا محمد**

بە سەرپەرشتی

**پ.ی.د.عزت فتاح حمەصالح**

٢٧١٩ کوردی ١٤٤٠ کۆچی ٢٠١٩ زاینی

حکـــومەتی هــەرێــمی کــوردســتـــان - عێـراق
وەزارەتی خوێندنی بـاڵا و تـوێژینـەوەی زانستــی
زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی زانسته مرۆڤایەتیەکان
بـــــــەشـــی کــۆمەڵــنـاســی

# ڕانــیــە

## توێژینـەوەیـەکی مرۆڤناسی

ئەم توێژینـەوەیە، پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانـکـۆی سـلێمانی کـراوە، وەک بەشـێک لە پێداویسـتیەکانی بە دەسـتهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسی - مرۆڤناسی.

لە لایەن
**دارێژ وریا محمد**

بە سەرپەرشتی
**پ.ی.د.عزت فتاح حمەصالح**

٢٧١٩ کوردی ١٤٤٠ کۆچی ٢٠١٩ زاینی

بەناوی خودا

# بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی( ڕانیە- توێژینەوەیەکی مرۆڤناسی) بە سەرپەرشتی من، لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان- بەشی کۆمەڵناسی ئامادەکراوە، کە بەشێکە لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسی- مرۆڤناسی.

پ.ی.د.عزت فتاح حمەصالح

سەرپەرشتیار

٢٠١٩/ ٧ / ١

---

بە پێی ئەم ڕاسپاردەیەی سەرەوە، ئەم توێژینەوەیە دەخەمە بەردەست لیژنەی گفتوگۆ.

د.کەژاڵ حسین محمد

سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی

٢٠١٩/ ٧ / ٣٠

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە(لیژنەی گفتوگۆ)، ئەم توێژینەوەیەمان (ڕانیە- توێژینەوەیەکی مرۆڤناسی) خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکار(دارێژ وریا محمد) گفتوگۆی پێویستمان کرد لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنە پەیوەندیدارەکانی توێژینەوەکە، سەرەنجام بڕیارماندا، کە شایانی پێدانی بڕوانامەی ماستەرە لە کۆمەڵناسی- مرۆڤناسیدا، بە پلەی(          ).

پ.ی.د.نوری یاسین هرزانی

سەرۆکی لیژنە

٢٠١٩/٩/١٨

پ.ی.د.نجاة محمد فرج

ئەندام

٢٠١٩/٩/١٧

د. دلاوەر مصطفى محمد

ئەندام

٢٠١٩/٩/١٨

پ.ی.د. عزت فتاح حەمەصالح

ئەندام و سەرپەرشتیار

٢٠١٩/٩/١٩

---

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی پەسەند کرا.

پ.ی.د.ابتسام اسماعیل قادر

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان

٢٠١٩/١٠/٧

**پێشکەشە بە:**

» دایک و باوکی میهرەبانم..

» هاوسەری ئازیزم...

» کوڕە خوشەویستەکانم: داریا و دانێر...

داڕێژ وریا

# سوپاس و پێزانین


» سوپاسی بێپایان بۆ خودای بەخشندە...

» زۆرسوپاس بۆ هاوسەری ئازیزم...

» زۆر سوپاس بۆ مامۆستا و سەرپەرشتیار: بەڕێز د.عزت فتاح حمەصاڵح، کە لەخۆبوردوانە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم تویژینەوەی گرتەئەستۆ. بە تێبینی و سەرنجەکانی ئاشنای زیاتری مرۆڤناسی و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی کردم.

» زۆرسوپاسی سەرۆکایەتی بەشی کۆمەڵناسیی زانکۆی سلێمانی و سەرجەم مامۆستایانی دەکەم، کە هەردەم هاوکارم بوون، بە تایبەت بەڕێزان د.جوان بەختیار، د.نجاة محمد، د.عاليه فرج .

» زۆرسوپاس بۆ مامۆستا و هاوڕێ: بەڕیز د.ئارام عەلی فەرەج.

» زۆرسوپاس بۆ ڕاگرایەتی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی و یەکەی خوێندنی باڵا.

» زۆرسوپاس بۆ هاوڕێیانم، بەڕێزان: م.سورێن ئەبوبەکر، م.سەنگەر حسام، م.هاناعلی، م.ڕێباز حمەغریب، م.جەعفەر ڕەسول، م.سیروان محمد، م.شکار ئەحمەد، م. دانا مەلاحەسەن، م. زانا ناجی، سارێژ جەنگی، روگەش جەنگی، م.چۆمان احمد.

» زۆرسوپاس بۆ سەرجەم کارمەندانی: کتێبخانەی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی، کتێبخانەی کۆلێجی ئادابی زانکۆی صەڵاحەدین، کتێبخانەی کۆلێجی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی کۆیە، کتێبخانەی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی ڕاپەڕین، کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆی سلێمانی، کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، کتێبخانەی گشتیی ڕانیە.

» زۆرسوپاس بۆ سەرجەم فەرمانبەر و بەرپرسانی فەرمانگەکانی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین و فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی.

» زۆرسوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی، کە هاوکارمبوون و بەشدار بوون لە چاوپێکەوتنەکان و زانیاریان پێدام.

» زۆرسوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم، کە بە هەرشێوەیەک بێت هاوکار و یارمەتیدەربوون لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.

دارێژ وریا

# پێڕست


| پێڕستی بابەتەکان | |
|---|---|
| **بابەت** | **ژ.لاپەرە** |
| بڕیاری سەرپەرشتیار | أ |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | ب |
| پێشکەشە | ج |
| سوپاس و پێزانین | د |
| پێڕستی بابەتەکان | هـ - و |
| پێڕستی نەخشەکان | ز |
| پێڕستی خشتەکان | ز |
| پێڕستی هێڵکاریەکان | ح |
| پێڕستی وێنەکان | ح |
| پێڕستی پاشکۆکان | ح |
| **پێشەکی** | **١-١٢** |
| بابەتی توێژینەوە | ٤ |
| گرنگیی توێژینەوە | ٥ |
| ئامانجی توێژینەوە | ٥ |
| گرفتەکانی بەردەم توێژەر | ٦ |
| کۆمەڵگای توێژینەوە | ٦ |
| میتۆدەکانی توێژینەوە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی توێژینەوە | ٩ |
| بوارەکانی توێژینەوە | ١٢ |
| **بەشی یەکەم: نەسەقی ئیکۆلۆجی** | **١٣-٤٦** |
| ئیکۆلۆجیای سروشتی و کۆمەڵایەتی | ١٧ |
| یەکەم/شوێنی جوگرافی و پێکهاتەی کارگێڕی و ڕووبەر | ١٧ |
| دووەم/ بەرزی و نزمی | ٢٥ |
| سێیەم/ ئاووهەوا | ٢٧ |
| چوارەم/ پێکهاتەی جیۆلۆجی و خاک | ٣٠ |
| پێنجەم/ ڕووەکی سروشتی و ڕووەکی چێنراو | ٣١ |
| شەشەم/ سەرچاوەکانی ئاو | ٣٣ |
| حەوتەم/ ڕێگاکانی هاتوچۆ | ٣٧ |
| هەشتەم/ دانیشتوان | ٣٩ |
| نۆیەم/ خانوو | ٤٢ |
| دەیەم/ ئیکۆلۆجیای کۆمەڵایەتی | ٤٥ |
| **بەشی دووەم: نەسەقی ئابووری** | **٤٧-٨٥** |
| **باسی یەکەم: ژیانی ئابووریی خەڵکی ڕانیە** | ٥٠ |
| یەکەم/ خاوەنداریتی | ٥٠ |
| دووەم/ کاردابەشکردن | ٥٨ |
| سێیەم/ ئاڵوگۆڕ | ٦٢ |

| | |
|---|---|
| **باسی دووەم: بەرهەمهێنان** | ٦٥ |
| یەکەم/ کشتوکاڵ | ٦٥ |
| دووەم/ پیشەسازی | ٧٢ |
| **باسی سێیەم: چالاکیە ئابووریەکانیتر** | ٧٧ |
| یەکەم/ بازرگانی | ٧٧ |
| دووەم/ گەشتوگوزار | ٨٠ |
| سێیەم/ فەرمانبەری حکومی (کارگێری) | ٨٢ |
| **بەشی سێیەم: نەسەقی کۆمەڵایەتی** | **١٣١-٨٦** |
| **باسی یەکەم: هاوسەرگیری** | ٨٧ |
| یەکەم/ هاوسەرگیری | ٨٧ |
| دووەم/ جۆر و رێگاکانی هاوسەرگیری | ٩١ |
| سێیەم/ مەراسیمی هاوسەرگیری | ١٠٣ |
| **باسی دووەم: خێزان** | ١٠٦ |
| یەکەم/ خێزان و ئەرکەکانی | ١٠٦ |
| دووەم/ جۆرەکانی خێزان | ١٠٩ |
| **باسی سێیەم: خزمایەتی** | ١١٧ |
| یەکەم/ خزمایەتی و ئەرکەکانی | ١١٧ |
| دووەم/ جۆرەکانی خزمایەتی | ١٢٠ |
| سێیەم/ زاراوەکانی خزمایەتی | ١٢٧ |
| **بەشی چوارەم: نەسەقی کلتوری** | **١٨١-١٣٢** |
| **باسی یەکەم: کلتور و تایبەتمەندیەکانی** | ١٣٣ |
| **باسی دووەم: توخمە مادیەکانی کلتور** | ١٣٧ |
| یەکەم/جلوبەرگ | ١٣٧ |
| دووەم/خواردن | ١٣٩ |
| سێیەم/شوێنەوار | ١٤٣ |
| چوارەم /ئامێر و کەلوپەلی تری ژیانی رۆژانە | ١٤٦ |
| **باسی سێیەم: توخمە واتاییەکانی کلتور** | ١٤٩ |
| یەکەم/ داب و نەریت | ١٤٩ |
| دووەم/ ئاین | ١٥٤ |
| سێیەم/ یاسا | ١٦٢ |
| چوارەم/ سیاسەت | ١٦٥ |
| پێنجەم / هونەرو ئەدەب | ١٦٩ |
| شەشەم / پەروەردە | ١٧٤ |
| حەوتەم / رای گشتی | ١٧٦ |
| **بەشی پێنجەم: کۆتایی توێژینەوە** | **١٨٨-١٨٢** |
| یەکەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوە | ١٨٣ |
| دووەم: پێشنیار و راسپاردەکانی توێژینەوە | ١٨٧ |
| سەرچاوەکان | ١٩٩-١٨٩ |
| پاشکۆکان | ٢٠٥-٢٠٠ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی (الملخص) | ٢٠٧-٢٠٦ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی (Summary) | 208-209 |

## پێرستی نەخشەکان


| ژ.نەخشە | نەخشە | ژ.لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | شوێنی جوگرافیی شاری ڕانیە بەپێی هەرێمی کوردستان و عێراق | ٢١ |
| ٢ | هەڵکەوتەی جوگرافیی شاری ڕانیە بەپێی پارێزگای سلێمانی | ٢٢ |
| ٣ | شوێنی جوگرافیی شاری ڕانیە بەپێی قەزای ڕانیە | ٢٣ |


## پێرستی خشتەکان


| ژ.خشتە | خشتە | ژ.لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | پێکهاتەی کارگێری و گۆڕانکاریە کارگێڕیەکانی قەزای ڕانیە لە ساڵی ١٩٥٧-٢٠١٨ | ١٨ |
| ٢ | گەڕەکەکانی شاری ڕانیە لە ساڵی ٢٠١٨ | ٢٠ |
| ٣ | ڕووبەری قەزای ڕانیە و ناوەندی قەزا لە ساڵی ١٩٥٧-٢٠١٨ | ٢٤ |
| ٤ | تێکڕای مانگانە و ساڵانەی پلەی گەرما ی کۆمەڵگای توێژینەوە لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٣-٢٠١٨ | ٢٨ |
| ٥ | تێکرای ساڵانەی باران بارین لە کۆمەڵگای توێژینەوە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٩- ٢٠١٨ | ٢٩ |
| ٦ | ڕێگا سەرەکیەکانی شاری ڕانیە بۆ دەرەوە | ٣٨ |
| ٧ | ڕێگا و شەقامەکانی ناو گەڕەک و نێوان گەڕەکەکانی شاری ڕانیە | ٣٨ |
| ٨ | ژمارەی دانیشتوانی قەزای ڕانیە و ناوەندی قەزا ساڵی ١٩٥٧-٢٠١٨ | ٤١ |
| ٩ | ڕووبەری داچێنراوی بەروبومی زستانە و هاوینەی ساڵی٢٠١٥ | ٦٦ |
| ١٠ | سامانی ئاژەڵ لە ساڵی ٢٠١٥ | ٧٠ |
| ١١ | دامەزراوە پیشەسازیەکانی شاری ڕانیە بەپێی جۆر و قەبارەی پیشەسازی(گەورە، مامناوەند، بچوک، ماڵان) و ژمارەی کرێکاران | ٧٤ |
| ١٢ | دوکانە بازرگانیەکانی شاری ڕانیە | ٧٩ |
| ١٣ | فەرمانگەکانی شاری ڕانیە | ٨٣-٨٤ |
| ١٤ | ژمارەی فەرمانبەرانی شاری ڕانیە بەپێی ڕەگەز | ٨٥ |
| ١٥ | زاراوەکانی خزمایەتی لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا | ١٢٩-١٣١ |
| ١٦ | پێداویستیەکانی مرۆڤ و وەڵامەکانی کلتور لە ڕوانگەی مالینۆفیسکیەوە | ١٣٥ |

## پێرستی هێڵکاریەکان


| ژ.هێڵکاری | هێڵکاری | ژ.لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | خێزانی سادە بە هەموو قەبارەکانیەوە | ١٠٩ |
| ٢ | خێزانی ئاڵۆزی درێژ | ١١١ |
| ٣ | خێزانی ئاڵۆزی یەکگرتوو | ١١٣ |
| ٤ | خێزانی پێکهاتوو- فرەژنی | ١١٤ |
| ٥ | خێزانی پێکهاتوو- فرەژنیی بەدوای یەکداهاتوو | ١١٥ |
| ٦ | خێزانی پێکهاتوو- فرەمێردیی بەدوای یەکداهاتوو | ١١٦ |
| ٧ | خزمایەتیی هێڵی دایکی(بەرێ) | ١٢٠ |
| ٨ | خزمایەتیی هێڵی باوکی(پشتێ) | ١٢١ |
| ٩ | خزمایەتیی هاوبەش(بەرێ و پشتێ) | ١٢٢ |
| ١٠ | خزمایەتیی ژن و ژنخوازی | ١٢٣ |


## پێرستی وێنەکان


| ژ.وێنە | وێنە | ژ.لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | وێنەی سەرچاوەی ئاوی قولە، لە ڕابردوو و لە ئێستادا | ٣٦ |
| ٢ | خانووی کۆنی ڕانیە لەگەڕەکی قەڵات | ٤٤ |
| ٣ | بەشێک لە دەشتی ڕانیە | ٦٨ |
| ٤ | وەستا عوسمان لەکاتی ئیشپێکردنی ئامێری پێچاڵ و، قاتی بوزو و ڕەنگەکانی | ٧٦ |
| ٥ | دەربەندی ڕانیە | ٨١ |
| ٦ | خواردنی قوڕاو | ١٤٢ |
| ٧ | گردی شمشارە | ١٤٥ |
| ٨ | بەشێک لە کەلوپەلە کوردەواریەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە | ١٤٨ |
| ٩ | یادکردنەوەی نەورۆز لە شاری ڕانیە | ١٥٣ |
| ١٠ | ئەنجامدانی یاریی دامە | ١٥٣ |
| ١١ | مەزاری سەید عەلی | ١٦٠ |
| ١٢ | مەزاری بەستە هیزە | ١٦١ |
| ١٣ | مەزاری سەیدە فەقیرە | ١٦١ |
| ١٤ | وێنەی مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین | ١٧٢ |


## پێرستی پاشکۆکان


| ژ.پاشکۆ | پاشکۆ | ژ.لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | فەرمانی وزاری کردنەوەی ئیدارەی ڕاپەڕین | ٢٠٠ |
| ٢ | ڕوبەر و ڕێژەی بەکارهێنانی زەویی شاری ڕانیە لە ساڵی ٢٠١٨ | ٢٠١ |
| ٣ | نەخشەی ڕێگاکانی شاری ڕانیە و یەکە کارگێریەکانی | ٢٠٢ |
| ٤ | ڕووبەری زەوی و زاری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ لە قەزای ڕانیە بە دۆنم | ٢٠٣ |
| ٥ | ژمارە و ناوی کەرتە کشتوکاڵیەکانی قەزای ڕانیە بەپێی ناحیەکان | ٢٠٤ |

# پێشەکی

هەر کۆمەڵگایەک و هەر ناوچەیەک، خاوەنی تایبەتمەندی و جیاوازیی پێکهاتەیی و کلتوری خۆیەتی، کە ئەمەش جێگای سەرنج و بایەخی مرۆڤناسیە(*)، بەوپێیەی ئەم زانستە بە دوای دۆزینەوە و دەرخستنی خەسڵەت و جیاوازیەکانی هەر کۆمەڵگایەکدا دەگەڕێت، تۆماریان دەکات و شیکردنەوەی پێکهاتەیی و فرمانی بۆ دەکات و لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ڕاڤە دەکات، وێنەیەکی گشتیی کۆمەڵگاکە دەکێشێت و وەک تابلۆیەک دەیخاتە ڕوو. بۆ ئەمەش پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکان، یەکێکە لە بابەتە گرنگ و پربایەخەکانی توێژینەوەی مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتی.

---

(*) چەمکی مرۆڤناسی(علم الانسان-Anthropology) لە بەشێک لە سەرچاوە و نوسینە کوردییەکان - ئەنسرۆپۆلۆجیا، ئەنترۆپۆلۆژیا، ئەنترۆپۆلۆجیا- شی پێدەگوترێت.

لە بنەڕەتدا چەمکی مرۆڤناسی (Anthropology) لە دوو وشەی یۆنانی: Anthropos(مرۆڤ) Logos(زانست) سەرچاوەی گرتووە. واتە زانستی مرۆڤ(مرۆڤناسی)

هلن واتسون و سایمن کولمن، درامدی بە انسان شناسی، ت:محسن ثلاثی، تهران، علمی، ١٣٨١، ص٢.

مرۆڤناسی پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، هەم بە پێی ڕای جیاوازی مرۆڤناسان، هەم بەپێی ڕەهەندەکان و جۆر و لقەکانی، یان بە مانایەکیتر بە پێی بوارەکانی ئیشکردنی. بە شێوەیەکی فراوان واتا لێکۆلینەوەیەکی گشتی لە مرۆڤ لە رووی سروشتی و جەستەیی و مێژوویی و دێرینی و کۆمەڵایەتی و کلتوری.

محمود روح الامینی، مبانی انسان شناسی، تهران، عطار، ١٣٧٢، ص٢٧-٢٩

مرۆڤناسی ئەمریکی فرانس پواز دەڵێت "مرۆڤناسی توێژینەوەیە لە مرۆڤ وەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، بابەتی توێژینەوەکەی کۆی دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و مرۆیی دەگرێتەوە، بەبێ ڕەچاو کردنی شوێنی و کاتی." هەروەها کروبەر دەڵێت "مرۆڤناسی زانستی توێژینەوەکردنی کۆمەڵانی خەڵکە لەگەڵ ڕفتار و بەرهەمەکانیان."

ایکە هولتکرانس، قاموس مصطلحات اثنولوجیا والفولکلور، ت: محمد جوهری و حسن الشامی، الهیئة العامة لقصور الثقافه، مصر، بدون السنه الطبع، ص٥٠

بەوپێیەی بابەتی توێژینەوەکە(توێژینەوەیە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای ڕانیە) دەچێتە چوارچێوەی مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتیەوە و لە میانەیدا باس لە نەسەقەکانی کۆمەڵگا دەکات، پێویستە لێرەدا ئاماژە بە چەمکی مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتی بدرێت، هەروەک محمد جەوهەری و ئەوانی تر لە کتێبی مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتی دا دەڵێن "ئەنسرۆپۆلۆجیای کۆمەڵایەتی بریتیە لە توێژینەوەکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی گروپ یان کۆمەڵگا"

محمد الجوهري واخرون، الأنثروبولوجيا الاجتماعية، دارالمعرفه الجامعة الأسكندرية، مصر، ٢٠٠٤، ص١٤

مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتی بە پێی ڕوانینی قوتابخانەی ئەمریکی لقێکە لە مرۆڤناسیی کلتوری، بەڵام لە ڕوانگەی قوتابخانەی بەریتانیەوە لقێکی سەربەخۆی مرۆڤناسیی گشتیە. بۆ یەکەمجار لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم وەک مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتی لەلایەن جیمیس فریزر بەکارهاتووە.

قباري محمد اسماعیل، الانثروبولوجیا العامة، دارالمعرفة، الاسکندریة، ١٩٧٣، ص١٢-١٣

هەروەها شاکر مصطفی سلیم بەمجۆرە پێناسەی دەکات" لقێکە لە لە لقەکانی مرۆڤناسیی گشتی، جەختە دەکاتەوە سەر توێژینەوە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکان و پەیوەندیی کۆمەلایەتی و سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانی وەک خێزان، خزمایەتی، هاوسەرگیری، هۆز، سیستەمی ئابووری وەک دابەشکردن و بەکاربردن و ئاوگۆڕ و دراو، سیستەمی سیاسی وەک یاسا، سزا، دەستەڵات، حکومەت، سیستەمی بیروباوەڕی وەک سیحر و ئاین.

شاکر مصطفى سليم، المدخل الى الانثروبولوجيا، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٧٥، ص١٧

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی مرۆڤناسیە، لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی(*) شاری ڕانیە(**)، لەگەڵ ئەوەی لەم پێشەکیەدا ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە و ڕێکارە میتۆدیەکانیش

---

(*) چەمکی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی(البناء الاجتماعی- Social Structure) لە بەشێک لە سەرچاوە و نوسینە کوردییەکان -بونیادی کۆمەڵایەتی- شی پێدەگوترێت.

ئەم چەمکە یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی، بەچەند جۆری جیاواز و لەڕوانگەی جیاوازەوە خراوەتەڕوو و پێناسەی بۆ کراوە، ئەم چەمکە، بە شێوەیەکی ڕیخراو دیارینەکرابوو، تا پێشکەشکردنی وانە بەناوبانگەکەی مرۆڤناسی بەریتانی ڕادکلیف براون، بە ناونیشانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی.

محمد عبده محجوب،مقدمة فی الاتجاه السوسیوالأنثروبولوجی،الهیئة المصریة للکتاب،الأسکندریة، ١٩٧٧، ص٣٤.

ئەم مرۆڤناسە، پێیوایە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە تۆڕێک پەیوەندیی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە، ئەندامانی کۆمەڵگا پێکەوە دەبەستێتەوە لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو.

شاکر مصطفی سلیم، قاموس الانثروبولوجیا، جامعة الکویت، ١٩٨١، ص٨٩٤

لە لایەکی ترەوە زانای مرۆڤناسیی بەریتانی ئیڤانز پریتچارد پێیوایە " پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی گشتیی هەر کۆمەڵگایەک ژمارەیەک پێکهاتە و سیستەمی لاوەکی ناو پێکهاتەکە لە خۆ دەگرێت، وەک سیستەمی خزمایەتی و سیستەمی ئابووری سیستەمی ئاینی و سیستەمی سیاسی، کە هەریەک لەمانە ئەرک و ڕۆڵیان هەیە لە ڕیکخستن و پاراستن و بەردەوامبوونی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیە گشتیە."

Evans Pritchared, Social Anthropology, cohen and west,London,1964,p4

لە پێناسەیەکیتردا هاتووە، کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵە سیستەمێکی بەیەکەوە بەستراو پێکهاتووە کە لەڕووی پێکبەستنەوە کامڵ و لە ڕووی فرمانیشەوە پەیوەستن، بەوەش کلێشەیەک دروستدەکات لە تۆڕێکی پەیوەندیی سەرەکی و پەیوەندیی لاوەکی لە نێوان سیستەم و وردە سیستەم و جۆرەکانی، کە هەموو ئەرک و فرمانەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە.

معن خلیل، ڕەخنەی هزری کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ، و:شەهلا وەلی جەبار، پرۆژەی هاوبەشی دەزگای موکریانی و کۆمەڵەی کۆمەڵناسان، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩، ل١٨٣

سەرەرای ئەوەی جیاوازیەکی کەم لە نێوان زانایانی بوارەکە هەیە دەربارەی ئەو یەکانەی، کە بەشداری دروستکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەکەن، بە لام لە ناوەڕۆکدا هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن، کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەو توخمانە، یان لەو یەکە کۆمەڵایەتیانە پێکدێت: سیستەمەکان، دەزگا کۆمەڵایەتیەکان، گرووپە کۆمەڵایەتیەکان، سیستەمە کلتوریەکان، یان پێکهاتە سومبولیەکان.

مەجدەدین عومەر خەیری خەمەش، کۆمەڵناسی بابەت و میتۆد، و:عبداللە خورشید و ئەوانیتر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢١٣

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، کۆی پەیوەندی و لایەن و نەسەقەکانی کۆمەڵگایە، لە چوارچێوەی چوار نەسەقدا (نەسەقی ئیکۆلۆجی، نەسەقی ئابووری، نەسەقی کۆمەلایەتی، نەسەقی کلتوری) و دەرخستنی پێکهاتە و ئەرکی هەریەکێکیان و پەیوەندی لە نێوانیاندا. هەڵبەتە لە هەندێک توێژینەوە و سەرچاوەی تردا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پۆلێنکردنی جیاوازی بۆ کراوە، بەو پێیەی لەگەڵ ئەوەی زانایانی بوارەکە تا ڕادەیەک کۆکن لەسەر ناوەڕۆکی چەمکی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، بەڵام پۆلێنکاری جیا جیایان بۆ کرردووە.

(**) سەبارەت بە ناوی ڕانیە و زاراوەی ڕانیە(Ranya)، چەند ڕا و بۆچوونێک هەن، کە ئەمانەن:

- لە وشەی -ڕاە- بە واتای ڕێگا و -نیاە- بە واتای ڕوانین هاتووە، واتا ڕێگای ڕوانین.
- شاکر فەتاح پێیوایە وشەی ڕانیە لە بنەڕەتدا لە دوو برگە -ڕان- و - یە - پێکهاتووە، کە بە زمانی کوردی مانای لەوەرگای ڕانەمەڕ یان شوێنی لەوەڕگا دێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ڕانیە لە ناوچەدەشتێکی پێچاوپێچ هەڵکەوتووە، کە بەرێژەیەکی زۆر ئاژەڵی تێدا دەلەوەڕێنرێت.
- هەندێکی تر دەڵێن لە وشەی -ڕەن- وە هاتووە. ڕەن بەو زەویانە دەگوترێت کە ڕەق و بەردەڵانن، گژوگیای درەنگ لێ سەوز دەبێت. بەو پێیەی کە جۆری زەویی ڕانیە، لە جۆری ڕەن نیە، بەڵکو زەویەکی شێدار و بە ئاوە، لەبەر ئەوە خەڵکەکە گوتویانە ڕەن نیە، بۆیە هەندێک دەڵێن کە وشەی ڕانیە لە کورتکراوەو خۆشکردنی دەستەواژەی ڕەن نیە وە هاتووە.
- لە وشەی -ڕەهانشا- وە هاتبێت، گوایە پاشایەکی کۆنی ناوچەکە بووە. ←

دەخرێنەڕوو، هاوکات ئەم توێژینەوەیە لە پێنج بەش پێکدێت، بەشی یەکەم: تیایدا نەسەقی(*) ئیکۆلۆجی باس دەکرێ و ڕەگەزەکانی ئیکۆلۆجیای سروشتی و کۆمەڵایەتی ڕانیە دەخرێنەڕوو. لە بەشی دووەمدا، باس لە نەسەقی ئابووری دەکرێت و ڕەگەزە ئابووریەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە دەخرێنەڕوو. هەروەها لە بەشی سێیەمدا نەسەقی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای توێژینەوەکە باس دەکرێت و تیایدا باس لە هاوسەرگیری و خێزان و خزمایەتی دەکرێت، لە بەشی چوارەمدا، کە نەسەقی کلتوری دەگرێتەوە، باس لە توخمە کلتوریە مادی و واتاییەکانی ڕانیە دەکرێت، لە بەشی پێنجەمدا، کۆتایی توێژینەوە دەخرێتە ڕوو، کە پێکدێت لە دەرەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە، هەروەها دواتر سەرچاوە و پاشکۆکان،هەروەها پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

---

- وشەیەکی دێرینی سەردەمی ئاشوریەکانە، بەواتای ئاوەدانی دێت.
- لە وشەی (ئۆرانس)ی یۆنانیەوە وەرگیراوە، کە کورتکراوەی ئۆرانیەیە، واتای ئاسمان دەگەیەنێت.
- لە وشەی -ڕان، ئاران، ئەران - ەوە هاتبێت کە واتای وڵاتی گەرم دەگەیەنێت، کە لە بنچینەدا لە -ئار- ەوە وەرگیراوە، کە ڕەگەزی ئاری (ئارانی) دەگەیەنێت .
- لە وشەی ڕانک و چۆغەوە(جۆرە قاتێکی کوردی پیاوانەیە) هاتبێت. گوایە لە کۆندا، کەسێک ڕانکەکەی( جلی خوارەوە، شەرواڵ)لە قەندیل لێکەوتۆتە ئاوەوە و لە ڕانیە دۆزیویەتیەوە، واتا لە ڕانکەوە هاتبێت.
- مەلا ڕەوفی حەوێزی لە باسەکانی بەر لە فتوحاتی ئیسلامی ناوی ڕانیە بە -ڕۆندیات- دێنێ و باس دەکات کە ئەو کات لە ژێر دەستەڵاتی مالیکی کوری نەشتەردا بووە.
- شەرەفخانی بەدلیسی لەباسی شەری نێوان بۆداغ بەگ و حسێن بەگی هەردوو میری بابان دەکات، لە ئامادەکردنی هەشت هەزار کەسی حسین بەگ بۆ سەر بۆداغ بەگی ئامۆزای دەڵێت لە -ڕانیە بولاق- ئەم بۆسەیەی بۆ داناوە، هەژار موکریانی لە پەراوێزەکەیدا دەڵێت ڕەنگە -ڕانیە بۆلاق- ڕانیەی ئێستا بێت. کە ئەمەش دوورنیە ، کە وردەوردە گۆڕانی بەسەردا هاتبێت و گۆڕابێت بۆ ڕانیەی ئێستا.
- لە سەرچاوەیتردا بە -ڕایمیە- هاتووە.

بڕوانە:

- ئیبراهیم بالیسانی، سەربردەی ڕانیە و دەوروبەری، گۆڤاری ڕوانین، ژ٥، ڕانیە، ١٩٩٩، ل١٣٢-١٣٣
- جمال بابان، اصول اسما والمدن والمواقع العراقية، ج١، مطبعة اجيال، بغداد، ١٩٨٩، ص١٢٩-١٣٠
- خالید قادر، ناساندنی شاری ڕانیە و دەرخستنی بەشێک لە مێژووی کۆن و نوێی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، بێ ساڵی چاپ، ل١٩
- محمد ئەمین عارف، ڕانیە لە چاویلکەی مێژوودا، گۆڤاری ڕانیە، ژ٤، ڕانیە،٢٠٠٣، ل١٤
- کامەران بابان زادە، سەرەتایەک بۆ مێژووی ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە،ژ٧، ڕانیە،٢٠٠٤، ل٩

(*) نەسەق: لە زۆربەی سەرچاوە عەرەبی و کوردیەکاندا، نەسەق بە هاوواتای سیستەم هاتووە، بەڵام لێرەدا گەورەترە لە سیستەم و بە مانای لە خۆگری چەند سیستەمێک هاتووە، وەک نەسەقی ئابووری کە سیستەمی بەرهەمهێنان و سیستەمی کاردابەشکردن و ...هتد لە خۆ دەگرێت.

**بابەتی توێژینەوە**

بـــابەتی تـــوێژینەوە، یەکـــێکە لە ڕەگەزە ســـەرەکیەکانی تـــوێژینەوە، کە بەرەنجـــامی هەستکردنە بە ناڕوونی بابەتێک، کێشەیەک، پرسێک، دیاردەیەک لای توێژەر، ئەو هەستە پاڵ بە توێژرەوە دەنێ بۆ ئاشکراکردنی ئەو ناروونیە. ئەم هەستکردنە و دیاریکردنی بابەتی توێژینەوە کارێکی ئاسان نیە، بە جۆرێک کە توێژەرانی زانستی جەخت دەکەنەوە لەوەی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە و دیاریکردنی، لەوانەیە قورستر بێت لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆی، بەوپێیەی ئەم دیاریکردن و هەڵبژاردنە بواری زۆر لە خۆدەگرێت، وەک جۆری توێژینەوەکەی کە توێژەرەکە ئەنجامی دەدات،سروشتی میتۆدی پەیرەوکراو، پلانی توێژینەوە و ئامرازەکانی، هەروەها جۆری ئەو زانیاریانەی توێژەر بە دەستیان دێنێت.(١) چارلس داروین پێیوایە دۆزینەوەی بابەتی توێژینەوە لە ڕووی هەلبژاردن و دیاریکردنی مەودا و گرنگترین پێکهاتەکانی، بە یەکێک لە گرنگترین تەکنیکەکانی میتۆدی زانستی دادەنرێت، ئەم کارەش زۆر یارمەتیی توێژەر دەدات لە هەنگاوەکانی تری توێژینەوەکەی، وەک دیاریکردنی میتۆد و کۆکردنەوەی داتا، کە ئەمانە، هەموو دوای دیاریکردنی بابەتەکە ئەنجام دەدرێن.(٢)

کەواتە بابەتی توێژینەوە، بریتیە لە دروستبوونی پرسیار لای توێژەر، کە پێویستی بە توێژینەوەی زانستی هەبێت، بە مەبەستی ئاشنابوون و تێگەیشتن لەو پێکهاتانەی بابەتەکەی لێ پێکدێت، یان پرسەکە لە خۆیان دەگرێت، بە مەبەستی لێتوێژینەوەی بابەتەکە لە چوارچێوەیەکی زانستیدا. (٣)

بابەتی توێژینەوەکە، بریتیە لە لێتوێژینەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای ڕانیە، کە توێژینەوەیەکی مرۆڤناسیە، ئەو پێکهاتەیە بە چوار نەسەق دەناسرێت کە نە سەقەکانی ئیکۆلۆجی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتورین، پەیوەندی نێوانیان دەردەخات و ئەرک و فرمانی هەریەکەیان بە جیا و لە پەیوەندیدا بە یەکتری ڕاڤەدەکات و لە شێوەیەکی تەواوکاری دەیخاتە ڕوو، بەو پێیەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەک لە چەند لایەنێک پێکدێت و هەریەک لەو لایەنانە پێکهاتە و ئەرکی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە پەیوەندیەکی تەواوکاری و ئەرکیدان لەگەڵ لایەنەکانی تردا.

---

(١) احمد بدر، اصول البحث العلمی و منهاهجه، الکویت، دار القلم، ١٩٨٢، ص٨٥

(٢) ابراهیم ابراش، المنهج العیلمی وتطبیقاته فی العلوم الاجتماعیه، دار الشروق للنشر والتوزیع، عمان، ٢٠٠٨،ص٢٢٦

(٣) محمد عبدالحمید، البحث العلمي في دراسات الاعلامیة، عالم الکتب، القاهرة، ٢٠٠٠، ص٧٠

## گرنگیی توێژینەوە

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، کە گرنگیی تیۆری و گرنگیی پراکتیکیە(کردەیی). گرنگیی تیۆری: مەبەست لێی ئەوەیە کە بەشیوەیەکی گشتی توێژینەوەکان دەبنە هۆی کەڵەکەبوونی زیاتری زانیاری و مەعریفەی زانستی لە بوارەکانی خۆیاندا. هەروەها مەبەست لە گرنگیی پراکتیکی: بۆ جێبەجێکردن و چارەسەرکردنی هەر گرفتێک، کە توێژینەوەکەی لە پێناودا نوسراوە.[(١)] گرنگی ئەم توێژینەوەیەش ئەمانەن:

١. لە رووی تیۆریەوە، ئەم توێژینەوەیە دەبێتە یەکێک لە سەرچاوەکانی زانیاری لەسەر کۆمەڵگای توێژینەوە، ئەوەندەی توێژەر ئاگادار بێت، ئەمە یەکەم توێژینەوەی مرۆڤناسیە لە سەر کۆمەڵگای توێژینەوە ئەنجام بدرێت، لە کاتێکدا، کۆمەڵگای توێژینەوە ناوچەیەکی دێرینە و یەکێکە لەو ناوچانەی کوردستان کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە ئەمە خۆی گرنگیەکەی دەردەخات.

٢. لەرووی پراکتیکیەوە، ئەم توێژینەوەیە دەبێتە وێنەیەکی ئامادەکراو بۆ بەرچاو روونی لایەنە پەیوەندیدارەکان، بۆ پلاندانان و چارەسەر کردنی کێشە و کەموکورتیەکان، بەو پێیەی لایەنەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای توێژینەوەکە دەخاتە روو و بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە.

٣. کەڵەکەکردنی زانیاریی زانستی مرۆڤناسیە و، دەبێتە یەکێک لە سەرچاوەکان لە کتێبخانەی کوردیدا.

٤. ئەم توێژینەوەیە، دەبێتە سەرەتاو دەروازەیەک بۆ توێژینەوە و نوسینی تری مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی لەسەر کۆمەڵگای توێژینەوە،هەروەها وەک سەرچاوەیەکیش بەکاردێت بۆ بەراوردکردنی بەکۆمەڵگایەکی توێژینەوەی تر.

## ئامانجی توێژینەوە

هەر توێژینەوەیەکی زانستی، چەند ئامانجێکی تایبەت بە خۆی هەیە، دیاریکردنی ئامانجەکان گرنگیان هەیە و پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان ئامانج و بابەتی توێژینەوە هەیە،بەجۆرێک،کە دیاریکردنی ئامانجی توێژینەوە یەکێکە لە هۆکارە یارمەتیدەرەکان بۆ دیاریکردنی بابەتی توێژینەوە.[(٢)] ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەن:

١. باسکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای توێژینەوە،بە پۆلێنکردنی بۆ چوار نەسەق(ژینگەیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتوری).

---

(١) محمد شوانی، سەرەتایەک بۆ توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، کتێبخانەی فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٥، ل٢٠٦

(٢) عبدالباسط محمد الحسن، أصول البحث الاجتماعي، مكتبة الانجلوالمصريه، القاهره، ١٩٧١، ص١٤٢

٢. دەرخستنی پێکهاتە و فرمانی هەریەک لە توخمەکانی نەسەقەکان و پەیوەندیان بە توخم و نەسەقەکانی تری پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای توێژینەوەکە.
٣. گەیشتن بە وێنەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای توێژینەوە لە بەرەنجامی کاریگەری لایەن و نەسەقەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای توێژینەوەکە لەسەر یەکتری.
٤. دەرخستنی تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە.

**ئاستەنگ و گرفتەکانی بەردەم توێژەر**

لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکەدا، توێژەر ڕووبەڕووی چەند ئاستەنگێک بۆتەوە، ئەمانەن:

١. کەمی سەرچاوەی زانستی لەسەر کۆمەڵگای توێژینەوە.
٢. نەبوونی زانیاری، یان پێنەدانی زانیاری لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە.
٣. نەبوون و تۆمار نەکردنی زانیاری لە لایەن فەرمانگە حکومیەکان، هەروەها ئەو زانیاریانەی کە هەبوون کەموکورتیان تێدابوو، کە ئەمە ئەرکی توێژەری قورستر کرد.

**کۆمەڵگای توێژینەوە**

کۆمەڵگای توێژینەوە ئاماژەیە بۆ گشت ئەو کەس و دیاردانەی بابەتی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، هەروەها هەموو ئەو ڕەگەز و توخمانەش لەخۆدەگرێت کە پەیوەندیان بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە.(١) لە لایەکیترەوە کۆمەڵگای توێژینەوە ئەو کۆمەڵگایەیە کە توێژەر توێژینەوەی لەسەر دەکات، ئینجا ئەم توێژینەوەیە گشتگیر بێت بۆ هەموو کەسەکانی ئەو کۆمەڵگایە، یان لە ڕێگای نمونەیەک بێت، گشت ئەو یەکانە دەگرێتەوە کە دەچنە ناو پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایە.(٢)

لەم توێژینەوەیەدا، کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتیە لە شاری ڕانیە، کە ناوەندی قەزای ڕانیە و ئیدارەی ڕاپەڕینە.(*)

ڕانیە لەڕووی مێژووییەوە خاوەنی مێژوو و شارستانیەتێکی کۆنە، بەڵگە مێژوویی و شوێنەوارە دێرینەکان، بەدرێژایی مێژووی کۆن و ناوەڕاست و نوێ ئەو ڕاستیە دەردەخەن، کە ئەم ناوچەیە بەشێک بووە لە ناوەندە شارستانیەکانی کوردستان.شوێنەوارە ئاوەدانەکان و بەڵگە مێژووییەکانی ڕانیە دەگەڕێنەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زاین.(٣) لە سەرەتادا ئەم ناوچەیە قەڵاتێکی لێبووە، کە ناودەبرێت بە قەڵاتی ڕانیە، کە بناغە و بنچینەی ڕانیەیە، لەوێوە پەلی هاویشتووە بۆ ئەو شوێن و گەڕەکانەی کە ئێستا هەن. ئەو خەڵکانەی کە

---
(١) ناريمان يونس لهلوب،استراتيجية البحث الاجتماعي(الاثنوغرافيا)،دار الاسامة للنشر والتوزيع،عمان،٢٠١١،ص٢٣٩
(٢) مەجدەدین عومەر خەیری خەمەش، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٢
(*) بڕوانە پاشکۆی (١)
(٣) کامەران بابان زادە، سەرەتایەک بۆ مێژووی ڕانیە، سەرچاوەی پێشوو، ل٩

لەســاڵانی ١٨٥٠-١٩٠٠ بینیویــانە بەمجــۆرە باســی دەکەن "قەڵات پانتــاییەکی هەبــووە، کە ساڵانە ٨ تەنەکە جۆیان لێچاندووە، سەرەڕای ئەوەش شوێنی ئەسپسواری و ڕمبازی ئێوارانی لێماوەتەوە. هەروەهــا ئەم گەڕەکە کۆنترین گەڕەکــی ڕانیەیە کە ژیــانی تێدابووە و بە بنــاغەی ئاوەدانیی ڕانیە دادەنرێت، ئێستا ئەو گەڕەکە جگە لە گردەکەی و چەند خــانوویەکی کۆنی لە قوڕ دروسـتکراو، هیچ شـوێنەوارێکی قەڵاکەی پێـوە دیــار نەمــاوە و کۆڵانەکــانی باریــک و تەنگن. ڕانیە لە کۆندا لە شێوەی گوندێکدا بووە، کە لەسەر قەڵاتــی ڕانیە بــووە، خــوار قەڵاکە کــانیەکەی گەورەی بەنــاوی کوێرەکــانی هەیە، کە کــاتی خــۆی کــارێز بــووەو دانیشــتوانی قەڵاتەکەی بەکاریانهێناوە، ئەم کانیە زۆربەی کاتەکانی ساڵ وشکدەبێت و بەزستان و بەهاران دەژییێتەوە. مزگەوتی گەورەی ڕانیە، کە مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٨، دەکەوێتە خوارووی قەڵاتەکە، لەسەر کوێرەکانی دروستکراوە.(١)

ڕانیە، لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەمەوە کەوتۆتە ژێر دەستەڵاتی بابانیەکان و ماوەیەکی زۆر حوکمڕان و فەرمانبەدەستی نــاوچەکەبوون،(٢) بەڵام لەســەردەمی پاشــای گەورەدا(میری میرنیشنی سۆران) دەستەڵاتی میرنیشینی سۆران بەرفراوان بوو و تا ناوچەکانی کۆیە، ڕانیە، قەمچوغە ڕۆیشت.(٣) کاوێس قەفتان دەڵێت" دەستەڵاتی پاشای گەورە ئەوەندە فراوان بــوو، تــا گەیشتە ڕانیەی ژێر دەستی بابانەکــان"(٤)ئەمەش ئەوە نیشاندەدات کە ڕانیە بــووە بە سنوری جیاکەرەوەی نێوان ئەم دوو میرنشینە.

هەروەها لە ساڵی ١٨٣١ پاشای گەورە لە شاڵاوی فراوانکردنــی میرنشینەکەیدا کۆیە و ڕانیە لە بابانیەکان دەستێنێ و زێی بچوک دەکاتە سنوری جیاکەرەوەی هەردووە مێرنشینەکە، لەســەر ئەم بنەمــایە میرانــی ســۆران و بابانیەکــان ڕێکەوتننــامەیەک مــۆردەکەن، لە ئەنجامــدا ئاگربەستی نێوان هەردوولا ڕاگەیەنــرا و ئەم ئاگربەستەش زیــاتر بــۆ ڕێکەوتــن بــوو لەســەر دیاریکردنی سنوری نێوانیــان.(٥)بەڵام دەستەڵاتی میرنشینی سۆران زۆری نەخایاند و ساڵی ١٨٣٦ ساڵی داڕمان و ڕوخانی کتوپڕی میرنشینی سۆران بــوو،(٦) بەمشێوەیە ڕانیەش وەکو تەواوی ناوچەکــانی تــری کوردســتان کەوتە ژێــر ڕکێفــی ئیمپراتــۆریەتی عوســمانی و

---

(١) خالید قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠
(٢) ئیبراهیم بالیسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨
(٣) کامەران بابان زادە، میرنیشنی سۆران، بێ چاپخانە، هەولێر، ١٩٩٨، ل٤٦
(٤) کاویس قەفتان، چەند توێژینەوەیەک لە مێژووی میرنشینی بابــان و ســۆران و بۆتــان، چاپخــانەی ڕاز، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٦٤
(٥) حسێن حوزنی موکریانی، میرانی بابان، بێ چاپخانە، هەولێر، ١٩٦٠، ل٦٢
(٦) کاویس قەفتان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤

لەسـەردەمی والـی مـدحت پاشـا( ١٨٦٩-١٨٧٢ ) کە هەسـتا بەڕێکخسـتن و دابەشـکردنی کـارگێڕی لە عێـراق، لەم سـۆنگەیەوە عێراقـی ئێسـتا دابەشـکرا بەسـەر سـێ ویـلایەت، کە پێکهـاتبوون لە بەغدا،بەسرە،موسـڵ و هەر ویلایەتێـک لە چەنـد سـنجەقێک(لیوا) و قەزا و ناحیە پێکهاتبوو، ویلایەتی موسڵ پێکهاتبوو لە سنجقەکانی -موسڵ، سلێمانی، کەرکوک- وە سنجەقی کەرکوک پێکهاتبوو لە -کەرکوک، کۆیە، هەولێر، ڕانیە، سەڵاحیە-کفری.[١] کەواتە ڕانیە لەو سەردەمەدا قەزایەک بووە سەر بە لیوای کەرکوک، بەو شێوەیە ڕانیە مایەوە تا دوای کۆتاییهـاتنی جەنگـی یەکەمـی جیهـانی و وەکـو تەواوی ناوچەکـانی تـر کەوتە ژێـر دەسـتەڵاتی ئینگلیز،نـوێنەرێکی لەلایەن ئینگلیزەکـانەوە بـۆ دانـرا بە نـاوی کـاپتن کـوک.[٢] لە دوای ڕاپەڕینەکەی شێخ مەحمود و ڕاماڵینی دەستەڵاتی ئینگلیز، ڕانیە کەوتە ژێر دەستەڵاتی مەلیک مەحمود،[٣] بەڵام لە دوای نەمانی دەستەڵاتی شێخ مەحمود، واتە دوای دامەزراندنی دەوڵەتـی عێراقـی و دانـانی یاسـای پارێزگاکـان، ڕانـیە خـرایە سـەر پارێزگـای هەولێـر، کە ئەوکـات پارێزگـای هەولێـر پێکهـاتبوو لە قەزاکـانی -هەولێـر، مەخمور،کویسـنق(کۆیە)، ڕوانـدوز، ڕانـیە. [٤] دواتـر قەزای ڕانـیە لە سـاڵی ١٩٥٦ لە پارێزگـای هەولێـر دابڕێنـرا و سەر پارێزگای سلێمانی.[٥]

ڕانیە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە مێژووی سیاسی و خەبات و بزوتنەوە و ڕاپەڕینەکانی کوردسـتانی عێراقـدا، لە ڕۆژی ٥/ئـازار/١٩٩١ دژی سـتەم و داگیرکـاریی ڕژێمـی بەعـس ڕاپەڕی و، بوو بە سـەرەتا و دەروازەی ڕاپەڕینـی سەرتاسـەری لە کوردستانی عێراقدا، لەو ڕۆژەوە بە دەروازەی ڕاپەڕین ناسراوە.[٦]

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم دابەشکاریە، بڕوانە:
- خلیل ئیسماعیل محەمەد، ڕۆڵی ڕەهەندی نەتەوەیی لە گۆڕینی سنوری کارگێڕیی پارێزگای کەرکوک، و:جەزا تۆفیق تالیب، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٩
- گۆران ئیبراهیم صالح، کەرکوک لەسەر دەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە نێوان ساڵانی ١٨٧٦-١٩٠٩، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٧٩

(٢) ئیبراهیم بالیسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩
(٣) عبـدالرقیب یوسـف و سـدیق سـاڵح، بیرەوەریەکـانی ئەحـمەدی حەمەئاغـای پشـدەر، چاپخـانەی ئـازاد، سلێمانی،٢٠٠١، ل٦٥
(٤) خلیل اسماعیل محمد، القضیة الکردیة فی العراق وجود ام حدود، مطبعة جامعة صلاح الدین، أربیل، ٢٠٠٦،ص١٨
(٥) خلیل اسماعیل محمد، اربیل دراسات دیموغرافیة- اقتصادیة، مطبعة وزارة الثقافة، اربیل، ٢٠٠٣، ص٨
(٦) ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا، ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) لەباشوری کوردستان-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨، ل٤

**میتۆدەکانی توێژینەوە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی توێژینەوە**

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، توێژەرەکان پەیڕەوی میتۆد یان چەند میتۆدێکی توێژینەوە دەکەن، هەڵبەت ناونیشان و بابەت و بواری زانستیی توێژینەوەکە جۆری ئەو میتۆدانە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری دیاریدەکەن، کە پێویستە توێژەر بەکاریانبهێنێت.

میتۆد لە زاراوەی زانستیدا، واتە ڕێگا و ڕێبازێک بۆ دۆزینەوە و گەیشتن بە کۆمەڵێک ڕاستیی زانستی، لە ڕێگای بەکارهێنانی کۆمەڵێک بنەما و ڕێسای گشتیەوە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی خوازراو(ویستراو).(١) واتە میتۆد ئەو ڕێگایەیە، کە توێژەر پەیڕەوی دەکات لە توێژینەوەی کێشەکان بۆ دۆزینەوەی ڕاستیەکان.(٢) هەروەها بریتیە لە پرۆسەکانی سەرنجدان و وردبوونەوە و بە دەستهێنانی زانیاری و کۆکردنەوەی ئەو زانیاریە بەدەستهاتوانە و، پۆلێنکردنی زانیاریە کۆکراوەکان، دواتر شیکرنەوەی زانیاریە پۆلێنکراوەکان.(٣)

ئەم توێژینەوەیە ، لە ڕووی پێویستیەوە، پەیڕەوی چەند میتۆدێک دەکات، کەئەمانەن:

**یەکەم: میتۆدی پێکهاتەی فرمانی(منهج البنائیه الوظیفیه)**

پێکهاتەی فرمانی باس لەوە دەکات، کە هەموو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی پێکدێت لە کۆمەڵێک نەسەق(ئیکۆلۆجی، ئابوری، سیاسی، خزمایەتی،...هتد) کە هەموویان بەیەکەوەبەستراون بۆ بەدیهێنانی تەواوکاری و پتەویی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، هەر گۆڕانکاریەک لە هەریەکێک لەو نەسەقانەدا ڕوودبدات، کاردەکاتە سەر ئەوانیتریش.(٤)

پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا پێکهاتووە لە چەند بەشێکی گرێدراوی بەیەکداچوو، ڕەگەزەکانی دابڕاو و سەربەخۆ نین، لە گرنگترین ئامانجەکانی مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتی، ئاماژەدانە بە ئاڵوگۆڕ و پەیوەندیی نێوان ڕەگەزەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا.(٥) بۆیە ئەم میتۆدە لە شیکردنەوەی مرۆڤناسیدا بەشێوەیەکی بنەڕەتی بەستراوەتەوە بە مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتی، لە ژێر کاریگەریی هزرەکانی ڕادکلیف براون، وە کۆمەڵێک زانای مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتی تر(مالینۆفیسکی، فۆرتس، ئیڤانز پریتچارد، فیرث، جلوکمان) کە ئەندامانی قوتابخانەی پێکهاتەی فرمانین.(٦)

---

(١) عبدالرحمن بدوی، مناهج البحث العلمی، وكالة المطبوعات، الكويت، ١٩٩٧، ص٥

(٢) احمد بدر، المصدر السابق، ص٣٥

(٣) محمد شوانی، سەرەتایەک بۆ نوسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥

(٤) فاتن محمد شریف، الأسرة والقرابة-دراسات فی الأنثروبولوجیا الاجتماعیة، دار الوفا لدینا الطباعة والنشر، الاسكندریة، ٢٠٠٦، ص٣٥

(٥) محمد الخطیب، الأنثروبولوجیا الاجتماعیة، دار علاءالدین للنشر والتوزیع والترجمة، ٢٠٠٨، ص٧٤

(٦) شارلوت سیمور- سمیث، موسوعة علم الانسان، المفاهیم والمصطلحات الانثروبولوجیة، ت: علیاء شكری واخرون باشراف محمد الجوهری، المركز القومی للترجمة، القاهرة، ٢٠٠٩، ص٥٦٠

به بۆچوونی رادکلیف براون پیکهاته(البناء) بنەڕەتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیە یان تۆڕێکە سیستەم و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە، کە چوارچێوەیەکی بەردەوامە بۆ کۆمەڵگا، هەروەها فرمان(الوظیفە) ڕێگایەکی هاوکاریی سیستەم و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە، لە ئەدای کۆمەڵگا، ئەدایەکی هەماهەنگ و جێگیر، بەو دەربڕینەی کەکۆمەڵگا کیانێکی گشتیە و یارمەتی مانەوەی خۆی دەدات.[١]

مرۆڤناسی بەریتانی ئیڤانز پریتچارد دەڵێت "لە نێو مرۆڤناسە پێشەنگەکان(مۆرگان و سپنسەر و دۆرکهایم)پێیانوابوو ئامانجی ئەوەی کە بە مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتی ناو دەبرێت، بریتیە لە پۆلێنکردنی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان و ڕاڤەکردنیان بە شێوەیەکی فرمانی."[٢] ئەم مرۆڤناسە پێیوایە پێویستە توێژەری مرۆڤناسی توێژینەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی بکات وەک گشتێک، ئەستەمە لە هەر لایەنێک لە لایەنەکانی ئەو ژیانە لە هەر کۆمەڵگایەک لەو کۆمەڵگایانە تێبگات، تێگەیشتنێکی تەواو ڕوون، تەنیا لەژێر ڕۆشنایی کۆی ئەو ژیانە کۆمەڵایەتیە نەبێت.[٣]

هەروەها عاطف وصفی دەڵێت "مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ گرنگی نادات بە مێژووی سیستەمی کۆمەڵایەتی، چونکە مێژووی سیستەم لێکدانەوە ناکات بۆ سروشتی سیستەمەکان، بەڵکو لێکدانە و ڕاڤەکاریی بۆ دەکرێت لە ڕێگەی ئەرک و فرمانی هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا.[٤]

لەم توێژینەوەیەدا، بۆ لێتوێژینەوەی کۆمەڵگای ڕانیە و شیکردنەوەی پێکهاتە و فرمانی نەسەق و توخمەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەکەی و لێتوێژینەوەی وەک گشتێک، میتۆدی پێکهاتەی فرمانی بەکارهاتووە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری ئەم میتۆدەش بەکار هاتوون، کە ئەمانەن: بینین(الملاحظة)، بینین بە بەشداریکردن(الملاحظة بالمشاركة)، چاوپێکەوتن(المقابلة).

**١- بینین(الملاحظة)**

بریتیە لە سەرنجدانی ئەو ڕەفتارە خودی و کۆمەڵایەتیەی کە تاکەکان بە شێوەیەکی کردەیی لە ژیانی پراکتیکیی ڕۆژانەیاندا ئەنجامی دەدەن.[٥] یەکێکە لە ئامرازەکانی

(١) شارلوت سيمور- سميث، المصدر السابق، ص٥٦٠

(٢) ئیڤانز پریتچارد، ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، و: دیار عەزیز شەریف، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپخانەی تیشک، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٣٦

(٣) هەمان سەرچاوە، ل١٣٦

(٤) عاطف وصفي، الانثروبولوجيا الثقافية، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧١، ص٢٩-٣٠

(٥) مەعن خەلیل عومەر، ڕێبازەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، و: زیرەک ئەحمەد ڕەحمان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١١، ، ل٢٥١

کۆکردنەوەی زانیاری، ئەو زانیاریانەی لەڕێگەی ئەم ئامرازەوە دەستدەکەون، ناتوانرێت لە هەمانکاتدا بە ئامرازەکانی تری زانیاری کۆکردنەوە دەستبکەون، بە پرۆسەی روانین و تێبینیکردن و بینینی رەفتار، کێشە دیاردە، ڕووداو و پێکهاتە ژینگەی و مادیەکان ناسراوە.[1]

**٢- بینین بە بەشداری کردن (الملاحظه بالمشاركة)**

یەکێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، کە توێژەر خۆی وەکو ئەندامێکی نمونە و کۆمەڵگای توێژینەوەکە بەشداریی ژیانی ڕۆژانە و هەڵسوکەوت و چالاکیەکان دەکات، ئەو ئامرازە زیاتر لە بواری مرۆڤناسیدا بەکاردێت.[2]

مرۆڤناسی بەریتانی مالینۆفسکی بەیەکەم زانا دادەنرێت کە ئامرازبینین بە بەشاریکردنەوەی بەکارهێناوە و یەکەم توێژەر بووە کە بۆ ماوەیەکی زۆر (٤ ساڵ) لە ناو خەڵکەکە ژیاوە و لەگەڵیاندا ماوەتەوە.[3]

توێژەر هەردوو جۆر ئامرازی تێبینیەکەی بەکارهێناوە، بۆ وەرگرتنی زۆرترین زانیاری واقعی و مەیدانی.

**٣- چاوپێکەوتن(المقابلة)**

گوزارشتە لە گفتوگۆی نێوان توێژەر و بەشدار لە چاو پێکەوتنەکە، توێژەر هەڵدەدات کۆی داتا و زانیاریەکان لەسەر ڕوداو و ڕەفتار و ئاڕاستەکان و ڕاستیە دیاریکراوەکان کۆبکاتەوە.[4] لەم توێژینەوەیەدا، زۆرینەی ڕێگا و جۆرەکانی چاوپێکەوتن (کراوە، نیو کراو، داخراو) بە کارهاتون، بە مەبەستی وەرگرتن و کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاری.

**دووەم: میتۆدی مێژوویی(منهج التأریخی)**

یەکێکە لە ڕێبازە بەکارهاتووەکان لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان و گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، هەندی سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن، کە ناتوانرێت توێژینەوەی مرۆڤناسی، توێژینەوەیەکی تەواو سەرکەوتوو بێت بەبێ پشتبەستن بە مێژوو، بەو مانایەی تێگەیشتنی واقعی پێکهاتەی کۆمەڵگا لە کاتێکی دیاریکراودا(ئێستا)، پێویستە بۆی بگەڕێیتەوە ڕابردوو و گۆڕانکاری و فراوانبوونی بەپێی کات بخرێتەڕوو.[5] ئەم ڕێبازە لە ڕێگای تۆمارە مێژوویی و شارستانی و کلتوری و ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکانەوە گرنگی دەدات بە لێتوێژینەوەی

---

(١) ربحي مصطفى عليان و عثمان محمد غنيم، مناهج واساليب البحث العلمي، دار الصفا للنشر والتوزيع،عمان،٢٠٠٠، ص١١٢

(٢) محمد شوانی، سەرەتایەک بۆ توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٩

(٣) عبد على سلمان، الانثروبولوجيا الاجتماعيه، وزارة التعلم العالى والبحث العلمى، جامعة صلاح الدين، بدون سنة الطبع، ص٢٢

(٤) موفق الحمداني واخرون، مناهج البحث العلمي، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، اردن، ٢٠٠٦، ص٢٢٦

(٥) فاروق احمد مصطفى و محمد عباس ابراهيم، المناهج الأنثروبولوجية و تطبيقاتها الميدانية، دار المعرفة الجامعية الأسكندرية، مصر، ٢٠١٠، ص٥٤

کۆمەڵگـای مرۆیـی، ئەم تـوێژەرەی کە ئەم میتـۆدە بەکاردێنێـت، هەرگیـز نـاتوانێ خـۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تێبینی ڕووداوەکانی ڕابردوو بکات، هەر ئەمەیە پاڵی پێوەدەنێت پشت بە بەڵـگەی پێویسـت ببەسـتێت لەو سـەرچاوانەی زۆر لە ڕووداوەکـانەوە نـزیکن. کە چەنـد سەرچاوەیەکن: کەسانی خاوەن متمانەی وەک پیاو ماقول و ریش سپی و گەورە پیاوان، کە لە کـات و شـوێنی ڕووداوەکـان ژیـاون، تۆمـار و بەڵگەنـامە فەرمیەکـانی حکـوت، تۆمـارە کەسـیەکانی وەک ژیاننـامە و یاداشـتنامە و نـامە و وتـار و کتێـب، کلتـوری زارەکیـی وەک ئەفسانە و چیرۆک و گۆرانیە میلیەکان، تۆمارە وێنەییەکانی وەک فیلم و نیگار و وێنە.(١)

لەم تـوێژینەوەیەدا، لە پـاڵ میتۆدی پێکهـاتەی فرمـانی، میتـۆدی مێـژوویش بەکارهـاتووە، بەهۆی پێویستی توێژینەوەکە و هەمەجۆری زانیاریەکـان و ئاماژەدان بە مێژووی ڕانیە، کە بۆ ئەم مەبەستەش سود لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیـاری میتـۆدی مێژوویـی وەرگیـراوە، وەک کتێب، گۆڤار، یاداشت و بیرەوەری، شوێنەوار،خەڵکانی بەتەمەن و شارەزا.

**بوارەکانی توێژینەوە**

دیاریکردنی بوارەکانی تـوێژینەوەکە، یەکێکە لە ڕەگەزە میتۆدیەکـان و لە پلانـی بەشێکی زۆری توێژینەوە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکاندا، هاوشانی بابەت و گرنگی و ئامانجەکـانی توێژینەوەکە دیاریدەکرێت، ئیتر بە هەرشێوەیەک ئامـاژەی پێکرابێت، سنور یـان بـوار یـان دیاریکردنی شوێنی جوگرافیی توێژینەوەکە.(٢) بوارەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

١. بواری شـوێنی(جوگرافی): مەبەسـت لێـی سنوری جـوگرافیی ئەنجامدانی تـوێژینەوەکەیە، کە شاری ڕانیە دەگرێتەوە.
٢. بواری مرۆیی: بریتیە لە دانیشتوانی شاری ڕانیە.
٣. بواری کـات: بـریتیە لە کـاتی دەسـتپێکردنی تـوێژینەوە و کـاتی تەواوبـوونی تـوێژینەوەکە. کاتی دەستپێکردن: ٢٠/١٠/ ٢٠١٨ - ٣٠/ ٦ /٢٠١٩

(١) مەعن خەلیل عومەر، ڕێبازەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١-١٨٢
(٢) احسان محمد الحسن، مناهج البحث الاجتماعی، دار الوائل للنشر والتوزیع، عمان، الاردن، ٢٠٠٥، ص٦٥

# بەشی یەکەم: نەسەقی ئیکۆلۆجی

## ئیکۆلۆجیای سروشتی و کۆمەڵایەتی:

یەکەم/شوێنی جوگرافی و پێکهاتەی کارگێڕی و ڕووبەر

دووەم/ بەرزی و نزمی

سێیەم/ ئاووو هەوا

چوارەم/ پێکهاتەی جیۆلۆجی و خاک

پێنجەم/ ڕووەکی سروشتی و ڕووەکی چێنراو

شەشەم/ سەرچاوەکانی ئاو

حەوتەم/ ڕێگاکانی هاتوچۆ

هەشتەم/ دانیشتوان

نۆیەم/ خانوو

دەیەم/ ئیکۆلۆجیای کۆمەڵایەتی

# بەشی یەکەم: نەسەقی ئیکۆلۆجی[*](النسق الايكولوجي)

بایەخدان بە ژینگە[**] و کاریگەریی هۆکارە ئیکۆلۆجیەکان لەسەر کۆمەڵگا مرۆییەکان، ڕەگوڕیشەیەکی کۆنی هەیە، لەوانەیە ئەرستۆی فەیلەسوفی یۆنانی یەکەم کەس بێت کە ئاماژەی بە کاریگەریی ئەو هۆکارانەی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ کردووە.[١] هەروەها لە سەدەی شانزەدا، مۆنتیسکیۆ، کە فەیلەسوفێکی فەرەنسیە، لەسەر ئەم بابەتە دواوە، مۆنتیسکۆ پێیوابووە کەشوهەوا کاریگەریی لەسەر ئاکار و ڕەوشتی گەلان هەیە.[٢]

---

(*) چەمکی ئیکۆلۆجی(ecology) وەرگیراوە لە وشەی یۆنانی (oikos کە بەواتای نشینگە و نوا-ژینگە دێت) لەگەڵ (logy بە واتای زانست). بۆ یەکەمجار زانای بایلۆجی ئەڵمانی ارنست هیکل لەساڵی ١٨٦٩ بە واتایەکی تازە هێنایە ناو بواری زانستی بایلۆجی، کە بریتیە لە لێتوێژینەوەی ژیانکردنی ئاژەڵ و بوونەوەرە زیندووەکانی تر لە نشینگەکەیاندا(ژینگە)، کە ئەمەش پەیوەندیەکانی ئاژەڵان بە ژینگەکانیان دەگرێتەوە. لەسەرووی هەمووشیانەوە پەیوەندیە سودبەخش و هەروەها پەیوەندیە دژەکان، کە لەو دۆخەدا خۆی دەنوێنێت کە چارلس داروین ئاماژەی پێدەدات" ململانێ لە پێناو مانەوە". هەروەها ئەم چەمکە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە لایەن زانای کۆمەڵناسیی ئەمریکی چارلس چالپن هێنرایە ناو بواری زانستە مرۆییەکان. ئیکۆلۆجیا توێژینەوەیە لە کارلێک و پەیوەندیی نێوان بوونەوەری زیندوو(مرۆڤ،درەخت،ئاژەل) و ژینگەکەی. لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا واتا پەیوەندیی کۆمەڵە مرۆییەکان بە ژینگە و سوشتەکەیانەوە و، بەتایبەت لە مرۆڤناسیدا، بە واتای لێتوێژینەوەی سازان و خۆگونجانی کلتورەکان لەگەڵ ژینگەجوگرافیەکانیان. بروانە:

- احمد ابو زيد، البناء الاجتماعی-مدخل لدراسةالمجتمع-الانساق، الهيئة المصرية العامة للكتاب فرع الاسكندريه، ١٩٧٩، ص١١
- السيد عبدالعاطی السيد، الايكولوجيا الاجتماعيه، دارالمعرفةالجامعية، الاسكندرية، ١٩٨٥، ص٢٩
- علاءالدين جاسم البياتی، البناء الاجتماعی والتغير فی المجتمع الريفی، مؤسسةالعلمی/بيروت-دارالتربيه/بغداد، ١٩٧٥، ص٢٣
- علاءالدين جاسم البياتی، علم الاجتماع بين النظرية والتطبيق، دار التربية، بغداد، ١٩٧٥، ص٧١
- Mark Q.Sutton and E.N.Anderson, Introduction to Cultral Ecology, AltaMira press, New York, ,2010, p3
- Robert McC.Netting, Cultural Ecology,Cummings Pubilishing Company, USA, 1977, p1

(**) مەبەست لە ژینگە(Environment)، بەشێوەیەکی گشتی، بریتیە لەو ناوەند و بوارە شوێنیەی کە مرۆڤ و(زیندەوەرانی تر) تیایدا دەژین، کارتێکرا و کارتێکەرە لەسەری. هەروەها هەموو ئەو هۆکار و هەلومەرجە بایلۆجی و سروشتی و کۆمەلایەتی و کلتوریانە دەگرێتەوە، کە کار لە ژیانی کۆمەڵە و گروپەمرۆییەکان دەکەن. بروانە:

- زين الدين عبدالمقصود، البيئة والانسان، منشأ المعارف، الاسكندرية، ١٩٩٧، ص٢١
- كنت وات، مبانی محيط زيست، ت: عبدالمحسن وهاب زاده،جهاد دانشگايی مشهد، ١٣٦٤، ص٢٢٤

(١) مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و: ڕێوار سیوەیلی و ئەوانیتر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر،٢٠٠٧، ل٩٢

(٢) ناصر فكوهی، تاريخ انديشه و نظريەهای انسان شناسی، نشر نی، تهران، ١٣٩٥،ص١٠٨-١٠٩

نەسـەقی ئیکۆلـۆجی، یەکـێکە لە نەســەقەکانی پێکهـاتەی کـۆمەڵایەتیی کۆمەڵگـا، لەگەڵ نەسەقەکانیتردا پەیوەندیەکی تەواوکـاریی هەیە و هەم کـارتێکەرە و هەم کـارتێکراوە. یەکێکە لە نەسەقە ئاڵۆزەکان، کەشوهەوا و خـاک و تۆبۆگرافیـا(بەزی و نزمـی)ی زەوی و پێکهـاتەی جیۆلـۆجی و هەمـوو زینـدەوەر و ڕووەک و بوونـەوەرەکـانی دەوروبەری مـرۆڤ دەگـرێتەوە، لەگیاندار و بێگیانەکان و بینراو و نەبینراوەکانیش.[١]

مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتی توێژینەوە لە کۆمەڵگا دەکات وەک گشتێک، تیایدا تـوێژینەوە لە ئیکۆلۆجیاکەی، ئابووریەکەی، یاسایی و بوارە سیاسیەکەی، هەروەهـا خێزان و خزمـایەتی و ئـاین و تەکنەلۆجیـا و هـونەر و ...هتـد دەکـات، کە هەر یەک لەمـانە بەشـێکن لە سیسـتەمی کۆمەڵایەیی گشتی کۆمەڵگاکە(پێکهاتەی کۆمەڵایەتی).[٢] هەورەها میتۆدی پێکهاتەی فرمـانی بە پێویستی دەزانێت توێژەری کۆمەڵایەتی و بە تایبەت توێژەری مرۆڤناسی، لە لێتوێژینەوەی هەر کۆمەڵگـــایەکی خـــۆجێی(المحلی) لە هەرقۆنـــاغێکی شـــیکردنەوە و تـــوێژینەوەکردنی پێکهـاتەی کۆمەڵایەتیـدا ڕەچـاوی پەیوەنـدی و کـارلێکی فرمـانیی نێـوان لایەنــی ئیکۆلۆجیـا و لایەنـی کۆمەڵایەتی(لایەنەکـانی تـری پێکهـاتەی کـۆمەڵایەتی) بـکەن.[٣] چـونکە تـوێژینەوەی لایەنی ئیکۆلوجی، یارمەتیدەرە لە تێگەیشتنی قوڵی پێکهـاتەی کۆمەڵایەتی و کلتـوری.[٤] بەو پێیەی کۆمەڵگا لە بۆشـاییدا نـاژیێت، هەر کۆمەڵگـایەک هەرێمێکـی تـایبەتیی هەیە و لەسـەر زەویەک و نـاوەندێکی جوگرافی و ژینگەیەکـی دیـاریکراودا دەژی، بە شێوەیەکی ڕاستـەوخۆ یــان ناڕاســتەوخۆ کــاریگەری دەخـــاتە ســـەر ژیـــانی کـــۆمەڵایەتی و ئـــابووری و کلتـــوریی کۆمەڵگاکە.[٥] هەروەهـا مـرۆڤ بە خـۆراکی ڕوەکـی و ئـاژەڵی دەژی، نیشـتەجێبوونی لەسـەر هەر پارچەزەویەک بەشێوەیەکی ڕێژەیی بەنـدە بەمەوە، جگە لەوەی پەیوەنـدی هەیە لە نێـوان سیستەمی ڕوەکی و ژیانی ئاژەڵان و هەروەها ژیانی مرۆڤدا. [٦]

بارودۆخی سروشتی و جۆر و توخمەکانی( ئاو وهەوا، خاک ، ئاو و سـامان و سـەرچاوە سروشتیەکان)مەرجێکی پێویستن بۆ ژیـانی خەڵـک و کۆمەڵگا، بەوپێیەی ژینگەی سروشـتی ناوەنـدێکە بـۆ تێرکـردن و پڕکـردنەوەی پێداویسـتیە ئابووریەکـان و فەراهەمکردنـی چـالاکیە

(١) محـەمەد شـوانی، بنچینەکـانی ئەنترۆپۆلۆژیـای گشـتی، بەرگـی ١، لە بڵاوکراوەکـانی کـۆمەڵەی کۆمەڵناسـان و دەروونناسانی کوردستان، بێ چاپخانە و شوێن، ٢٠١٧، ل٢٠٨

(3) Evans Pritchared, ibid, p11

(٣) احمد ابو زید، المصدر السابق، ص٩

(٤) محمد جاسم العبادی، قلعة صالح-دراسة انثروبولوجية اجتماعية، رسالة دکتورا،غير منشورة، کلية اداب، جامعة بغداد،٢٠١٠، ص٢٧

(٥) احمد ابو زید، المصدر السابق، ص٩

(6) William J.Good, Principles of Sociology,New Delhi,Taha,1979, p241-245

مرۆییەکـان، کە بـۆ ئەم مەبەسـتە پەیوەنـدی و کـارلێکی نێـوان مـرۆڤ و ژیـنگە دروسـت دەبێت.[١]وە ژیانی کۆمەڵایەتی جیاواز دەبێت، بەگوێرەی ئەو ژینگە سروشتیەی کۆمەڵگاکە هەیەتی.[٢]

دەربارەی کاریگەری و پەیوەندیی نێوان ژینگە و مرۆڤ، سێ ئاراستە هەن:

ئاراستەی یەکەم: ژینگە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر مرۆڤ و ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوری هەیە، مرۆڤ ملـکەچە بۆ ژینگەکەی و بەرهەمـی ژینـگەکەی خـۆیەتی، بەو پێیەی ئاراستەی ژیانی دیاریدەکات و پێویستە خۆی لەگەڵ بگونجێنێت، ئەم ئاراستەیە بە قوتابخانەی ژینگەیی و حەتمی دادەنرێت.

ئاراستەی دووەم: پێیوایە مرۆڤ ئەوەنـدە بـوونەوەرێکی لاواز نیە، کە بەتەواوی لە ژێر کـاریگەریی ژینگەدابێت و ملکەچـی بێت، بەڵکو مـرۆڤ توانـای بـۆ گـۆڕان و گەشـەکردنی ژیـانی هەیە و سـود لە ژیـنگە دەبینێـت و بەکاریـدەهێنێت بـۆ ئامانجەکـانی، ئەم ئاراسـتەیە بە قوتابخانەی پۆزیبیلیزم ناودەبرێت.

ئاراسـتەی سـێیەم: بە هاوسـەنگی تەماشـای پەیوەنـدیی نێـوان ژیـنگە و مـرۆڤ دەکـات و پییـوایە، زاڵبـوونی کـاریگەریی هەریەکێکیـان بەپێـی کـات و پێویسـتبوونە، لە هەنـدێک کاتـدا ژینگە زاڵ و کـاریگەرە بەسـەر مرۆڤدا، بە پێچەوانەشـەوە مرۆڤیش کـاریگەر و زاڵە بەسـەر ژینگەدا و لەگەڵ خۆیدا دەیگونجێنێت، ئەم ئاراستەیە بە قوتابخانەی تەوافوقی دادەنرێت.[٣]

شتێکی ڕوونە کە ئەو ڕەگەزانەی کاردەکەنە سەر ڕێڕەوی ژیار و کلتورەکـان، لەهەنـدێ سەرچاوە و هۆکارەوە دێن، ژینگەی سروشتی بە کێک لەوانە ئەژمار دەکرێت.[٤] واتە ژینگە تەنیـا یەکـێکە لە هۆکارەکـان و، بەتـایبەت لە سـەردەمی ئێسـتادا، لەگەڵ ئەوەی مـرۆڤ تـا ڕادەیەکی زۆر بەرەنگاری سەختی و دژواریەکانی ژیـنگە بۆتەوە، هەروەهـا بە ئەنـدازەیەکی زۆر کۆنتڕۆڵی ژینگەشی کردووە و، لەڕێگەی داهێنراوەکـانی خۆیەوە هەوڵیداوە بە تەواوی ژینگە لەگەڵ ئامانج و خواست و پێداویستیەکانی خۆی بگونجێنێت.

---

(١) علاءالدین جاسم البیاتی، علم الاجتماع بین النظریة والتطبیق، المصدر السابق، ص٧٥

(٢) حسن شحاتة، اسس علم الاجتماع، دار النهضه العربیة، القاهرة، ١٩٧٦، ص١٧٢

(٣) زین الدین عبدالمقصود، المصدر السابق ، ص:٢٧-٣١

(٤) قەیـس ئەلنـوری، ئەنترۆپۆلۆژیـا چـی یە؟ و: سـۆران قـادر، دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سـلێمانی، ٢٠٠٦،ل٥٢

## ئیکۆلۆجیای سروشتی و کۆمەڵایەتیی شاری ڕانیە

ئیکۆلۆجیای سروشتی تایبەتمەندیە سروشتی و فیزیکیەکانی ئەو شوێنەیە کە مرۆڤی تێدا نیشتەجێیە، لەگەڵ کەرەستە سروشتیە دیار و شاراوەکانی.[١] واتا بریتیە لە زەوی و ڕووەک و سەرچاوەکانی ئاو و باروودۆخی جوگرافی و بەرزی و نزمی، کە پەیوەندیدارن بە ژیانی مرۆڤ لە ڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی. مرۆڤ هەوڵدەدات سود لە ئیکۆلۆجیا وەربگرێت و زاڵبێت بەسەر کۆسپ و دژواریەکانیدا.[٢]

هەموو کۆمەڵگایەک و ناوچەیەک، ئیکۆلۆجیای سروشتی و کۆمەڵایەتیی هەیە، کە تایبەتمەندی و خەسڵەتی تایبەت بە خۆی هەیە، واتا باروودۆخێکی تایبەتی هەیە بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافی و ڕەگەزەکانی ئاووهەوا دابارین و دانیشتوان و...هتد، کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە، ڕەگەزە ئیکۆلۆجیەکانی ئەمانەن:

### یەکەم/ شوێنی جوگرافی و پێکهاتەی کارگێری و ڕووبەر

شاری ڕانیە ناوەندی قەزای ڕانیەیە، کە یەکێکە لە قەزاکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی و دەکەوێتە بەشی باکوری خۆرئاوای پارێزگاکە و باکوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە.[٣] بڕوانە نەخشەی(١، ٢). پێگەی ئەسترۆنۆمیی کۆمەڵگای توێژینەوە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی ٣٦:١٣:٣٠° بۆ ٣٦:١٧:١° ی باکور و هێڵی درێژی ٤٤:٥١:٠٠° بۆ ٤٤:٥٤:٣١° ی ڕۆژهەڵات.[٤]

لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە، شاری ڕانیە دەکەوێتە چوارچێوەی دەشتی ڕانیە (بیتوێن) لە ناوچەی شاخاوی و دەکەوێتە بەشی باکوری دەشتەکە، بە گرنگترین شاری ئەم دەشتە دادەنرێت، ، لە باکوریەوە زنجیرەی چیای کێوەڕەش و لە ڕۆژهەڵاتیش چیاکانی ئاسۆس و کۆلارەیە، لەڕۆژئاوایەوە زنجیرە چیاکانی ماکۆکە و لە باشوریەوە بەرزاییەکانی کۆڵێنەوە.[٥] دۆڵی ئاکۆیان(شاوریێ) کەوتۆتە باکوری ئەم شارە، زێی بچوک لە ڕۆژهەڵاتی

---

(١) ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، و: دانا مەلا حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٨٨

(٢) حسن ابوزید، مدخل الی الانثروبولوجیا، جامعة ملك فیصل، سعودیە، ١٤٣٣هـ، ص١٣

(٣) پشتیوان شەفیق ئەحمەد، ڕەهەندی جوگرافیای قەزای ڕانیە، گۆڤاری ستاندارد،هەولێر، ژ١٤، ٢٠٠٧،،ل١٦

(٤) محمد وتمان محمد، دیاریکردنی شاری ڕانیە بەپێی بیردۆزەی خاڵی پچراندن، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ژ١٠، ٢٠١٧، ل٣٤٧

(٥) پێشرەو سەمەد تۆفیق، شیکردنەوەیەکی شوێنی دانیشتوانی شاری ڕانیە، نامەی ماستەر،بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٩، ل٥

ئەم شـارە بە نێـوان هەردوو چیـای ئاسـۆس و کێـوەڕەش تێـدەپەڕێت بە ئاڕاسـتەی باشـور، بەمەش دەبێتە جیاکردنەوەی ڕانیە لە دەشتی پشدەر.[(١)]

کۆمەڵگـای تـوێژینەوە لە سـەر ئاسـتی قەزاکە هاوسـنورە لەگەڵ چەنـد قەزایەکیتـر، لە بـاکورەوە قەزای ڕوانـدوز و شەقڵاوە(سـەر بە پارێزگـای هەولێرن)، لە خۆرهەڵاتەوە قەزای پشدەر، لە بەشی ڕۆژئاوا قەزای کۆیەی پارێزگـای هەولێر.[(٢)] هەروەهـا لە سـەر ئاسـتی یەکە کارگێریەکـانی نـاو قەزاکەدا، لە بەشـی بـاکوری ڕۆژئـاوای لەگەڵ نـاحیەی سـەرکەپکان و لە بـاکوری ڕۆژهەڵاتیەوە لەگەڵ نـاحیەی سەنگەسـەر، کە سـەر بە قەزای پشـدەرە، لەباشـورەوە لەگەڵ دەریـاچەی دوکـان، لە ڕۆژ ئـاوای هاوسـنورە لەگەڵ نـاحیەی چوارقـورنە.[(٣)] بـڕوانە نەخشەی(٣).

لە ڕووی کـارگێڕیەوە، لە ئێسـتادا قەزای ڕانـیە پێکدێت لە ٥ نـاحیە و ١٢١ گونـد، کە ٥ گوندیان سەر بە شاری ڕانیەن.[(٤)]

## خشتەی (١)

پێکهاتەی کارگێری و گۆرانکاریە کارگێریەکانی قەزای ڕانیە ساڵی ١٩٥٧-٢٠١٨ نیشاندەدات[(٥)]

| ١٩٥٧ | | ١٩٧٧ | | ١٩٨٧ | | ٢٠٠٢ | | ٢٠٠٩ | | ٢٠١٨ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قەزای ڕانیە | ناوەندی قەزا | قەزای ڕانیە | ناوەندی قەزا | قەزای ڕانیە | ناوەندی قەزا | قەزای ڕانیە | ناوەندی قەزا | قەزای ڕانیە | ناوەندی قەزا | قەزای ڕانیە | ناوەندی قەزا |
| | چنارە | | چوارقورنە | | بێتواتە | | چوارقورنە | | چوارقورنە | | چوارقورنە |
| | ناودەشت | | بێتواتە | | | | بێتواتە | | بێتواتە | | بێتواتە |
| | | | مەرگە | | | | حاجیاوا | | حاجیاوا | | حاجیاوا |
| | | | | | | | | | سەرکەپکان | | سەرکەپکان |

---

(١) کـامەران طـاهر سعید و ڕێبین ڕۆستەم ڕەسوڵ، گەشـەی دانیشـتوانی شـاری ڕانیە لە نێـوان سـاڵانی (١٩٨٧-٢٠١٢)،گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین،ژ١٠، ٢٠١٦،ل٩٠٨

(٢) محمد هادی الدفتر و عبداللە الحسن، العراق الشمالی، مطبعة النهار، بغداد، ١٩٥٨، ص٤٢٤

(٣) بێسـتون احمد حسین، دیـاریکردنی نـاوچەی بازرگـانیی سـەنتەری شـاری ڕانیە(لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیـای شار)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین ، ژ١١، ٢٠١٧،ل٢٦٩

(٤) سـیروان محمـد مهدی، شیکردنەوەی شـوێنیی نشینگە دێهاتیەکـانی قەزای ڕانـیە و ڕەهەنـدەکانی پەرەپێـدانیان، نامەی ماستەر،بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەرین، ٢٠١٧، ل٢١٠

(٥) بڕوانە:

- پشتیوان شەفیق ئەحمەد، ڕەهەندی جوگرافیای قەزای ڕانیە، سەرچاوەی پێشوو،ل١٢-١٣
- جاسم محـەمەد محـەمەد عەلـی، ڕۆڵـی هۆکـارە سیاسیەکان لە دابەشبوونی دانیشـتوانی پارێزگـای سلێمانیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٥٤
- بەڕێـوەبەرایەتی ئامـاری سلێمانی، بەشـی GIS، زانیـاری دەربـارەی رووبەرو یەکە کارگێریەکـانی قەزای ڕانیە. ٢٠١٨

به پێـی خشـتەی (١) دەردەکەوێـت کە ئەم قەزایە لە سـاڵی١٩٥٧-٢٠١٨ گۆڕانکـاریی کارگێریی بەسـەردا هـاتووە، بە جۆرێـک لە ساڵی ١٩٥٧دا قەزای ڕانیە پێکدێت لە هەرسێ نـاحیەی (ناوەنـدی قەزا، چنـارە، ناودەشـت) و سـاڵی١٩٥٧- ١٩٧٧ قەزاکە گۆڕانکـاریی بەسەردا هاتووە و تەنیا ناوەندی قەزا وەک خۆی ماوەتەوە، جگە لەم ٣ ناحیەی ترخراوەتە سەری، کە ئەمانیش ناحیەکانی (چوارقورنە، بێتواتە، مەرگە)ن، ساڵی ١٩٨٧-١٩٧٧ قەزاکە تەنیا لە ناوەندی قەزا و ناحیەی بێتواتە پێکدێت(*)، ساڵی ٢٠٠٢ قەزای ڕانیە پێکدێت لە ٤ ناحیە(ناوەندی قەزا، چوارقورنە، بێتواتە، حاجیاوا)، ساڵی٢٠٠٢- ٢٠٠٩ سەرکەپکان کراوە بە ناحیە و خراوەتەسەر قەزای ڕانیە، لە ساڵی ٢٠١٨ ناحیەکانی قەزای ڕانیە بریتیین لە ناوەندی قەزا، چوارقورنە، حاجیاوا، بێتواتە، سەرکەپکان.

سەبارەت بە شاری ڕانیە لە ساڵی ١٩٧٧ و ٢٠٠٢ هیچ گوندێکی بەسەرەوە نەبووە، لە ساڵی ٢٠٠٩ ، شەش گوند و، لە ساڵی ٢٠١٥ پێنج گوندە تا ئێستا، بە ناوەکانی: بۆسکێن، قورەگۆ، تۆپاوا، هەنجیرەی ڕمک، دەربەند.[١]

هەروەها سنوری شارەوانیی شاری ڕانیە لە ئێستادا پێکدێت لە ٥٥ گەڕەک. ئەم شارە لە ساڵی ١٩١٧ تەنیا ١٧ ماڵ بووە، دانیشتوانی زۆر کەم بووە، کە لە گەرەکی قەلات و دەروبەریدا نیشتەجێبوون.[٢] ئەم شارە گەشەیەکی بەرچاوی کردووە،بە جۆرێک لە ساڵی ١٩٥٧دا تەنیا ٣ گەڕەک بووە قولە ،قەلاتی نوێ(قەلاتی دوو) ، سەرا، تا ساڵی ١٩٧٧ هەردوو گەڕەکی ڕەشەمێرگ و گڵنجان زیادیکردووە، ساڵی ١٩٧٧-١٩٨٧ گەڕەکەکانی شەهیدان(کێوەرەشی کۆن)، ئازادی دوو، ڕاپەڕین(ئۆردوگای ڕانیە) زیادیان کردووە، ساڵی١٩٨٧- ٢٠٠٢ گەڕەکەکانی ئازادی یەک، کێوەرەشی نوێ، کۆدۆ، هەوار، مامۆستایان، فەرمانبەران، قەلات (قەلاتی یەک)، بنار، ڕزگاریی دوو، ڕزگاریی یەک، پێشەوا، کارۆخ زیادیان کردووە، ساڵی٢٠٠٢- ٢٠٠٦ گەڕەکەکانی بیتوێن، ڕوناکی، پیشەسازیی یەک، داستان، ماردین، دابان، زانکۆ، نەورۆز، دەروازە، کوێستان، هاوکاری، پیشەسازیی دوو، ماکۆک، سەردەم، ئەندازیاران، شارەوانی، ئاشتی زیادیان کردووە،هەروەها تا ساڵی ٢٠١٠ هەردوو گەڕەکی ڕۆژسیتی، ڕانیە سیتی زیاد بوون، ساڵی٢٠٠٦- ٢٠١٨ گەڕەکەکانی

---

(*) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناحیەی چوار قورنە پلەی کارگێری ناحیەی لێ سەنراوەتەوە و کراوەتە گوند و خراوەتە سەر ناوەندی ڕانیە و ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوانی لەسەر ناوەندی ڕانیە ئەژمارکراوە، هەروەها ناحیەی بنگردیش خراوەتە سەر قەزای دووکان.

(١) سیروان محمد مهدی،سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥ ، ٢١٠

(٢) خالید قادر و هێرش رسول، چاوپێکەوتن لەگەل برایم بەگ، گۆڤاری رانیە، ژ٦، ڕانیە، ٢٠٠٣، ل٣١

شادی، دابان، میدیا، بیتوێن، مەشخەڵان، چیا، سەیدە فەقیرە، دایک، گزنگ، چوارچرا، ئایندە، ڕابوون، داهێن، هەوارە بەرزە(کونەسێ)، هەنجیرە، تیتۆکە زیادیان کردووە و ژمارەی گەڕەکەکان بوون بە ٥٥ گەڕەک و دابەشکراون بەسەر چوار زۆندا. بڕوانە نەخشەی (٢)

## خشتەی(٢)


## گەڕەکەکانی شاری ڕانیە لە ساڵی ٢٠١٨ نیشان دەدات (١)

| زۆنی ٤ | زۆنی ٣ | زۆنی ٢ | زۆنی ١ |
|---|---|---|---|
| ناوی گەڕەک | ناوی گەڕەک | ناوی گەڕەک | ناوی گەڕەک |
| پێشەوا | قەڵاتی نوێ | مامۆستایان | ڕەشەمێرگ |
| سەرا | ڕاپەڕین | قولە | گڵنجان |
| زانکۆ | پیشەسازی ١ | فەرمانبەران | شەهیدان |
| ئازادی ٢ | هاوکاری | قەڵات | ئازادی ١ |
| نەورۆز | پیشەسازی ٢ | بنار | کێوەڕەش |
| کارۆخ | ئەندازیاران | رزگاری ٢ | کۆدۆ |
| ماکۆک | سەردەم | رزگاری ١ | هەوار |
| شارەوانی | بیتوێن | سەیدەفەقیرە(بەهار) | ئاشتی |
| کوێستان | دایک | کونەسێ(هەوارە بەرزە) | پێنجی ئازار |
| چوارچرا | گزنگ | | شادی |
| ئایندە | | | دابان |
| ڕۆژسیتی | | | ماردین |
| داستان | | | میدیا |
| ڕابوون | | | بوێران |
| داهێن | | | مەشخەڵان |
| ڕووناکی | | | چیا |
| دەروازە | | | تیتۆکە |
| ڕانیە سیتی | | | هەنجیرە |

(١) سەرۆکایەتیی شارەوانی ڕانیە، ژووری هونەری، نەخشەی بنەڕەتیی شاری ڕانیە ٢٠١٨

## نەخشەی (١)


### شوێنی جوگرافیی شاری ڕانیە بەپێی هەرێمی کوردستان و عێراق نیشان دەدات [١]




(١) بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، سەرچاوەی پێشوو

نەخشەی(٢)

هەڵکەوتەی جوگرافیی شاری ڕانیە بەپێی پارێزگای سلێمانی نیشان دەدات[١]




(١) بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، سەرچاوەی پێشوو

نەخشەی(٣)

شوێنی جوگرافیی شاری ڕانیە بەپێی قەزای ڕانیە نیشان دەدات [١]




(١) بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، سەرچاوەی پێشوو

سـەبارەت بە ڕووبەری قەزای ڕانـیە بە گشـتی، هەر گۆڕانێـک بەسـەریدا هاتبێـت پەیوەنـدیی بە گۆڕانکـاریە کارگێڕیەکـانەوە هەیە کە لە خشـتەی (١) دا خـراوەتە ڕوو و ڕوونکراوەتەوە. لە ساڵی ١٩٧٧ ڕووبەری قەزاکە ١٥٢٨کم٢ و ڕووبەری ناوەندی قەزا ٧٤، ٥ کم٢ بووە، تا ساڵی ١٩٨٧ ڕووبەری قەزاکە کەمبۆتەوە و بووە بە ٨٨٤کم٢، بەڵام ڕووبەری ناوەندی قەزاکە زیادیکردوەو بوو بە ٦٠٣کم٢ ، لە ساڵی ٢٠٠٢ دا ڕووبەری قەزا کەمیکـردووە و بـووە بە ٨٨٤کـم٢ و لە هەمانکاتـدا ڕووبەری ناوەنـدی قەزاش بە شێوەیەکی بەرچاو کەمیکردووە و بووەتەوە بە ٧٤، ٥ کم٢ ، بە هەمان شێوە ساڵی ٢٠٠٩ و ساڵی ٢٠١٨ ڕووبەری قەزای ڕانیە ٨٥٣کم٢ و ڕووبەری ناوەندی قەزای ڕانیە بریتیە لە ٨٥٣کم٢. بڕوانە خشتەی (٣).

خشتەی(٣)

ڕووبەری قەزای ڕانیە و ناوەندی قەزا ساڵی ١٩٥٧-٢٠١٨ نیشاندەدات[١]

| ساڵ | قەزای ڕانیە ڕووبەر/کم٢ | ناوەندی قەزا ڕووبەر/کم٢ |
|---|---|---|
| ١٩٧٧ | ١٥٢٨ | ٧٤,٥ |
| ١٩٨٧ | ٨٨٤ | ٦٠٣ |
| ٢٠٠٢ | ٨٥٣ | ٧٤,٥ |
| ٢٠٠٩ | ٨٥٣ | ٧٤,٥ |
| ٢٠١٨ | ٨٥٣ | ٧٤,٥ |

دەربـارەی ڕووبەری شـاری ڕانـیە، بەپێـی نەخشـەی بنەڕەتیـی سـاڵی٢٠٠٢، ڕووبەری شـارەکە ٦٥، ١٣کـم٢ یە، کە ئەمەش دەکـاتە ٦، ١% ی ڕووبەری قەزای ڕانـیە، سـاڵی ٢٠١٠، ڕووبەری شارەکە ٦٥، ١٥ کم٢ یە، کە ئەمەش دەکاتە ١،٨% ی ڕووبەری قەزای ڕانیە، ساڵی ٢٠١٤ ڕوبەرەکەی زیادیکردووە بۆ ٢١کم٢، کە دەکاتە ٢،٤% ی ڕووبەری قەزای ڕانـیە، سـاڵی ٢٠١٨ ڕوبەرەکەی زیـاد بـووە بـۆ ٢٢کـم٢، کە دەکـاتە ٥، ٢% ی ڕووبەری قەزای ڕانـیە .هۆکـاری ئەم زیادبوونـانە دەگەڕێـتەوە بـۆ گەشـەکردنی سـنوری شـارەوانی شـاری ڕانـیە و دروسـتبوونی چەنـد گەڕەکێکـی تـازە.[٢] بـۆ زانیـاری لەسـەر ڕووبەری شاری ڕانیە بڕوانە پاشکۆی (٢)

(١) بەڕێـوەبەرایەتیی ئامـاری سلێمـــانی، بەشـی GIS، زانیـاری دەربـارەی ڕووبەرو یەکە کارگێڕیەکـانی قەزای ڕانیە، سەرچاوەی پێشوو

(٢) سەرۆکایەتیی شارەوانیی ڕانیە، ژووری هونەری، سەرچاوەی پێشوو

**دووەم/ بەرزی و نزمی**

دەشتی ناوچە شاخاویەکان، کە دەشتی کۆمەڵگای توێژینەوەش یەکێکە لەو دەشتانە، گرنگترین بەشی تۆبۆگرافیای ناوچەی شاخاویە، چونکە گرنگترین مەڵبەندی نیشتەجێبوونی مرۆڤن لە ناوچەکەدا،ئەمە وایکردووە گوند و شارۆچکەی گەورەیان تێدا ئاوەدانکراوەتەوە و بەرچاوترین ناوچەی کشتوکاڵین.[١] بەشێوەیەکی گشتی قەزای ڕانیە هەردوو تایبەتمەندیی دەشتایی و شاخاوی بەخۆیەوە گرتووە. ڕووبەری بەرزی و نزمیەکەی بەم جۆرەیە: ناوچە چیاکان ٥٢%، دۆڵەکان ١٦% دەشتی ڕانیە(بیتوین) ٣٢% پێکدێنن.[٢] چیاکانی ڕانیە کەوتونەتە ناوچەی چیا نزمەکان، کە چیاکان لە جۆری پێچاو پێچ، ئاڵۆز، ساکارن، بەرزییەکانیان لە نێوان ١٠٠-٢٠٠٠م دەبێت. گرنگترین زنجیرە چیاکانی ئەمانەن: بیتەرخین، کەژۆست، کێوەڕەش،ماکوک،نێوە، سەردول،حاجیلە و لوتکەی مامەکوللە و سەردوڵ و دووڕادار و گردەیارە.[٣] شاخی کێوەرەش بەرچاوترین شاخە سەبارەت بە کۆمەڵگای توێژینەوە، ئەم چیایە لە بەشی خۆرهەڵاتی قەزای ڕانیە لە دەربەندی ڕانیەوە دەستپێدەکات ، کە ئاراستەکەی باکوری خۆر ئاوا بۆ باشوری خۆرهەڵاتە، درێژدەبێتەوە تا دەگاتە لوتکەی مامەکوللە لە نزیک دەربەندی ڕانیە ، بەرزی چیای کێوەڕەش دەگاتە ٢٠٣٤م لە ئاستی رووی دەریاوە، درێژی ئەم چیایە دەگاتە ٢٦کم و لە نێوان قەزای ڕانیە و قەزای پشدەر سنوری جیاکەرەوەیە، بەتەنیشتیەوە لوتکە چیای ئەحمەدا هەیە کە بەرزیەکەی دەگاتە ٦,٢٤٤٦ لە ئاستی ڕووی دەریا،[٤] شاخی کێوەڕەش دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری ڕانیە و بەسەر تەواوی شارەکەدا دەروانێت، چیایەکی ڕەشە، چەند ئەشکەوتێکی تێدایە، لەوانە: کونەسێ، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی کێوەکە، سپیلیک دەکەوێتە خوارووی چیاکە بەڕووی گوندی بۆسکێن. سەرچاوەی ئاو لەو شاخەدا کەمە، جگە لە سەرچاوە ئاوێکی کەم نەبێت، کە پێیدەگوترێت چک چکە.[٥] گرنگترین دۆڵەکانی ئەمانەن: شاورێ، دۆڵەڕەقە، ئاکۆیان، پڵینگان. دەشتی ڕانیە (بیتوێن) دەشتەکەیەتی.[٦]

(١) کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، ، کتێبی سەنتەری برایەتی،ژمارە ٣، و: سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر، ١٩٩٧،ل٥٤

(٢) پشتیوان شەفیق ئەحمەد، شیکردنەوەیەکی شوێنی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای ڕانیە (١٩٥٧-٢٠٠٦)، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٩، ل١٣٠

(٣) کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢-٥٣

(٤) محمد علی قادر، نواندنی کارتۆگرافیی تایبەتمەندیە سروشتیەکانی قەزای ڕانیە بە بەکارهێنانی (GIS)و(RS)، نامەی ماستەر،بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣، ل٥٤

(٥) خالید قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨

(٦) کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، سەرچاوەی پێشوو،ل٥٢-٥٣

شاری ڕانیە، ٥٨٠م بەرزە لە ئاستی ڕووی دەریاوە[١]، لە دەشتی ڕانیە هەڵکەوتووە کە دەکەوێتە ناوچەی شاخاوی پێچ خواردووی ساکار و ناوچەی شاخاوی پێچ خواردووی ئاڵۆز[٢]، ئەم دەشتە دەکەوێتە بەشی باشووری قەزای ڕانیە، لە بەشی باشوریدا هاوسنوری دەریاچەی دووکانە، سنوری باکوریشی وشکانیە، لە خۆرهەڵاتیدا چیای کێوەڕەشە، کە لە نزیک دەربەندی ڕانیەوە[*] دەستپێدەکات تاکو سنوری خۆرئاوای ناوچەکە، واتا لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا درێژدەبێتەوە.[٣] لە باشوری دەشتەکە، لەساڵی ١٩٥٨بەنداوی دووکان دروستکراوە و هەندێک لە ڕووبەری دەشتەکەی داپۆشیوە و شاری ڕانیە بە گرنگترین مەڵبەندی دانیشتوانی ناوچەکە دادەنرێن.[٤] چیای کێوەڕەش دەشتەکە دەکات بە دوو بەشەوە، زێیی بچوک لە دەربەندی ڕانیەدا ئەم شاخە دەبڕیت، بەشی ڕۆژئاوای دەشتەکە بە بیتون ناسراوە و بەشی ڕۆژهەڵاتی بە پشدەر ناسراوە.[٥]دەشتی ڕانیە درێژیەکەی لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا ٣٠کم و پانیەکەی ٢٠-٣٠کم دەبێت، هەروەها نزیکەی ٥٠٠-٦٠٠م بەرزە بە ئاستی ڕووی دەریاوە.[٦] ڕووبەرەکەشی نزیکەی ٨٠٠ کم٢ دەبێت.[٧] لە شاری ڕانیەدا چەند گردێکی تێدایە، وەک گردی دێمە کە دەکەوێتە باشوری قەڵاتی ڕانیە، گردی بۆسکێن دەکەوێتە گوندی بۆسکێن، گردی شمشارە کەوتۆتە باشوری شارەکە.[٨] ڕووی زەویی شارەکە بە جۆرێکە تا لە باشورەوە بەرەو باکور بڕۆین ئاستی ڕووی زەویەکەبەرەو بەرزبوونەوە دەڕوات.[٩] ئەم بەرزی و نزمیەی شارەکە ڕێگر نەبووە لەبەردەم نیشتەجێبوون و فراوانبوونی شارەکە، چونکە بەرزی و نزمیەکی پلەدار و هیواشە.

---

(١) پێشرەو سەمەد تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢

(٢) خەبات عەبدوڵلا، جیۆمۆرفۆلۆجیای کوردستانی باشور، بنەما تیۆریەکانی جوگرافیای عەسکەریی کوردستانی باشور، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٤٥-١٤٦

(*) دەربەندی ڕانیە پێشتر پێیگوتراوە دەربەندی ڕەمکان.
کامەران بابان زادە، دەربەندی ڕانیە و چەند ئاماژەیەکی مێژوویی، گۆڤاری زنار، ژمارە٢٨، ڕانیە، ٢٠٠٩،ل٥٩

(٣) محمد علی قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨

(٤) ساکار محمد حسن گەردی، ڕۆڵی دانەوێڵە لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠١٠،ل١٧٤-١٧٥

(٥) جزا توفیق طالب، المقومات الجیوبولتیکیة للامن القومی فی اقلم کردستان، مرکز للدراسات الاستراتیجیة، السلیمانیة،٢٠٠٥،ص٧٦

(٦) شاکر خصباک، العراق الشمالی-دراسة لنواحیة الطبیعیة والبشریة، مطبعة شفیق، بغداد، ١٩٧٣، ص٣٢

(٧) هەڵەت رشید عبدالله، علاقة المناخ بانتاج التبغ فی المحافظة السلیمانیة، رسالة الماجستیر، غیر المنشورة، کلیة التربیة، جامعة الموصل، ٢٠٠٦، ص١٥

(٨) سیروان محمد مهدی،سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩

(٩) پێشرەو سەمەد تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٤٢

### سێیەم/ئاووهەوا

ئـاووهەوا یەکـێکە لەو هۆکـارە سـەرکیانەی کە کـاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسـەر ڕووی زەوی لە لایەنـی جۆر و دابەشبوونـی جوگرافی ، ڕوپۆشـی ڕووەکـی، ئاژەڵ، جیاوازی خـاک، کشتوکاڵ و چالاکیی مرۆیی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جێدەهێڵێت.[١]

کوردسـتانی عێـراق بەپێـی پـێگەکەی، کە کەوتـۆتە نێـوان دەشـت و شـاخ و دۆڵەکـان، جیـاوازی زۆر لە ئاسـتی بەرزی و نزمـی ناوچەکانیدا هەیە، ئەم جیـاوازیەش وایکـردووە کە ناوچەکە کراوەبێت لەبەردەم هەموو جۆرەکانی ئاووهەوا، ئـاووهەوای ڕانیە لە هاویندا گەرم و لە زسـتاندا سـاردە، لە وەرزی زسـتاندا بە درێژایـی سـێ مانـگ بەفـر و بـارانی زۆر دەیگرێتەوە و تـا کۆتـایی مـانگی ئـازار بەردەوام دەبێت.[٢] واتـا ئـاووهەوای شـاری ڕانیە بە گشـتی لە جـۆری ئـاووهەوای دەریـای ناوەڕاسـتە، زسـتانی سـارد و بـارانەویە، بەشـێوەیەکی بەرچاویش لە زستاندا بەفر لەسەر چیاکانی دەوروبەری دەبارێت، هاوینیشـی گەرم و وشـکە، زۆربەی باران بارینی ناوچەکە لە جۆری بـارانی بەرزەهەرێم و گەردەلولە بـارانە، جـگە لە بـارانی بەرزەڕۆ کە لە وەرزی بەهارانـدا لە ئاکـامی گەرمبـوونی زەوی دەبارێـت، کە دەبێـتە هۆی باران بارینێکی زۆر بۆ ماوەیەکی کورت و زۆرجار تەرزەی لەگەڵدایە.[٣]

ڕەگەزەکانی ئـاووهەوا پێکدێن لە پلەی گەرمـی، بـاران، شێی، بـا. لە بەر نەبـوونی داتـا لەسـەر هەموویـان، هەروەهـا لەبەر گرنـگیـان لێرەدا ئامـاژە تەنهـا بە پلەی گەرمـی و دابـارین دەکرێت.

**پـلەی گەرمـی** گرنگتـرین ڕەگەزی کەشـوهەوایە، چـونکە کـاریگەری ڕاسـتەخۆ و ناڕاسـتەوخۆی لەسـەر ڕەگەز و دیـاردە کەشـوهەواییەکانی تـر هەیە[٤] و کـاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر چالاکیەکانی مرۆڤ و ڕووەک و زیندەوەران بە گشتی.[٥]

(١) هـاوڕێ یاسین محمدامین، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیـای هەرێمـی کوردسـتانی عێراق،چاپخـانەی غەزەلنوس، سلێمانی، ٢٠١١،ل٧٥

(٢) هنری فيلد، جنوب كردستان-دراسة انثروبولوجية، ت: جرجيس فتح الله، دار اراس،اربيل،٢٠٠١،ص٤٤-٤٥

(٣) پێشرەو سەمەد تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠

(٤) ئـازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، جوگرافیـای کەش و ئـاووهەوا-بەرگـی ١، دەزگـای چـاپ و پەخشـی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧،ل٤١

(٥) نعمان شحادة، علم المناخ، دارالصفاء للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٩،ص٧١

خشتەی(٤)

تێکڕای مانگانە و ساڵانەی پلەی گەرما لە کۆمەڵگای توێژینەوە

لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٣-٢٠١٨ نیشان دەدات[١]

| مانگەکان | پلەی گەرمی |
|---|---|
| کانونی دووەم | ٤، ٦ |
| شوبات | ٥، ٨ |
| ئازار | ٦، ١٢ |
| نیسان | ١٨ |
| ئایار | ٨، ٢٤ |
| حوزەیران | ٣١ |
| تەموز | ٣٥ |
| ئاب | ٨، ٣٥ |
| ئەیلول | ٣١ |
| تشرینی یەکەم | ٥، ٢٣ |
| تشرینی دووەم | ١٤ |
| کانونی یەکەم | ٩ |
| **تێکرا** | ٨، ٢٠ |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە تێکڕای ٦ (*) ساڵ لە پلەی گەرمیی ساڵانەی شاری ڕانیە بریتیە لە ٨، ٢٠°، کە بەرزترین پلەی گەرمی لە مانگی ئابە، کە بریتیە لە ٨، ٣٥° و نزمترین پلەی گەرمی لە مانگی کانونی دووەمە، کە بریتیە لە ٤، ٦°.

**باران** سەرچاوەی سەرەکیی ئاویی سەر زەویە، سیستەمی باران لە کۆمەڵگای توێژینەوە بریتیە لە سیستەمی دەریای ناوەڕاست، کە بارانەکەی وەرزیە و ماوەی بارانبارین لە نێوان مانگی تشرینی یەکەم بۆ کۆتایی مانگی ئایاردایە، لە نیوەی زستانی ساڵ بارانبارین چڕدەبێتەوە و هاوینیشی وشک و بێ بارانە.[٢] بڕی بارانبارین بەگوێرەی کات و شوێن دەگۆڕێت، بەهۆی جیاوازی بەرزی و نزمی و شەپۆلە کەشیەکان، هەتا لە باشوری خۆر ئاوا

(١) کاری توێژەرە بە پشتبەستن بە: زانکۆی ڕاپەڕین، ویستگەی کەشناسی.

(*) ئەم ویستگەیە لە ساڵی ٢٠١٣ ەوە دامەزراوە، بۆیە تەنیا ئاماری ٦ ساڵی هەیە. هەروەها ویستگەی کەشناسی/پلەی گەرمی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕاپەڕین لەکارکەوتبوو.

(٢) دلێر خالید حسن، سامانی ئاژەل لە پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر،بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٧، ل ٢١

بەرەو باکوری خۆر هەڵات بڕۆین بڕی باران زیاد دەکات، بە تێکڕا ڕادەی باران بارینی ٦٠٠ ملم لە ساڵێکدا[١]، بە پێی ناوچەکانی ڕادەی بارانبارینی جیاوازی تێدەکەوێت، لە هەندێک شوێن دەگاتە ٩٠٠-١٠٥٠ملم لە ساڵێکدا.[٢]

خشتەی (٥)

تێکڕای ساڵانەی باران بارین لە کۆمەڵگای توێژینەوە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٩- ٢٠١٨ نیشان دەدات [٣]

| ساڵ | بڕی بارانبارین |
|---|---|
| ٢٠٠٩ | ٤١٥,٥ |
| ٢٠١٠ | ٨٤٤,٥ |
| ٢٠١١ | ٨٦١,٣ |
| ٢٠١٢ | ٥٤٧,٥ |
| ٢٠١٣ | ٨٣٦,٨ |
| ٢٠١٤ | ٥٨١,٧ |
| ٢٠١٥ | ٦٩١,٦ |
| ٢٠١٦ | ٩٤٧,٣ |
| ٢٠١٧ | ٥٦١,٩ |
| ٢٠١٨ | ٨٥٠,٦ |
| **تێکڕا** | **٧١٣,٨** |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە تێکڕای باران بارینی ١٠ ساڵی وەرگیراو بریتیە لە ٧١٣,٨ملم،بە جۆرێک کە مترین بری باران بارین لە ساڵی ٢٠٠٩ تۆمارکراوە کە بریتیە لە ٤١٥,٥ملم، لە کاتێکدا زۆرترین بڕی باران کە ٩٤٧,٣ملمە، لە ساڵی ٢٠١٦دا باریوە.

(١) عباس فاضل السعدی، منطقه الزاب الصغیر العراق، مطبعة السعد، بغداد، ١٩٧٦، ص٥١-٥٢

(٢) لەیلا محمد قارەمان، بەرهەمی کشتوکاڵ لە دەشتی بیتوێن، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ٢٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠، ل١١

(٣) کارری توێژەر بە پشت بەستن بە:
بەڕێوبەرایەتیی کشتوکالی ڕانیە، ویستگەی کەشناسی

## چوارەم/ پێکهاتەی جیۆلۆجی و خاک

دەستنیشانکردنی پێکهاتەی جیۆلۆجیی هەر کۆمەڵگایەکی توێژینەوە کارێکی گرنگ و پێویستە، چونکە جیۆلۆجیا کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر جۆری هۆکارو دەرامەتە سروشتیەکان و دابەشبوونیان وەک خاک، دەرامەتی ئاو، کانزاکان، کەرەستەی بیناسازی و ...هتد.[١] هەروەها پلاندانان، دابەشکردنی خزمەتگوزاریەکان و گەشەی شاریش پشت بە جۆری پێکهاتەی جیۆلۆجی و جۆری ئەو خاکەی شارەکەی لێ دروستبووە، دەبەستێت. پێکهاتەی جیۆلۆجیی گونجاو کارئاسانی دەکات بۆ دروستکردنی خزمەتگوزاری و فراوانبوونی شار و ئاراستەی گەشەکردنی شار لە ئێستا و لە داهاتوودا، بەڵام بەپێچەوانەوە هەندێجار جیۆلۆجیا و خاک گرفت دروستدەکەن و دەبنە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی فراوانبوون و ئاوەدانکردنەوەی شاردا.[٢]

سەبارەت بە کۆمەڵگای توێژینەوەکە، جیۆلۆجیاکەی وابەستەی جیۆلۆجیای کوردستانی عێراقە، ئەو شوێنەی کە شارەکەی لەسەر دروستبووە، وەک بەشێک لە دەشتی ڕانیە، ماوەکەی دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی جیۆلۆجیای چوارەم، نزیکەی ٦٠٠ هەزار بۆ یەک ملیۆن ساڵ لەمەوبەر لە هەردوو چاخی سەهۆڵبەندانی پلایستسین و هۆلۆسین.[٣] کە لەو ماوەیەدا بەهۆی بارانبارین و سەهۆڵبەندانەوە بۆتە هۆی ڕامالینی مەوادێکی زۆری نیشتوو بە ئاراستەی دەشتی ڕانیە لە ناوچە بەرزاییەکانی دەوروبەری، وەک چیای کێوەڕەش و چیای ئاسۆس و ماکۆک و حاجیلە، کە بە نیشتووەکانی سەردەمی چواری ناسراون وەکو نیشتوەکانی دەشتی پانکەیی و نیشتووی لێژاییەکان ونیشتووی ڕووبارەکان. تایبەتمەندیە نیشتووە نوێیەکانیش بریتین لە چەو، لم، قوڕ، لیتە، خڕەبەرد بە قەبارەی جیاواز، کە ئەستوریان لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا نزیکەی ١-١٥٠ مەتر دەبن.[٤] بە گشتی ئەم پێکهاتە جیۆلۆجیە، گرنگی خۆی هەبووە، چونکە بۆتە هۆی خاکێکی بەپیت و دروستکردنی دەشتی ڕانیە و دەوڵەمەندکردنی بە ئاوی ژێر زەوی، چونکە توانای لەخۆگرتنی ئاویان باشە. هەروەها کارئاسانیکردووە بۆ فراوانبوونی شار و دابەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی،

(١) محمد علی قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤

(٢) مقداد حسن عبدالقادر، شاری کەلار(لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار)، نامەی ماستەر،بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤، ل٩

(3) Salahalddin Ali Saeed, Geology and Hydrogeology of Sharazoor-Piramagroon Basin, Sulaimani area, North Eastern Iraq, P.H.D, college of science University of Beograd,2007,p58-5

(4) Diary Ali Mohammed Amin,Water resources management in Rania area Sulaimania NE-Iraq, P.H.D,college of science University of Bagdad,2008, p31

هەروەها لە کەناری چەم و لیواری ڕووبارەکاندا بۆتەهۆی دەستکەوتنی کەرەستەی خاوی بیناسازی وەک چەو و لم و بەرد و...هتد.. هەر بۆیە شیاویشە بۆ دروستکردنی مقالع(دەرهێنانی بەرد و چەو و لم) کە نزیکەی ١٥ دانە هەن، ٨ لە حاجیاوا، ٧ لە چوارقورنە، جگە لە بوونی زیاتر لە ٢٠ کارگەی بلۆک لە ناوچەکە.(١)

سەبارەت بە خاکی کۆمەڵگای توێژینەوەکە، خاکی قەزای ڕانیە بەگشتی لە جۆری کەستەنائیە، ئەم جۆرە خاکە لە ژێری ژێرەوەی دۆڵەکان و دەشت و حەوزەکانی نێوان چیا بڵندەکان بڵاوبۆتەوە.(٢) زۆربەی خاکی دەشتی ڕانیە ڕەنگی قاوەیی تۆخە، کە ئاوێتەی قوڕێکی زۆرە و پێکهاتەکەی قورینی لیتەییە، بە توخمە خۆراکیەکانی ڕووەک دەوڵەمەندە، پلەی ئاوێتەبوونی لە ٨ نزیکە و بە زۆری خاکێکی تفتە، چەند تفتە توخمێکی وەک (سۆدیۆم، پۆتاسیۆم، مەگنیسۆم)ی تێدایە، کە بۆ گەشەی ڕووەک پێویستن، ڕێژەی مادەی ئۆرگانیی دەگاتە(١,٥%) و ڕێژەی کاربۆن و کالیسیۆمیشی دەگاتە (٣,٣٢%)، هەروەها ئەم خاکە سوێرنە(٣)، وە ئەم خاکە بەوە ناسراوە کە خاکێکی قوڕە و بەپیت و شیاوە بۆ کشتوکاڵ.(٤)

## پێنجەم/ ڕووەکی خۆڕسک و ڕووەکی چێنراو

ڕووەکی خۆڕسک: مەبەست لە ڕووەکی خۆرسک ئەو ڕووەکانەن، کە هەر لە خۆیانەوە بە بێ دەستکاریی مرۆڤ دەڕوێن.(٥)

بە شێوەیەکی گشتی ڕووەکی سروشتی بە ڕووبەری ٣٢٢کم٢ لە ٧,٣٧% ی کۆی ڕووبەری قەزاکەی داپۆشیوە، کە دابەش دەبن بۆ دوو جۆر(دارستان و گژوگیا) لەڕووی جۆرەکانی ڕووەکی سروشتیەوە، جۆری یەکەم کە دارستانە، ئەمانە هەن: دارستانی بەڕووی دەندار، دارستانی بەڕووی وشک(هەنجیری کێوی، کرۆسک، لە وەرزی بەهاردا گژوگیاکانی -کەنگر و ڕیواس و کاردو- لە نێوانیاندا دەڕوێت )، مازوو، دارستانی کەنار رووبار و سەرچاوە ئاویەکان(ئەسپیندار، سورەچنار،توی کێوی، ژاڵە، هەنجیری کێوی)، هەروەها گژوگیا، کە جۆری دووەمی ڕووەکی سروشتیە، ئەمانە هەن: گژوگیای

(١) بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، بەشی ئاماری پیشەسازی، ٢٠١٩
(٢) لەیلا محمد قارەمان، بەرهەمی کشتوکاڵ لە دەشتی بیتوێن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢
(٣) لەیلا محمد قارەمان، خاکی هەرێمی کوردستان، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٩، ل٩٤
(٤) عباس فاضل السعدی، منطقة الزاب الصغير في العراق، المصدر السابق،ص١٠٣
(٥) کامەران تاهیر سەعید، کۆیە-لێکۆڵینەوەسەک لە جوگرافیای هەرێمی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٧٧

ئەلبی(دەوەن، بنەگوێنی، سێپەرە، وێنجەی کیویلە- لە وەرزی بەهاردا گژوگیاکانی -کەنگر ، تۆڵەگە، جاترە- لە نێوانئنیاندا دەڕوێت)گژوگیای ئەستیپس(پەڵپینە، سونکە، زەل).(١)

سەبارەت بە ڕووەکی خۆڕسک لە شاری ڕانیە و چیاکانی دەوروبەری، چەند جۆرێک ڕووەکی سروشتی هەن، وەک لە چیای کێوەڕەش و حاجیلە بەرچاو دەکەون، هەرچەندە شاخی کێوەرەش شاخێکی بەرداویە، کەمتر دار یان گژوگیای لێدەڕوێت، هەر ئەوەشە وایکردووە کە لە هاویندا ئەو شاخە سوربێتەوە و گەرماییەکەی پەخشبێت بەسەر ڕانیەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ڕووەک، خۆڕسکانە توانیویانە لە کێوەڕشەدا جێی خۆیان بکەنەوە، کە ئەمانەن:

١-بەروبومە ئالیکیەکان: وەک سێپەڕە، وێنجە، جۆی کێوی ...هتد.
٢.گژوگیا: وەک گیای کێوی، دڕک، دڕو، کەنگر، دۆری، تۆڵەکە، ئەندرێشە...هتد.
٣.داری میوەی کێوی: هەنجیری کێوی، قەزوان، بەڕووی کورتەبنە...هتد
٤.ڕووەکی جوانی: گوڵاڵەسورە، لاولاوی کێوی، گوڵی چاوبازە...هتد.
٥.ڕووەکە پزیشکیەکان: کە هەندێکیان ڕوەکی ژەهراوین و پێویستی بە لێوردبوونەوەیە، هەروەها بەرچاوترین ڕووەکی پزیشکی لەو شاخەدا بریتین لە جاترەی کێوی، بارێزە، حاجیلە، ڕێحانە ڕەشە و ...هتد. بە گشتی ئەم ڕووەک و گوڵانەی تێدایە (*): گوڵاڵەسورە، سێپەرە، ڕووەکی ئاوگی، لاولاوی کێوی، ڕیحانە کێویلە، گوڵی چاوبازە، کەنگر، هەنجیری کێوی، کاڵەشین، بەڕووی کورتەبنە، حاجیلە(گوڵەبەیبون)، زەبرەو(گلێنە)، چەورۆکە، گوڵەزەردە، خەرتەلە، هێرۆ، قەزوان، قارچک.(٢)

هەروەها وەک ڕووەکی چێنراو دەکرێت ئاماژە بدریت بەمانە: ژمارەی باخچەی سەوزکراو ٤٦ دانە لە کۆی ٤٤٤ دانە. بە رووبەری ١٩٦٨٣٣ م٢ لە کۆی ٢٧٨٦٨٦٥م٢ی تەرخانکراو بۆ سەوزایی(٣) هەروەها دارستانی کێوەڕەش کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری ڕانیە و دامێنی چیای کێوەڕەش بۆ خوارەوە، کە پێیدەوتریت غاباتی رانیە، ڕووبەرەکەی ٨٤٠ دۆنمە و جۆری دارەکانی سنەوبەر و زاوێتەن، کە تەمەنیان ١٠-٣٥ ساڵە، ئەو

(١) سیروان محمد مهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢-١١٦
(*) بەشێک لەم ڕووەکانە ناوەکانیان زانستی نین، ناوی ناوچەیین.
(٢) خەلیل عەلی، گوڵەکانی کێوەڕەش(بە وێنەوە)، گۆڤاری ڕانیە، ژ٢٢ ، رانیە، ٢٠٠٧، ل٢٢-٢٦
(٣) سەرۆکایەتیی شارەوانیی رانیە، بەشی پلان و بەدواداچوون، خشتەی پێکهاتەی زانیاریەکانی گەڕەکەکانی ڕانیە بۆسالی ٢٠١٨

دارســتانه له ســاڵی ١٩٧٥ دروســتکراوه.(١) ئەمە جــگە لە بــاخی نــاو خانووەکــان، کە دارودرەخت و گوڵی جۆراوجۆری تێدا چێنراوە.

ئەم ڕووەکە خۆرسـکانە، کە بەهـاران لە دەشـت و کێوەکـان هەن، خەڵکـی بە کـۆمەڵ دەڕۆن بەمەبسـتی هەڵکەنـدنیان و دەرهێنانیـان، کە بـۆ گیـا دەرمـانی و خـواردن بەکـاردێن، بەشێکیان جگە لە بەشی خواردنی خێزانەکە، بۆ فرۆشتنیشن و دەخرێنە بـازاڕەوە، لە میـانەی ئەم پرۆسـەیەدا، کـاری بەکـۆمەڵ و هەرەوزی و کاتبەسـەربردن و کۆبـونەوە و سـەیران ئەنجامدەدرێت و، زیاتر پیشەیەکی بە کۆمەڵە.

**شەشەم/ سەرچاوەکانی ئاو**

سەرچاوەکانی ئاو پێکدێن لە دابارین، ئـاوی سـەرزەوی و ئـاوی ژێر زەوی، قەزای ڕانیە دەوڵەمەندە بە ئاوی سەرزەوی و چەند ڕووبارێکی تێدایە، وەکو بەشێکی دەریـاچەی دووکـان، کە دەکەوێتە باشوری قەزاکە، هەروەهـا ڕووبـاری هیـزۆپ دەکەوێتە باشـوری خـۆر ئـاوای قەزاکە و ڕووبـاری قایمقـایم دەکەوێـتە بـاکوری خـۆرهەڵاتی قەزاکە بـۆ باشـوری خـۆر ئـاوا، لەگەڵ ڕووباری قەشان کە دەکەوێتە باکوری خۆر ئـاوا بـۆ باشـوری خۆرئـاوی قەزاکە.(٢) ئەو بەشـەی دەریـاچەی دووکـان (زێـی بچـوک) بـۆ شـاری ڕانـیە گرنگتـرین سـەرچاوەی ئـاوی سەرزەویە، ئەم سەرچاوەیە لە ڕۆژئاوای کوردستانی ئێرانەوە درێژ دەبێتەوە، ژمارەیەک ئاوی جیاوازی تێکەڵ دەبێت، بە لای ڕۆژهەڵاتی ڕانیەدا تێپەڕ دەبێت و دەچێتە بەنداوی دوکـانەوە، بـڕی سـاڵانەی ئـاوی ئەو زێـیە ٧ ملیـار مەتـر سێجایە. ڕانـیە بە هـۆی ئەو زێـیەوە خـاوەنی ڕووبارێک ئاوی دەوڵەمەندە.(٣)

ســەبارەت بە ئــاوی ژێــرزەوی، کە بە گرنگتــرین ئــاوی ســازگار دادەنرێــت بــۆ بەکارهێنانەکـانی مرۆڤ و سـەرچاوەیەکی سروشـتیی گرنگە بۆ ئـاوی ڕووبـارو دەریاچەکـان. قەزای ڕانیە، کۆگـایەکی ئـاوی ژێر زەوی هەیە کە بە حەوزی ڕانیە(ئـاوگری ڕانیە)ناسـراوە، ئەم حەوزە خــۆی دەبینێــتەوە لەو ڕێــڕەوە ئاویــانەی کە بەرەو باشــوری نــاوچەکە دەچــن، ڕووبەرەکەی نــزیکەی ٤٩٠کــم٢ و بەرزیەکەی ٥١٨م٢ و قــوڵی ئــاوەکەی ١٥-٢٠م٢ یە، بەرهەمەکەی لە ١ دەقیقەدا ٢٧٠-٩٠٠ لیترە و پلەی سوێریەکەی بە ملگم/لیتر ٢٧٠-٢٥٠یە، پێکهاتەی حەوزەکە لە چەند چینێکی نیشتوو پێکهاتووە، کە جیاوازی لە نێوان چینەکانیدا هەیە،

(١) بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی زەوی و زار
(٢) بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی ئاودێری، بەشی پلاندانان
(٣) خالید قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤

کە بەرزبونەتەوە سەر ڕووی زەوی لەسەر شێوەی بەرزی دابڕکەر، لە بەردی جیری، بە ئاراستەی باکوری خۆر ئاوا بۆ باشوری خۆر هەڵات.[1] ئەم حەوزە دەکەوێتە ناوچەیەکی پێچ خواردووی نوشتاوەوە، کە لە دەشتە فراوانەکانی ناوچەی شاخاویەکانە، کە بەرزی ٥٥٠م لە ئاستی رووی دەریاوە بەرزە.[2] کۆی گشتیی سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەویی قەزای ڕانیە بریتیە لە ١٢٩ کانیاو، ٢٣٥٦ بیر، ٦ کارێز.[3]

لە ناو شاری ڕانیەدا چەند سەرچاوەیەکی ئاو هەیە، هەر لەکۆنەوە تاکو ئێستاش سودی لێوەرگیراوە بۆ بوارەکانی خواردنەوە و کشتوکاڵ، بە تایبەتی لە بەرهەمهێنانی بەروبومی هاوینەدا، گرنگترینیان سەرچاوەی ئاوی قولە و کوێرەکانی و کانی مەلاسلێمان و سەرچاوەی ڕەشەمێرگە، بێجگە لە سەرچاوەی ئاوی قولە، ئەوانیتر هەموویان وەرزین، قولە سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی شارەکەیە و ڕێژەیەکی ئاوی لەبەر دەڕوات لە وەرزەکانی ساڵدا.[4] قولە هەر لە کۆنەوە سەرچاوەیەکی سەرەکیی ئاوی دانیشتوان بووە، سەرچاوەی سەرەکی دروستبوونی شاری ڕانیە بووە، خەڵک لەدەوری کۆبونەتەوە و نیشتەجێبوون.[5] ئەم سەرچاوەیە دەکەوێتە سەنتەری ڕانیە و لە نیمچە چاڵێکدایە، سەرچاوەیەکی هەمیشەییە و بە سەرچاوەیەکیی گرنگی ئەم شارە دادەنرێت، کە بەشێکی زۆری دانیشتوانی شاری ڕانیە سود لەم سەرچاوەیە وەردەگرن بۆ خواردنەوە و کشتوکاڵکردن، ساڵی ١٩٥٧-١٩٥٨ کراوە بە پرۆژەی ئاو و بە فەرمی کراوەتەوە، کە لە کاتژمێرێکدا ٢٢٤م٢ ئاوی لێوەردەگیرێت و بە درێژایی ساڵ ڕێژەیەکی زۆر ئاوی لەبەر دەڕوات.[6] ئاوی قولە زیاتر لە ٦٠% ی ئاوی خواردنەوەی شارەکە دابیندەکات و بە هۆی ١٣ ترۆمپاوە ئاو بۆ شاری ڕانیە بەڕێدەکرێت و دابەشدەکرێت، هەروەها ٤٠% ی گەڕەکەکانی شارەکە لەسەر بیرە حکومیەکانن، کە ژمارەیان ٦٥ بیرە، لە لایەکیترەوە بەشێکی گەڕەکەکان بە تانکەر ئاویان بۆ دەچێت، کە ژمارەیان ٤٩٩ خانوە ، کە ئەمانەش هەر لەقولە و بیرەکان ئاویان بۆ دابین دەکرێت. ئەمە جگە لە چەندان بیری خەڵکی کە بەشێکیان مۆڵەتپێدراون و بەشێکیان بێ مۆڵەتن.[7]

---

(١) فەرەیدون کاکەیی، داهات و ئەمنی ئاو لە هەرێمی کوردستان، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی، سلێمانی ٢٠٠١،ل٣٢

(٢) وفیق حسین الخشاب واخرون، الموارد الطبیعیە، دار الحریە، بغداد، ١٩٧٦،ص٢٢٦

(٣) سیروان محمد مهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١

(٤) پێشڕەو سەمەد تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠

(٥) سەباح مەرگەیی، هەندی زانیاری سەبارەت بە فەرمانگەی ئاو لە ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە،ژ٢، ڕانیە، ٢٠٠٣،ل٤٣

(٦) خلیل علی، مێژووی شاری ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە، ژ١٩، ڕانیە، ٢٠٠٧، ل٤٩

(٧) ابوبکر محمد ڕسول، چاوپێکەوتن، ئەندازیار و بەرپرسی بەشی دابەشکردن و چاکسازیی لە بەڕێوبەرایەتیی ئاوی ڕاپەڕین، لە ٢٠١٩/١/٢٨

ئـاوی قـولەی ڕانـیە کە تـا ئیسـتاش سـەرچاوەی سـەرەکیی ئـاوی خـواردنەوەی زۆربەی دانیشتوانی شارەکەیە، لەگەڵ ئەوەشدا وەک سەرچاوەیەکی ئـاودێری کشتوکاڵی دەشتی ڕانیە دادەنرێت، چونکە دوای ئـاو لەبەر ڕۆیشتنی کـانیەکە، ڕاستەوخۆ ئـاوەکە ڕوودەکـاتە دەشتە کشتوکاڵیەکانی شارەکە و کشتیاران لە وەرزی وشکی هاویندا بەکاریدێنن[1] چونکە پڕۆژەی ئاودێری قولە لە ساڵی ٢٠٠٢ لە شارەکە جێبەجێکرا، بۆ گوندەکانی بۆسکێن، تۆپاوا، قورەگۆ کە ڕووبەری ٤٠٠ دۆنم زەوی بەراو کردووە.[2] بۆ ئەو مەبەستەش سـەرچاوەی ئـاوی قولە لەسەر حەوزەکەیدا سێ دەرگای هەیە، کە لەکاتی زۆربوونی ڕێژەی ئاوەکە، دەکرێنەوەو ئاوە زیادەکە بەڕێدەکرێت.[3]


جگە لەم سەرچاوانە، بە گشتی ٣ کانیا و ٩٢٣ بیر هەن لە شاری ڕانیە و گوندەکانیدا،[4] هەروەهـا کانیـاوی کـانزاییی گەنـاو کە لە جـۆری گـوگردیە لە گونـدی بۆسـکێن و گەڕاوی ئەسحابان لە جۆری کانیاوی گەرمە لە ڕانیە دا هەن.[5]

هەر لە سـەرەتاوە، ئـاو هۆکـاری ئـاوەدانیی ڕانـیە بـووە و خەڵکـی لە دەوری سـەرچاوەی قولە کۆبونەتەوە و نیشتەجێبوون، هەروەها دانیشتوانی سنورەکەش بە گشتی پشتیان بەم ئـاوە بەستووە و دانیشتوانەکەی هاتوون سودیان لێی بینیوە. چونکە ئەم سەرچاوەیە، سەرچاوەیەکی ئاوی دەوڵەمەندە و لە شوێنێکی گونجاو و گرنگیشدا هەڵکەوتووە، وەک دەبینرێت تـا ئیستاش هەر سـەرچاوەی سـەرەکیە بـۆ دانیشـتوانی شـارەکە، لە کاتێکدا شـارەکە بەشـێوەیەکی بەرچـاو بەرفراوان بووە. بڕوانە وێنەی (١)

(١) محمد علی قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢١-١٢٢
(٢) سیروان محمد مهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧
(٣) ابوبکر محمد ڕسول، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشوو
(٤) سیروان محمد مهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١
(٥) محمد علی قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢

وێنەی(١)[١]

وێنەی سەرچاوەی ئاوی قولە، لە ڕابردو و لە ئێستادا نیشان دەدات




(١) وێنەی یەکەم و دووەم وەرگیراوە لە بەڕێز هاشم مەلا ڕەسول، وێنەی سێیەم لە لایەن توێژەرەوە گیراوە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٤/٢٤

## حەوتەم/ ڕێگاکانی هاتوچۆ

ڕێگاکانی هاتوچۆ یەکێکن لە هۆکارە گرنگەکانی پەیوەندی و بەیەکگەشتنی کەسەکان و گرنگی ورۆڵی بەرچاویان هەیە لە هەر کۆمەڵگایەکدا، ئەم ڕیگایانە هۆکاری بازرگانی و دروستکردنی پەیوەندیی ئابووری و کارگێری و کۆمەڵایەتیی زیاترن، کە لە ئاکامدا بەشێوەیەکی گشتی ژینگەی کۆمەڵایەتی بەرفراوانتر و پەیوەندیە کلتوریەکان زیاتر دەکات، شاری ڕانیە کە ناوەندی قەزای ڕانیەیە و ژمارەیەک فەرمانگە و دامەزراوەی کارگێری و پەروەردەیی و دامەزراوەی تری تێدایە، کە دانیشتوانی دەوروبەر و یەکە کارگێریەکانی پیویستیان پێیەتی،هەروەها بازاڕێکی گرنگی ساغکردنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵی و کاڵا بازرگانی و پیشەسازیەکانە، لێرەوە بوونی ڕیگای باش ئاسانکاریی زۆر دەکات بۆ بەیەکگەیشتنیان، لە هەمانکاتدا دانیشتوانی ڕانیە بۆ ڕاییکردنی کارەکانیان و ئالوگۆڕی بازرگانی و سەردان و پەیوەندیە خزمایەتیەکان پێویستیان بە ڕێگا هەیە بۆ گەیشتن، هەم بە دەوروبەر هەم بە پارێزگاکانی تری وەک سلێمانی و هەولێر و ...هتد. ڕیگا و شەقامەکانی ناوشار، یەکێکن لە گرنگترین پێویستیەکانی شار و سەرەنجام ئەم ڕیگایانە یەکێک لە هۆکارەکانی ئاسانکاری و دروستکەر و پەرەپێدەری زیاتر تێکەڵبوون و پەیوەندی دروستکردنی شاری ڕانیە لە ناوخۆ و لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا.

لە کوردستاندا درەنگ ڕێگاوبانی ئەندازیاری دروستکراوە، هەرچەندە ئینگلیزەکان دوای جەنگی جیهانی یەکەم بۆ بەرژەوەندی و ئیش وکاری خۆیان چەند ڕێگایەکیان دروستکرد و قیرتاویان کرد، لەوانە ڕێگای قیرتاوکراوی ڕواندوز(حاجی ئومەران -هەولێر)، کە بە ڕیگای هاملتون ناسراوە، بەڵام دوای جەنگی جیهانیی دووەم، کە لە عێراقدا ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوە دروستبوو، پاشان بوو بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، لە ساڵی ١٩٥٠ چەند ڕێگایەک بە شێوازی زانستی دروستکران، کە بەرگری بزاوتن و جوڵەی گواستنەوەیان هەبوو.[(١)]

بە گشتی لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، ڕێگاکانی ڕانیە و دەوروبەری قیرتاوکراون.[(٢)]

---

(١) ئاوێستا خالید محمد و هاوار تاهیر کەریم، ئەتڵەسی پارێزگای سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٥٩

(٢) هانا عەلی حەمە، ڕانیە ١٩٥٨-١٩٩١ توێژینەوەیەکی مێژوویە لە بارودۆخی(سیاسی، کارگێری، کۆمەڵایەتی،ڕۆشنبیری، ئابووری)، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٦،ل٧٤

ڕێگاكانی شاری ڕانیە ئامانەن:

١- ڕێگـا سـەرەكیەكان: ئەو ڕێگایـانەن، كە شـاری ڕانـیە بە دەرەوە دەبەسـتێتەوە، وەک لە خشتەی (٦) خراونە ڕوو.

خشتەی(٦)

ڕێگا سەرەكیەكانی شاری ڕانیە بۆ دەرەوە نیشاندەدات[١]

| ڕێگا | ئاراستە | دووری/كم | جۆر |
|---|---|---|---|
| ڕانیە - سلێمانی | باشوری ڕۆژئاوا | ١٣٣ | قیر |
| ڕانیە - هەولێر | باشوری ڕۆژئاوا | ١١٨ | قیر |
| ڕانیە - كۆیە | باشوری ڕۆژئاوا | ٤٦ | قیر |
| ڕانیە - شەقلاوە | باشوری ڕۆژئاوا | ١١٢ | قیر |
| ڕانیە- قەڵادزێ | ڕۆژهەڵات | ٢٩ ،١ | قیر |
| ڕانیە - چوارقورنە | باشوری ڕۆژئاوا | ٧ ،٦ | قیر |
| ڕانیە - حاجیاوا | باشوری ڕۆژئاوا | ١٣ ،٦ | قیر |
| ڕاینە - بێتواتە | باشوری ڕۆژئاوا | ٩ ،١٨ | قیر |
| ڕانیە - سەركەپكان | باكوری ڕۆژئاوا | ٧,٧ | قیر |
| ڕانیە - دوكان | باشوری ڕۆژئاوا | ٧٥ | قیر |

٢- هەروەهـا چەنـد ڕێگـایەكی لاوەكـی هەن(خـۆڵ، چەوڕێـژ، قیـر) لە سـنوری قەزاكەدا، درێژیەكەیـان دەگـاتە ٤٣ كم، كە زۆربەی گوندنیشـینەكانی قەزاكە بە یەكتری دەگەیەنێت.[٢] بڕوانە پاشكۆی (٣)

سـەبارەت بە ڕێگـا و شـەقامەكانی نـاو شـاری ڕانـیەش لە خشـتەی (٧) دەردەكەوێـت كە ڕووبەری (٣٧,٧كم٢) لە كۆی ڕووبەری شـارەكە بریتیە لە ڕێگـا و شـەقامی نـاو گەڕەک و نێوان گەڕەكەكان، كە كۆی گشتی درێژیەكەیان دەكاتە(٣٩٣١٩٩م).

خشتەی (٧) ڕێگا و شەقامەكانی ناو گەڕەک و نێوان گەڕەكەكانی شاری ڕانیە نیشاندەدات[٣]

| شەقامەكانی١٠، ١٢، ١٥، ٢٠، ٢٥، ٣٠، ٤٠، ٦٠ مەتری | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| درێژی /مەتر | | | | | ڕووبەر /مەتر دووجا | | | | |
| قیر | كۆنكرێت | تێكەڵەبەرد | خۆڵ | كۆ | قیر | كۆنكرێت | تێكەڵەبەرد | خۆڵ | كۆ |
| ٢٢٨٧٧ | ٢٠٨٦٢ | ٨٦٠٤١ | ١٨٣٤١٩ | ٣٩٣١٩٩ | ١٢٢٢٥٦٠ | ٦٣٣١٧٨ | ١٠٨٩٨٦٥ | ٤٣٩٣٩٢٠ | ٧٣٧٩٥٢٣ (٣٧,٧كم٢) |

(١) بەڕێوەبەرایەتی چاككردنەوە و پاراستنی ڕێگاوبانی ڕاپەڕین، ژوری تكنیكی

(٢) پشتیوان شەفیق ئەحمەد، شیكردنەوەیەكی شوێنی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای ڕانیە (١٩٥٧-٢٠٠٦)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨

(٣) سەرۆكایەتیی شارەوانیی رانیە، بەشی پلان و بەدواداچوون، سەرچاوەی پێشوو

**هەشتەم/ دانیشتوان**

دانیشتوانی هەر کۆمەڵگایەک یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان، بەوپێیەی دانیشتوان ئاماژەیە بە گشت ئەندام و کەسەکانی ناو کۆمەڵگا، کە هەمیشە لە ژێر کاریگەریی هۆکاری سروشتی و کۆمەڵایەتی و کلتوری و سیاسی و ئابووریدان و زیاد و کەم دەکەن و پێکهاتە و جۆری جیاوزایان تێدا دەردەکەوێت.

لە سەیرکردنی خشتەی (٨)دا دەردەکەوێت کە لە ئێستادا(ساڵی ٢٠١٨) ژمارەی دانیشتوانی قەزای ڕانیە ٢٥١٢٤٥ کەس و ناوەندی قەزا ١١٠٦٤٣ کەس و تیایدا شاری ڕانیە ٩٦٦٧٥ کەسە. هەروەها بە گەڕانەوەی بۆ ساڵەکانی ناو خشتەکە دەردەکەوێت کە لە نێوان ساڵەکاندا ژمارەی دانیشتوان زیاد و کەمی کردووە، کە بەگشتی دەگەڕیتەوە بۆ دوو هۆکار : یەکەمیان هۆکاری سروشتی، کە بریتیە لە جیاوازیی نێوان ڕێژەی لە دایکبوون و ڕیژەی مردن، لەسەر ئەم بنەمایە ژمارەی دانیشتوانی کۆمەڵگای توێژینەوە زیادیکردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگای توێژینەوە تا ڕادەیەکی زۆر کۆمەڵگایەکی خێڵەکیە و حەز بە لە دایکبوونی زۆر دەکات، هەروەها ڕیژەی مردنیش کەمبۆتەوە بە هۆی داهێنانە تەندروستیەکان و کەمبوونەوەی نەخۆشی و...هتد. هەروەها بەشێکی پەیوەندیی بە گۆڕانکاریی کارگێری و ڕووبەری قەزاکە و ناوەندی قەزاوە هەیە، کە لە خشتەی (١)خراوەتەڕوو، کە ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی هۆکارە ناسروشتیەکانەوە،هەروەها هۆکاری ناسروشتیەکانی تری وەک هۆکاری سیاسی، وەک ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکان و ...هتد. لە خشتەکەدا دەردەکەوێت لە نێوان ساڵانی ١٩٥٧-١٩٨٧ ژمارەی دانیشتوانی قەزای ڕانیە و ناوەندی قەزا، بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە کە ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە: دروستکردنی بەنداوی دووکان لە ساڵی ١٩٥٨ کە بەشێکی دەشتی ڕانیەی داپۆشی و دانیشتوانی گوندەکانی ئەو بەشە کۆچیان کرد بۆ ناو قەزای ڕانیە و بەشێکیان بۆ ناو شاری ڕانیە، هەروەها ڕاگواستنی ناوچە سنوریەکان لە کاتی شەڕی (عێراق - ئێران) کە ڕێژەیەکی زۆر لە گوندنشینانی قەزای پشدەر ڕاگوێزران و، بەشێکی زۆریان لە قەزای ڕانیە نیشتەجێکران و بەشێکیشیان ڕوویان لە ناوشاری ڕانیە کرد.[١]

---

(١) مراد حكيم محەمەد، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لە سەردەمی بەعسدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٢٩-١٣٠

ئەم زیادبوونەی دانیشتوان کە بەشێکی بە هۆی ڕاگواستن بووە بۆتە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە و، ئەمەش بۆتە هۆی تێکەڵبوونی زیاتری شارەکە لەگەڵ دەوروبەری و تێکەڵاوی و پەیوەندیی ژن و ژنخوازی و خزمایەتی زیاتر بووە و هەروەها لە ڕووی کلتوریشەوە بۆتەهۆی ئاڵوگۆڕ و بڵاوبوونەوەی کلتوری...

هەروەها لە دوایساڵی ١٩٨٧ ەوە، بە تایبەت دوای ساڵی ١٩٩١ ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە زیادیکردووە، کە ئەمەش دەگەڕێتە بۆ کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری گوندنشینان بۆ سەنتەری ڕانیە، بۆ مەبەستی کارکردن، چونکە شار بووە سەرچاوەی کاروکاسبی و خوێندن و ڕۆشنبیری و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان، ئەمە لە لایەک و لە لایەکی ترەوە لە گوندەکاندا هیچ ئاسۆیەک بۆ پێشکەوتنی گوندەکانیان بەدینەدەکرا.[١] ژمارەیەکی زۆریش لە ئاوارەکانی کەرکوک لە ساڵی ١٩٩١ لە سنوری قەزای ڕانیە نیشتەجیبوون، ژمارەیان (٥٩١٤)کەس بووە.[٢] بە لام لە دوای ساڵی ١٩٩٢ ژمارەی دانیشتوان بە هۆی کۆمەڵێک هۆکار دووربووە لە زیادوونێکی بەرچاو ئەمیش بە هۆکاری گەمارۆی ئابووری سەر عێراق و گەمارۆی ئابووری حکومەتی ناوەندی لەسەر هەرێمی کوردستان و خراپی باری ئابووری و شەڕی ناوخۆ و کۆچکردن بۆ هەندەران، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٩٩ وە دانیشتوان بە ڕێژەی ئاسایی خۆی زیادیکردووە.[٣] لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کە ژمارەی دانیشتوان لە دوای ساڵی ٢٠٠٢ەوە بە ڕێژەیەکی ئاسایی زیادیکردووە.

(١) محمد شاکەلی، لە لادێوە بۆ شار، لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی کۆچی گوندنشینەکانی کوردستان بەرەو شارەکان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، بێ شوێن، ٢٠٠٦، ل١١٤

(٢) پشتیوان شەفیق ئەحمەد، شیکردنەوەیەکی شوێنی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای ڕانیە (١٩٥٧-٢٠٠٦)، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥

(٣) پێشڕەو سەمەد تۆفیق ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩

## خشتەی (٨)

ژمارەی دانیشتوانی قەزای ڕانیە و ناوەندی قەزا ساڵی ١٩٥٧-٢٠١٨نیشاندەدات[١]

| ساڵ | قەزای ڕانیە | | | ناوەندی قەزا(ڕانیە) | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | شارنشین | گوندنشین | کۆی دانیشتوان | شارنشین | گوندنشین | کۆی دانیشتوان |
| ١٩٥٧ | ٣٩١٥ | ٣٢١٨٢ | ٣٦٠٩٧ | ٢٦٦١ | ١٦١٢٢ | ١٨٧٨٣ |
| ١٩٧٧ | ١٥٠٤٧ | ٣٣١١٠ | ٤٨١٥٧ | ٨٧٨٦ | - | ٨٧٨٦ |
| ١٩٨٧ | ٤٩٩٨٦ | ٢٧٠٧٠ | ٧٧٠٥٦ | ٤٩٩٨٦ | ١٥١٠٩ | ٦٥٠٩٥ |
| ٢٠٠٢ | ١٢٦٧٣٨ | ٣٥٦٩٦ | ١٦٢٤٣٤ | ٥٥٧٥٦ | - | ٥٥٧٥٦ |
| ٢٠٠٩ | ١٧٠٠٦٢ | ٢٢٤٩٦ | ١٩٢٥٥٨ | ٧٤٠٩٣ | ٣٨٠٨ | ٧٧٩٠١ |
| ٢٠١٨ | ٢٢١٨٩٢ | ٢٩٣٥٢ | ٢٥١٢٤٥ | ٩٦٦٧٥ | ٤٩٦٩ | ١١٠٦٤٣ |

سەبارە ت بە پێکهاتەی دانیشتوانی ڕانیە، لە ڕووی ناوچە و خێڵەکانەوە، شاری ڕانیە دانیشتوانەکەی پێکدێت لە خەڵکی ڕەسەنی ڕانیە، کۆیی، پشدەری،مەرگەیی، ڕواندوزی وخەڵکی باڵەکایەتی، ئەمە جگە لە: خەڵکی ناحیە و گوندەکانی قەزاکە، کە ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانی شارەکەیان لێ پێکدێت، هەروەها سەبارەت بە خێڵەکان، ئەمانەی تێدایە: ئاکۆیی، خۆشناو، جاف، شاوری، بڵباس و مەنگوڕ و مامەش، شیلانە، هەروەها بەشێک لە خێلەکانی پشدەر کە لە دوای ١٩٨٧ەوە ڕوویان کردۆتە شاری ڕانیە، وەک بڵباس و ئاکۆکانی پشدەر، شۆڕی، نورەدینی، ترکەرەشە، نیگار، وەیسەمەر، میراودەلی، کە ئەمانە بەسەر گەڕەکەکانی شاردا دابەشبوون، لەسەرەتاوە بەشێک لەگەڕەکەکان زیاتر دانیشتوانی ناوچەیەک یان خێڵێکی تێدا نیشتەجێبوون، بەڵام بەرە بەرە ئەوە گۆڕانی بەسەرداهاتووە و ئێستا کەمتر بۆتەوە، بەگشتی شاری ڕانیە، شوێنێکی گونجاو و دڵگیرە بۆ نیشتەجێبوون و، خەڵکەکەی حەزی پێکەوەژیان و توانای پێکەوەگونجانی زۆریان هەیە، ڕێزی زۆریان هەیە بۆ خەڵکی ناوچەکانیتر و خۆیان بە خاوەن ماڵ نازانن و هەمیشە بە تەبایی و بێ جیاوازی پێکەوە ژیاون، ئەمەش بەشێکی لە ژێر کاریگەریی هەڵکەوتەی جوگرافی و بەپێتی خاکەکەی و هەمەچەشنەیی دانیشتوان بووە، بەتایبەت بە پیتی دەشتی ڕانیە، وەک دەڵێن" کاسەی پڕ ئاشتیی ماڵە"، هەروەها جیاوازی ئاغا و سەرۆک خێڵەکانی ئەم شارە، کە بەراورد بە شوێنەکانی تر، دەمارگیر نەبوون و مامەڵەیان گونجاوتر بووە و ڕێگر نەبوون لەهاتنی خەڵکی ناوچەکانیترو گەشەی دانیشتوان و زۆر جار یارمەتیدەریش بوون. [٢]

---

(١) بروانە:

- وزارة التخطيط، نتائج ترقيم لمباني و حصري لسكان لسنة ١٩٧٧، محافظه السليمانية، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٧٧، جدول رقم١، ص٥١٤-٥٣٩
- وزارة التخطيط، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظه السليمانية، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٨٧، جدول رقم٢٢١، ص٨٢-٨٣
- مديرية الاحصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنى الخدمية وارتكازية لاقليم كردستان العراق، لسنة ٢٠٠٢، جدول رقم ١، ص ١٤٣-١٥٤
- فەرمانگەی ئاماری ڕانیە، ژمارەی دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەرین بە پێی ناحیە و قەزا بۆ سالی ٢٠٠٩، وە پیشبینی گەشەی دانیشتوان بۆ ساڵی ٢٠٢٠، ٢٠١٨

(٢) مۆفەق حمە مجید، چاوپێکەوتن، شارەزای بواری کۆمەڵایەتیی ڕانیە، ڕانیە، لە ٢٠١٩/٣/٨. هەروەها جمال رشید حەوێزی، چاوپێکەوتن، مامۆستای خانەنیشین، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/٥. هەروەها نبی غفور نبی، چاوپێکەوتن، مامۆستای ئاینی و شارەزای بواری کۆمەڵایەتیی ڕانیە، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/١٠

**نۆیەم/ خانوو**

خـانوو ئەو یەکە ئـاوەدانیەیە، کە پەنـاگەی مـرۆڤەو تێیـدا نیشـتەجێدەبێت و هەمـوو پێویستیەکانی خۆی لەڕووی حەوانەوە و نیشتەجێبوون و پاراستنی پێدابین دەکات.[1] خـانوو کە توخمێکی مادییی کلتورە، دروستکراوی دەستی مرۆڤە، بە پێداویستی سەرەکیی خێزان و کەسـەکان دادەنرێت، هەر خێزانێـک خـانوویەک و شـوێنێکی نیشتەجێبوون بـۆ خـۆی دابـین دەکات بە مەبەستی ژیان و مانەوە تیایدا، بەپێی ئاست و پلەی ئـابووری و کۆمەڵایەتی، جۆر و قەبارەی خانووەکە دەگۆڕێت.

مێـژووی دروسـتبوونی خـانوو و شـوێنی نیشـتەجێبوونی هەر کۆمەڵگـایەک هـاوتەریبە لەگەڵ مێـژووی دروسـتبوونی کۆمەڵگـاکە، لە شـاری ڕانیەشـدا خـانوو دروسـتکراوە وەک شوێنی نیشتەجێبوون و مانەوە تیایدا. لەڕووی خانوو و بیناکاریەوە لەپێش ساڵی ١٩٦٠ جگە لە هەندێک بینای حکومی، وەک بینای سەرا، دادگا،نەخۆشخانە، کە چیمەنتۆ بوون، زۆربەی خانووەکـانی تری ناوشـاری ڕانیە بە خشتی قور و بەشێوەی سـواغدان دروسـتکرابوون لە شـێوەی دوو ژوور و سـێ ژوور، دواتـر گەچ پەیـدا بـووە، بەڵام سـادەبووە، بەدەسـت دروستکراوە، لەساڵی ١٩٧٠ خانووی کۆنکرێت و چیمەنتۆ پەیدابووە، لەدوای ساڵی ١٩٧٥ بەشێوەیەکی بـاش گەشـەی کـردووە و تـاڕادەیەک شـێوازی ئەنـدازیاریان تێدا بەکارهـاتووە، خانووەکـانیش زیـاتر لەسـەر شـێوەی ڕۆژهەڵاتـی دروسـتکراون.[2] خانووەکـانی دوای ڕاپەریـن(١٩٩١) بە شـێوەیەکی گشـتی نەخشـەکانیان لەیەکەوە نـزیکن، ڕووبەریـان ٢٠٠ مەترە، بەشێکی زۆریان ٣ نهۆمین کە قاتی زەمینی(خوارەوە) بۆ گەراجە سەیارە و مەخزەن بە کاردێت، نهۆمی دووەم بـۆ میـوان و نوسـتن و چێشـتخانە گەرمـاو و هۆڵ، نهۆمی دووەم زیاتر بۆ نوستن. بلۆک بۆ دیوار و ڕاگر ، گەچکاری و کاشـی سیرامیک بۆ دیوی نـاوەوە ، بەتـایبەت بـۆ مشـتملات و چێشـتخانە، کاشـی سیرامیک بـۆ زەویەکەی ، مەرمەر و حەلان و کاشی سیرامیک و قرمید بۆ ڕووی دەرەوەی خانووەکـان بە کاردێت.[3] (لە ئێستادا چەنـدین مادەی تر ی وەک ئالی کۆبۆن و فوم و دیکۆراتی تر بەکاردێت)

---

(١) محمد ازهر السماک و اخرون، استخدامات الأرض بين اللنظرية والتطبيق، مطبعة جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٤،ص٥١

(٢) هانا عەلی حەمە، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤

(٣) حەوێز سەعدی، تەلارسازی لە ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە، ژ١٨، ڕانیە، ٢٠٠٦، ل٢١

به پێی ڕووبەری زەویی بەکارهێنراوی شاری ڕانیە (١٧١٢٠)خانوو هەیە لە ناو شاری ڕانیە(١). کە لە شێوە و ڕووبەر و نەخشەدا جۆراو جۆرن.

جۆرەکانی خانوو لە ڕانیە: ئەم دیاریکردنی جۆرە زیاتر لەسەر ئاستێکی مێژووییە، کە بەپێی قۆناغەکان خانوو گۆڕانی بەسەرداهاتووە تا گەشتووە بەم جۆرانەی ئێستا.
-خانووی قور: دەکەونە گەڕەکەکانی قولە، قەڵاتی دوو، سەرا، ژمارەیان کەمە، ڕووخاون، یان نۆژەنکراونەوە.
-خانووی بلۆک: بە ڕێژەیەکی بەرچاو هەن وئێستا بە زۆری ئەم جۆرە خانوانەن.
-باڵەخانەی نیشتەجێبوون(شوقە): ئەم جۆرە زیاتر دوای ساڵی ٢٠٠٠ دەرکەوتووە لە ناوچەکە، دوو جۆرە: باڵەخانەی نیشتەجێبوونی حکومی وەک باڵەخانەی نیشتەجێبوونی پزیشکان لەگەڕەکی ئازادی دوو، بالەخانەی مامۆستایان لە گەرەکی دەروازە، باڵەخانەی شوقەکانی زانکۆ، باڵەخانەی کەرتی تایبەت تا ئێستا نیە.

لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری ڕانیەدا کۆڵانەکان تەسک و و پیچاو پێچن و بەڵام تازەکان بەرفراوانن، بە گشتی جاران خانوەکان بەجۆرێک بوون کە ژمارەی ژوورەکانی کەمبوون و، جۆری مادەی بەکارهاتوو بریتیبووە لە دار و قور وبەرد، قور و بەرد بۆ دیوار و دار و قور بۆ سەرخانوو، خانووەکان ڕۆژهەڵاتین و بەیەکەوە لکاون. دواتر لە قۆناغێکیتردا برێک بلۆک و ئاسن بەکارهاتووە بۆ دروستکردنی خانوو و پەنجەرە، دەرگاو پەنجەرە بچوک بوون، شەقام و کۆڵانەکان پیچاوپیچ و باریک و تەسکبوون، هەروەها لە قوناغێکی دواتردا زیاتر بلۆک و چیمەنتۆ بەکارهاتووە بۆ دروستکردنی دیواری خانوو، دار و قوریش بۆ سەقفی خانوو، ئاسن و تەختە بۆ دەرگا و پەنجەرە بەکارهاتووە، لەم قوناغەدا بەبەراورد بە قۆناغەکانی پێشوو خانوو و گەڕەکەکان ئەندازەییتر و ڕیکوپێکتر دروستکراون. لە دوا قۆناغدا، کە تا ئێستاش دەگرێتەوە، دروستکردنی خانوو و گەڕەکەکان گۆڕانکاری بەرچاوی بەسەردا هاتووە، هەم لەڕووی ڕووبەری خانوو و گەڕەک و ڕێگاکان، هەمیش لەڕووی کەرەستە و ماددە بەکارهاتووەکان، هەروەها لەڕووی نەخشە و دیزاین و دیکۆر و ژمارەی ژوور و ژمارەی قاتەکان، کە زۆرینەی زۆری خانووەکان لەسەر شێوەی نەخشەی ڕۆژئاوایی و دیکۆر و دیزانینی مۆدێرن دروستکراون،ژمارەی ژوورەکان زۆرترن و بەشێکی زۆری خانوەکان لە یەک قات زیاترن، بلۆک و چیمەنتۆ و بۆ بنەرەت و ڕاگر و دیواری خانوو و تەلارەکان و کۆنکرێت و شیش بۆ سەقف ، هەروەها چیمەنتۆ و کاشی بۆ

(١) سەرۆکایەتیی شارەوانی ڕانیە، بەشی پلان و بەدواداچوون، سەرچاوەی پێشوو

زەویەکەی بەکاردێت، دەرگا و پەنجەرەش لە تەختە و پلاستیک و ئەلەمنیۆم و شوشە دروست دەکرێن، ئەمە جگە لە دیکۆرات، کە چەندان کەرەستە و مادەی تری تێدا بەکاردێت. [1] بڕوانەی وێنەی (٢)

وێنەی (٢)

خانووی کۆنی ڕانیە لەگەڕەکی قەڵات نیشان دەدات[2]



(١) دڵشاد بکر صالح، چاوپێکەوتن، ئەندازیار لە ئیدارەی ڕاپەرین، ڕانیە، ٢٠١٩/٢/٢٠

(٢) وێنەکان لەلایەن توێژەوە گیراون، لە ٢٠١٩/٤/٢٥

## دەیەم: ئیکۆلۆجیای کۆمەڵایەتی

ئیکۆلۆجیـــای کــۆمەڵایەتی تەنهـــا گرنگــی نـــادات بە لێتـــوێژینەوی ژیـــنگە یـــان ئەو پەرچەکردارانەی لە ئەنجامی تێکەڵبوون و کارلێککردن لەگەڵ ژینگەدا دروست دەبن، بەڵکو گــرنگیش بە دابەشــبوونی پێکهــاتەی ئەرکــی گروپەکــان دەدات ، هەروەهــا لەو پەیوەنــدیە ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆیانەش دەکۆڵێتەوە، کە لەنێوان ئەندامانی یەک گروپ یان ئەندامانی گروپە جیاوازەکاندا دروستدەبن. سەرەڕای گرنگیدان بە سروشت و بایەخی داب و نەریتەکان لە کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تاکدا. هەندێک پێیانوایە ژینگە ئەو ناوەندە سرشتیەیە کە مرۆڤــی تێــدا دەژی. لە کاتێکــدا هەنــدێکی تــر بڕوایــانوایە وشــەی ژیــنگە واتــا ناوەنــدی سروشتی و ناوەندی کۆمەڵایەتی و کلتوری، ئەو دوو ناوەندەی کار لە گوزەرانی مرۆڤ و ڕەفتارەکــانی و پەیوەنــدیەکانی لەگەڵ ئەوانیتــردا و، شــێوازی ژیــان و بیرکــردنەوەی دەکەن. ژیـــنگەی کــۆمەڵایەتی کــۆی سیســـتەم و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکـــان ، ڕەفتـــار، پەیوەنـــدیە مرۆییەکان، بەها،پێوەر، ڕێگەی بیرکردنەوە، کارلێـک، ڕەفتـاری کۆمەڵایەتی، ڕەوت، هێزە سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و ئـابووری و ئاینیەکـان و گـروپە مرۆییەکـان و..هتـد دەگـرێتەوە. [١] هەروەها ئەندامانی کۆمەڵگا، کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پێکەوە مامەڵە و هەڵسوکەوت دەکەن و لەڕێگەی جموجۆڵە کۆمەڵایەتیەکانیانەوە، ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتی خۆیان پێکدێنن.[٢]

ژینگەی کۆمەڵایەتیی شاری ڕانیە، ژینگەیەکـی فراوان و هەمەلایەنە، بەو پێیەی شـاری ڕانیە ناوەندی قەزاکەیە و دانیشتوانی گشت یەکە کارگێڕیەکـانی تر ڕۆژانە سـەردانی دەکەن، لە ئێستادا ناوەندی ئیدارەی ڕاپەرینیشە، کە قەزای پشدەریش دەکەوێتە سنوری ئەم ئیدارەیەوە و، فەرمانگەی ئیدارەکە دەکەوێتە شـاری ڕانیە، کە ئەمەش وا دەکـات لە ڕووی کـارگێڕیەوە جـگە لە دانیشـتوانی قەزای ڕانـیە، دانیشـتوانی قەزای پشـدەریش سـەردانی بـکەن. هەروەهـا لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، شاری ڕانیە تۆڕێکی ئاڵۆزە لە پێکهاتەی تیرە و خێڵەکـان، کە ڕەگ و ریشەیان هاوبەشە لەگەڵ دەوروبەری شارەکە، بۆیە شـاری ڕانیە بە تونـدی بەسـتراوەتەوە بە دەوروبەری خۆیەوە و هەندێک جار ناتوانرێت بە جیا باسی بکرێت، چونکە تێکەڵاویەکی بەرچاوی لەگەڵ دەرەوەی خۆی هەیە، خەڵکێکی زۆری ناحیە و گونـد و کۆی قەزای پشـدەر لە ناو ڕانیـە نیشـتەجێن و ژنوژنخـوزای لە مێژینە و ئێسـتاش لە نێوانیـاندایە، هەروەها لەگەڵ شاری کۆیە و شـاری هەولێر و سلێمانیشـدا تـا ڕادەیەکـی زۆر لە پەیوەندیدان و ژنوژنخـوازی

---

(١) ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤، ٢٨٨

(٢) عزەت فتـاح حەمەصـالح، ژیـانی کـۆمەڵایەتیی هەورامـان، تـوێژینەوەیەکی سۆسـیۆ ئەنترۆپۆلـۆجی یە، کـۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٢

کـۆن و تــازەش لە نێوانیانــدا روویــداوە، ئەمەش دەگەڕێــتەوە بــۆ هەڵــکەوتەی جــوگرافی کۆمەڵگـای تـوێژینەوەکە، کە سـنوری هاوبەشـە لەگەڵیـان و بەردەوام پەیوەنـدیی ئـابووری و کـۆمەڵایەتی وکلتـوری هەبـووە و هەیە لە نێوانیانـدا. بە کـورتی ڕانـیە لە چەنـد ڕوویەکەوە پەیوەندیی لەگەڵ دەوروبەری خۆیەوە هەیە، وەک پەیوەندیی ئابووری، کە خۆی دەبینیتەوە لە پەیوەنـدیی بازرگـانی و پیشەسـازی و کشـتوکاڵی، پەیوەنـدیی دنیشـتوان، کە بـریتیە لە جوڵەی ڕۆژانەی کرێکـارو کـۆچکردن لە گونـدەوە بـۆ شـار، پەیوەنـدیی کـارگێڕی بـۆ سـەردان و ڕاییکردنـی مامەڵەکـان لە دامەزراروەکـانی نـاو ڕانـیەدا دەگـرێتەوە، پەیوەنـدیی کـۆمەڵایەتیی وەک ژن و ژنحوازی و خزمایەتی و...هتد، هەروەها پەیوەندیی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و خوێندن و بوونی دامەزراوەی خزمەتگوزاری لە ناو شاردا و ..هتد، بە تـایبەت دامەزراندنی زانکۆی ڕاپەڕین لە شارەکەدا کاریگەریی دیاری هەبووە لە تێکەڵبوونی خەڵکی ناوچەکـانی تـری کوردسـتان، لەڕێـگەی هـاتنی خوێنـدکاران بـۆ زانکـۆکە و مانەوەیـان و ئەنجامـدانی هاوســەرگیری و پەیوەنــدیە کۆمەڵایەتیەکــانی تــر. هەڵــبەتە هەمــوو ئەوانەی باســمانکردن کاریکردۆتە سەر ژینگەی کۆمەڵایەتیی شاری رانیە و ژیـانی کـۆمەڵاتیی شـارەکە، هەروەها کـاریکردۆتە سـەر کلتوری شـارەکە و تـاڕادەیەکی زۆر هەمەڕەنگـی و کـرانەوەی پێوەدیـارە، شێوەزاری ڕنیە تێکەڵەیەکە لە زمانی قسەکردنی هەموو ئەو شوێنانەی کە باسمانکردن....

بەگشــتی ژیــنگەی ڕانــیە کــاریگەریی هەبــووە و هەیە لەســەر ئەنــدامانی شــارەکە و گەشـەکردنی شـاری ڕانـیە و فراوانبـونی ژینـگەی کـۆمەڵایەتی و شـێوە ژیـانی ئـابووری و کۆمەلایەتیی ڕانیە و، کرانەوە و تێکەڵبوون لە نـاوخۆ و دەرەوەی خۆیدا، کە ئەمەش ژیـانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای توێژینەوەی نەخشاندووە و هەم تـا ڕادەیەک تایبەتمەنـدیی خـۆی هەیە و ماوە، هەمیش کەوتۆتە ژێر کاریگەری و گۆڕانی دیاری بەسەردا هاتوو.

## بەشی دووەم: نەسەقی ئابووری

### باسی یەکەم: ژیانی ئابووریی خەڵکی ڕانیە

یەکەم/ خاوەندارێتی

دووەم/ کاردابەشکردن

سێیەم/ ئاڵوگۆر

### باسی دووەم: بەرهەمهێنان

یەکەم/ کشتوکاڵ

دووەم/ پیشەسازی

### باسی سێیەم: چالاکیە ئابووریەکانی تر

یەکەم/ بازرگانی

دووەم/ گەشتوگوزار

سێیەم/ فەرمانبەری حکومی (کارگێڕی)

## بەشی دووەم: نەسەقی ئابووری[*](النسق الاقتصادي)

نەسەقی ئابووری یەکێکە لە نەسەقە گرنگ و کاریگەرەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا، ئەم نەسەقە لە پاڵ نەسەقەکانی تری پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا، کە کارتێکەر و کارتێکراوە لەگەڵیان، دەبێتە هۆی تەواوکاریی پێکهاتەی کۆمەڵگا.

نەسەقی ئابووری تویژینەوەی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەکارهێنان و چالاکیە مرۆییە جیاوازەکان و سەرچاوەی سامانی سروشتیی کۆمەڵگایە، لە پێناو پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی مرۆڤ.[1] بریتیە لە بنچینەی مادیی ژیانی کۆمەڵایەتی و فاکتەری دیاریکەری پرۆسە کۆمەڵایەتیەکانە. ئەم نەسەقە کەسەکان و دامەزراوەکان و پەیوەندیی نێوانیان و پەیوەندیان لەگەڵ شێوازی بەرهەمهێنان و خاوەندارێتی و دابەشکردنی کار بەپێی ڕەگەز و تەمەن و پیشە و پێگەی کۆمەڵایەتی و هەموو ئەمانە دەگرێتەوە. پەیوەندیی کۆی ئەمانە بە ڕەفتاری ئابووریەوە یەکێکە لە بابەتە جێی بایەخەکانی مرۆڤناسی.[2]

ئەم نەسەقە دروستکەری کۆمەڵێک جۆری کرداری کۆمەڵایەتی و شێوەی ڕەفتارە، کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو کار دەکات بۆ یارمەتیدانی مرۆڤ بە مەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستیە مادیەکان و هاندانی بۆ چوونە ناو تۆڕێکی بەرفراوان و بەهێز لە پەیوەندی و چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ کەسانی تردا. [3]

لە کۆمەڵناسی و مرۆڤناسیدا بەرهەڵستەیەکی زۆر هەیە بەرامبەر کاریگەریی تیۆری حەتمیەتی جوگرافی(الحتمیة الجغرافیه) لە سەر پێکهاتەی کۆمەڵگا، بەڵام لە نەسەقی

---

(*) چەمکی ئابووری(Economic): بۆیەکەم جار لە مێژووی بیری ئابووریدا، یۆنانیەکان چەمکی ئابووری(Economics)یان بەکارهێناوە، واتا لە بنەڕەتدا و چەمکێکی یۆنانیە،لە دوو وشە پێکهاتووە، (ئیکۆ بە مانای مال یان نشینگە) و (نۆموس بە مانای بەڕێوبردن) دێت، واتا بەڕێوەبردنی ماڵ و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو دەستکەوت و داهاتەی کەسێک دەستیکەوتوە.
عبالمنعم السید علی، مدخل فی علم الاقتصاد، الجامعة المستنصریة، بغداد، ١٩٨٤،ص١٠
لە ڕوانگەی مرۆڤناسیەوە، ئابووری بریتیە لە "دابینکردنی کەلوپەل و شمەکی پێویست بۆ پڕکردنەوە و تێرکردنی پێداویستیە بایلۆجی و کۆمەڵایەتیەکان"
احمد ابو زید، المصدر السابق، ، ص١٩٣
لەم پێناسەیەوە دەردەوکەوێت مەبەست لە ئابووری سەرچاوەکانی بژێوی و گوزەران و تێرکردنی پێویستیە بایلۆجی و کۆمەڵایەتیەکانە، کە هەبوونیان دەبێتە هۆی دروستبوون و مانەوەی کۆمەڵگا و نەبوونیان دەبێتە هۆی لەناوچوونی کۆمەڵگا.واتا کۆمەڵناسان و مرۆڤناسان لەگەڵ پیناسەی ئادەم سمیثدا نین کە دەڵێت ئابووری زانستی سامانە، بەڵکو پێیانوایە ئابووری زانستی لێکۆڵینەوەیە لە شێوەی گوزەران و هەموو جۆرە جموجۆڵ و چالاکیەک بۆ بەدەستهێنان و پڕکردنەوەی پێداویستیە مادی و مەعنەویەکان.

(١)عدی بجای شبیب، هور الحمار-دراسة سوسیوانثروبولوجیة ١٩٩٢-٢٠٠٦، رسالة ماجستیر، غیر المنشورة، كلیة الاداب، جامعة بغداد،٢٠٠٧، ص٨٠.

(٢) محەمەد شوانی، بنچینەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠

(٣) عبدالعزیز علی خزاعله و ئەوانی تر، دەروازەی کۆمەڵناسی، و: توانا فریدون، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی مێخەک، بێ شوێن، ٢٠١٨، ل١٩٣

ئابووریدا بە تەواوی ئەو کاریگەریە دەردەکەوێت، کە ژینگەی جوگرافی کاردەکاتە سەر پێکهاتەی کۆمەڵگا، چونکە وەک سەرچاوەی ژیان و گوزەرانە بۆ ئەو کۆمەڵگایە و بەستراوەتەوە بە باری جوگرافیی کۆمەڵگاکەوە، کە تا چەند توانای بەرهەمهێنان و دەستەبەر کردنی ژیانی خەڵکەکەی هەیە، کە ئەو ناوچەیە کشتوکاڵیە، پیشەسازیە، یان گەشتوگوزاریە و، ئەمە بڕیاردەر دەبێت لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا.[١] بەو پێیەی بە پلەی یەکەم کاریگەریی ژینگە لەسەر چالاکیە ئابووریەکانی مرۆڤ دەردەکەوێت و دواتر بەسەر کۆی لایەنی کۆمەڵایەتی.[٢]

زانایانی مرۆڤناسی پێیانوایە ئابووری پێوەری جیاوازی و لەیەکنەچوونی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکانە.[٣] چونکە گومانی تێدا نیە، نەسەقی ئابووری لە هەر کۆمەڵگایەکدا(لادێ و شار)، کاریگەریی دیار و گرنگی هەیە لەسەر ژیانی کەس و کۆمەڵگاکان.[٤]

بە گشتی ئابوری بریتیە لە گەڕان بۆ ئەو هەوڵانەی، کە مرۆڤ دەیدات، بەو مانایەی ئەندامێکە لە ناو کۆمەڵگای مرۆییدا و هەوڵدەدات بۆ تێرکردنی پێداویستیە مادیەکانی، بەم هەوڵانەش دەگوترێت چالاکیی ئابووری، کە بە شێوەیەکی گشتی یەکێکە لە ڕواڵەتەکانی چالاکیی کۆمەڵایەتی.[٥] چالاکی ئابووری لە سادەترین وێنەدا هەروەک چارلس جید دەڵێت "بنەماکەی بریتیە لە پێداویستی"[٦]، سروشتی مرۆڤیش بەوە جیادەکرێتەوە ئارەزوو و پێویستی زۆر و بێسنوری هەیە، کە دەیەوێت پڕیان بکاتەوە. ئەم چالاکیە ئابوریانەش پێویستییان بە هاوکاری و کاری بە کۆمەڵ هەیە، بۆیە توێژینەوە لە نەسەقی ئابووری گرنگیەکی گەورەی هەیە بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا، لەبەر ئەوەی هەموو کۆمەڵگاکان خاوەن نەسەقێکی ئابووریی خۆیانن.[٧] واتا ئەم چالاکیانە پەیوندیە کۆمەڵایەتیەکان دروستدەکەن، پەیوندیەکانیش بنەڕەتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگان.

ژیانی ئابووری، شێوەی گوزەران و ڕێگاکانی بەرهەمهێنان دەگرێتەوە، کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پشتی پێبەستووە و بژێوی خۆی پێدەستەبەر کردووە، ئەو شێوە ژیانە لە سەرەتادا

---

(١) احمد ابو زید، المصدر السابق، ، ص٨٩

(٢) حسن ابوزيد، المصدر السابق، ص١٣

(٣) قيس النوری، الانثروبولوجيا الاقتصادية، وزارة التعليم العالی والبحث العلمی، مطبعة التعليم العالی فی الموصل، ١٩٨٣، ص٩

(٤) يحيی خيرالله عودة، التغير البنائی فی مدينة الصدر-دراسة انثروبولوجية-ميدانيه،رسالة ماجستير، غير المنشورة، كلية الاداب، جامعة بغداد، ٢٠٠٥ ص١٠٠

(٥) السيد محمد البدوی، علم الاجتماع الاقتصادی، دار المعرفه الجامعية، الاسكندرية، مصر، ١٩٨٣، ص١٤

(٦) المصدر النفسه، ص١٣١

(٧) السيد محمد البدوی، فی علم الاجتماع الاقتصادی، دار المعرفه الجامعية، الاسكندرية، مصر، ١٩٨٦، ص١٥

ساده و ساکار بووه، ورده ورده گران و ئاڵۆز بووه و به چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوه، که بریتیه له قۆناغەکانی کۆکردنەوه، ڕاووشکار، ئاژەڵداری، کشتوکاڵ، پیشەسازی.[1] له کۆمەڵگایەکەوه بۆ کۆمەڵگایەکی تر و له سەردەمێکەوه بۆ سەردەمێکی تر جیاوازه. واتا ژیانی ئابووریی هەر کۆمەڵگایەک تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی خۆی هەیه، کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیه به هەمانشێوه، نەسەقە ئابوریەکەی به سێ باس دەخرێتە ڕوو، ئەمانەن:

## باسی یەکەم: ژیانی ئابووریی خەڵکی ڕانیه

لەم باسەدا باس له هەر سێ سیستەمی خاوەنداریێتی و دابەشکردنی کار و ئاڵوگۆڕ دەکرێت، که له ڕوانگەی مرۆڤناسیەوه، باسکردنیان گرنگه بۆ تێگەیشتن له ژیانی ئابووری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا.

**یەکەم/ خاوەنداریێتی:**

ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی سەرقاڵن به بابەتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانەوه، پێیانوایه خاوەنداریێتی یەکێکە لەو بابەتە سەرەکیانەی که ڕۆڵێکی گەورەی له مێژووی شارستانیەتی مرۆڤدا بینیوه، به درێژایی مێژوو به چەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەریوه، بەپێی ئەو بارودۆخ و ڕەوشە کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕه باوانەی که کۆمەڵگاکان و سیستەمە سیاسیەکان پێیدا تێپەڕیون، تەنانەت هەتا ئەمڕۆش بەهۆی کاریگەریی ڕێبازە کۆمەڵایەتیەکانەوه هەر له پەرەسەندندایه.[2]

خاوەنداریێتی به واتای مافێکی دیاریکراو دێت بۆ هەبوونی شمەکێک بۆ کەسێک یان بۆ کۆمەڵێک، بێئەوی ئەوانی تر مافی بەکارهێنان و مامەڵەپێوەکردنیان هەبێت.[3] واته بریتیه له بوون به خاوەنی شتێک یان شمەکێک له ڕێی ڕەواوه بێت یان ناڕەوا، که پێویستیەک له پێویستیەکان پڕ بکاتەوه، مەرجە ئەو شتە هەبێت، خاوەنەکەشی هەبێت، پەیوەندیش هەبێت له نێوانیاندا. دوو خاڵی گرنگ هەیه له خاوەنداریێتیدا، یەکەم: بوون به خاوەنی شتێک تاک بێت یان کۆ، ئەو کاتەیه که خاوەنەکەی بتوانێت مامەڵەی پێوه بکات، جا فرۆشتنی بێت یان بەخشینی یان گۆڕین و تێکدان و لەناوبردنی بێت. دووەم:هەموو موڵکێک دەبێت خاوەنی هەبێت و پەیوەندیش هەبێت له نێوانیاندا، واته هەبوونی شتەکە و خاوەنەکەی و پەیوەندیش له نێوانیاندا هەبێت.[4] خاوەنداریێتی مافی کەسەکەکانە له ماڵ و موڵکی گواستراوه و غەیره

---

(١)عزەت فتاح حمەصالح، ژیانی کۆمەڵایەتیی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦

(٢) السيد محمد البدوى، علم الاجتماع الاقتصادى، المصدر السابق، ص ١٣١

(٣)احمد ابو زيد، المصدر السابق، ص١٣٠

(٤) المصدر نفسه، ١٣٠-١٣١

گواستراوە، کە لە ڕووی شەرعی و یاساییەوە بۆیان دەگەڕێتەوە. خاوەندارێتی لە ڕیگای میرات، فرۆشتن،بەخشین لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوێزرێتەوە.[١]

ڕوبەرت لوی دەڵێت"خاوەندارێتی هەموو ڕواڵەتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە"[٢] بەو پێیەی خاوەندارێتی دروستکەری پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و شتەکان و مرۆڤ و مرۆڤەکانە، هەروەها خاوەندارێتی کارێگەرە بەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و هۆکارێکی گرنگی ژیان و دابینکردنی بژێویە، چەند هۆکارێک هەن بۆ بوون بە خاوەندارێتی مولک (بە تایبەت زەوی)و دیاریکردنی جۆرەکەی لای خەڵک، ئەمانەن:

١ هۆکاری سروشتی و جوگرافی:

ئاوو هەوا و پێکهاتەی جیۆلۆجی زەوی و موڵک و ماڵ لە ڕووی سروشتیەوە یارمەتیدەرن، کە خەڵک ئارەزووی بوون بە خاوەنی پارچە زەویەک بێت یان کەل و پەلێکن کە پێویستیەک لە پێویستیەکانی ڕۆژانە پربکاتەوە، جگە لەوەی ژینگەی جیاواز دەبێتە هۆی خاوەندارێتی جیاواز. بە گشتی لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا، خاوەندارێتی زەوی فاکتەرێکە بۆ نیشتەجێبوون، وا لە جوتیار دەکات لە نزیک زەوی و زارەکەی بژی و بمێنێتەوە، هەروەها پەیوەندیەکی بەهێزی بە زەویەکەوە هەبێت و خۆراک و بژێوی ژیانی لەسەر دابیندەکات.[٣]

٢ سیستەمی کۆمەڵایەتیی باو و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی:

پەیوەست بوون بە زەوی باب و باپیران و مردووەکانیانەوە، کە تییدا نیژراون، تەنانەت ئەگەر زەویەکە بەپیتیشی لە دەستدابێت، جێیان نەهێشتوو.[٤] بە گشتی بەپێیی داب و نەرێتی کۆمەڵگاکان پێگە و نرخی کەسێتی بەستراوەتەوە بە خاوەندارێتییەوە، ئینجا مادی بێت یان مەعنەوی.[٥]

٣ هۆکاری خزمایەتی:

خاوەندارێتیی زەوی لە زۆرێک لە کۆمەڵگا هۆزایەتیەکاندا لە سەر بنەمای گروپی هۆزایەتی و یەکەی هەرێمی دامەزراوە، یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی یەکریزی و هاوبەندی گروپ، چونکە گروپەکە هەموویان وەک گشتێک زەویەکە بەکاردێنن و سودی لێوەردەگرن.[٦] زۆر جار

---

(١) دینکن میشیل ، معجم علم الاجتماع، ت: احسان محمد الحسن، مطبعة الحريه، بغداد،١٩٨٠،ص٢٣٩
(٢) احمد ابو زيد، المصدر السابق، ص١٢٩
(٣) المصدر نفسه، ص١٣٨، ١٥٧
(٤) السيد محمد البدوى، علم الاجتماع الاقتصادى، المصدر السابق، ص١٥١
(٥) احمد ابو زيد، المصدر السابق، ص١٣٩
(٦) السيد محمد البدوى، علم الاجتماع الاقتصادى، المصدر السابق، ص١٥١

خەڵـک لەبەر خزمـایەتی و نزیکـایەتی و تێکەڵبـوون و پاراسـتنی بەرژەوەنـدی لە سـنوری خۆیدا، پێـی باشـە ببێتە خـاوەنی شـتی مـاددی یـان مەعنەوی، تـاکو بەشدار بێت لە پێکهاتەی کۆمەڵگاکەیدا و بایەخ و ڕێزی بەپێی پلە و پایەکەی هەبێت.[١]

٤ هۆکاری سیاسی:

یەکـێکە لە هۆکـارە گرنگەکـان و پەیوەنـدیەکی بەهێـز لە نێـوان خاوەنـدارێتی و بـواری سیاسی هەیە، بەپێی ڕاوبۆچوونی کۆمەڵگاکـان ئەگەر مرۆڤ نەبیتە خـاوەنی زەوی و خـاک مافی مرۆڤبوونت لەدەست دەدەیت، چونکە مرۆڤبوون واتا پەیوەستبوون بە خاکەوە، بەرگری لێکردنی و پاراستنی ئەرکە، لە هۆزایەتیدا ئەم دیاردەیە هەیە و لە پێکهاتەی قەوارەی سیاسی دەوڵەتانیش بەهەمان شێوە.[٢]

سـەبارەت بە خاوەنـدارێتی زەوی(کە گرنگتـرین خاوەنـدارێتیە) تـا سـەردەمی ئینتـدابی بەریتانی ،لە بنەرەتدا خاوەندارێتی زەوی لە عێراقدا بەپێی یاسای زەویی عوسمانی ١٨٥٨ و یاسای تۆمـارکردنی زەویـی تـاپۆی سـاڵی ١٨٥٨ ڕێکدەخرا، ئەم دوو یاسـایە ڕوژ بە ڕۆژ بە فەرمـانی سـوڵتانی دەوڵەتـی عوسـمانی گـۆڕان و چاکترکردنیـان لێزیـاد دەکـرا.[٣] لە عێراقدا(دیارە بەو پێیە لە کوردستانی عێراقیشدا) مـافی بـوونی زەوی تـایبەتی هیچ کـاتێ بە تەواوی ڕیکخراو نەبوو(نەخشە کیشـانی زەوی و تـاپۆکردنی لە سـەرەتای سـالانی پەنجاکـانی سـەدەی رابـردوو دەسـتی پێکرد). لە عێراقدا لە چـارەکی یەکەمـی سـەدەی رابـردوو، چـوار چەشن زەوی هەبوون،ئەمانەبوون:

**موڵک**: زەویی خاوەندارێتی تایبەتی، **میری**: زەویەک کە بە تەواوی لە ڕووی یاساییەوە بە دەستی حکومەتەوە بوو. **تاپۆ**: زەویی حکومەتی، کە مافی خاوەنـدارێتی مـامەڵەپێوەکردنی لە ڕووی یاساییەوە لە سەر بنەمای تۆمارکردنی زەوی بەخشراوە.**مەتروکە**: زەویـی حکـومەتی، کە بە تایبەتی و بۆ مەبەستی تایبەتی تۆمارکراوە.[٤]

پـاش گـۆڕانی ڕژێمـی ئینتـدابی بەڕیتـانی، هەمـوو زەویـی عێـراق بەسـەر ئەم بەشـانەدا دابەشکرابوون، **تقلید**: لە سەر بنەمـای لەقەبی دەرەبەگـی خـاوەن مـولکی زەوی بووە. **وقف**: بەخشراو بە مەبەستی ئاینی(بە میراتی نەدراو). **میری**: ئەم بەشـانە دەگـرێتەوە: تـاپۆی دایمـی

---

(١) احمد ابو زيد، المصدر السابق، ١٤٠

(٢) المصدر نفسه، ص ١٤١

(٣) ا.م.مینتیشاشفیلی، کورد(کورتەی پەیوەندیی کۆمەلایەتی-ئابووری، ڕۆشنبیری و گوزەران)، و: عیزەدین مستەفا رەسوول،دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوی موکریانی،چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨،ل١٨٥

(٤) هەمان سەرچاوە، ل١٨٥

کە بە موڵکی تۆمارکراوە، زەویەک کەسێک ١٥ ساڵ زیاتر کاری تێدا کردووە، میری سرف یا زەوی حکومەتی.[١]

تا شۆرشی ساڵی ١٩٥٨ دژ بە ئیمپریالیزم و دەرەبەگی، ٨٠% ی خەڵکی لادێی عێراق زەویان نەبوو، ڕوخساری بنەڕەتیی خاوەندارێتی بە کرێگرتن بوو، بەرامبەر بەمە جوتیار ٥٠%ی بەرهەمی دەدا بە خاوەن موڵک، تا ساڵی ١٩٥٨ ئەندامانی خێزانی پاشایی عێراق ٤٤٣٩٩ هێکتار زەوی کارتێداکردوویان هەبوو، لە کاتێکدا ٨٠٠ هەزار خێزانی جوتیاریش هەر هیچ زەویان نەبوو، بە گشتی جوتیار کەمترین مافی هەبوو.[٢]

لە ساڵی ١٩٥٨ کاتێک سیستەمی سیاسیی عێراق لە پاشاییەوە گۆڕدرا بۆ سیستەمی کۆماری، لە ١٩٥٨/٩/٣٠ حکومەتی کۆماری یاسای ژمارە ٣٠ ی چاکسازیی کشتوکاڵی دەرکرد، کە تیایدا خاوەندارێتی زەوی بە ١٠٠٠ دۆنم بۆ بەراو یان ٢٠٠٠ دۆنم بۆ پشتاو دیاریکرد، بەڵام ئەم یاسایە بەهۆی تێکچوونی دۆخی سیاسی و زاڵبوونی سیستەمی دەرەبەگایەتی لە ڕانیە و ناوچەکە نەتوانراوە جێبەجێبکرێت. لە ساڵی ١٩٧٠ حکومەتی عێراقی یاسای ژمارە ١١٧ ی دەرکرد و جێبەجێکردنی ئەم یاسایە تەواوی عێراقی گرتەوە، بەڵام لە ڕانیە و کوردستاندا بە تەواوی جێبەجێنەکرا، بۆیە حکومەتی عێراق جارێکی تر لە ساڵی ١٩٧٥ یاسای ژمارە ٩٠ ی تایبەت بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی دەرکرد، ئەم یاسایە لەو قۆناغەدا بە تەواوی لە ڕانیە جێبەجێکراوە، زەوی دابەشکراو بە شێوەی(سند تملیک) دراوە بە جوتیاران، بەهۆی زاڵبوونی دەستەڵاتی ناوەندی و لاوازبوونی بزوتنەوەی چەکداری کوردی، یاساکە هەر لەگەڵ دەرچوونی بە زۆرەملێ کراوە و هیچ بوارێک بۆ جێبەجێنەکردن نەدراوە، بەرزترین ڕێژەی خاوەندارێتی زەویی موڵکدارە گەورەکان بۆ ٤٠ دۆنم بەراو و ٣٠٠ دۆنم پشتاو کەمکردۆتەوە.[٣] (لە شاری ڕانیەدا، تا ئێستا هەر بەپێی ئەم یاسایە خاوەندارێتی ڕێکخراوە)

خاوەندارێتی تەنیا زەوی نیە، دامەزراوە، پرۆژە، گشت کەلوپەل و کەرەستەکان ناومال و دەرەوەی مال و ئۆتۆمۆبیل و سەرمایەی نەختینە و ...دەگرێتەوە.

خاوەندارێتی هەر لە لە کۆنەوە تا ئێستاش، جێگای بایەخ و گرنگیی توێژەران و زانایان بووە، چونکە پەیوەندیی بە ژیان و گوزەرانی ئەندامانی کۆمەڵگاوە هەیە، خاوەندارێتی گۆڕانکاری زۆری بە سەرداهاتووە، بە جۆرێک کە لە هەر سەردەمێکدا لەگەڵ ژیان و گوزەرانی ئەندامانی کۆمەڵگا گونجاوە، هەروەها بیرۆکەی خاوەندارێتی تەنیا لەڕووی

---

(١) ا.م.مینتیشاشفیلی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢١٦

(٣) هانا عەلی حەمە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٠

جۆرەکانیەوە پەرەی نەسەندووە، بەڵکو لەڕووی بارودۆخە یاساییەکانیشەوە پەرەی سەندووە، واتای خاوەنداریتی لە ڕووی یاساییەوە "ئەو مافەیە بەشێوەیەکی تایبەتی لە خاوەنداریتی شتێکدا دەستەبەردەبێت، بەجۆرێک کەسێکی تر لەو مافەدا بەشدار نەبێت"[١] هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە **جۆرەکانی خاوەنداریتی**، زاناکان چەند پۆلێن و دابەشکرنیکیان کردووە، بەڵام نەگەشتونەتە ئەنجامێکی کۆتایی، بەگشتی لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، لەگەڵ ئەوەی زانیاری تەواو نیە لەسەر خاوەنداریتی بە شێوەی ورد و زانیاری تەواو[*]، بەڵام بەپێی چەشن و جۆری خاوەنەکەی بەسەر سێ جۆردا دابەشدەکرێت، ئەمانەن:

١.خاوەندارێتیی گشتی:

ئەو شتانەیە، خاوەندارێتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵ و تایبەت نیە بە تاکە کەس.[٢] یان ئەو شتانەیە کە بۆ بەرژەوەندیی گشتی بەکاردێن.[٣] واتا ئەو موڵکانەن کە کۆمەڵگە و گشت خاوەنیەتی و تاکەکەس ناتوانێت ببێتە خاوەنی، وەک سنوری سیاسیی دەوڵەت و..هتد. جۆرێکە لە خاوەندارێتی و لە ڕووی مێژوویەوە بە کۆنتر دادەنرێت لە خاوەندارێتی تایبەتی، چونکە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا خاوەندارێتی گشتی بووە و بە تایبەت زەوی، جگە لە خاوەندارێتیی تایبەتی بۆ هەندێک کەرەستە، کە کەسەکە خۆی دروستیکردووە، وەک هەندێک خشل و کەرەستەی خۆڕازاندنەوە و ئامرازەکانی بەرگری لە خۆکردن...هتد.[٤] لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا خاوەندارێتیی گشتیی(هاوبەشی) هۆکارەکانی بەرهەمهێنان بنەمای پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بووە، کاریش هەرەوەزی بووە، بەهۆی لاوازی و سادەیی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان، بەرهەمی کاریش بە هەمان شێوە خاوەندارێتی هاوبەش بووە، خاوەنداریەتی تایبەت (کەسی) تەنیا لە ئامرازەکانی بەرگریکردندا هەبووە، چونکە بەکاربردنیان لەسەر ئاستی تاکە کەسی بووە.[٥]

لە سەردەمی ئێستادا و ئەو کۆمەڵگایانەی قۆناغی سەرەتاییان جێهێشتووە، بە هەموو دامەزراوە و پرۆژە و موڵکانە دەگوترێت، کە حکومەت خاوەنیەتی، هەڵبەتە ئەمەش لە دوای چەندین گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی هاتە ئاراوە، بە تایبەتی بە یاساییبوونی خاوەندارێتی،

---

(١) السيد محمد البدوی، علم الاجتماع الاقتصادی، المصدر السابق، ص١٣٨

(*) لەسەر قەزاکە و دابەشبوونی زەویەکانی بە پێی جۆری خاوەندارێتیەکەی، داتایەکی روون و ورد بەردەست نیە، هەروەها لەسەر ئاستی شاری ڕانیە بەهەمانشێوە، ئەوەی کە توانراوە دەستبخرێت، تەنیا داتایەکی ڕێژەیی نزیکەییە لەسەر زەویە کشتوکاڵیەکانی قەزاکە و ڕووبەری بەکارهێنراوی زەویی شاری ڕانیە.

(٢) عبدالله بن عبدالعزيز مصلح، قيود الملكية الخاصة، مؤسسة الرسالة بيروت، سوريا، ١٩٨٨، ص١٠٥

(٣) احمد ذكی بدوی، معجم مصطلحات علوم الاجتماعية(ئینجلیزی-فرنسی،عربی)، مكتبه لبنان للنشر، لبنان، ١٩٨٢، ص٣٣٣

(٤) محمد على حنبوله، الوظيفة الاجتماعية للملكية الخاصه، بدون مطبعة النشر، القاهره، ١٩٧٤، ص٢٠

(٥) کامەران ئەحمەد حەمە، سەرەتایەک لە: مێژووی ئابووری و بیری ئابووری، چاپخانەی ژیار،سلێمانی، ٢٠١٤،ل٢٢

که حکومەتەکـان ڕاستەوخۆ دەستیان لە کاروبـاری گشتیەوە وەردا، بەڵام لە لایەن خەڵکەوە سـودی لێدەبینرێت و بەکاردەهێنرێـت، یـان بەرهەمەکـانی دەخـرێتە خزمەتـی کۆمەڵگـاوە بە گشتی.[1]

سـەبارەت بە زەوی کشتوکاڵیی شـاری ڕانیە و کۆی قەزاکە، بە گشتی (٦، ٧٠%)[*]ی زەوی کشـتوکاڵی قەزاکە خاوەنـدارێتیی گشـتیە[2]، جـگە لەمە هەمـوو ڕێگـاو شـاخ و دۆڵ و رووبار و سەرچاوەی ئاوی دارستانی سروشتی و دەستکردەکان و...هتد. موڵکی گشتین.

هەروەهـا سـەبارەت بە ڕووبەری شـاری ڕانـیە، کە ٢٢ کـم٢ یە، ڕووبەری ١٧.٥کـم٢ خاوەنـدارێتی بـۆ گشـت دەگەرێـتەوە، دەکـاتە ڕێـژەی(٧٩.٥٤%)ی ڕووبەری شـارەکە، کە پێکـدێت لە ڕووبەری بینـاکراو و بینانەکراو(تەرخـانکراو) بـۆ دایەنگـا، بـاخچەی سـاوایان، خوێنـدنگا و قوتابخـانە، زانکـۆ، نەخۆشـخانە و بـنکە تەندروسـتیەکان، بینـای گشـتی و فەرمانگەکان،مزگەوت،خزمەتگوزاری، سەوزایی و باخچەکان،ڕێگا و شەقامەکان.[3]

ئەم جۆرە خاوەندارێتیی زەویە لە لایەن دەوڵەتەوە مامەڵەی پێوەکراوە و دەکرێت،بەم جۆرانە:

-بەشێوەی وقف بۆ شوێنە ئاینیەکان.

-بە تخیص دون تملک بۆ دامودەزگا حکومیەکان.

-بە شێوەی فرۆشتن بە پێی یاسای ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦.

-بە شێوەی بە کرێدان(مساتحە)، بەپێی یاسی ٣٢ ی سـاڵی ١٩٨٦.(ئەمە دەچێتە چوارچێوەی خاوەندارێتی تێکەڵ)

-بە شێوەی تەرخانکردن بۆ چین و توێژە جیاجیاکان.[4]

هەروەهـا هەمـوو کەلـوپەل و پێداویسـتی و سـەیارە و سـەرمایەی فەرمانگەکـان و پرۆژەکـان دەگرێتەوە.

٢. خاوەندارێتیی تایبەتی:

مەبەست لەو موڵـک و کەلوپەل و شمەکانەیە، کە تاکەکەس دەتوانێت ببێتە خـاوەنی، وەک پێشـتر ئامـاژەی پێـدرا، لەسـەرەتادا نەبـووە، بەڵام بەپێـی گـۆڕانی کۆمەڵگاکـان وردە وردە پەیـدابووە. سـەرجەم ئەو شـتانە دەگـرێتەوە، کە تـایبەتن بە یەک کەس و خـۆی خـاوەنیەتی و تایبەتە بە خۆی.[5] هەروەها خاوەندارێتیی تایبەت گوزارشتە لە مـافی خاوەنـدارێتیی کەسـی و

---

(١) احسان محمد الحسن، کۆمەڵناسیی ئابووری، و: فەیسەل عەلی، چاپخانەی پەنجەرە، تاران، ٢٠١٥،ل٣٠٤.

(*) ئەم ڕێژەیە هەموو ئەو زەویانەش دەگرێتەوە کە بە پەیوەستی کشتوکاڵی(عقد زراعی) دابەشکراون.

(٢) پەرێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەشی ئاماری کشتوکاڵی

(٣) سەرۆکایەتیی شارەوانیی ڕانیە، بەشی پلان و بەدواداچوون، سەرچاوەی پێشوو

(٤)سەرۆکایەتیی شارەوانیی ڕانیە، بەشی زەوی

(٥) احمد ذکی بدوی، المصدر السابق، ١٩٨٢، ص١٢١

بەکارهێنــانی ســامان و شــمەکی بەرهەمهێنــان و بەکارهێنــان و ســەرمایەی نەختینەیــی دەگــرێتەوە.[١] ئەم جــۆرە خاوەنــدارێتیە بــووە هــۆی ڕوودانــی گــۆڕانی تەواو لە پێکهــاتەی کۆمەڵگای سەرەتاییدا، بەهۆی پەیدابوونی بەژەوەندیی جیاواز لە ناو یەک یەکەی کۆمەڵایەتی ئابووریدا، خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان پلەوپایەی ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیان قۆخکردو و ردە وردە لە کەسانی تر جیابوونەوە.[٢]

ســەبارەت بە زەوی کشــتوکاڵی شــاری ڕانــیە و کــۆی قەزاکە، بە گشــتی (٤، ٢٩%)ی زەوی کشتوکاڵی قەزاکە خاوەندارێتیی تــایبەتیە[٣]، لە کۆی ١٠٥٥٤ جوتیــار ٣٩٩ ی خــاوەن زەوی خــۆیەتی.[٤] هەروەهــا ســەبارەت بە ڕووبەری شــاری ڕانــیە،کە بــرییتە لە ٢٢ کــم٢ ، ڕووبەری ٢، ٤کــم٢ خاوەنــدارێتی تــایبەتیە، دەکــاتە ڕێــژەی١٩% ی ڕووبەری گشــتی، کە پێکــدێت لە ڕووبەری بەشــێک لە زەوی بینــاکراو و بینــانەکراوی خــانوو، دوکــان و بینــای بازرگانی.[٥] هەروەها هەموو پرۆژە و کەلوپەل و پێداویستی و سەیارە و ئامێری تایبەتی و تاکەکەسی دەگرێتەوە.

٣.خاوەندارێتیی تێکەڵ:

مەبەســت لەو موڵــک و تــوخمە خاوەنــداریانەیە، کە بەشــێکی بــۆ گشــت و بەشــێکی بــۆ تــاکەکەس دەگەڕێــتەوە بە پێــی ڕێککەوتــن.[٦] لە ئێســتادا ئەو موڵــک و دامەزراوە و پــڕۆژانە دەگــرێتەوە کە حکــومەت بە هاوبەشــی لەگەڵ کەســێکدا هەیەتــی، چەنــد جــۆرێکە، یەکەمیــان بەپێــی گرێبەســتی تــایبەت کە حکــومەت لەگەڵ کەســەکە ئەنجامیــدەدات، دووەمیــان بە شــێوەی هاریکــاریکردن دەبێــت، ســێیەمیان دەســتەڵات و کەســەکە بە هاوبەشــی دەبــنە خــاوەن موڵــک و پرۆژەی ئابووری.[٧]

سەبارەت بە زەویی کشتوکاڵی شاری ڕانیە و کۆی قەزاکە، ئاماری خاوەندارێتی تێکەڵ بەردەست نەبوو، هەر لەگەڵ خاوەندارێتی گشتی(میری) ئەژمار کراوە، وەک پێشتر ئاماژەی پێکراوە. لە کۆی ١٠٥٥٤ جوتیــار، ١٠١٥٣ جوتیاریــان خــاوەن پەیوەســتی کشــتوکاڵین(عقد زراعی).[٨] هەروەها سەبارەت بە ڕووبەری شاری ڕانیە، کە بریتیە لە٢٢ کم٢، ڕووبەری ٣٠، ٠کم٢ خاوەندارێتی تێکەڵە، کە دەکاتە ڕێژەی(٣٨,١%)ی ڕووبەری گشتی، کە پێکدێت

---

(١) کامەران ئەحمەد حەمە، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢
(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٧
(٣) بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئاماری کشتوکاڵی
(٤) بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، ژووری زەوی و زار
(٥) سەرۆکایەتی شارەوانیی ڕانیە، بەشی پلان و بەدواداچوون، سەرچاوەی پێشوو
(٦) عبد علی مالکی، المدخل الی الانثروبولوجیا الاجتماعیە، دار نیبور، بغداد، ٢٠١٤، ص١٣٤
(٧) احسان محمد الحسن، کۆمەڵناسیی ئابووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٦.
(٨) بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، ژووری زەوی و زار، سەرچاوەی پێشوو

لە ڕووبەری زەوی بیناکراوی هەندێک دوکان و بینای بازرگانی و کۆمەڵگای وەرزشی و گۆڕەپانی یاری.(وەک لە پێشتر ئاماژەی پێدرا بەپێی یاسای٣٢ی ساڵی ١٩٨٦ بە کرێدراون بەشێوەی مساتحە)[١]

لەم زانیاریانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە خاوەندارێتی گشتی ڕێژەکەی زیاترە بەدوای ئەودا خاوەنداریتی تایبەتی، هەروەها ئەوەی تێبینیدەکرێت بەو پێیە لە ڕابردوودا دەرەبەگایەتی لە ناوچەکەدا هەبووە، ئیستاش خاوەن زەوی و زاری زۆرن و جیادەکرێنەوە لە چینەکانیتر...

بە گشتی پەیوەندیی نێوان خاوەندارێتی و شاری ڕانیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەرسێ جۆری خاوەندارێتیەکە، کە لە شارەکەدا هەن، لەسەر ئاستی خاوەندارێتی گشتی پەیوەندیی نێوان کەسەکان فراوان و بەربڵاون و زیاتر پەیوەستن بەیەکتری، هەروەها پێگە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی لە ژێر کاریگەریی خاوەندارێتیدایە و بەرژەوەندی و پێگە و ڕۆڵی جیاوازی دروستکردوە، ئەو کەس و لایەن و خێلانەی خاوەنداریەتیان زۆرترە جێگیرترن و لەڕووی پێگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە بەرزترن و دیارتر و بەرچاوترن، هەروەها خاوەنی پەیوەندیە خزمایەتی بەرفراوانتر و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بڵاوترن، کە هەموو ئەمانە جیاوازی پێگە و چینەکان دروستدەکات و کاریگەر دەبن لە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای توێژینەوەکە.

بەشێکی زۆری دانیشتوانی ڕانیە، کە لە بنەڕەتدا خەڵکی لادێکانن، خاوەنی زەویی کشتوکاڵین لە لادێکانیان، خاوەنداریتیەکەی کۆمەڵیە لە نێوان خێزان و خزماندا(پێشتر بە هاوبەشی کڕدراوە، یان بە میراتی ماوەتەوە و دابەشکراوە لە نێوان یەکتریدا، یان دابەشنەکراوە. ئەم زەویە پێشتر بە کۆمەڵ چێنراوە و کارو چالاکی و بەرهەمی هاوبەشی بووە) بەتایبەت ئەو زەویانەی لە نێوان ئامۆزا و چەند برایەکدا هاوبەشە، ئەگەر لە ئێستادا لە ناو زەویەکەدا بەشبەشیش کرابێت و سنوریش جیاکرابێتەوە، نایانەوێت ئەو بەشانە بفرۆشرێت، لە حاڵەتێکی ناچاریی فرۆشتنی بەشێکیدا، ئەوا پێیان باشترە بە خزم بفرۆشرێت، یان یەکێکیان دەیکرێتەوە، بۆ ئەوەی بەشێک لە زەویەکە نەبێتە هی کەسێکی بێگانەی خزمان، تەنانەت ئەگەر توانای کرینەوەشی نەبێت، قەرزی بۆ دەکات. ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە تا ئێستا خاوەندارێتی هاوبەشی ئەرک و گرنگیی کۆمەڵایەتیی هەیە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، لە ئێستادا تێبینیدەکرێت لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، خاوەندارێتی لەژێر کاریگەریی دۆخی ئابووری و کلتوری و کۆمەڵایەتی و کرانەوەی کۆمەڵگاو

(١) سەرۆکایەتیی شارەوانیی ڕانیە، بەشی پلان و بەدواداچوون، سەرچاوەی پێشوو

بەجیهانیبوون(العولمة)دا، زۆر کەسی و تایبەتیە(لانی کەم لە هەڵکشاندایە)، تەنانەت لە ناو یەک خێزانیشدا کە بەیەکەوە دەژین (دایک، باوک، کور، کچ)، کە خاوەنی مولک و کەلوپەل و پێداویستی تایبەتی خۆیانن(خاوەنداریێتی نرخ زۆر یان کەم)، ئەمەش پەیوەستبوون و کۆمەڵایەتیبوونی کەمتر کردۆتەوە و تاکێتی(الفردانیة)ی زیاد کردووە، هەڵبەتە بە هەڵکشانی ئەم تاکێتیە، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لاوازبوون و کەسەکان زیاتر لە هەوڵی زیادکردن و پاراستنی ئەم خاوەنداریێتیەدان، زیاتر لە پاراستنی پەیوەندیە خێزانی و خزمایەتی و بەگشتیش پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، کە ئەمەش دواجار کاریگەرە بەسەر کۆی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکە.

## دووەم/ دابەشکرنی کار

مرۆڤ کە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە، هاوکات ناتوانێت بە تەنیا پێداویستیە جۆراوجۆرەکانی ژیانی دابین بکات، ئەم هۆکارە دەبێتە هۆی ئەوەی پشت بە کەسانی تر ببەستێت و سەرەنجام هەر کەسێک کارێک بکات و پێداویستیەکانی یەکتر پر بکەنەوە، کە ئەمە سروشتیترین و سادەترین دابەشکردنی کارە، واتا لە یەکچوونی پێداویستیەکانی مرۆڤ پێویستی بە ئەنجامدانی فرمانی جیاواز هەیە، هەروەک احمد ابوزید دەڵێت"یەک تاکەکەس ناتوانێت هەموو کارەکان بکات، هەرچەندە ژیانی کۆمەڵایەتی سادە و سەرەتایی و چونیەکیش بێت، لەبەرئەوە دەبێت بە جۆرێک لە جۆرەکان دابەشکردنی کار هەبێت، تەنانەت ئەگەر لە ئاستی ڕووکەشیشیدا وا بێتە بەرچاو، کە هەمووان بەیەک کارەوە خەریکن."[١]

کارئەو چالاکیەیە، کە مرۆڤ بۆ بەرهەمهێنان ئەنجامیدەدات لە بواری پیشەکەیدا(کشتوکاڵ، بازرگانی،پیشەسازی، فەرمانبەری و..هتد)[٢]، ئەو ڕەنجەی بازوو یان هزرە، کە مرۆڤ دەیدات بەرامبەر کرێ یان موچەیەکی دیاریکراو.[٣] هەر لە کۆنەوە مرۆڤ کاریکردووە و چاوپۆشی لە هەموو فشارو نارەحەتیەکان کردووە، ئەو هەوڵانەی مرۆڤ لە ئاست کارکردندا بەخشیویەتی، لە ڕاستیدا سەرچاوەی شارستانیەت و خۆشگوزەرانیە کە ئێستا ئێمە هەستی پێدەکەین.[٤] کاری مرۆڤ ڕۆڵیکی گرنگی بینیوە لە پەیدابوون و دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆیی کۆندا، مرۆڤ توانی ئامێرە سادەکانی کار دروستبکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی سروشت، لەگەڵ پەیدابوونی سادەترین جۆری ئامێری

(١) احمد ابو زید، ، المصدر السابق، ص١٦٨
(٢) زیدان عبالباقی، علم الاجتماع المهنی، دار الفکر العربی،مطبعة السعادة، القاهره، ١٩٧٦،ص٣٧
(٣) احسان محمد الحسن، کۆمەڵناسیی ئابووری،سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥
(٤) السید محمد البدوی، علم الاجتماع الاقتصادی، المصدر السابق، ص١٣٤

لەبەرد دروستکراو، ئامێرەکانی کار پەیدابوون، کاری مرۆڤ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی دروستکرد، بەوپێیەی دروستکردنی ئامێر و بەکارهێنانی لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی هاوبەش ئەنجامدراوە.(١)

کاردابەشکردن ئاماژەیە بە دابەشکردنی کارەکان بەسەر کەسەکاندا، هەریەکەیان بەپێی شارەزایی و توانا و ئارەزوو و سەپاندن لە کارێکدا، واتا هەرکەسێک کارێک دەکات و سەرەنجام دەبێتە هۆی تەواوکاری لە پرۆسەی کاروبەرهەمداریدا.(٢) لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا دابەشکردنی سروشتیی کار بووە، لەسەر بنەمای رەگەز(نێر، مێ) و تەمەن(گەورە و منداڵ)، بۆنمونە راو ئیشی پیاو بووە، کۆکردنەوەی بەری رووەک و گرنگیدان بە کاروباری ناوماڵ ئیشی ژنان بووە.(٣)

کارو پیشەی مرۆڤ، بواری پەیوەندیەکانی نێوان چالاکیە پیشەییەکان و پێگەی کۆمەڵایەتیە.(٤) مەبەست لێی ئەوەیە کە هەموو کارێک بەهایەکی تایبەتیی خۆی هەیە لەناو کۆمەڵگادا، هەندێکیان گەشە دەکەن و دەمێننەوە، چونکە رەواجیان هەیە و توانای دیاریکردنی پێگەیان هەیە، هەندێکیشیان گەشە ناکەن و لەناو دەچن، چونکە ئەو بەهایەی هەیانە توانای پێدانی پێگەی کۆمەڵایەتیی نیە. ئەم کار و پێگە کۆمەڵایەتیانە لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی تر و لە شوێنێک بۆ شوێنێکیتر و لەرەگەزێکەوە بۆ رەگەزێکی تر و لە شارەزایی کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازن و دەگۆڕێن. کارکردن و جۆری کارکردن، بەوپێیەی پێگەی کۆمەڵایەتیش دیاریدەکات، دەبێتە هۆی جۆراوجۆری کۆمەڵگاکانیش، ئەو کۆمەڵگایانەی کەسێک چەند کارێک دەکات، پیگەیەکی کۆمەڵایەتی جیاواز و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەرفراوانی دەبێت و پەیوەندیەکانیش رووبەڕوون و بە چەند پیشەیی دەناسرێت،کە ئەمە کۆمەڵگا کشتوکاڵی و سەرەتاییەکان دەگرێتەوە. بەپێچەوانەوە لە کۆمەڵگا پیشەسازیەکاندا تاکەکەس یەک کار ئەنجامدەدات و پێگە و رۆڵی بەرتەسک و پەیوەندیەکانیشی سنوردار و لاوازن.(٥)

کاردابەشکردن لای مرۆڤناسەکان جێی بایەخ و گرنگیە، چونکە کاریگەریی بەسەر کۆی لایەنەکانی تری کۆمەڵگاوە هەیە. بە بڕوای دۆرکهایم، کاتێک لە قۆناغەکانی پێشتردا باس لە دابەشکردنی کار کراوە، زیاتر جەخت کراوەتە سەر رەهەندە ئابووریەکانی دابەشکردنەکە،

(١) کامەران ئەحمەد حەمە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠

(2) J.L.Hanson, A Textbook Of Economics, Macdonald and Evans, London, 1982, p27

(٣) کامەران ئەحمەد حەمە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣

(٤) احمد ابو زید، المصدر السابق، ص١٨٥

(٥) کامەران ئەحمەد حەمە، سەرچاوەی پێشوو،١٨٦-١٨٨

بەبێ ئەوەی ئەو گۆڕانکاریە ئاکاری و یاساییانە بە هەند وەربگیرێن، کە وەک بەرەنجامێکی ئەم گۆڕانکاریانە دێنە ئاراوە، واتا بە بڕوای دۆرکهایم گۆڕانکاری لە دابەشکردنی کاردا گۆڕانیتر بە دوای خۆیدا دەهێنێت، کە زۆرینەی هەرە زۆری ڕەهەندە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە.[1] دۆرکهایم دوو جۆر کۆمەڵگا دیاریدەکات، کە لەسەر بنەمای دابەشکرنی کار پۆلێنی کردوون، یەکەمیان کۆمەڵگای میکانیکیە، کە پشت بە دابەشکردنی کار نابەستێت و پەیوەندیەکان ڕووبەڕوو و بەهێزن، دووەمیان کۆمەڵگای ئۆرگانیە، کە پشت بە دابەشکردنێکی وردی کار دەبەستێت و پەیوەندیی نێوان کەسەکان لاوازن.[2]

لە لایەکی ترەوە مالینۆفیسکی کۆمەڵگاکانی لە ڕووی کارەوە دابەشکردووە بەسەر دوو جۆردا، یەکەمیان کۆمەڵگایەکە، کە کار تێیدا گشتی و کۆمەڵیە و کۆمەڵگا کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و ڕاوشکارەکان دەگرێتەو،هەروەها دووەمیان ئەو کۆمەڵگایانەیە کە کاری ڕێکخراوی تێدایە و پێوستی بە تایبەتمەندیە، وەک کۆمەڵگا پیشەسازیەکان. هەروەها ڕایمۆن فیرس بە هەمان شێوە باس لەو کۆمەڵگایانە دەکات کە کار تێیدا سادەیە و و کار بە کۆمەڵە و جۆری کۆمەڵگاکە سادەیە، هەروەها ئەو کۆمەڵگایانەی کار تێیاندا ئاڵۆز و ڕیکخراوە، وەک کۆمەڵگا پیشەسازیەکان، کە کۆمەڵگای ئاڵوز و ڕێکخراون.[3]

هەرێمی کوردستانی عێراق بە گشتی، کە کۆمەڵگای توێژینەوش بەشێکە لێی، لە بنەڕەتدا کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵیە و ناتوانرێت بە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی دابنرێت، بەڵام لە هەندێک ئاستدا دەرکەوتەی کۆمەڵگای پیشەسازی تێدا بەدیدەکرێت، تەنانەت ئەگەر لە ئاستی ڕووکەشیشدا بێت. لەسەر ئەم بنەمایە دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا دیاریدەکرێت بەوەی، کە تا ئێستا دابەشکردنێکی وردی کار سەریهەڵنەداوە تێیدا، بەڵام چەندین جۆری پیشەی جۆراوجۆر بەدیدەکرێت لە کۆمەڵگاکەدا، کە بەشێکیان بەپێی پیشەیی و لەسەر بنەمای شارەزایی و خوێندن و بڕوانامەن و بەشێکیشیان لەسەر بنەمای ڕەگەز و تەمەنن،بەشێکیان کاروباری سیاسین، هەروەها چەند جۆر پیشە و کاری جیاواز ئەنجامدەدریت وەک سەرچاوەی بژێوی و داهات. دابەشکردنی کار لەسەر ئاستی گشتی سەرچاوەی داهات و بەرهەمهێنان وەک کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و پیشەی دەستیەکان و گەشتیاری و فەرمانبەری و ..هتد. بەشێوەیەکی وردتر دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای پسپۆڕی بەپێی بڕوانامە و پیشە، بڕوانامە(کاری نوسینگەیی، مامۆستایی، پزیشکی،

---

(١) ئارام علی فرج، بونیاد و کردار وەک دوو ئاستی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسیدا، نامەی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، سکولی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣، ل٥٣-٥٤

(2) Emile Durkheim, The Dividsion Labour, in Society, The free press, New York,1965,p129.

(٣) احمد ابو زید، المصدر السابق، ١٨٧-١٨٩

ئەندازیاری، ...هتد)،پیشە(دارتاشی، ئاسنگەری، فیتەری، بەرگدوری، سەرتاشی،...هتد)، هەروەها لەسەر ئاستی یەک جۆر پیشە، دابەشکردنی کار لەسەر ئاستی تەمەن و ڕەگەز و پسپۆری هەیە.

ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگایە لە لایەکەوە لە ناو بەهێزی و بەرفراوانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و، لە لایەکی ترەوە لەنێو لاوازبوون و کەمبوونەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندایە، ئەمە لە ئاستی ڕواڵەتی و دۆخی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەدا هەستی پێدەکرێت، لە بنەڕەت و قوڵاییدا و لە ساتە هەستیارەکاندا هەست بە بەهێزی پەیوەندیەکان و ئەقڵیەتی کۆمەڵگایەکی خێڵەکی و کشتوکاڵی و داخراو دەکرێت. بەوپێیەی گەر سەرنج بدرێت کاتێک سیستەمی وردی کاردابەشکردن هەبێت، لەگەڵ ئەوەی تاکەکەس بەپێی پسپۆری و شارەزایی تەنیا کارەکەی خۆی ئەنجامدەدات و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بێ هێز و پەیوەندیەکانی لاواز و بەرتەسکن، بەڵام وەک کەسێکی خاوەن پیشە و خاوەن کەسێتی و وەک مرۆڤێک ڕێزدار و بە بەهایە و لەسەرووی ئەوەوە دەستەڵاتێک دەیپارێزی و ماف و ئەرکی بۆ دیاریدەکات و...هتد، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەی تەحەکوم بە بەهاداری مرۆڤ و کەسێتی تاکە کەس دەکات خێڵ و گروپی حزبی و خزمایەتی و پێگە کۆمەڵایەتیە بەهێز و فراوانی پەیوەندیەکانیەتی.

لەلایەکی ترەوە دابەشکردنی کار تەنیا لە سەر ئاستی نەسەقی ئابووری و سیاسیی و دامەزراوەی کارگێری و پیشەسازیدا نیە، بەڵکو لە نەسەقی کۆمەڵایەتیدا و لەسەر ئاستی خێزان و یەکە کۆمەڵایەتیەکانی تریشدا هەیە. لە ئێستادا گۆڕان لە دابەشکردنی کار لە خێزاندا هاتۆتە ئاراوە لە نێوان ژن و پیاودا، بە جۆرێک پێشتر پیاو کاری دەرەوە و ژن تایبەت بوو بە کاروباری ناوماڵ و پەروەردەکرنی مندال، بەڵام لە ئێستادا ژنیش لە دەرەوە(*) کاردەکات و کارەکانی ماڵەوەش دەکات و بەهەمان شێوە لەگەڵ ئەوەی پیاو لەدەوەرەوە ئیش دەکات، زۆر و کەم کاروباری ماڵەوەش جێبەجێدەکات، هەرچەندە نارێکیی کاردابەشکردنی دروستکردووە، چونکە بە هۆی ئەمەوە نارێکیەک لە ئێستای کاروباری خێزان و کاردابەشکردنەکاندا هاتۆتە کایەوە، چونکە ئەم گۆڕانەی ڕوویداوە گۆڕانکاریەکی ناوخۆیی و هیواش نەبووە، بەڵکو زیاتر گۆڕانکاریەکبووە لە ژێر کاریگەری هۆکارە دەرەکیەکان و

(*)لە شاری ڕانیەدا بەشداریی ژن لە کاری دەرەوەدا، زیاتر کاری فەرمانبەریە، زۆر کەم لە کاری ئازاد و دووکانداری و بازاڕدا ئیش دەکەن،کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بچوکی بازاڕی کار و زۆری دەستی کاری پیاو و ڕەنگدانەوەی داب و نەریت و ئەرکی ژن لە ناو خێزاندا، بەو پێیەی تا ئیستا داب و نەریت ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕیگرە لەوەی ژن وەکو پیاو کارەکان بە پێی جۆری جیاواز و کاتی جیاواز بکات.

کرانەوەی کۆمەڵگا و کاریگەریی بەجیهانیبوون. بەگشتی دابەشکردنی کار و ئەرک لە ناو خێزاندا لەسەر بنەمای تەمەن و ڕەگەزە، پیاو وەک ڕەگەزی نێر پێگەی باوکی هەیە و بەرپرسە لە کاروباری بەڕێوەبەردنی ئابووری و بەرپرسیاریەتی کۆمەلایەتی و پەیوندیە کۆمەڵایەتیەکان و..هتد. ژنیش وەک ڕەگەزی مێ بەرپرسی کاروباری ناوخۆی خێزان و پەروەردەکردنی منداڵ و ڕێکخستنی کاروباری ناوماڵ و ...هتد. منداڵەکانیش بە گوێرەی تەمەن و ڕەگەز پیگە و ڕۆڵیان جیاوازە، برای گەورە تا ڕادەیەکی زۆر شوێنگرەوەی باوکە و کچی گەورەش تارادەیەکی زۆر شوێنگرەوەی دایکە، هەروەها بەپێی تەمەنیش تا منداڵ گەورەتر بێت ئەرکی ناو خێزانی زیاتر دەبێت و زیاتر پشتی پێدەبەسترێت، وەک چۆن تا بچوکتر بێت زیاتر لە ژێر سایەی ئەوانی ترە و خزمەت دەکرێت. لە ئێستادا منداڵ تا دەگاتە تەمەنی ٢٢-٢٤ ساڵی ئەرکی خوێندنە و لە ئەرکی تر دەبەخشرێت، لە هەندێک خێزاندا هاوشانی خوێندنەکەی لە دوای تەمەنی ١٢ ساڵیەوە ئیشی تریش دەکات بۆ بەدەستهێنای داهات بۆ خۆیی و خێزانەکەی، یان تەنیا ئیش دەکات و ناخوێنێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە ژێر کاریگەریی کلتور و ئایندا، پێگەی دایک و باوک پێگەیەکی ڕێزدارە و تا ئێستا وەک پێگەیەکی جێڕێزە. ئەمە بە گشتی لە خێزانی بچوکدا، لە خێزانی گەورەدا باپیرو نەنک مەرج نیە کارو ئەرکی تایبەتیان هەبێت و، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەرن بەسەر پەروەردە و بڕیارەکانی ناو خێزاندا، پێگەیەکی تایبەتیی کۆمەڵایەتیشیان هەیە.

### سێیەم/ئاڵوگۆڕ

کردە یان جوڵەیەکە دوو کەس یان زیاتر ئەنجامی دەدەن، کە خاوەنی دوو کاڵا یان زیاترن، کە جیاوازن لە نرخ و لە خەسڵەتدا، ئاڵوگۆڕیان پێوە دەکەن بە مەبەستی تێرکردن و پڕکردنەوەی پیویستیەک لە پێویستیەکانی ڕۆژانە. تاکە کەسێک پەیوەندیی پێوە ناکرێت و هیچی لێ دروست نابێت بە بێ بوونی بەرامبەر، کەواتە کەسێک لەگەڵ کەسێکی تردا ئاڵوگۆڕ دەکات و شمەک دەگۆڕیتەوە(مادی بێت یان مەعنەوی)، لەو ڕیگایەوە پەیوەندیەکان دروستدەبن، کە مەرجی بوونی پێکهاتەی کۆمەڵگان.

بۆ ئاڵوگۆڕ پێویستە دوو ڕەگەزی سەرەکی هەبن، یەکەمیان هۆکارێکی بنەرەتیە ، کە بریتیە لە هەبوونی دوو مرۆڤ یان زیاتر، هەروەها هۆکاری دووەم کە بە هۆکارێکی دیاریکەر دادەنرێت بریتیە لە هەبوونی دوو کاڵا یان زیاتر. بەبێ ئەم دوو هۆکارە ئاڵوگۆڕ ڕوونادات و پەیوەندی دروست نابێت. هەروەک زانای مرۆڤناسی لیزلی هوایت ڕای وایە، کاتێ دوو کەس کە خاوەنی دوو کاڵا بن دەتوانن ئاڵوگۆڕ بکەن و پەیوەندی لە نێوانیاندا

دروســتدەبێت، بەجۆریــک چەنــد پەیوەنــدیەک دروســت دەبیــت وەک پەیوەنــدیی نێــوان دووکەسەکە، پەیوەندیی نێوان کەسەکەکان و کاڵاکەی خۆیان، پەیوەندیی نێوان کەسەکان و کــالای کەســی بەرامــبەر، پەیوەنــدیی نێــوان کاڵاکــان. کە ســەرەنجام کــۆی ئەو پەیوەنــدییانە پێکهاتەیەکە لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگا. [1]

سەبارەت بەمە، ئەگەر بیری ئابووریی کلاسیک جەختی لەسەر بنەمای سود و قازانجی مادی بێت، وەکو هۆکاری سەرەکی چالاکیەکانی مرۆڤ، ئەوا ڕوانگەی مرۆڤناسی بۆ سود و قــازانج، تەنیــا ڕەهەنــدێکی ئابووریــانە نــیە. واتــا بە دوای ئەرکە کۆمەڵایەتیەکــانی کــرداری ئاڵوگۆڕدا دەگەڕێت، لای مالینۆفسسکی پڕۆسەی ئاڵوگۆڕی کەرەستە مادیەکان دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و دروستبوونی پەیوندیی نوێ، کە ئەم پەیوەندیانە لە دوای چالاکی ئاڵوگۆڕەکەش هەر دەمێنن.[2]

ئــاڵوگۆڕ دوو جــۆرە: یەکەمیــان ناڕاســتەوخۆیە و زیــاتر لە کۆمەڵگــای ســەرەتاییدا هەیە، وەک ئــاڵوگۆڕی دیــاری و پاداشــت و خزمەتگوزاریەکــان لە نێــوان ئەنــدامانی کۆمەڵگــادا، ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی رووکەشی هەیە و لایەنی یەکەم دیاری پێشکەش دەکات بە لایەنــی دووەم، لە کــاتێکی تــردا لایەنــی دووەم دیــاری پێشــکەش بە لایەنــی دووەم دەکــاتەوە.[3] جــۆری دووەمیــان ئــاڵوگۆڕی ڕاســتەوخۆیە، کە لە ســەر بنەمــای شــمەک بە شــمەک یــان شــمەک بە پــارەیە.[4] ئــاڵوگۆڕ وەک چــالاکیەکی ئــابووری، ئێستا لە کۆمەڵگــای تــوێژینەوەدا زۆر کەمە، ئەوەی کە هەیە بازرگانیە.

ئــاڵوگۆڕ لە ڕانیە تــا ســاڵی ١٩٧٥ مــامەڵەی بەروبــومی کشــتوکاڵیە خۆراکیەکــان شــمەک بەشــمەک بــووە، ئەو مــامەڵەیە بە جۆرێــک بــووە هەنــدێک کــات بەروبومێــک کشــتوکاڵی بەرامبەر کەلوپەلێکی تری پێویستیی ژیان بووە و هەندێک جاری تر بەرامبەر بەرهەمێکی تری کشتوکاڵی بووە وەک گەنم و جۆ بە میوە، ئەمە لە نێوان دۆڵــی خۆشناوەتی و شاوری و خەڵکی دەشتی ڕانیە زۆر باوبووە، لە دوای ساڵی ١٩٧٥ جگە لەم جۆرە مامەڵەیە، مــامەڵەی دروایش پەرەیسەندووە و فرۆشتن و کڕین ڕاستەوخۆ بە دراو بووە.[5] لە ئێستادا (جــگە لە هەنــدێک مــامەڵەی عەرەبــانەگێری بەردەرگــای مــاڵان نەبێت، وەک گــۆڕینەوەی نــانەوردە و

(١) احمد ابو زید، المصدر السابق ،٢٢٨-٢٣٠
(٢) ئارام علی فرج، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٢-١١٣
(٣) مليحة عوني قصير و معن خليل عمر، مدخل الى علم الاجتماع، وزارة تعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، ١٩٨١، ص٣٨٧
(٤) قيس النوری، المدخل الى علم الانسان، وزارة تعليم العالی والبحث العلمی،بغداد، ١٩٨٢، ص١٩٥
(٥) هانا عەلی حەمە، سەرچاوەی پێشوو، ١٥٧

شتی زیاده و شکاوی ماڵان بە کاڵایەکی کەم نرخی وەک شال و تەلی قاپشتن و شقارتە و...هتد)، ئەم مامەڵەیە تەنیا بەپارە هەیە، واتا کرین و فرۆشتن.

ئەم چالاکیە هەر لە بواری کڕین و فرۆشتن و بواری ڕاستەوخۆی بازاڕ و ئابووریدا نیە، بەڵکو ئاڵوگۆڕی هەرکاڵایەک و لە هەر کایەیەکدا بێت، جێی بایەخی مرۆڤناسییە، گشت جۆری ئاڵوگۆڕی دیاری و پاداشت و کەلوپەلەکان دەگرێتەوە، بۆ نمونە دیاردەی پێوەچونەوە (پۆیلانە) بەبۆنەی هاوسەرگیری، لە دایکبوونی منداڵ، دروستکردنی خانوو، جۆری ئاڵوگۆڕی ناڕاستەوخۆیە، بە جۆرێک لە جۆرەکان نمونەیەکی ئاڵوگۆڕی دیاریە، لە کۆمەڵگای کوردیدا(کوردستانی عێراق) بەگشتی هەیە و تێبینیدەکرێت، هەروەها لە کۆمەڵگای توێژینەوەش وەک بەشێک لە کۆمەڵگای کوردی، ئەم ئاڵوگۆڕە لەگەڵ ئەوەی لە کات و شوێنی خۆیدا ڕەهەندێکی ئابووریی هەیە، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و کلتوریی و ئاینی زاڵی هەیە و پەیوەستە بە هەڵسوکەتە کۆمەڵایەتیەکان و لایەنی ئاینیەوە، بەو پێیە کۆمەڵگای توێژینەوە لە سەر ئاینی ئیسلامن و هاندراون بۆ ئاڵو گۆری دیاری، ئەم ئاڵوگۆڕە پەیوەندی دروستدەکات و خۆشەویستی نێوان کەسەکان زیاتر دەکات. هەروەک چۆن زانای مرۆڤناسی مارسیل موس باسی گۆڕینەوی خەڵات دەکات و بە بۆچوونی ئەم زانایە هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیەکان وەکو هێزێکی دەردەست لە کۆمەڵگادان، بۆ بەخشینی یان گەڕانەوەی پاداشتێکی هاوشێوە یا پاداشتێکی بەهادارتر لەوەی وەریگرتووە، بەرامبەر بە تاکەکان پیادە دەکرێت. بۆیە پابەندبوونی کەسەکان بە هەڵسوکەوتە گشتیەکانی کۆمەڵگا بۆ پیادەکردنی پرۆسەی ئاڵوگۆڕی خەڵات و پاداشت هانیان دەدات، پابەند بوونیان واتای پارێزگاریکردنە لە پێکهاتەی کۆمەڵگا و، ئەمەش دەبێتە هۆی پارێزگاریکردن لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا.(١) واتە چالاکیەکە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئاینی و بەهاییی هەیە. بە ڕای مارسیل موس، خەڵات و گۆڕینەوەی پاداشت لە هەموو ڕوویەکەوە، واتای باڵاتری هەیە لە بایەخی ئابووری.(٢)

(١) معن خلیل، ڕەخنەی هزری کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٥
(٢) سایمن کولمن و هلن واتسون، ماخذ پیشین، ص٩٩

## باسی دووەم: بەرهەمهێنان

مرۆڤ بۆ ژیان و گوزەرانکردن و پڕکردنەوە پێویستیەکانی، پێویستی بە بەرهەمهێنان هەیە، بەرهەمهێنان لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە دەبێت و لەسەرجەم ئەو سەرچاوانەوە، بریتیە لە ئامادەکردن و گۆڕینی کەرەستەکانی بەردەستی لە ژینگەکەیدا و بەرهەمهێنانی کاڵا و بەروبووم کە بۆ بەکارهینان بشێت. هەروەها شێواز و جۆری بەرهەمهێنان جیاوازی هەیە بە پێیی گۆرانی سەردەمەکان و، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتن و گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگاکان و هەوەرها جۆری ژینگەی سروشتی و ئاستی ئابووری و کلتوری و سیاسیان.

گرنگیدان بە ڕێگاکانی بەرهەمهێنان دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریەکانی لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و دابەشکردنی کارو پسپۆڕی و پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان، بە گشتی پەیوەندیەکی بەهێزی هەیە بە ژیانی ڕۆژانەی ئەندامانی کۆمەڵگا، هەروەها بەهەمهێنان پێوانەیەکە بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و کلتوری، لەڕێگەی جۆری جیاوازی ڕێگاکانی بەرهەمهێنانەوە جۆر و جیاوازی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان دیاریدەکرێن.(١)

هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە، مرۆڤ بە دوای بژێوی و خۆراکدا گەڕاوە لە پێناو ژین و مانەوەیدا، کە بۆ ئەمەش بە چەند قۆناغێکی بەرهەمهێنانی جیاوازدا تێپەڕیوە، کە پێکدێت لە قۆناغەکانی کۆکردنەوەی خۆراک، ڕاووشکار، ماڵیکردنی ئاژەڵ، دۆزینەوەی کشتوکاڵ، نیشتەجێبوون و دروستکردنی گوند، پیادەکردنی پیشەی دەستی، کە ئەمانە هەموویان بەشێکن لە مێژووی ئابووری مرۆڤ.(٢)

بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا،بە دوو چالاکیی ئابووری باس دەکرێت، ئەمانەن:

### یەکەم/ کشتوکاڵ

کشتوکاڵ یەکێکە لە چالاکی و پیشە سەرەکیە ئابووریە گرنگەکان، بە بنەمایەکی بەهێزی ئابووری هەر کۆمەڵگایەک دادەنرێت، چونکە بەرهەمی کشتوکاڵی بە هەردوو جۆرەکەیەوە(ڕووەکی ، ئاژەڵی)پێداویستیەکانی دانیشتوان لە خۆراک و جلوبەرگ و شوێنی حەوانەوە و دەستی کار و..هتد دابین دەکات.

لەبارەی سەرەتای دروستبوونی کشتوکاڵ لە جیهاندا، کۆمەڵێک مێژوونوس لەو بڕوایەدان، کاتێک ژنان تۆوی ئەو ڕووەکانەیان کۆکردەوە کە بۆ خواردن دەشێن،

(١) پەیتەر کلۆس، ئەنترۆپۆلۆژی کلتوری، و: خلیل محمد شلماسی، چاپخانەی بەدرخان، سلیمانی، ٢٠٠٢، ل٧٥
(٢) قیس النوری، المدخل الی علم الانسان، المصد السابق، ١٩٨٢، ص١٥١

دۆزینەوەکی سەرنجڕاکێشیان کرد و ئەوان تێگەیشتن لەوەی هەر تۆوێک، کە دەکەوێتە سەر زەویەکی نەرم، گیایەک دەڕوێت، کە ئەو گیایە خۆی چەند تۆوێکی تازەی تێدایە، کشتوکاڵ لێرەوە هاتە ئاراوە.(١)

بەپێی ڕای هەندێک لە مێژوونوسان، کشتوکاڵ لە کوردستان دۆزراوەتەوە و دوایی بڵاوبۆتەوە،مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٩-١١ هەزار ساڵ پێش ئێستا و کۆنترین بەرهەمیش گەنم بووە.(٢) هەروەها تۆمابوا دەڵێت "دەبینین کە چاندنی گەنم و جۆ و برنج و توتن لە دۆڵەکاندا زۆر بایەخی پێدراوە و درەختی بەرداریشی زۆرە، وەکو هەرمێ و هەڵوژە و قۆخ و قەیسی و مێوی جۆراوجۆر."(٣)

جگە لە مرۆڤ، سێ توخمی سەرەکی هۆکاری بنەڕەتی کشتوکاڵن(خاک،ئاو، هەوا)، ئەو سێ توخمانەش کاریانکردۆتە سەر جیاوازیی کشتوکاڵ لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر.(٤) واتا ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی کاریگەریان لەسەر کشتوکاڵکردن هەیە، بە هەمانشێوە کشتوکاڵیش کاریگەری هەیە لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، وەک پەیوەستبوون بە زەویە و جێگیربوون و کۆبوونەوەی دانیشتوان دروستکردنی ناوچەی نیشتەجێبوونی وەک گوند و بەهێزبوونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.

دەشتی ڕانیە یەکێکە لەو دەشتە بەپیتانەی کە بنەماکانی سروشتیی بەرهەمهێنانی هەیە، وەک زەوی دەشتایی بە پیت و ئاووهەوای لەبار و سەرچاوەی ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی، وێرای چەند بنەمایەکی کشتوکاڵی وەک کارکەری کشتوکاڵ.(٥) بڕوانە وێنەی (٣) کشتوکاڵ دەکرێت بە دوو بەشەوە، بەشێکی رووەک و بەشەکەی تری ئاژەڵ و پەلەوەرە.(٦)

**١- بەروبومی ڕووەکی**

ژمارەی جوتیاران بەگشتی لە قەزاکەدا، کە پیشەیان بەرهەمهێنانی بەروبوومی ڕووەکییە بریتە لە ١٠٥٥٤ کەس،(٧) هەروەها ڕووبەری زەوی کشتوکاڵیی قەزاکە بریتیە لە ٢٢٨٩٠٨ دۆنم، کە ٩٥ کەرتی کشتوکاڵی لە خۆدەگرێت و ١١کەرتیان دەکەونە ناحیەی سەنتەرەوە. بڕوانە پاشکۆی (٤، ٥)

(١) مەنوچێهر موحسینی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٣
(٢) کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٣٢.
(٣) تۆمابوا، ژیانی کوردەواری، و: حمە سعید حمەکریم، بەڕێوەبەرێتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٨٠، ل٢٢
(٤) عزەت فتاح حمەصالح، ژیانی کۆمەڵایەتیی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨
(٥) لەیلا محمد قارەکان، بەرهەمی کشتوکاڵی لە دەشتی بیتوێنسەرچاوەی پێشوو، ل٨
(٦) شاکر خصباک، المصدر السابق، ص٣٢١
(٧) بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی رانیە، ژووری زەوی و زار، سەرچاوەی پێشوو

سەبارەت بە بەروبومەکان، ئەو بەروبومانەی بە گشتی لە دەشتی ڕانیە بەرهەمدەهێنرێن،هەردوو بەروبومی زستانە و هاوینەن، گرنگترینیان ئەمانەن گەنم، جۆ، گوڵەبەڕۆژە، نۆک، ماش، نیسک، کونجی و..هتد . لە ساڵانی پێشوودا **توتن** گرنگترین بەروبومی کشتوکاڵی ناوچەکە بوو، بەڵام ئێستا زۆر کەم بەرهەم دێت. هەروەها گرنگترین بەرهەمەکانی سەوزە و تەڕەش بریتین لە تەماتە، بامیە، باینجان، خەیار، سڵق، بیبەر، کولەکە و...هتد هەروەها بەروبومی میوە و دارودرەخت ئەمانەن هەنار، هەنجیر، سێو، قۆخ، ترێ، توو، قەیسی.[(١)] بڕوانە خشتەی(٩)

## خشتەی(٩)

ڕووبەری داچێنراوی بەروبومی زستانە و هاوینەی[(*)] ساڵی٢٠١٥ نیشاندەدات[(٢)]

| **بەروبومی زستانە** | | | **بەروبومی هاوینە** | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **جۆری بەروبوم** | **ڕووبەری داچێنراو/دۆنم** | | **جۆری بەروبوم** | **ڕووبەری داچێنراو/دۆنم** | |
| | **ناوەندی قەزا** | **قەزا** | | **ناوەندی قەزا** | **قەزا** |
| گەنم | ١٣٠٠ | ٣٨٣٠٠ | تەماتە | ١٠ | ٨٥ |
| جۆ | ٢٣٥ | ٤٣٠٠ | خەیار | ٩٣ | ٣٠٠ |
| نۆک | ٤٠٠ | ١٩٠٠ | باینجان | ١٧ | ٥٨ |
| نیسک | - | ٦٣ | کولەکە | ١٥ | ٥٥ |
| پیازی وشک | ٥٥ | ٣٨٠ | بامیە | ١٤٠ | ٣٧٠ |
| پاقلە | ٢٥ | ١٦٠ | لۆبیا | ٢٠ | ٨٠ |
| تەڕەپیاز | ٥ | ٤٠ | فاسۆلیا | - | ٤٠٢ |
| سڵق | ٣٠ | ٧٨ | کاڵەکی دێم | ٦٠ | ٤٧٥ |
| قەرنابیت | ٥ | ١٠ | گوڵەبەڕۆژە | ٢٠٠ | ٢٠٥٠ |
| شێلم | ٢٥ | ٧٥ | ترۆزی | ٤٠ | ٣٧٥ |
| تور | ٢٥ | ٨٢ | شوتی | - | ١٠٠ |
| گێزەر | ١٠ | ١٠ | چەڵتوک | - | ٣٠ |
| وێنجە | ١٠ | ٦٠ | بیبەر | ١٠ | ٤٥ |
| سیر | ١٠ | ٥٠ | ماش | - | ١٤٢ |
| سەوزەی گەڵادار | ٢٢ | ٦٥ | کونجی | ٤٠ | ٦٥٠ |
| | | | پیازی وشک | - | ٥٠ |
| | | | وێنجە | ٢٠ | ٦٠ |
| | | | سڵق | ٥٠ | ١٠٣ |
| | | | سەوزەی گەڵادار | ١٥ | ٤٣ |
| کۆی ڕووبەری داچێنراو/دۆنم | ڕووبەری داچێنراو | ڕووبەری داچێنراو | کۆی ڕووبەری داچێنراو/دۆنم | ڕووبەری داچێنراو | ڕووبەری داچێنراو |
| | ٢٢٤٧ | ٤٥٥٧٣ | | ٧٣٠ | ٥٤٩٣ |

---

(١) بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی ڕانیە، ژووری زەوی و زار، سەرچاوەی پێشوو

(*) لە ڕاستیدا ئەم بەروبومانەی دەخرێنە ڕوو لە ناو شاردا بەرهەمناهێنرێن، بەڵکو دەکەونە گوندەکانی ناحیەی سەنتەر و کۆی قەزاکە، کە ئەمەش لە دوو ئاستدا سەرچاوەی بەرهەمە، هەم وەک بەرهەمی کۆمەڵگای توێژینەکە لە سنوری ناحیەی سەنتەردا، هەمیش وەک سەرچاوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە ناو بازاڕی کۆمەڵگای توێژینەوەکە، کە بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی قەزاکە لە ناو بازاڕەکە ساغ دەکرێنەوە.

(٢) بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، ژووری زەوی و زار، سەرچاوەی پێشوو

هەروەها لە قەزاکەدا بەگشتی ژمارەیەک خانووی پلاستیکی(بیت) هەن، کە زۆرینەی بەرهەمەکەی خەیار و بیبەر و سەوزەواتە، ژمارەیان ٤٢٥ دانەیە و ٩٢ یان دەکەونە ناوەندی قەزا.[١]

وێنەی (٣) بەشێک لە دەشتی ڕانیە نیشان دەدات[٢]



جگە لەم بەروبومانە، هەروەک لەبەشی پێشوودا باس لە ڕووەکە خۆرسکەکان کرا، کە هەندێکیان بۆ چارەسەر تەندروستی بەکاردێن وەک داری بەڕوو، سنەوبەر،داری قەزوان، و لەبەهارانیشدا خەڵکی هەڵیان دەکەنن و دەریاندەهێنن و بۆ خواردن بە کاریان دێنن وەک کەنگر، خەرتەلە، تۆڵەگە، کوزەڵە و..هتتد. ئامانە بەشدارن لە بواری ئابووریدا، بەتایبەت لە وەرزەکانی بەهار و هاویندا، بۆ خواردن و چارەسەری تەندروستی(گیادەرمانی) بەکاردێن. ئەم پیشەیە زۆرتر پیشەیەکی کۆمەڵیە، ژنان و پیاوانیش ئەنجامیدەدەن،کە جگە لە ڕەهەندە ئابووریەکەی، مەبەستی چونەشاخ و کاتبەسەربردنیشیان هەیە، هەروەها بۆ دیاری و پێشکەشکردنی بە دۆستان و خزمانیشە، لە ڕابردوودا ئۆتۆمۆبێل نەبووە، بە پێ ڕۆشتونەتە دەشت و کێوەکان بەشێوەی کۆمەڵی خزم و دەستەخوشک و برادەرانە، لەوێ هەم کاتیان بەسەر بردووە و هەمیش پیشەکەیان ئەنجامداوە، هەشبوو تەنیا بۆ بازاڕ پیشەکەی ئەنجامدەدا، بەڵام لە ئێستادا، خەڵکێک بە هەمان شێوەی جاران بۆ کاتبەسەربرد ن وچونە ناو سروشت و حەز کردن بەو خواردنانە، دەچێتە ئەو دەشت و کێوانەی نزیکن، هەشە بۆ فرۆشتنی لە بازاڕ دەچێت و تاکفرۆشی دەکات لەسەر شەقامەکان، بەڵام بە شێوی گروپی پیشەییش هەیە، کە بەڕێکەوتنی پێشەکی لە لایەن یەکێک لە دوکاندارەکانی ڕانیەوە ئۆتۆمبێل و پێویستیەکانی چون و هاتن بۆ گروپەکە دابیندەکرێت و بەرهەمەکان بۆ دوکانەکە دەهێنن و خۆیان تاکفرۆشی ناکەن.[٣]

(١) بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەشی ئاماری کشتوکالی، سەرچاوەی پێشوو
(٢) وێنەکە وەرگیراوە لە بەڕێز فۆتوگرافەر شێرزاد وسو
(٣) عبداللە مولود عبداللە، چاوپێکەوتن، دوکاندار و فرۆشیاری سەوزە و گیا بەهاریەکان، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/١. هەروەها ئامینە خدر حسن، چاوپێکەوتن، فرۆشیاری گیا بەهاریەکان، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/٢

**٢-ئاژەڵداری**

ئاژەڵداری، یەکێکە لە چالاکیە ئابووریەکان، وەک بەشێک لە چالاکی کشتوکاڵی ئەژمار دەکرێت لە پاڵ بەروبومی ڕووەکی، هەندێ جاریش وەک چالاکیەکی ئابووری سەربەخۆ دادەنرێت.

هەر لە سەرتاوە پەیوەندیەکی بەهێز هەبووە لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵاندا، بەڵام وەک پیشە، بە شێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی، کە مرۆڤ هەندێک ئاژەلی بەخێو کردووە و لە چەند ڕوویەکەوە سودی لێ بینیون، وەک سود لێوەرگرتنیان لە گۆشتەکەیان بۆ خواردن و سود بینین لە خوری و پێستەکەیان بۆ جلوبەرگ و پێڵاو، هەروەها لە کاری کشتوکاڵی و جوتکردن و بارکردن وگواستنەوە و ...هتد، سەرەنجام ئاژەڵداری بووە بەپیشە و چالاکیەکی گرنگ و بڵاو بۆتەوە.[١]

ئاژەڵداری لە کۆندا لە شارەکەدا هەبووە، تا ساڵی ١٩٧٠ زۆرێک لە ماڵەکانی ناو شار، لە پاڵ کاری جوتیاریدا، ئاژەڵیشیان ڕاگرتووە، ئاژەڵەکانیش بریتیبوون لە گامێش، مانگا، ڕۆژانە گاڕانی ئاژەل لە چەقی شار،لە ناو بازاڕ کۆکراونەتەوە و براونەتە دەرەوەی شار و کاری گاوانیش بەسەرە بووە، بەڵام دواتر حکومەت ئاژەڵداری لە ناو شاردا قەدەغە و سنوردار کردووە، بەمەش کەمیکردووە و زیاتر لەدەرەوەی شاردا هەبووە، شێوازی بەخێوکردنیش گۆڕاوە بۆ دروستکردنی ئاغەڵ[*]، حکومەت هیچ ڕێگریەکی لەم کارە نەکردووە، تا ساڵی ١٩٩١ لە ناو گەڕەکە جیاوازەکانی ڕانیەدا ١٩ ئاغەڵ هەبووە، ئاژەڵەکانیش بریتیبوون لە (بزن، مەڕ، مانگا، گامێش)، ئیشکردن لەم ئاغەڵانەدا پیشەی سەرەکیی کەسەکەبووە و بەشێوەی خێزانی کاریان تێدا کردووە، سودیان لە گۆشت و شیرەمەنی و خوریەکەی وەک سەرچاوەی بژێویی ژیان بینیوە.[٢] بەڵام بەرە بەرە بەرەو نەمان ڕۆشتوون و لە ئێستادا هیچ ئاغەڵێک نەماوە. ئەوەی کە هەیە لە سەر ئاستی قەزاکەیە و دەکەونە گوندەکان و ناوچەکانی دەرەوەی شارەکە[٣].

سەبارەت بە سامانی ئاژەڵ، لە ئاماری ساڵی ٢٠١٥دا، بە گشتی لە قەزای ڕانیەدا ١١٥٠٠٤ سەر ئاژەڵ هەیە، کە ١٣٧٣٧یان دەکەونە ناحیەی سەنتەرەوە، جۆری ئاژەڵەکانیش بریتین لە بزن، مەڕ، مانگا، گامێش، کە ئەمانە بەرهەمەکەیان بریتەیە لە

---

(١) علی وهب، جغرافية الاقتصاد الزراعی، المؤسسة الجامعية لدراسات، لبنان، ١٩٨٧، ص ٢٨٩

(*) **ئاغەڵ**: شوێنێک بووە بە ڕووبەری ٤٠٠-١٠٠٠م، بە درێژایی ساڵ ئاژەڵی تێدا بەخێو کراوە، لە چەند ژورێک پێکهاتووە، وەک ژووری ئالیک، زاوزێ، کادێن، مۆڵکردن
هانا عەلی حەمە، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٧٠-١٧١

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ١٧٠

(٣) بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی ڕانیە، ژووری سامانی ئاژەڵ

گۆشتەکەیان و بەرهەمی سپیایی و خوری و پێستەکەیان. هەروەها ٩٨٧ خاوەن ئاژەڵ هەیە، کە ١٦٣ یان دەکەونە ناحیەی سەنتەرەوە.بروانە خشتەی (١٠)

خشتەی(١٠)

سامانی ئاژەل لە ساڵی ٢٠١٥ نیشاندەدات[1]

| جۆری ئاژەل | ژمارەی سەر لەناوەندی قەزا | ژمارەی سەر لە قەزا |
|---|---|---|
| بزن | ٦٥٧٢ | ٥٧٩٨٩ |
| مەر | ٤٥٨٨ | ٤٠٢٧٦ |
| ڕەشەولاخ(مانگا) | ٢٢٧٧ | ١٥٨٨٤ |
| گامێش | ٣٠٠ | ٨٥٥ |
| کۆی گشتی | ١٣٧٣٧ | ١١٥٠٠٤ |
| | | |
| ژمارەی خاوەن ئاژەڵ | ١٦٣ | ٩٨٧ |

هەروەها سەبارەت بە پەلەوەر، چەند جۆرێک باڵندە و پەلەوەری ماڵی هەن، وەک مریشک، کەڵەشێر، قاز، قەل. کە ئەمانەش بەرهەمەکەیان هێلکە و گۆشتە، جگە لە بوونی ژمارەیەک کێڵگەی پەلەوەری مریشک(دواجن) کە لە قەزاکەدا هەن، کە ژمارەیان ٦٠ کێلگەیە و ٥ دانەیان دەکەونە ناحیەی سەنتەرەوە.[2]

سەبارەت بە سامانی ماسی و ڕاوکردنی، کە یەکێکە لە پیشەکان و سەرچاوەکانی داهات و بەرهەم. بوونی زێی بچوک(دەریاچەی دەربەند) لە ڕۆژهەڵاتی شارەکە و دروستکردنی بەنداوی دووکان(١٩٥٨)، وایکردووە ڕانیە ببێتە ناوچەیەکی دەوڵەمەند لە بەروبومی ماسی.[3] سامانی ماسی لە دەریاچەی دەربەنددا ڕاو دەکرێت، ڕاوکردنی ماسی بە چەند ڕێگەیەک ئەنجام دەدرێت، وەک قولاب، تۆر دانان، شەداو، پەرەشوت، تسیار، قولابی لەنگەر. هەروەها لەم دەریاچەیدا ئەم جۆرە ماسیانە هەن حکومەتی، قوڕاوی، بزە، ماسیە مارە، باسکەسورە، شەبوت، شەبەح، تیرە. لە دەم دەریاچەکەدا چەندین ماسیگر و بەلەمەوان هەن کە بژێوی ڕۆژانەیان لەسەر ڕاوکردنی ماسیە.[4] جگەلەمانە ٧٢ پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی هەیە، کە لە ١٧٩حەوز پێکدێن، یەک دانەیان دەکەوێتە ناحیەی سەنتەر.[5]

(١) بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەشی ئاماری کشتوکالی، سەرچاوەی پێشوو
(٢) بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی رانیە، ژووری سامانی ئاژەڵ،سەرچاوەی پێشوو
(٣) هانا عەلی حەمە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢
(٤) خالید قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤
(٥) بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەشی ئاماری کشتوکالی، سەرچاوەی پێشوو

هەروەها سەبارەت بە هەنگ و هەنگەوانـی، کە یەکێکی ترە لە سەرچاوەکانی داهات و پیشەیەکی قورس و هەستیارە و پێویستی بە کەسی شارەزا و لێزانە، هەنـگ تـاکو بەهار و گوڵ تەواو دەبێت لە ناو باخچەکان بەخێو دەکرێت، دواتر دەگوێزرێتەوە بۆ نـاوچە فێنـک و کوێسـتانەکان، هەروەهـا لە وەرزی زسـتاندا دەگـوێزرێتەوە بـۆ شـوێنێکی کەمێـک گەرم و گونجاو، لە وەررزی پایزدا هەنگوینەکەی دەبڕنەوە. بە گشتی لە سەر ئاستی قەزاکە ٢١٨٤٧ کورەی هەنگ هەیە، کە ٦٨٧٣ کورەیان دەکەونە ناحیەی سەنتەر.[1]

سەبارەت بە ئـاژەڵ و باڵنـدە کێویەکـان، هەرچەنـد ئامـارێکی وردی ژمـارە و جۆرەکانیـان لەبەردەست نیە، بەڵام بە گشتی کۆمەڵێکیان هەن، ئاژەڵە کێویەکان وەک بزنی کێوی، مامز، کەروێشکی کێوی، پشیلەی کێوی، ڕێوی، بەراز، کەمتیار،دەڵەک، سمۆرە،سیخور، ژیژک، گورگ، چەقەڵ. هەروەهـا پەلەوەری کێویەکـانی وەک کەو، سوێسکە، پۆڕ، داڵ، چۆلەکە، قەلە بـاچکە، قەلەڕەش، پەرە سـێلکە، کـۆتری کێـوی، کونـدەپەپو، دارکـونکەرە، بولبـول، ماسیگرە، هەڵۆ، داڵاش، قـاژوو، قازوقولنـگ، تەیرە ئەبـابیلە، ڕیشـۆڵە، قەتـێ، پەپوسلێمانە، پەڕەسـێلکە، شەمشـەمەکوێرە ،حـاجی لەق لەق،داڵ. کە ئەمـانە سـودی ئابوریـان هەیە بـۆ خۆراک و پێستەکەیان.[2]

لە ئێسـتادا لە ناوشـاردا کشـتوکاڵ ناکرێـت، بەڵام لە دەوروبەری شـارەکە و گونـدەکانی قەزاکە کشتوکاڵ دەکرێت و نـاوچەیەکی پـربەرهەم و دەشـتێکی بەپیتە، هەروەهـا لە ئێسـتادا سـەرچاوەیەکی سـەرەکی ئـابووری دانیشـتوانی شـارەکە نـیە و بەگشـتیش لە قەزاکەدا سەرچاوەیەکی گرنگی بەرهەم و داهات نیە، چونکە گرنگیی پێنادرێت و بەرهەمی هاوردە زۆرد دێـتە نـاو شـارەکە، وەک پیشـەش دانیشـتوان بەشـێکی زۆری بـووە بە مووچەخـۆر و پیشـەی فەرمـانبەرە و دەسـتبەرداری پیشـەی کشـتوکاڵی(رووەکی و ئاژەڵـداری) بـوون، ئەمە لەسـەر ئاسـتی قەزاکە و تەنـانەت گوندەگانیش ڕاستە. بێبەرنـامەیی حکومەت سـەبارەت بەو کەرتە گـرنگە لەم دەشـتە بەپیـتەدا و بـایەخ پێنەدانــی یەکـێکە لە هۆکـارە سـەرەکیەکانی کەمبوونەوەی چالاکی کشتوکاڵی، هەروەها گۆڕانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوری کۆمەڵگـا و دروسـتبوونی پیشـەی تـر و سـەرچاوەی ئـابووری تـر، بە گشـتی و کـاریگەریی بەجیهـانیبوون و دوورکەوتـنەوەی مـرۆڤ لە سروشـت و دابڕانێکـی زۆری نێـوان مـرۆڤ و سروشت، هەموو ئەمانەش هۆکارن.

---

(١) بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەشی ئاماری کشتوکالی، سەرچاوەی پیشوو

(٢) بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی رانیە، ژووری سامانی ئاژەڵ، سەرچاوەی پێشوو

### دووەم/پیشەسازی

پیشەسازی بە یەکێک لە چالاکیە گرنگەکانی بواری ئابوری دادەنرێت، کە بەشداری دەکات لە داهاتی تاکەکەس.[1] گۆڕینی کەرەستەی خاوە بۆ بەرهەمی ئامادەکراو، دەرکەوتنی بەرفراوانی ئەم چالاکیە ئابووریە کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی دروستکردووە.[2]

دروستبوونی پیشەسازی(بە شێوە بەرفراوانەکەی) لە ئەنجامی ڕوودانی شۆرشی پیشەسازیەوە هاتوتە کایەوە، کە لەهەردوو سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم لە بەریتانیا سەریهەڵداوە، دوای ئەوەش بۆ زۆربەی وڵاتە ئەوروپیەکان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵاوبووەوە، سروشتی پیشەسازی بووە هۆی گۆڕینی زۆرێک لە ڕواڵەتەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، لە ئەنجامی دەرکەوتنی کارگە وەک دامەزراوەیەکی نوێ، کە لە ژیانی ئابووریدا ئەرکەکەی بە تەواوی جیاواز بوو لەو دامەزراوە بەرهەمداریانەی کە لە سەدەکانی ناوەراستدا باڵا دەستبوون، کە ژمارەیەکی زۆر وەرشەی پیشەیی بچوک هەبوون کە دواتر قەبارەیان گەورەتر بوو، تا گەیشتە کارگەو بووە هۆی گۆڕینی پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکان لە ناو ژیانی گشتی کۆمەڵگای هاوچەرخدا.[3]

بەگشتی چەند گۆڕانکاریەکی هێنایە ئاراوە، چ لە ناو کارگە بێت یان لەدەرەوە کارگە، پەیوەندیە خێزانیەکان بە تایبەتی لە دوای گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کلاسیکی گۆڕانی بەسەرداهات، کە لەسەر بنەمای پەیوەندیە خزمایەتیەکان و بوونی خێزانی درێژکراوە یان خێزانی گەورە پێکهاتبوو، خێزانی ناوکی(بچوک) لە ئەنجامی هەمەڕەنگیی چالاکی ئابووری و سەربەخۆیی منداڵەکان و کەسەکانی خێزانە گەورەکانەوە پێکهات، کە هەوڵیان دەدا لەو کارگانەدا ئیش پەیدا بکەن کە هەمویان لە شارەگەورەکاندا بوون، هەروەها دواتر لە ئاکامی چوونەدەرەوەی ئافرەت و بەشداریکردنی لە ژیانی ئابووری و داهاتی خێزاندا، پەیوەندیە خێزانیەکانی نێوان ژن و مێردیش گۆڕا، ئەمە بووە هۆی گۆڕان لە پێگە و ڕۆڵەکانی ناو خێزان و دەرکەوتنی شێوازی نوێ لە پەیوەندیەکانی نێوان ژن و مێرد و منداڵەکان.[4]

پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان پیشەسازی و ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، بە نمونە داهێنراوە پیشەسازیەکان لەبواری گواستنەوە و ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، ڕۆلێکی بەرچاویان بینیوە لە ئاڵوگۆڕ و پەیوەندیی کلتووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها گۆڕانی لە پیشە و کارو

(١) عدنان السيد الحسن، جيۆگرافيای (ئابوری-دانيشتوان)ی جيهانی هاوچەرخ، و: فەرمان عبدالرحمن و محمد فاتح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٦٢

(٢) احمد حبيب، الموارد الاقتصاديه، جامعة بغداد، العراق، ١٩٨١،ص ٢٩٦

(٣) عبدالله محمد عبدالرحمن، علم الاجتماع الصناعی، دار النهضه العربية للطباع والنشر، بيروت، ١٩٩٩،ص٢٨

(٤) المصدر نفسه ،ص٣١

کاردابەشەکردن و جۆر و کاتی کاردا هێناوەتە ئاراوە، کە سەرەنجام ئەمانە کاریان لە سەر ژیانی خێزانی و پێگەی ژن و پیاو کردووە و گۆڕانگاری لە داب و نەریت و پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی هێناوەتە ئاراوە.

بەرهەمی ئابووریی ژینگەیی و کشتوکاڵی هەر کۆمەڵگایەک سنورداره و پێوستی بە گۆڕین هەیە بۆ ئەوەی پەرەی پێبدرێت و بەرهەمی تری لێ دروستبکرێت و بەشی دانیشتوان بکات و بەشداریش بکات لە بازرگانیی ناوخۆیی و دەرەکی، بۆئەو مەبەستەش مرۆڤ پێوستی بە کار و پیشەسازی هەیە، گەر پێشتر لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا لە ڕێگەی پیشەی دەستی سادە و بچوک و مامناوەند بەرهەمەکان دروستکرابن و پێوستیە سەرتاییەکان پرکرابنەوە، وەک کەوچک و کورسی و دەفر و گۆچا ن و کەرەستەی خانوو، هەورەها پیشەسازیی خۆراکی وەکو دۆشاوی تەماتە(ئاوەتەماتە) و ڕبە هەنار(سرکە) و دۆشاوی ترێ، کەرە، ماست، دۆ، کەشک، دۆینە، ڕۆن، پەنیرن قەیماغ، ژاژی، لۆرک،...هتد. و بەرهەمی وشککراوی وەک مێوژ، هەنجیر، تەماتە، باینجان، بامیە، قەیسی، ...هتد. لە ئێستادا جگە لەمانە، پیشەسازی گەورە(کارگە) هەیە و کە بەرهەمی زۆر زیاترە. ژمارەی کارگەکان لە کوردستانی عێراقدا و کۆمەڵگای توێژینەوەکەش کەمن، بەشی پرکردنەوەی پێداویستیەکان ناکات و پشت بە کارگەکانی دەرەوەی هەرێم دەبەسترێت و لەڕێگەی هاوردەکردنی کاڵا و بەروبومەکان پێداویستیەکان پر دەکرێنەوە، بەمەش پیشەی دەستی و پیشەسازیە ماڵیەکان زۆر کەمبۆتەوەو هەندێکیان لە ناوچوون.

بەگشتی لە قەزای ڕانیەدا، ٢ کارگەی گەورە هەیە، کە هەردووکیان دەکەونە شاری ڕانیە، هەروەها ٤٦کارگەی مامناوەند هەیە، کە ٨ یان دەکەونە شاری ڕانیە، ٤٧٣ کارگەی بچوکیش هەن، کە ٢٤٩ یان دەکەونە شاری ڕانیە، سەبارەت بە پیشەسازیی ماڵان تەنها ئاماری ناوشاری ڕانیە بەردەست بوو، کە پێکدێن لە ٤٠ کارگە[١]. لە خشتەی ژمارە (١١، ١٢)دا دەردەکەوێت، کە ٣٠٠ کارگە لە شاری ڕانیەدا هەیە و ٧٢٣ کرێکار کاری تێدا دەکەن، ئەمە جگە لە کۆمەڵێک پیشەی وەک بەرگدوری و زێڕنگەری و سەرتاشی و وەرشەی چاککردنەوە و فیتەری و...هتد کە (٥١٣) دوکانی پیشەییی جۆراو جۆر هەن لە ناو شارەکەدا.

(١)بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەشی ئاماری پیشەسازی

خشتەی(١١)

دامەزراوە پیشەسازیەکانی شاری ڕانیە بەپێی جۆر و قەبارەی پیشەسازی(گەورە، مامناوەند، بچوک، ماڵان) و ژمارەی کرێکاران نیشاندەدات[١]

| جۆری کارگە<br>جۆری چالاکی، پیشە | قەبارەی پیشەسازی | ژ.کارگە | ژ. کرێکار |
|---|---|---|---|
| کۆنکرێت(بۆری کۆنکرێتی) | گەورە | ١ | ٥٠ |
| شامپۆ | گەورە | ١ | ٦٠ |
| بلۆک | مامناوەند | ١ | ١١ |
| چپس | مامناوەند | ١ | ١٦ |
| شیرینی | مامناوەند | ١ | ١٠ |
| نانی تیری | مامناوەند | ٥ | ٦٦ |
| هەویرکاری(نانەوا، سەمون، کولێرە، کولیچە) | بچوک | ٦١ | ١٨٣ |
| دارتاشی | بچوک | ٢٨ | ٥٤ |
| ئاسنگەری | بچوک | ٦٢ | ٧٤ |
| پاقلاوە | بچوک | ٤ | ٨ |
| چاپخانە | بچوک | ٤ | ١٣ |
| ئەلەمنیۆم و پلاستیک | بچوک | ٥٨ | ١٠٥ |
| سەهۆل | بچوک | ٢ | ٦ |
| بیبسی | بچوک | ١ | ٤ |
| گوڵەبەرۆژە | بچوک | ١ | ٣ |
| کارگەی کاشی | بچوک | ١ | ٥ |
| ئاشی لێکردنی دانەوێڵە(هاڕین) | بچوک | ٢ | ٥ |
| بەرهەمی شیرەمەنی | ماڵان | ٢ | ٩ |
| ڕستن و چنینی دەستی | ماڵان | ٣ | ٦ |
| بەرگدرووی جلوبەرگ و عەبای ئامادەکراو | ماڵان | ١٠ | ١٠ |
| جۆلایی | ماڵان | ٢٥ | ٢٥ |
| کۆی گشتی | | ٣٠٠ | ٧٢٣ |

یەکێک لەو پیشانەی تا ئێستا لە ناو شاری ڕانیەدا هەیە، پیشەی جۆلایی(کرسازی)یە، کە یەکێکە لە پیشە دەستیە بە ناوبانگەکانی کوردستان و لە ئێستادا ٢٥ وەستای کرسازی لە ناوی شاری ڕانیەدا هەن، کە لە ماڵەکانی خۆیان پیشەکە ئەنجامدەدەن و بەشێکیان بەشێوەی بۆماوەیی پیشەکەیان بۆماوەتەوە و تاکە پیشەیانە و بژێوی و گوزەرانیان لەسەر

(١) کاری مەیدانیی توێژەر بە پشتبەستن بە:
- بەڕیوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەشی ئاماری پیشەسازی
- فەرمانگەی باجی خانووبەرەی ڕاپەڕین، ئاماری پیشەیی ساڵی ٢٠١٨

داهاتەکەیەتی، کە ساڵانە، بە تایبەت بەهاران زۆری لێدەفرۆشرێت لە ناو ڕانیە، هەروەها دەشنێردرێت بۆ هەولێر و سلێمانی و ناوچەکانی تری کوردستان، بەوپێیەی بوزو(شاڵ)ی ڕانیە ناوبانگی زۆری هەیە. قاتی بوزو لە سەرەتاوە بەم جۆرە بەرهەم هاتووە: بزنی مەرەزە کە قەبارەکەی لە بزنی تر بچوکترە و لەم ناوچەیەدا و لە ئێستادا زۆرتر لە ناوچەی خۆشناوەتی هەیە، توکەکەی پێیی دەگوترێت مەرەز، خاوەن بزن ساڵی جارێک دوای نەورۆز توکەکە لە بزنە مەرەزە دەکاتەوە، بە بەکارهێنانی ئامێرێکی تایبەت کە پێی دەگوترێت برنگ، کە لە مەقەستی ئاسایی گەورەترە، بە کارەکە دەگوترێت بڕینەوە، دواتر لە لایەن ژنانەوە مەرەزەکە جوان دەشۆرێتەوە و لە شوێنێکی پاک وشک دەکرێتەوە، دواتر بە دەست دەیپشکننەوە، دواتر شە(جیا،شی) دەکرێت بە ئامێری شە[*]، دوای ئەوە مووە شەکراوەکە لول دەکرێت، دوای ئەوە بە تەشی دەڕیسرێت و دەکرێت بە دەزوو، ڕستنەکە تاکو باریکتر و لوستر و بێ گرێتر بێت، جوانترە و لێزانی تەشی ڕێسی پێوەدیارە، دوای ئەوە، ڕستراوەکە دەکرێتە گلۆڵە، دوای ئەوە دەخرێتە ناو ئاوی ئەستێرلک(سریش،جەوی، کەتیر، گیایەکی کوێستانیە)، بۆ ئەوەی لوس و ڕەونەقدار و سەرنجڕاکێش بێت و باش بچێتە پاڵ یەکتر لە کاتی تەنیندا(یان لە کاتی ڕایەلکردندا ئاوەکەی لێدەدرێت). دواتر ڕایەڵ دەکرێت بە چەقاندنی چەند دارێکی دوو لەپ لە ریز یەک کە دووریی نێوانیان نزیکی پێنج مەتر دەبێت، دوای ڕایەڵکردن، دووبارە ڕستراوەکە دەکرێتەوە گلۆڵە و ئامادەیە بۆ چنین.دوای ئەوە بە ئامێری پێچاڵ دەچنرێت و تەون دەکرێت بە درێژی ٢٥-٣٠ م و پانی ١٧- ١٨سم، دوای ئەوە بۆ ماوەی چارەکە کاتژمێرێک لە ناو ئاوی سارد دادەنرێت، دواتریش بۆ ماوەی نیو کاتژمێر لە ناو ئاودا دەکوڵێنرێت، دوای ئەوە وشک دەکرێتەوە، دواتر بە فشارێکی زۆر لە نێوان دوو پارچە تەختەدا لە کۆت دەدرێت. دواتر ئامادە دەبێت بۆ فرۆشتن و دوورین.واتا قاتێکی ڕانک و چۆغەڵی بوزوی ئامادەکراو بە ڕستن و چنین و دورین دێتە بەرهەم، قاتی بوزو ئەم ڕەنگە سروشتیانەی هەیە: سپی،ڕەش، سور، مشکی، شینکە،زەردکە، پوشی، خورمایی، کەژی، بەڵام لە ئێستادا،جگە لەمانە، بە هۆی ڕەنگکردنەوە بوزوی سپی ڕەنگی تریشی لێ دروستدەکرێت وەک شین و سەوز و...هتد. ئامێری چنینی(تەنینی) بوزو، کە پییدەگوترێت پێچاڵ، لەم بەشانە پێکدێت:چویلەکە، وڵاتە، شەوگور، لادا، پێتەک، ئێسک.[1]
بڕوانە وێنەی(٤)

---

(*) شە: ئامێرێکی سادەیە، لە پارچە دارێک دروستدەکرێت، کە دوو ڕیزی پێکداچووی شوژنی پێدا چەقێنراوە.
(١) عوسمان محمد، چاوپێکەوتن،جۆلا، ڕانیە، ٢٠١٩/٣/٢

## وێنەی (٤)

وەستا عوسمان لەکاتی ئیشپێکردنی ئامێری پێچاڵ و، قاتی بوزو و ڕەنگەکانی نیشان دەدات [١]



(١) وێنەکە لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا لە لایەن توێژەرەوە گیراوە.

## باسی سێیەم: چالاکیە ئابووریەکانی تر

### یەکەم/ بازرگانی

بازرگانی بەشێکی نەسەقی ئابووریە، ڕواڵەتێکە لە ڕواڵەتەکانی ژیانی ئابووری، لە سەر بنەمای وەرگرتن و پێدان(ئاڵوگۆر- هەناردەکردن و هاوردەکردن) دامەزراوە.[١] ئەم چالاکیە یەکێکە لە ڕەگەزەکانی شار، ئینجا شار بچوک بێت یان گەورە، خزمەتگوزاریەکانی ئەم چالاکیە تەنها بۆ دانیشتوانی شارەکە نیە، بەڵکو دەگاتە ناوچەکانی دەرەوەی سنوری شار و یەکە کارگێریەکانی دەوروبەری.[٢]

بازرگانی کردەیەکی ئابووری و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، بەهۆی پێویستیەوە پەیدا دەبێت، دوو جۆرە بازرگانی ناوەوە و بازرگانی دەرەوە، شمەکی بەرهەمهاتووی زیاد لە پێویست ئاڵوگۆڕ دەکرێت بە شمەکی تر، کە پێویستن، پێویستە لەم ئاڵوگۆڕەدا هاوسەنگبوون هەبێت. بازرگانی، کە یەکێکە لە چالاکیەکانی مرۆڤایەتی، بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، تا ئەو کاتەی کە پارە پەیدا بووە و ئیتر ئاڵوگۆڕ بە پارە کراوە، پارە بەها و نرخی کەلوپەل و شمەکی دیاریکردووە، لە دوای پەیدابوونی پارە بازرگانی چووە قۆناغێکی نوێوە و جێگیر بوو.[٣]

بازرگانی بە بەرهەمی زیاد لە پێویستیەکانەوە دەکرێت، واتا ئەو بەرهەمانەی کە هی ناوخۆیە و زیادن لە پێویست، ئاڵوگۆر دەکرێن بەو بەرهەمانەی کەمن یان نین لە ناوخۆدا و پێویستیشن بۆ ژیان.[٤]

شاری ڕانیە هەر لە کۆنەوە شوێنێکی گرنگی هەبووە، چونکە وەک ئەڵقەیەکی پەیوەندی وابووە، بەهۆی ئەو کاروانە بازرگانیانەی کە لە کۆیەوە بە ڕانیەدا تێپەڕیون و لەوێشەوە بەرەو قەڵادزێ و دواتریش بەرەو شاری سەردەشتی ئێران ڕۆشتووە،[٥] واتە شاری ڕانیە کەوتۆتە سەرڕێگای بازرگانیی نێوان وڵاتانی عێراق و ئێران، ئەمەش وای کردووە کۆمەڵگای توێژینەوە لەڕووی هەڵکەوتەی شوێنیەوە بایەخێکی گرنگی هەبێت، بە تایبەتی لە بواری بازرگانی.[٦] هەرلە کۆنەوە ناوچەیەکی کشتوکاڵی بووە، یەکێک لەو بەرهەمانەی کە زۆر داچێنراوە و کاری بازرگانیی پێوەکراوە بەرهەمی توتن بووە، لە سەردەمی

(١) قيس النوری، الانثروبولوجيا الاقتصادية، المصدر السابق، ص١٣١
(٢) عبدالرزاق عباس حسين، جغرافية المدن، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٧٧،ص٧٣
(٣) عزت فتاح حمەصالح، ژیانی کۆمەلایەتیی هەورامان،سەرچاوەی پێشوو ل ٦٧
(٤) قيس النوری، مدخل الى علم الانسان، المصدر السابق، ص١٦٣
(٥) دبليو.ار.هي، سنتان في كردستان ١٩١٨-١٩٢٠، ج١، ت: فؤاد جميل،دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٣، ص٥٦.
(٦) محمد وتمان محمد، سەرچاوەی پێشوو،ل٣٤٧

عوسمانیەکانەوە بەرهەمی توتن لە نێوان شاری ڕانیە و شاری کۆیەدا بازرگانیی پێوەکراوە. لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٨-١٩٨٠) یەکێک لە بازرگانیە سەرەکیەکانی ڕانیە بازرگانیی توتن بووە.[١] بەڵام لە ئێستادا بەپێی خشتەی(٨) ئەم بەرهەمە نیە، ئەگەر هەشبێت، تەنیا لە ئاستێکی زۆر کەمدایە و تۆمار نەکراوە.

شاری ڕانیە پێشتر بەرهەمی کشتوکاڵی هەردوو جۆری ڕووەکی و ئاژەڵی زۆر بووە، پێشتر لە نێوان شار و ناحیە و لادێکانی دەوروبەری ناوچەکە ئاڵوگۆڕی شمەک بە شمەک هەبووە، هەروەها بەروبومی لادێکانی لە ناو بازاڕی شارەکەدا ساغکراوەتەوە و لادێنشینەکانیش بە پارەی بەروبومەکان کەلوپەل و شمەکی پێویستیان کڕیوەتەوە. بە هەمان شێوە ئێستاش کە شاری ڕانیە ناوەندی قەزایە و ناحیە و گوندی زۆری دەکەوێتە سەر، کە ئەمانە دەوڵەمەندن بە بەرهەمی کشتوکاڵی ڕووەکی و ئاژەڵی و لە ناو شارەکەدا مامەڵەی بازرگانیان پێوە دەکرێت و ساغ دەکرێنەوە و ئاڵوگۆڕی بازرگانی ناوخۆیی ڕوودەدات.

**بازرگانی دوو جۆرە: بازرگانیی ناوخۆ و بازرگانیی دەرەوە:**

**بازرگانیی ناوخۆ**، ئەو جۆرەی بازرگانیەیە کە بریتیە ئاڵوگۆر و کڕین و فرۆشتنی کاڵا و شمەک و بەرهەمەکان لە ناو سنوری وڵاتیکدا. هەروەها **بازرگانیی دەرەکی** یەکێکە لە جۆرەکانی بازرگانی، بریتیە لە ئاڵوگۆڕ و کڕین و فرۆشتنی کاڵا و شمەک و بەرهەمەکان لە نێوان دوو سنوری سیاسیی جیاواز.[٢]

بازرگانیی ناوخۆ وەک باسکرا لە ناو قەزاکەدا و لەگەڵ پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێردا هەیە، لەگەڵ ئەوەی هیچ داتا و ئامرێک بەدەست نیە سەبارەت بە بڕ و جۆری بەرهەم و کاڵا بازرگانیەکان.

سەبارەت بە بازرگانیی دەرەوە لە شاری ڕانیە، زیاتر بریتیبووە لە گەڵ شارەکانی تر و لە بازرگانیی قاچاغ، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی ڕانیەوە، کە نزیکبووە لە ناوچە سنوریەکانی وڵاتی ئێرانەوە، لەگەڵ ڕاگواستنی ناوچە سنوریەکان و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردوگا زۆرەملێکان، بە تایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٧٧ زیاتر پەرەیسەندووە و بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی ئەم کارەیان دەکرد خەڵکی ناوچە ڕاگوێزراوەکان بوون، بەشێک لەو کەلوپەلانەی کاری قاچاغچێتی پێوەکراوە بریتیبوون لە پاکەت، شوشەوات، فستەق، ئاژەڵ. لە دوای ساڵی ١٩٨٨-١٩٨٩ بە هۆی ڕاگواستنی شاری قەڵادزێ و ئۆردوگاکانی بەستەستێن و

(١) هانا عەلی حەمە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١

(٢) اسماعیل عبدالرحمن و حربی عریقات، مفاهم و نظم اقتصادیة، دار الوائل للنشر، اردن، ٢٠٠٤، ص٢٤١

تووەسوران قۆناغێکی تری کاری بازرگانی لە ناوچەکەدا پەیدا بووە و ڕانیە بۆتە سەنتەری ئەم کارە و کەناڵی ڕاستەخۆبووە لە نێوان سنوری پێشمەرگە و وڵاتی ئێران.[1] بە تێبینی و سەرنجدانی توێژەر، لە ئێستادا لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، کاری قاچاغچیەتی هەیە، بەڵام نەتوانرا زانیاری لەسەر کۆبکرێتەوە.

لەبەر ئەوەی زانیاریی تەواو لەبەردەستدا نیە لەسەر جۆر و بڕی ئەو کالا و بەرهەمانەی لە نێوان شاری ڕانیە وشارەکانی تری کوردستان و عێراق و دەرەوەی عێراق بازرگانیان پێوە دەکرێت، بەشێوەیەکی گشتی تەنها بازرگانیی ناوخۆیی و بازاڕی شارەکە دەخرێتەڕوو، بە جۆرێک لە شارەکە نزیکەی ١٦ بازاڕ(قەیسەری) و ٢١٧٨ دووکانی بازرگانیی تێدایە، بڕوانە خشتەی(١٢)، کە بەشێکی ئەم دوکانانە بەرهەمی ناوخۆن و یان لە شارەکانی تری هەولێر و سلێمانییەوە دێن و بەشێکی بەروبومی ئەم شارەش بۆ ئەوان دەچێت، یان لە دەرەوەی عێراق و لە وڵاتانی تورکیا و ئێران و وڵاتانی ئەوروپی و چین دەهێنرێن.

خشتەی(١٢)

دوکانە بازرگانیەکانی شاری ڕانیە[2]

| جۆری دوکان | ژ. دوکان | جۆری دوکان | ژ. دوکان |
|---|---|---|---|
| فرۆشگای خۆراک | ١٣٩ | پێڵاو فرۆش | ٩٣ |
| ئامێری کارەبایی ناو ماڵ | ٥٢ | دەرمانخانە | ٧٢ |
| فرۆشتن و چاککردنی کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی | ٥٥ | نوسینگەی کڕین و فرۆشتن و بەکرێدانی زەوی و خانوو | ٩٠ |
| سەوزە و میوە | ٤٣ | نوسینگەی کۆپی سیدی | ٣٦ |
| مۆبایل و پێداویستی مۆبایل | ٤٧ | ئاڵوگۆڕی دراو | ٣٥ |
| کتێبخانە و پەڕاوگە | ٥٠ | بازاڕی لەنگە(کۆنە)ی ناوبازار | ٤٨ |
| کەلوپەل و پێدوایستی بیناسازی | ٧١ | گوڵفرۆش | ٦ |
| پێداویستی ئۆتۆمبیل | ٣٤ | کۆگا | ٥ |
| کۆگای دەرمان | ١١ | پەردە فرۆش | ٧ |
| گۆشتفرۆشی | ١٢ | یاری منداڵان | ٦ |
| بەرهەمی سپیایی | ٨ | پۆشاکی سەربازی | ٦ |
| چەرەسات | ٦ | پۆشاکی وەرزشی | ٥ |
| سەعات فرۆش و تابلۆ فرۆش | ٧ | پێشانگی مۆبیلیات | ١٩ |
| سوپەرمارکێت | ١٤ | جلوبەرگ(پیاوان، ژنان، منداڵان) | ١٧٤ |
| گەچ و چیمەنتۆ فرش | ٧ | کوتاڵفرۆش | ٤٦ |
| کاشیفرۆش | ٦ | خواردنەوەی کهولی | ٤٣ |
| فەرش و کومبار و بەتانی | ٣٨ | دوکانی تر | ٨٨٣ |
| **کۆی گشتی** | | | **٢١٧٨** |

(١) هانا عەلی حەمە، ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤

(٢) کاری مەیدانیی توێژەر بە پشتبەستن بە:

- بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەشی ئاماری پیشەسازی، سەرچاوەی پێشوو
- بەڕێوبەرایەتیی باجی خانوبەرەی ڕاپەڕین، ئاماری پیشەیی ٢٠١٨

## دووەم/ گەشتوگۆزار

یەکێکە لە چالاکیە ئابوریەکان و سەرچاوەیەکی بەدەستهێنانی داهاتە، یەکەمین پێناسەی گەشتیاری لە ساڵی ١٩٠٥ لە لایەن زانای ئەڵمانی جویر فرۆیلی کراوە، کە دەڵێت" یەکێکە لە دیاردەکانی ئەم سەردەمە، سەریهەڵدوە بەهۆی پێویستی زیاتری مرۆڤ بە پشوو و هەواگۆرکێ و هەستکردنی بە جوانیی سروشت و، چێژوەرگرتن لەو شوێنەی سروشتێکی تایبەت و جوانی هەیە و مانەوە تێیدا، کەئەمەش بەرهەمی پێشکەوتنی هۆکانی گواستنەوە و گەشەکردنی پەیوەندیەکانە، بەتایبەتی پەیوەندی لە نێوان گەلان و کۆمەڵگاکاندا".(١) هەروەها رێکخراوی گەشتیاری نێودەوڵەتی پێناسەی گەشتیاریی کردووە و دەڵێت" چالاکیەکی مرۆیی و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، گواستنەوەی شوێنی هەمیشەیی کەسەکانە(گەشتیار) بۆناوچەیەکی دەرەوەی کۆمەڵگاکانیان بۆ ماوەیەکی کاتی، کە کەمتر نەبێت لە ٢٤ کاتژمێر و زیاتریش نەبێت لە ساڵێکی تەواو، بۆ مەبەستێک لە مەبەستەکانی گەشتیاری بێت، جگە لە خوێندن و کارکردن"(٢)

ئەم چالاکیە، کە یەکێکە لە سەرچاوەکانی داهات و لایەنێکی گرنگی ئابووریە، جگە لە دەستکەوتی ئابووری، بایەخ و گرنگیی کلتوریشی هەیە، بەوپێیەی دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕ و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئابووری.(٣) واتا ئەرکێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە، کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت، کە لە ئەنجامی گەشتیاریدا پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان دروستدەکات، کە جیاوازن لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی تر لە رووی سروشت و هۆکاری دروستبوونیان. هەروەها بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی بنەما کلتوری و کۆمەڵایەتیەکانی هەر وڵاتێکدا دەکات و رێگایەکی گرنگە بۆکرانەوەی کۆمەڵگاکان و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، چونکە گەشتیاران بە کلتور و دابونەریت و شێوازی هەڵسوکەوتی خۆیانەوە گەشتدەکەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی کلتوری.

بە گشتی، شوێنە گەشتیارەیەکان بەسەر سێ گروپدا پۆلێن دەکرێن:

١-سروشی: دیمەنی سروشتیی سەرنجراکێش، ڕووەک و ئاژەڵی ناوازە، تاڤگە، پارک و کانی کانزایی و...هتد ٢-مێژوویی و کلتوری: شوێنی مێژوویی و کلتوری، تایبەتمەندیی جیاوازی داب و نەریت، کەلەپور و ...هتد. ٣-دەستکرد(مرۆڤی): پارکی تایبەت، سەنتەری بازار، کۆنفراس و کۆبونەوە و سیمینار و پێشانگاکان، وەرزش و ...هتد.(٤)

---

(١) محمد منير حجاب، الاعلام السياحى، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهره، ٢٠٠٣،ص٢١

(٢) المصدر نفسه ،ص٢٢

(٣) شارلوت سيمور- سميث، المصدر السابق، ص٣٤١

(٤) داغستان سعيد، جازبەهای کردشگری، انتشارات مهکامه، تهران، ١٣٩١، ص٤٨

بەشێوەیەکی گشتی ناوچەکە شوێنێکی گرنگی گەشتوگوزاریە، توانای سروشتی و مرۆییی تێدایە بۆ گەشە کردن و پێشکەوتنی گەشتوگوزار، ئەمەش بەهۆی بونی بنەما سەرەکیەکانی گەشتوگوزار تێیدا، وەک هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و سروشتیی ناوچەکە، کە وایکردووە ناوچەیەکی گرنگ بێت بۆ چالاکیە گەشتوگوزاریەکان.[1] وە هەروەها دیمەنی سروشتی و بەرزی و نزمی وک چیاکان و دۆڵ و دەشت و دەربەند و بوونی ئاووهاوی مامناوەند. بە گشتی کەرتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگای توێژینەوەکە بە تایبەتی، بە دواکەوتوویی ماوەتەوە. لە کاتێکدا خاوەنی زۆر بنەمای سروشتی و مرۆیی گەشتیاریە، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە وەک پێوست بەکاربهێنرێت و سوردی لێ وەربگیرێت و بکرێتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات.

ناوچە گەشتوگوزاریەکانی قەزای ڕانیە سەرجەمیان ٣٤ شوێنن، کە خەڵکی سنوری قەزاکە و دەرەوەی قەزاکەش سەردانیان دەکەن، ئەمانەن: دارەبەن، محبباب، گوڵان، کانیەڕەش، ئەشکەوتی بیتکار، سەرچاوەی مێدێرێ، بەردانگە، گۆڕەبۆت، ئاوی بەردی، کەوبێن، دێمان، سەدی گەشتیاری سەروچاوە، دۆڵناران، بێتواتە، سەرئەشکەوتان، هەرتەل، زێوێ، ئەشکەوتی زیندوو(گەلی قوڵ)، کلاوی دێوان، چیای ماکۆک، قولەی کانی ماران، تاویە(کانیە)، کانی قوڵگە، هیزۆپ، ڕوباری قەمتەران. بەڵام ئەوانەی دەکەونە سنوری شاری ڕانیەوە، ئەمانەن: بناری حاجیلە، غاباتی ڕانیە، گڵەزەرد، گەناوی قورەگۆ، بناری قورەگۆ-دەربەند، دەربەندی ڕانیە، باسنوسیان.[2] دەربەندی ڕانیە و دارستانی دامێن کێوەرەش(غابات): کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی شاری رانیە، یەکێکن لەو شوێنە گەشتیاریانەی ساڵانە لە وەرزی بەهاراندا، سەیرانکەری زۆر سەردانی دەکەن. بڕوانە وێنەی (٥)

وێنەی (٥) دەربەندی ڕانیە نیشان دەدات[3]




(١) شیروان عومەر رەشید، بنەماکانی جزگرافیای سروشتی و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمان،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٩٨

(٢) بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری ڕاپەڕین، ئاماری شوێنە گەشتیاریەکان

(٣) وێنەکە وەرگیراوە لە بەڕێز فۆتوگرافەر ئەحمەد مام کاک

### سێیەم/ فەرمانبەری

چـالاکیەکی ئـابووری و پەیـداکردنی بژێـویە، ئەو کـارەیە کە مـرۆڤ ئەنجامیـدەدات لە دامودەزگا کارگێریەکانی حکومەت و کۆمپانیاکان.(١) بەو پێیەی کاری فەرمـانبەری بە گشتی پەیوەسـتە بە خوێنـدن و بە دەسـتهێنانی بڕوانـامە، لێـرەدا ئامـاژەیەک دەدرێـت بە مێـژووی خوێندنی فەرمی لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا.

بۆ یەکەم جـار لە سـاڵی ١٩١٩دا ئینگلیزەکـان خوێنـدنی کوردیـان هێنـاوەتە کوردسـتانی عێراق(٢) و لە ساڵی ١٩٢٢ یەکەم خوێندنگا لە شـاری ڕانیە کراوەتەوە بەنـاوی خوێنـدنگەی ڕانیەی سەرەتایی، واتا مێژووی خوێندنی فەرمی لە ڕانیە دەگەڕێتەوە بۆ هەمـان سـاڵ.(٣) تـا ساڵی ١٩٧٦ ژمارەی خوێندنگاکان زیادیکردووە و بووە بە ٨ خوێندنگا، هەروەهـا تـا سـاڵی ١٩٩٠ ژمارەیــان زیــادیکردووە بــۆ ٢٠ خوێنــدنگای ســەرەتایی و ناوەنــدی و ئامــادەیی و ئامـادەیی پیشەسـازی و بازرگـانی(٤)، هەروەهـا لە ئێسـتادا لە شـاری ڕانـیەدا ١٠ بـاخچەی منداڵان و ٥١ خوێندنگا هەیە، کە ٣٧ یان بنەڕەتین(سـەرەتایی و ناوەندیی جـاران) و ١٤یـان ئامادەیین، هەروەها ٥ پەیمانگا و یەک زانکۆی تێدایە.(٥) سەبارەت بە مێژووی فەرمانگەکـان لە ڕانیەدا، بۆ یەکەم جار لە سـاڵی ١٩٢٢نەخۆشـخانەیەکی بچوکی تێدا کـراوەتەوە و لەسـاڵی ١٩٤١-١٩٤٢ یەکەمـین بـنکەی تەندروسـتیی تێـدا کـراوەتەوە، تـا سـاڵی ١٩٨٢، نـۆزە فەرمانگە لە ناو شاری ڕانیەدا هەبوون.(٦) لە ئیستادا، ژمـارەی فەرمانگەکـانی شـاری ڕانـیە بریتیە لە ٦٣ فەرمانگەو ١٥٥٢٦ فەرمانبەر کاریـان تێدا دەکەن، کە ٧٠% یـان لە ڕەگەزی نێرن و ٣٠% یان لە ڕەگەزی مێن. بڕوانە خشتەی( ١٣ ، ١٤ )

پێشتر خەڵکی شارەکە زیاتر بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و کڕین و فرۆشتنی بەرهەمەکـان و، هەروەهـا پیشـەی دەسـتی و پیشەسـازی بچـوک و دوکانـداری و کـاری ئـازادەوە سـەرقاڵ بوون و بژێویان لەسەر ئەمانە بوو، بەڵام لە ئێستادا جگە لە مـانە کـاری فەرمـانبەری یەکێکە لە پێشینەترین کار و سەرچاوەکانی بژێوی.

---

(١) زيدان عبدالباقى، المصدر السابق، ص٣٧

(٢) هانا عەلی حەمە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦

(٣) حسين محمد عيدان، الخدمات التعليمية فى مدينة رانية-محافظه السليمانية-العراق، رسالة ماجستير،غير منشورة، كلية اداب، جامعة المنصورة، مصر،٢٠١٥،ص٦١

(٤) هانا عەلی حەمە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨-١٦٩

(٥) فەرمانگەی ئاماری ڕانیە، ئاماری ٢٠١٨

(٦) هانا عەلی حەمە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩-٣٧

خشتەی(١٣)

فەرمانگەکانی شاری ڕانیە نیشاندەدات[١]

| ز | ناوی فەرمانگە |
|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەرایەتی چاککردن و پاراستنی ڕێگاوبانی ڕاپەرین |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی ڕاپەڕین |
| ٣ | بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی ڕاپەرین |
| ٤ | بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستیی ڕاپەرین |
| ٥ | بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە |
| ٦ | بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ڕانیە |
| ٧ | زانکۆی ڕاپەرین |
| ٨ | بەڕێوەبەرایەتیی خانووبەرەی میری ڕاپەرین |
| ٩ | بەڕێوەبەرایەتیی تۆماری خانوبەرەی ڕاپەرین |
| ١٠ | فەرمانگەی دادنوسی ڕاپەرین |
| ١١ | بەڕێوەبەرایەتیی بانکی کشتوکاڵی ڕاپەرین |
| ١٢ | بەڕێوەبەرایەتیی باجی دەرامەتی ڕاپەرین |
| ١٣ | بەڕێوەبەرایەتیی گەنجینەی ڕاپەرین |
| ١٤ | بانکی ڕەشید |
| ١٥ | بەڕێوەبەرایەتیی خانەنیشینی ڕاپەرین |
| ١٦ | بەڕێوەبەرایەتیی باجی خانوبەرەی ڕاپەرین |
| ١٧ | بەڕێوەبەرایەتیی ژینگەی ڕاپەرین |
| ١٨ | بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانەی گشتیی ڕاپەڕین |
| ١٩ | بەڕێوبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەری ڕاپەڕین |
| ٢٠ | فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ڕاپەرین |
| ٢١ | بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری منداڵانی ڕاپەرین |
| ٢٢ | بەریوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ڕاپەرین |
| ٢٣ | ویستگەی سوتەمەنیی ڕانیە |
| ٢٤ | بەڕێوەبەرایەتیی پۆستەوگەیاندنی ڕاپەرین |
| ٢٥ | بەڕێوەبەرایەتیی گواستنەوەی ڕانیە |
| ٢٦ | بەڕێوەبەرایەتیی دابەشکردنی کارەباری ڕاپەرین |
| ٢٧ | بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان |
| ٢٨ | بەڕێوەبەرایەتیی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیی ڕاپەرین |
| ٢٩ | بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی ڕانیە |

(١) فەرمانگەی ئاماری ڕانیە، ئاماری ٢٠١٩

| | |
|---|---|
| ٣٠ | بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی ڕاپەڕین |
| ٣١ | بەڕێوەبەرایەتیی ڤێتەرنەری ڕاپەڕین |
| ٣٢ | بەڕێوەبەرایەتیی مافی مرۆڤی ڕاپەڕین |
| ٣٣ | سەرۆکایەتیی شارەوانی ڕانیە |
| ٣٤ | بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هاتوچۆی ڕاپەڕین |
| ٣٥ | بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی ڕاپەڕین |
| ٣٦ | بەڕێوبەرایەتیی بەرگریی شارستانی ڕاپەڕین |
| ٣٧ | بەڕێوەبەرایەتیی ڕەگەزنامەی و باری شارستانیی ڕاپەڕین |
| ٣٨ | بەڕێوەبەرەراتیی بەدواداچوون و توندوتیژیی دژی ژنانی ڕانیە |
| ٣٩ | بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕاپەڕین |
| ٤٠ | قایمقامیەتی قەزای ڕانیە |
| ٤١ | بەڕێوەبەرایەتی بانکی خانوبەرەی ڕاپەڕین |
| ٤٢ | بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری ڕاپەڕین |
| ٤٣ | بەڕێوەبەرایەتی شەوێنەواری ڕاپەڕین |
| ٤٤ | یاریدەدرێتی ئاساشی ڕانیە |
| ٤٥ | ناوەندی وەرزش و لاوانی ڕانیە |
| ٤٦ | بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی ڕانیە |
| ٤٧ | بانکی کێوەڕەش |
| ٤٨ | هۆبەی دارستان و پاوانی بیتوێن |
| ٤٩ | بەڕێوەبەرایەتیی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیی بیتوێن |
| ٥٠ | بەڕێوەبەرایەتیی گواستنەوەی ڕاپەڕین |
| ٥١ | دادگای بەرایی ڕانیە |
| ٥٢ | بەشی ڤێتەرنەری ڕانیە |
| ٥٣ | ئیدارەی ڕاپەڕین |
| ٥٤ | بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەری ڕاپەڕین |
| ٥٥ | سامان و دروستیی ئاژەڵ |
| ٥٦ | بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانیی ڕاپەڕین |
| ٥٧ | بەشی پۆلیس و دارستان و ژینگەی ڕانیە |
| ٥٨ | بەڕێوەبەرایەتیی ئاراستەکردن و ڕابەریکردنی مەعنەویی ڕاپەڕین |
| ٥٩ | هۆبەی نەوجەوانانی ڕاپەڕین |
| ٦٠ | فەرمانگەی کارتی نیشتمانی ڕانیە |
| ٦١ | بنکەی پاسپۆرتی ڕاپەڕین |
| ٦٢ | بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەکانی ڕاپەڕین |
| ٦٣ | بنکەی پاسپۆرتی ڕاپەڕین |

خشتەی(١٤)

ژمارەی فەرمانبەرانی شاری ڕانیە بەپێی ڕەگەز نیشاندەدات[١]

| ژ.فەرمانبەرانی هەمیشەیی بە پێی ڕەگەز | | | ژ.فەرمانبەرانی گرێبەست بە پێی ڕەگەز | | | کۆی ژمارەی فەرمانبەران | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ |
| ٩٩٨٨ | ٤٤٣٠ | ١٤٤١٨ | ٨٥٥ | ٢٥٣ | ١١٠٨ | ١٠٨٤٣ | ٤٦٨٣ | ١٥٥٢٦ |
| %٦٩ | %٣١ | %١٠٠ | %٧٧ | %٢٣ | %١٠٠ | %٧٠ | %٣٠ | %١٠٠ |

**بە گشتی** چالاکیە ئابووریەکانی (کشتوکاڵ، پیشەسازی، بازرگانی و گشەتوگوزار، کارگێری(فەرمانبەری)) هەموویان بە ڕێژەی جیاواز بەشداریدەکەن لە پێکهاتەی ژیانی ئابووری کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا و بە گشتی کارکەرانی کۆمەڵگای توێژنیەوەکە، ٥٩% لە کەرتی حکومیدان، واتە فەرمانبەرن، هەروەها ٤١% لە کەرتی تایبەتدا کار دەکەن، وەک چالاکی کشتوکالی و پیشەسازی و بازرگانی و کاری ئازاد و ...هتد[٢]

لە دوای ئەمانە دەردەکەوێت کۆمەڵگای توێژینەوە، لەگەڵ ئەوەی کە پێشتر کشتوکاڵی بووە و لە بنەڕەتدا لەسەر دەشتێکی بە پیت دروستکراوە و دەورەدراوە بە گوند و ناوچەی بە پیت و پر بەرهەم، ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە کەرەستەی خاو و شوێنی گەشتیاری، بەڵام لە داتاکانی ئیستادا دەردەکەوێت وەک سەرچاوەی بەرهەم و داهات کەرتی تری وەک فەرمانبەری حکومی و بازرگانی (تەنیا هاوردەکردن) و پیشەسازی لە پێشترن، هەڵبەتە کۆمەڵگای توێژینەوەکە پەیوەستە بەدەوروبەر(ناحیە و گوندەکانی) و لە پەیوەندیەکی بەردەوامی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوریدایە، تا ڕادەیەکی بەهێز و کاریگەر، کە ئەمەش جۆرێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ دروستکردووە، کە لە بەشەکانی تردا ئاماژەی پێدەدرێت.

(١) بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەشی شیکاری زانیاری

(٢) هەمان سەرچاوە.

## بەشی سێیەم: نەسەقی کۆمەڵایەتی(خزمایەتی)

### باسی یەکەم: هاوسەرگیری

یەکەم/ هاوسەرگیری

دووەم/ جۆر و ڕێگاکانی هاوسەرگیری

سێیەم/ مەڕاسیمی هاوسەرگیری

### باسی دووەم: خێزان

یەکەم/ خێزان و ئەرکەکانی

دووەم/ جۆرەکانی خێزان

### باسی سێیەم: خزمایەتی

یەکەم/ خزمایەتی و ئەرکەکانی

دووەم/ جۆرەکانی خزمایەتی

سێیەم/ زاراوەکانی خزمایەتی

## بەشی سێیەم:نەسەقی كۆمەڵایەتی(خزمایەتی) النسق الاجتماعي(القرابة)

نەسەقی كۆمەڵایەتی، یەكێكە لە نەسەقە بنەڕەتی و گرنگەكانی پێكهاتەی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگا، كە كاریگەریی لە سەر نەسەقەكانیتر هەیە و كاریگەریشە پێیان، واتا لە پەیوەندیەكی تەواكاریدان لەگەڵ یەكتری. لەم تویژینەوەیەدا لە ڕێگەی سێ باسەوە (هاوسەرگیری، خێزان، خزمایەتی) نەسەقی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگای تویژینەوە دەخرێتەڕوو، كە زۆر پەیوەست و پەیوەندیدارن بە یەكترەوە، هەروەک احمد ابوزید دەڵێت"ئەوكاتەی تویژینەوە لە كۆمەڵگای نەرتیی دەكەین، قورسە جیاكردنەوە و دابڕینی خزمایەتی لە هاوسەرگیری و خێزان، چونكە توێژەر لە خزمایەتی تێناگات، تاكو شیكاری هاوسەرگیری و خێزان نەكات، لەبەرئەوەی خزمایەتی لە بنچینەدا، وەستاوە لەسەر هەردوو جۆری پەیوەندیی خوێن و پەیوەندیی ژنوژنخوازی، كە ئەمانەش دوو بابەتی سەرەكی پەیوەستن بە خێزان و هاوسەرگیری."(١)

### باسی یەكەم: هاوسەرگیری

#### یەكەم/ هاوسەرگیری

هاوسەرگیری دیاردەیەكی گشتیە، لە تەواوی كۆمەڵگا كۆن و نوێیەكان و سەرەتایی و شارستانیدا هەیە، پێویستیەكە لە پێویستیەكانی ژیانی بایۆلۆجی و كۆمەڵایەتی، هەروەها هاندەدرێت و دانی پێدا دەنرێت لە هەموو ڕەهەندەكانەوە، وەک ڕەهەندی سروشتی و كۆمەڵایەتی و ئاینی و ئابووری و سیاسی و...هتد.(٢)

هاوسەرگیری، پرۆسەیەكی ڕێكخراو و پەیوەندیەكی سروشتی-كلتوریە، كە بە گشتی لە نێوان یەک ژن و یەک پیاودا، بە ئارەزومەندانە یان الزامی و ناچاری، بە ڕێگای عورفی و ئاینی یان یاسایی ئەنجام دەدرێت.(٣) لە ئەنجامدا، ئەو منداڵانەی لە دایكدەبن دانپێدانراون و بەفەرمی ناسینراون.(٤) وستر مارک دەڵێت" هاوسەرگیری بریتیە لەو پەیوەندیەی پیاوێک بە ژنێكەوە یان بە بەچەند ژنێكەوە، یان ژنێک بە پیاوێک یان چەند پیاوێكەوە دەبەستێتەوە،

---

(١) احمد ابوزيد، المصدر السابق، ص٢٧٧

(٢) مليحة عوني قصير و معن خليل عمر، المصدر السابق، ص٣٠١

(٣) ناصر فكوهى، مبانى انسان شناسى، نشر نى، تهران، ١٣٩٦، ص١٦٠

(٤) كنراد فيليپ كتاك، انسان شناسى، كشف تفاوت هاى انسانى، ت: محسن ثلاثى، انتشارات علمى، تهران، ١٣٨٦، ص٥٤٧

پەیوەنــدیەکی جێگیــری ڕێــژەییە، بەمەبەســتی تێرکردنــی سێکســی و هاوکــاری ئابوری،پەیوەندیەکە دانپێدنراوە لەلایەن کۆمەڵگا و، داب و نەریت و یاسا ڕێگەی پێداوە.[١]

هاوسەرگیری لە نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز(نێر، مێ) دروستدەبێت، لەسەر بنچینەی پەیوەندیی سیکسیی بەردەوام، هەر لەسەر ئەم بنچینەیە، پەیوەندیی نێوان دوو کەسی هاوڕەگەز، چ بەشێوەی کاتی، یان هەمیشەیی، بە هاوسەرگیری ئەژمار ناکرێت. هەروەها تەنیا پەیوەندیی جەستەیی نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز بەس نیە بۆ ئەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری ڕووبدات، بەڵکو دەبێت لە لایەنی کۆمەڵایەتیەوە ڕەوایی بەو پەیوەندیە جەستەییە بدرێت، واتە بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری، پێویستە کۆمەڵگا ڕەزامەند بێت و پەسەندی بکات.[٢] هەروەها لەگەڵ ئەوەی هاوسەرگیری هۆکار و ئامرازێکە بۆ پرکردنەوەی سێکسی، ئەوا لەپاڵ ئەوەشدا ئەرکی کۆمەڵایەتی تری زۆر گرنگی هەیە، لە ناو هەموو گەلاندا ژن و مێرد یەک ژیانی هاوبەش دەژین و خێزان دروست دەکەن، کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا لە گەڵیدان و پشتگیری دەکەن، هەروەها چاوەڕوانی ئەوە دەکەن، کە هاوسەرگیریەکە ببێتە هۆی هاوکاریی یەکتر کردن و دروستبوونی پەیوەندیی خزمایەتی، هەروەها ببێتە هۆی لەدایکبوونی منداڵ و پەروەردەکردنی و پێشکەشکردنی بە کۆمەڵگا.[٣] واتا لەگەڵ ئەوەی هاوسەرگیری سەرچاوەی دروستبوونی هەموو جۆرەکانی خێزانە، لە هەمانکاتدا، هۆکاری بەیەکەوە بەستنی دوو گروپی جیاوازە و پەیوەستبوونی خزمایەتی لە نێوانیاندا دروستدەکات.[٤] هەروەها چەندین پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی پێکەوەبەستراوی تێدایە.[٥]

لە ژێر ڕۆشنایی باس و پێناسەکانی هاوسەرگیریدا دەردەکەوێت کە هاوسەرگیری پێکدێت لە پەیوەندیەکی سێکسی، کۆمەڵایەتیی دانپێدانراو لەلایەن کۆمەڵگاوە، بە گوێرەی ئاین یان داب و نەریت یان یاسا جێبەجێدەکرێت، کە دروستکردنی خێزان و خزمایەتی لێدەکەوێتەوە، گرنگترین ئەرکەکانیشی بریتین لە پرکردنەوەی غەریزەی سێکسی، نەوەخستنەوە و بەردەوامیدان بە کۆمەڵگاو مانەوەی مرۆڤ، دروستکردنی خۆشەویستی و دڵنیایی و ئارامی، پێدان و دەستەبەرکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی و پەروەردە و فێرکردن.

---

(١) مليحة عوني قصير و معن خليل عمر، المصدر السابق، ص٣٠٢

(٢) باقر ساروخانی، مقدمەای بر جامعەشناسی خانوادە، نشر سروش، تهران، ١٣٨٥، ص٢٣

(٣) عبد على سلمان، الانثروبولوجيا الاجتماعية، المصدر السابق، ص٥٥

(٤) يحيى مرسى عيد بدر، أصول علم الانسان،الجزء الاول، دار الوفاء لدينا الطباعة والنشر والتوزيع، الاسكندريه، ٢٠٠٧ ، ص٢٨٩

(٥) حسين عبدالحميد احمد رشوان، الانثروبولوجيا الاجتماعيه فى مجالين النظرى والتطبيقى، المكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية، ٢٠١٠،ص١٢٥

**بە گشــتی پرۆســـەی هاوســـەرگیری لەڕووی ڕێگاکـــانی گرێبەســـت و دانپێـــدانانیەوە دابەشدەکرێتە سەر سێ جۆر، ئەمانەن:**

1. **هاوسەرگیریی ئاینی و شەرعی:**

ئەم هاوسەرگیریە کە لە لای پیاوێکی ئاینی(مەلا)، بەپێی شەرع کچ و کوڕەکە لە یەکتری مارە دەکرێن، ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی پرۆسەکە شەرعی بێت، لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا هەیە، لە هەندێک کۆمەڵگا تازەکاندا، هاوشانی ڕیکارە ئاینی و شەرعیەکان لە فەرمانگەی ڕەسمی حکومی گرێبەستەکە تۆمار دەکرێت.

2. **هاوسەرگیریی یاسایی و مەدەنی:**

ئەم هاوســـەرگیریە تەنیـــا لە فەرمـــانگەیەکی ڕەســـمی حکومیـــدا، دوای جێبەجێکردنـــی مەرجەکانی هەردوو لا، بەپێی یاسا تۆمار دەکرێت، بە بێ گرنگیدان و گەڕانەوە بۆ مەرجی ئاین و لایەنی ئاینی.

3. **هاوسەرگیریی عورفی و نەریتی:**

ئەم جـــۆرە بە پێـــی دابونەریـــت و عورفەکـــانی کۆمەڵگـــا بە ڕێکەوتنـــی هەردوو لا ئەنجامدەدرێت، بە بێ ڕەچاوکردن و گەڕانەوە بۆ لایەنی فەرمی و ئاینی.[1]

لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا، کە دانیشتوانەکەی پەیڕەوی ئاینی ئیسلام دەکەن، گرێبەستی هاوسەرگیری و بەیەکگەیشتنی هاوسەران ڕەهەندێکی ئاینی هەیە، بەگشتی کچ و کوڕ لەلای مامۆستای ئـاینی(مەلا) لە یەکتر مـارە دەکرێن و لەپـاڵ ڕەچاوکردنی داب و نەریت و یاسا ڕێوشوێنەکانی ئاینین، لە ئەنجامی هاوسەرگیریەکەوە خێزان پێکدێت، کەواتا دەستپێکردنێکی ئـاینی هەیە، لەوبـارەیەوە تۆمـابوا دەڵێـت"خێزانی کـورد لە پـێش ڕواڵەتـی کـۆمەڵایەتی و ئابووریدا، ڕواڵەتێکی ئاینی هەیە."[2]

لە هەرێمـی کوردسـتان لە سـاڵی ٢٠١٨ دا، لە کـۆی ٣٩٧٦٣ هاوسـەرگیری ، ٣٦٧٦٢ هاوسـەرگیری لە دادگـا ئەنجامـدراون، هەروەهـا ٣٠٠١ هاوسـەر گیـری لە دەرەوەی دادگـا ئەنجامـدراون.[3] هەروەهـا لە هەمـان سـاڵدا، لە شـاری ڕانـیە لە کـۆی ١١١٩ هاوسـەرگیری، ١٠٥٦ یـان لە نـاو دادگـا و ٦٣یـان لەدەرەوەی دادگـا ئەنجامـدراون، ئەم هاوسـەرگیریانەی دەرەوەی دادگاش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هاوسەرگیریەکی پێشوەختەیە و کـچەکە

---

(١) مليحة عوني قصير و معن خليل عمر، المصدر السابق، ص٣٠٥-٣٠٦

(٢) تۆمابوا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣-١٠٤

(٣) مـاڵپەڕی www.Krjc.com : هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، وەزراەتـی دادوەری، مامەڵەکـانی ئەنجامـدراو لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان، لە ٢٠١٨/١/٢ – ٢٠١٨/١٢/٣١.

بچوکترە لە ١٦ ساڵ(چونکە گەر ١٦ ساڵیش بێت لەگەڵ باوکی بێت بۆ دادگا هاوسەرگیریەکە ڕێپێدراوی یاساییە)، یان هاوسەرگیری فرەژنیە، کە بەپێی یاسا مەرجی بۆ دانراوە و مەرجەکانی قورسن، ئەم هاوسەرگیریە دەرەکیە، سزای لەسەرە، ئەم سزایانەش کاتێ جێبەجێدەکرێت، کە دوای لەدایکبوونی منداڵ، یان بۆ هەر پێویستیەکی تر، ئەوانەی هاوسەرگیریەکەیان لە دەرەوەی دادگا ئەنجامداوە، دێن لە دادگاش تۆماری دەکەن.[1] بەگشتی هاوسەرگیریی دەرەوەی دادگا و ناوەوەی دادگا، زۆرینەی زۆری پێشتر لە لای مەلا مارە دەکرێن و دانپێدانانی شەرعی و کۆمەڵایەتیان هەیە، ئینجا لە دادگا گرێبەستی هاوسەرگیریەکە بە شێوەی یاسایی تۆمار دەکرێت. واتا زۆربەی ڕێگای ئەنجامدانی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگای توێژنەوەدا، جۆری یەکەمی ڕێگاکانی هاوسەرگیریە، کە هاوسەرگیریەکی شەرعی و ئاینیە، بە یاسایش مامەڵەی فەرمی لە دادگا بۆ دەکرێت و تۆمار دەکرێت.

سەبارەت بە گرنگیی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، هاوسەرگیری هەر لە کۆنەوە تا ئێستاش گرنگیی زۆری پێدەدرێت، بە تاکە ڕیگای بە یەکگەیشتنی کور و کچ و پێکهێنانی خێزان و لەدایکبوونی منداڵ دادەنرێت، پاڵنەر و هاندەری زۆری سروشتی و ئاینی و نەریتی و یاسایی هەیە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری، بە یەکێک لە ئەرکەکانی خێزانیش دادەنرێت، کە هاوسەرگیری بۆ کوڕ و کچەکانیان ئەنجام بدەن و بیانخەنە سەر ماڵی خۆیان، ئەمە هەم لەبەر حەز و خواستی سروشتیی منداڵەکانیان، کە دەیانەوێت هاوسەرگیری بکەن، هەم حەز و خواستی خێزانەکانیشە، کە کوڕ و کچەکانیان خێزان پێکبهێنن و منداڵیان لە دایکبێت و، خێزانەکە درێژە بەخۆی بدات و زۆر بن.[2]هەروەها لە لایەن خێزان و خزمانی پلەیەک و هاوڕێیان، هاریکاری زۆری ئەو کەسە دەکرێت کە هاوسەرگیری دەکات، هەم لەرووی مادی و مەعنەویەوە، ئەمەش وەک نەریتێک وایە و بۆ هەموان وەک یەکە، واتا وەک ئاڵوگۆڕێکی هاوکاری وایە، هەموو ئەمانە لەبەر ئەوەیە کە هاوسەرگیری بنەڕەتێکی قوڵ و دانپێدانراوی کۆمەڵایەتی و ئاینی هەیە و بە پرۆسەیەکی پیرۆز و گرنگ و پێویست دادەنرێت. [3]

(١) دادگای بەرایی ڕانیە، ئاماری هاوسەرگیریی ٢٠١٨، ژووری ژمارە ٩ ، ١٤
(٢) عزیز محمود عزیز، چاوپێکەوتن، مامۆستا و شارەزای بواری کۆمەڵایەتیی ڕانیە،ڕانیە، ٢٠١٩/٤/٥.
(٣) نبی غفور نبی، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل ٤١

**دووەم/ جۆر و ڕێگاکانی هاوسەرگیری**

ناوەڕۆکی هاوسەرگیری لە هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا یەک شتە، کە لە نێوان ژن و پیاو بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەنجام دەدرێ، لەرووی ئاینی و کۆمەڵایەتی و فەرمیەوە دانی پێدانراوە، بەڵام هاوسەرگیری لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر لەڕووی شێوەوە جیاوازە، نەک سروشت و ناوەرۆکەکەی.[1] واتا شێوەکانی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر و کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر، لە ژێر کاریگەریی داب و نەریت و یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتیەکان و ئاین و...هتد دەگۆڕێت. هەروەها بە پێی تێپەڕبوونی کات بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، بەمجۆرە: هاوسەرگیریی تێکەڵ، هاوسەرگیریی بە کۆمەڵ، هاوسەرگیریی فرە مێردی، هاوسەرگیریی فرەژنی، هاوسەرگیریی تاکپیاوی و تاکژنی.[2]

هاوسەرگیری جۆر و ڕێگای زۆرە و پۆلێن و دابەشکاری زۆریان بۆ کراوە، لە ئەنجامی چاوپێکەوتن و سەرنج و بەدواداچونەکانی توێژەر، ئەم جۆر و ڕێگایانەی خوارەوە لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا ئەنجامدراون و هەن، **سەبارەت بە جۆرەکان، ئەمانەن:**

**١. هاوسەرگیریی ناوخۆیی:**

بریتیە لە هاوسەرگیریی پیاوێک لەگەڵ ژنێکدا، کە لە هەمان گروپی کۆمەڵایەتیدان، واتا لە ناو ئەندامانی یەک گروپدا ڕوودەدات، وەک گروپی خزمان، خێڵ و هۆز، یان گروپی ئاینی و...هتد.[3] لەم جۆرە هاوسەرگیریەدا، ئەندامانی گروپەکە پێویستە لە نێوان خۆیاندا ژنوژنخوازی ئەنجامبدەن، بەدەر لە گروپەکەی خۆیان بە تابۆی دەزانن، هاوسەرگیریەکە لە سنوری خێزانێک، تیرە و خێڵێک تێناپەڕێت، ئەم وابەستەبوونەش پەیوەستە بە دابونەریت و بەها باوەکانی کۆمەڵگا.[4]

**٢. هاوسەرگیریی دەرەکی:**

بریتیە لە هاوسەرگرتن لە دەرەوەی بازنەی گروپی خزماندا، واتە لە نێوان دوو گروپی خزمانی جیاوازدایە.[5] ئەم جۆرە، لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهان هەیە بەسەرتایی و شارستانیەوە.[6]

---

(١) مەعن خەلیل، کۆمەڵناسی خێزان، و:ئارام ئەمین جەلال، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٥٢.

(٢) عزەت فتاح حمەصالح، ژیانی کۆمەڵایەتیی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١

(٣) ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨٧

(٤) ملیحة عونی القصیر و صبیح عبدالمنعم احمد، سۆسیۆلۆژیای خێزان، و: صابر بکر بۆکانی، سەنتەری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و تاوان، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١١٣

(٥) ناصر فکوهی، مبانی انسان شناسی، ماخذ پیشین، ص١٦٤

(٦) ملیحة عونی القصیر و صبیح عبدالمنعم احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣

هاوسەرگیریی ناوخۆیی، ڕیشەیەکی کۆنی لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا هەیە، مینتیشاشفیلی دەڵێت" لەڕووی تیۆریەوە دەتوانرێت داوای هەموو کچێک بکرێت، بەڵام کورد لە ژنهێناندا ئامۆزا(کچی مام) پێشدەخەن، دواتر ، پورزایە(کچی خوشکی باوک)، پاش ئەوانیش کچی خاڵ و کچی خوشکی دایک."[1] ئەمە نەک نەریت بووە، مافیش بووە، ئامۆزا مافی ئەوەی هەبووە ڕێگا نەدا کچە مامەکەی بەشوبدرێت، ئەگەر خۆی ئارەزووی خواستنی هەبوبێت.[2]

بە گشتی لە ڕابردوودا چەند هۆکارێک هەبوون، بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیریی ناوخۆیی، ڕیگەی سەرەکیی دروستکردن و پاراستنی خزمایەتی بووە. خزم گرنگیەکی زۆری هەبووە بۆ بەهێزی و لاوازی پایەی خێزانەکە لە ناو کۆمەڵگاکەیدا، بە تایبەتی لە ناو کۆمەڵگایەکدا کە دەستەڵاتی دەوڵەتی تیدا لاواز یان هەر نەبوبێت، بۆ ئەمە چەندین چیرۆک و پەندی پێشینان لەو بارەیەوە هەن، گوتویانە "برا لە پشت برا بێ، مەگەر قەزا لە لای خوا بێ." هەروەها گوتویانە"خزم گۆشتت بخوا، ئێسقانت ناشکێنێ." کە ئەم پەندانە، جگە لەوەی خزمی لە بێگانە جیا کردۆتەوە، یەکێک بووە لە هۆکانی پێویستی ڕاگرتنی ڕایەڵەی خزمایەتی.[3] هەروەها هۆکارێکی بنەڕەتیی هاوسەرگیری ناوخۆیی،لایەنی دارایی بووە، برازا بۆی هەبووە شیربایی نەداتە ماڵی مامی لەبری کچەکە. یان ئاسیی بووە کە لەبەرامبەردا کچیشیان نەدەنێ، بەتایبەت ئەگەر کچیان نەبوبا.[4] هەروەها یەکێکی تر لە هۆکارەکانی تری هاوسەرگیریی ناوخۆیی، بریتیبووە لە ناسینی ڕەفتار و کەسێتی کوڕەکە لە لایەن باوکی کچەکە و بەگشتی ئاشنایی و ناسین و زانینی کەم و کورتیەکانی هەردوو خێزانەکە و کچ و کوڕەکە، هەروەها ئاسانی چارەسەری کێشەکانیان و گەورە نەکردنی گرفتەکان، کە بە هۆیەوە جیابوونەوەش کەمتر بووە بە بەراورد بە ئێستا.[5]

لەڕابردودا، زۆرینەوەی هاوسەرگیریەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە ناوخۆیی بوون لەبەر هەمان هۆکارەکانی سەرەوە، پەیڕەوکردنی ئەم هاوسەرگیریە، ڕیگا و نەریتێکی بنەڕەتی بووە، جێبەجێکردنی ئەرک بووە، چەندان جار هەبووە کە خزمەکان لەسەر جێبەجێنەکردنی ئەم ڕیگایە و نەدانی کچەکەیان بە خزمێک( لەبەر هەر هۆکارێک بوبێت)، ناخۆشی کەوتۆتە

---

(١) ا.م.مینتیشاشفیلی، ،سەرچاوەی پێشوو،ل٤٨
(٢) ئی.ئار.لیچ، ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردی ڕەواندز، و: عەزیز گەردی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٥٠
(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین؛چەندبابەتێکی کۆمەڵناسی، کتێبی یەکەم- بەرگی دوەم، الدار العربیة للعلوم ناشرون، لبنان، ٢٠١٥، ل٦٠
(٤) عمر امین علی، چاوپێکەوتن، نوسەر و شارەزای بواری کۆمەڵایەتی و کلتوریی ڕانیە، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/١١
(٥) نبی غفور نبی، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٤١

نێوانیان و سەرکۆنەی یەکتریان کردووە، ئەم هاوسەرگیریە تا ئەم ساڵانەی دواییش هەبووە و ئێستا زۆر کەمبۆتەوە.[١] بەڵام تا ئێستا لەناو بنەماڵەی ئاغا و شێخ وسەیدەکان، ئەم هاوسەرگیریە هەر هەیە و پەیڕەوی دەکەن و ئەوەی لێی لابدات سزای کۆمەڵایەتی دەدرێت، کە ئەوان ژن لە خەڵکی تری دەرەوەی بنەماڵەی خۆیان دێنن، بەڵام ژن نادەنە دەرەوەی خۆیان، هەر لەو ماوەی دواییدا کە یەکێک لە کچەکانی بنەماڵەی ئاغاکان، دوای ئەوەی چەندان جار کوڕێک دێتە داوای و کچەکەش ڕازیدەبێت، بەڵام بە فشاری بنەماڵەی کچەکە، ڕێگا دەگیرێت لەم هاوسەرگیریە، کاتێک لە دواجاردا، لە لایەن باوکی کچەکەوە ڕەزامەندی دراوە بە هاوسەرگیریەکە و کچ و کوڕەکە خێزانیان پێکهێناوە، باوکی کچەکە لەلایەن بنەماڵەکەیەوە، بە توندی سەرکۆنە کراوە و بۆتە هۆی ناخۆشی و پچرانی پەیوەندیان و ئاستێکی توندوتیژی بەخۆیەوە بینیوە، هەرچەندە ئەم ناخۆشی و نێوان تێکچوونە کاتی بووە.[٢] ئەم نەریتە کە لای بنەماڵەی ئاغاکان و شێخ و سەیدەکان تا ئێستاش پەیرەو دەکرێت، جیاوازیی هەیە لەگەڵ هاوسەرگیریی ناوخۆیی خەڵکانی تر، کە لە ڕابردوودا پەیرو کراوە و زۆر بووە، چونکە تاڕادەیەک ئاسایی بووە هاوسەرگیریی دەرەکیشی تێدا ڕوویدات، بەڵام ئەوەی ناو ئەو بنەماڵانەدا پەیڕەو دەکرێت، بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆ بەگەورەزانین و چینایەتیە، زیاتر تێروانینێکی پیاوسالارانە و خێڵەکیانەیە و ڕێگانادەن کچەکانیان هاوسەرگیری لەگەڵ دەرەوەی خۆیان بکەن، بەڵام کچی خەڵکی تر دەخوازن بۆ کوڕەکانیان.[٣]

بە ڵام بە شێوەیەکی گشتی، لە ئێستادا هاوسەرگیری دەرەکیە، لەبەر لاوازبوونی هۆکارەکانی ئەنجامدانی لە پێشوودا، وە سەرهەڵدانی چەند هۆکارێکی تری وەک: تێکەڵبوونی زیاتری خەڵکە بە دەرەوەی خزمانی خۆی و ئازادی هەڵبژاردن و لاوازبوونی خزمایەتی بە بەراورد بە ڕابردوو، هۆکاری خوێندنی هەردوو ڕەگەزەکە (نێر، مێ) بەیەکەوە، دامەزراندنی زانکۆی ڕاپەڕین، سەفەر و گەران و و گۆڕان لە بواری ئابووری و...هتد[٤] هەروەها مەیلیش زیاتر بەرەو هاوسەرگیری دەرەکیە، چونکە لە پێشتر کە هاوسەرگیری ناوخۆیی کراوە، هاوسەرگیریەکی زۆر ئاسودەکەر و ئارەزوومەندانە نەبووە، بۆیە خەڵک بۆی ناگەڕێتەوە، هەروەها بەهۆی هۆشیاریی تەندروسیتەوە، کە هاوسەرگیری نێوان خزمان هۆکارە بۆ کۆمەڵێک نەخۆشی، لەبەر ئەوە مەیل بۆ تکەڵبوون بە خوێنی نوێ زیاترە.[٥]

---

(١) خیراللە عبداللە عبداللە، چاوپێکەوتن، شارەزای بواری کۆمەڵایەتیی ڕانیە، ڕانیە، ٢٠١٩/٣/٣

(٢) ئاکۆ خدر حسن، چاوپێکەوتن، مامۆستای ئاینی و شارەزای بواری کۆمەڵایەتیی ڕانیە، ڕانیە، ٢٠١٩/٣/٢٨

(٣) عزیز محمود عزیز، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٠

(٤) خیراللە عبداللە عبداللە ، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشوو

(٥) نبی غفور نبی، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٤١

لە ئێستادا، هاوسەرگیری دەرەکی بە جۆرێک باو و بڵاوە، نەک هەر لەدەرەوەی خزمانە، بەڵکو لەدەرەوەی ڕانیە و کوردستان و عێراقیشە ، هەروەها لەگەڵ نەتەوەی ناکوردیش هاوسەرگیری ئەنجامدراوە، هاوسەرگیری هەیە لەگەڵ خەڵکی بیانی کراوە، کە ئێستا خێزانن و لە ڕانیە دادەنیشن، گونجاویشە بۆیان، هەروەها هاوسەرگیری لەگەڵ خەڵکی عەرەبییش ئێستا زۆرە، کە زیاتر بەهۆی ئاوارەبییەوە ڕوویان لە شارەکە کردووە.[١]

**٣. تاک هاوسەری:**

هاوسەرگیریە لە نێوان یەک پیاو و یەک ژن، شێوەیەکی باو و گشتیە و بە نزیکی لە هەموو کۆمەڵگاکاندا ئەنجامدەدرێت، هاوسەرگیریەکی قبوڵکرا و یاساییە.[٢]

**٤. فرە هاوسەری:**

ئەمە دوو جۆرە، هاوسەرگیری پیاوێک لە گەڵ زیاتر لەژنێک، کە لە یەک کاتدا هەمویان لە خۆ بگرێت، پێیدەگوترێت فرە ژنی(پیاو هاوبەشە)، هەروەها هاوسەرگیریی ژنێک لەگەڵ زیاتر لە پیاوێک، لە یەک کاتدا هەمویان لە خۆبگرێت، پێدەگوترێت فرەمێردی(ژن هاوبەشە). بە گشتی فرە هاوسەری زیاتر بە مانای فرەژنی دێت، چونکە فرە ژنیەکە زۆر باوە و لە بەشێک لە کۆمەڵگاکاندا هەبووە و ئێستاش هەیە و یاسا و ڕێسای بۆ دانراوە، بە گوێرەی جیاوازیی کۆمەڵگاکان، بەڵام فرەمێری حاڵەتی شازە و لە هەندێک سەردەم و لە هەندێک شوێنی کەمی دیاریکراودا هەبووە و بە دەگمەن هەیە.[٣] لە ڕاڤەکردنێکی بەراوردکاریانەدا لەسەر ٥٦٥ کۆمەڵگادا، جۆرج مۆرداک بۆی دەرکەوت فرە هاوسەری زیاتر لە ٨٠%ی ئەو کۆمەڵگایانەدا ڕێگاپێدراوە. بەڵام تەنیا لە چوار کۆمەڵگادا فرەمێردی هەبووە، واتا کەمتر ١%.[٤]

فرەژنی لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا لە کۆمەڵگای کوردیدا هەیە، بەڵام فرە مێردی ڕێپێنەدراوە و نیە، هەروەها هەموو ئاینە باوەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی( ئیسلام، ئێزیدی، یارسان) ڕێگای فرەژنیان بە پیاو داوە، بەڵام ڕێگای فرەمێردیان بە ژن نەداوە.[٥]

---

(١) سامان حاجی سلێمان،چاوپێکەوتن،مامۆستا و شارەزای بواری کۆمەڵایەتی و کلتوریی ڕانیە،ڕانیە،٦ /٣/٢٠١٩

(٢) ناصر فکوهی، مبانی انسان شناسی، ماخذ پیشین، ص١٦٢

(٣) همان ماخذ، ص١٦٢-١٦٣

(٤) ئەنتۆنی گیدنز، کۆمەڵناسی، و:حەسەن ئەحمەد مستەفا، دەزگای وەرگێران، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٥٠٩

(٥) نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧

فرەژنی بۆ زیادبوونی دەستی کار، منداڵبوونی زۆر، زیادبوونی ناوبانگ و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، حەزی سێکسی و هەمەجۆریی سێکسی ئەنجامدراوە.[١] واتا فرەژنی لە لایەکەوە نیشانەی دەسەڵات و توانای دارایی و کۆمەڵایەتیی پیاوەکە بووە، لەلایەکی ترەوە هۆیەکی گرنگ بووە بۆ زیادکردنی سەرچاوەی مرۆیی خێزانەکە(هەم ژنەکە و هەم لەدایکبوونی منداڵی تر) چ بۆ کار و بەرهەمهێنان، چ بۆ شەڕ و دەسەڵات.[٢]

دوای گەڕان و داواکردن، نەتوانرا ئاماری فەرمیی هاوسەرگیری فرەیی لە ڕانیە بە دەستبهێنرێت، بەڵام لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ئاماری فەرمیی تۆمارکراو لە دادگاکان بەم جۆرەیە: لە کۆی ٣٩٧٦٣ هاوسەر گیری لەساڵی ٢٠١٨دا، ٣٩٦٧٤ تاکهاوسەرگیری ئەنجامدراوە و تەنیا ٨٩ هاوسەرگیری فرەژنییە.[٣]

لە ڕابردوودا فرەژنی هەبووە، بەوپێیەی کۆمەڵگای توێژینەوە، کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی بووە و دەستی کار زۆر بۆی گرنگ بووە، بەوهۆیەوە، ئەگەر گونجابا، پیاو زیاتر لە ژنێکی هێناوە و منداڵیشی لێی بووە، خێزانەکەی گەورە بووە و دەستی کاری زۆربووە، یان بۆ مەبەستی پشت و دەسەڵات و بەرەنگاری و دوژمنایەتی، یان لە ژنی یەکەمی منداڵی نەبووە، یان بەس کچی بووە، بەومەبەستە ژنێکی تری هێناوە، بۆ ئەوەی منداڵیان ببێت، یان کوڕیشیان ببێت، هەروەها جاری وا هەبووە ژنەکەی نەخۆش بووە، هەشبووە لەبەر باشی باری ئابووری و هەبوونی پێگەی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی، زیاتر لە ژنێکی هێناوە و زیاتر بۆ گەورەکردنی خێزانەکەی و قەرەباڵغی و هەمەجۆریی سیکسی بووە. یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانیش پاڵپشتە ئاینیەکەیە، کە لە ئاینی ئیسلامدا پیاو بۆی هەیە تا چوار ژن بهێنێت.[٤]لە ئێستاشدا هاوسەرگیریی فرەژنی بە کەمی هەیە، بەڵام تاک هاوسەری باوترین هاوسەرگیریە، چونکە فرەهاوسەری توانای دارایی و حەز و خواست و مامەڵەی تایبەتیی دەوێت، هەروەها لە کۆمەڵگاکەشدا ئەو لێکەوتانەی کە فرەژنی هەیەتی، ئەنجامی دڵخۆشکەر نین و، لەڕووی خێزانیەوە ئاشتی و تەبایی خستۆتە بارێکی خراپەوە و ئاسودەیی لێ بەدیناکرێت، وە پەیوەندیەکانی ناو خێزانەکەش لە نێوان ئەندامانی هاوسەرە جیاوازەکان پەیوەندی باش نین و بەگشتی زاراوەی (باوەژن و زڕداک و زڕباب و زڕ برا)، کۆمەڵێک زاراوەی ناحەزن لە کۆمەڵگاکەدا. لەلایەکی ترەوە، بابەتی لە دایکنەبوونی منداڵیش

---

(١) بەدرخان سندی، کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسیدا، و: ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨، ل ١٢١

(٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧٥٧

(٣) ماڵپەڕی www.Krjc.com : سەرچاوەی پێشوو.

(٤) ڕسوڵ حمە عبدالقادر، چاوپێکەتن، نوسەر و شارەزای بواری کۆمەڵایەتی و کلتوریی ڕانیە،ڕانیە، ٢٠١٩/٤/٣

تـاڕادەیەکی زۆر ئومێدێکی تەندروستی هەیە و چارەسەری پزیشـکی و بەهێزکەری توانـای منداڵبوون گەشـەی کردووە، ئێستا کەم کەس هەیە لەبەر نەبوونی منداڵ ژنێکـی تر بهێنێت، هەروەها بە بەراورد بە ڕابردوو، نەبوونی منداڵی کوڕیش ئەوەندە کێشەیەکی بەرچاو نیە. [١] لە لایەکـی تـرەوە، فرەژنـی بە یاسـاش ڕێکخـراوە و قەدەغە کـراوە و ئەنجامـدانی مەرجـی قورسی بۆ دانراوە لە دادگا، بەشێکی ئەوانەی فرە هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن، لە گەڵ ژنـی عەرەب(زۆربەیـان بێـوە ژنـن) ئەنجامیـدەدەن و لە دادگاکـانی دەرەوەی هەرێمـیش تۆمـاری دەکەن، کە بە هۆی دروستبوونی شەری داعش و هاتنی ئاوارە عەرەبەکان زیاتر سەریهەڵدا.

**ڕێگاکانی هاوسەرگیری، بریتین لە ئەمانەی خوارەوە:**

**١. هاوسەرگیریی ئاڵوگۆڕ(ژنبەژن):**

بـریتیە لەو هاوسـەرگیریەی، کە پیـاوان کچەکانیـان یـان خوشـکەکانیان لەگەڵ یەکتـری دەگـۆڕنەوە و هاوسـەرگیریان لەگەڵ ئەنجامـدەدەن.[٢] ئەم هاوسـەرگیریە لە زۆر نـاوچەی جیهاندا باوە، **روبەرت لوی** ئاماژەی بەوەداوە کە لە ناو هۆزەکانی ئوسترالیاشدا باوە.[٣]

ژنبەژن هاوسەرگیریەکی ئاڵۆزە و، چەند جۆرێک لە خۆ دەگرێت:

أ. لە نێوان دوو خێزان کە کچ و کوڕیان هەبووە و لە هەمانکاتدا هاوسەرگیری هەردوو کچ و کوڕەکە ئەنجامدراوە(ژنبەژنێکی هاوکاتی بووە).

ب. کـاتێ خێزانەکە کچـی گەورە و کـوڕی بچوکیـان هەبـووە، لەبەرامبەری بە شـودانی کـچە گەورەکەیـان داوای کچێکـی بچوکیـان کـردووە بـۆ کـوڕە بچوکەکەیـان(گەورە بە بچـوک و دوو هاوسـەرگیریەکە لە کـاتی جیـاوازدا دەکـران، گەورەکـان دەکـران، بچوکەکـاننیش کە گەورە بوون) **واتا هاوسەرگیری گەورە بە بچوک** جۆرێکە لە جۆرەکـانی هاوسـەرگیریی ژن بەژن، بەڵام لە یەک کاتـدا نـیە، واتـا کاتێـک کوڕیـک دەچێتە داخـوازی بـۆ کچێکـی گەنج، لەبەرامبەردا مـاڵی کـچەکە داوای کچێـک دەکەن، ئەگەر لەو کـاتەدا مـاڵی کـوڕەکە کچی پێگەیشتوویان نەبێت بۆ کوڕی گەنجی مـاڵی کـچەکە، مـاڵی کـچەکە کـوڕی گەنجیـان نەبێب بۆ داواکردنی ژن، ئەوا لەو کاتەدا کچێکی بچوک یان دوان دەدەنە مالی کچەکە.[٤]

---

(١) سامانی حاجی سلێمان، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٥
(٢) عبد علی سلمان، المصدر السابق ، ص٥٩
(٣) بەدرخان سندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨
(٤) رسول سعید مولود،چاوپێکەوتن،خانەنیشین و شارەزای بواری کۆمەڵایەتی و کلتوریی ڕانیە، ڕانیە،٢٠١٩/٤/٤

ج. جۆرێکی تری ژنبەژن **هاوسەرگیریی بنەتۆیە**، کاتێک ڕوودەدات کە کوڕێک دەچێتە داخوازی کچێک، لە بەرامبەردا ماڵی کچەکە داوای کچێک دەکەن بۆ کوڕەکەیان، بەڵام ماڵی کورەکە و خزمەکانیشی کچیان نیە لەبەرامبەردا بیدەنە ماڵی کچەکە، ئا لێرەدا ماڵی کچەکە داوای کچێک (یان زیاتر)، کە تا ئێستا لە دایکنەبوون لە ماڵی کوڕەکە دەکەن، لەبەرامبەر پێدانی کچەکەیان بە کوڕەکەیان، لەوانەیە ئەو دوو کچە لە ماڵی باوکی کورەکە لەدایکبن، یان خزمەکانیان، یان لەوانەشە هەر ئەو کوڕ و کچەی هاوسەرگیریان کردووە منداڵی کچیان بووە، کچەکانیان بدەنە خزمانی ماڵی باوکی کچەکە.(١)

د. هاوسەرگیری لەسەر لانکە(بێشکە) مارەکردن، دوو برا کچ و کوڕە بچوکەکانیان هەر لەسەر لانکە لەیەکتر مارە کردووە و بوونەتە مارەبڕاوی یەکتری.

ه. کاتێک ماڵی کچ ، کوڕیان نەبوبێت، یان باوکی کچەکە ویستبێتی لە بەرامبەردا کچێکی ماڵەکە بکاتە ژنی خۆی، لەوکاتەدا کچەکەیان بۆ کورەکە بووە و لەبەرامبەردا کچێکیان وەرگرتووە بۆ باوکی کچەکە.

و. پیاوێک ژنی نەماوە و کچی هەیە، کچێکی داوە بە شو، لەبەرامبەردا کچێکی لە ماڵەکە هێناوە کردوویەتیە ژنی خۆی.

ز. بێوەژنێک کوڕێکی هەبووە، کاتێک خۆی شوی کردۆتەوە، داوای کچێکی کردووە بۆ کوڕەکەی، یان کوڕەکە،کاتێک کچێکی خواستوە، دایکی خۆی داوە بە لایەنی بەرامبەر.

ح. ڕیکەوتنی دوو پیاوی خێزاندار، کە بە کچی خۆیان ژن بەژن بۆ خۆیان بکەن.

ط. هەروەها ژنبەژنی سێبەسەرەش هەبووە.

ي. هەروەها یەک بە دوو و زیاتریش هەبووە.(٢)

ژنبەژن کە زۆر پەیرەو کراوە، هۆکاری خۆی هەیە، ژن لە خێزانی گوندنشین و خێزانی کۆچەرداهەمیشە دەستی کار بووە، بەشێکی گرنگی کارەکانی لەبواری ئاژەڵداری و کشتوکاڵ و پەروەدەی منداڵ و کاروباری ناوماڵدا کردووە، شوکردنی ژنێک، دەستێکی کاری لەم خێزانە کەمکردۆتەوە و بۆپڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، ژنێکی تریان لەبەرامبەردا وەرگرتووە.(٣) هەروەها نەدانی شیربایی، لەو ڕووەوە سودێکی دارایی بووە، هەروەها بۆ دروستکردنی ئاشتی و تەبایی نێوان دوو خێزان بێت یان دوو بنەماڵە و خێڵی جیاواز. کە

(١) رسول حمە عبدالقادر، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٥
(٢) جمال رشید، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٤١
(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣

زۆر جار دەبێتە مایەی ئاشتبوونەوە و مۆرکێکی خزمایەتی بەو دوو لایەنە دەبەخشێت.[1]

بەگشتی ژنبەژن دەبێتە هۆی قوڵبوونەوەی خزمایەتی، ئەگەر پێشتر خزمی یەکتری بن، وە ئەگەر خزمی یەکتریش نەبن بە هۆی ئەو ژنبەژنە دەبنە خزمی یەکتر و ژنەکان و زاواکانیش دەبن بە دڵسۆزی یەکتر، بەڵام کێشە و گرفت لە هەر یەک لەو خێزانانە ڕوو بدات، ڕەنگدانەوەی لەسەر خێزانەکەی تر دەبێت، تەنانەت ئەگەر لە یەکێک لەو خێزانانە جیابوونەوە ڕووبدات، دەبێت ژن و مێردەکەی تریش جیاببنەوە (ژن بەژن و تەلاق بە تەلاق)، ئەگەر هاتوو لاکەی تر پابەند نەبوو بە جیابوونەوە لە ژنەکەی، ئەوا دەبێت ژنێکی تر بۆ ژنبراکەی بهێنێت و تێچونەکەی لە ئەستۆ بگرێت.[2]

پێشتر ژن بەژن زۆر باو بووە، یەکێک بووە لە جۆرە سەرەکیەکانی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، ئەگەر کەسێک بیویستایە ژن بهێنێت و خوشک یان کەسێکی تری (ئامۆزایەکی، خزمێکی نزیکی) نەبوبا، کە لە بەرامبەردا بیدا بە ماڵی کچەکە، لەوانەیە هەر ژنی دەستنەکەوتبا.[3]

بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری وەک هۆشیاربوونەوەی خەڵکی و بینیی نادادیەکان لە پرۆسەکەدا، ئازادی لەهەڵبژاردنی هاوسەر و بەرزبوونەوەی پێگە و مافی ژن و کرانەوەی کۆمەڵگاکە و تێکەڵبوونی کلتوری و نەمانی شیربایی بۆ ژن هێنان و، زۆر بەهەند وەرنەگرتنی پەرەپێدانی پەیوەندیی خزمایەتیەکان، ئەم جۆرە وەک پێویستیەک و ڕێگایەکی سەرەکیی هاوسەرگیری کەمبۆتەوە و بە دەگمەن ڕوودەدات.[4]

**٢. هاوسەرگیریی ستراتیجی(سیاسیی، ئابوری، کۆمەڵایەتی):**

ئەم هاوسەرگریە پەیوەندیدارە بە ئامانجی تایبەتی ئابووری و سیاسی یان کۆمەڵایەتی، واتا بۆ بەرژەوەندی سیاسی و هێز هاوسەرگیری لە نێوان دوو کەسدا ڕوودەدات و لە نێوان دوو خێزاندایە و پەیوەندیە کی بەهێز دروستدەبێت، بە هەمان شێوە لەبەر بەرژەوەندیی ئابووری و داهاتیش ئەم هاوسەرگیریە ئەنجامدەدرێت.[5]

لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، لە دوو ئاست ئەم هاوسەرگیریە هەبووە، لە ئاستی سەرەوەدا لە نێوان بنەماڵەی سەرۆک خێڵەکاندا بۆ بەهێزبوون و پەیوەندیی سیاسی و خێلایەتی و

(١) بەدرخان سندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٠
(٢) هەمان سەرچاوە، ل ١١٨-١١٩
(٣) رسول سعید مولود، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٨
(٤) رسول حمە عبدالقادر، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٦
(٥) ناصر فکوهی، مبانی انسان شناسی، ماخذ پیشین، ص١٦٩

تێکەڵبوون، هەروەها لە ئاستی خوارەوەشدا خەڵکانێک بەدوای ئەم جۆرە هاوسەرگیریەوە بوون لە ناو کایەی حزبی و ئابووری و...هتد. ئەم هاوسەرگیریە لە ئێستاشدا هەیە و لەوانەیە زیاتریش بوبێت و خەڵکێکی زۆر بەدوای هاوسەرگیری لەم شێوەیەیە و لە ناو عامەی خەڵک بە هاوسەرگیریی بەرژەوەندیخوازانە ناودەبرێت.(١)

### ٣. هاوسەرگیریی شیربایی:

بریتیە لەو هاوسەرگیریەی، کە ماڵی باوکی کچەکە لە بری بەشودانی کچەکەیان، بەرامبەرێکی دارایی(پارە یان هەرجۆرێکی تری سامان وەک زیو و ئاڵتون و ...هتد) وەردەگرن، کە پێیدەگوترێت شیربایی، ئەمەش لەبەرامبەری ئەو ماندووبوونەی خێزانەکەیە لە گەورەکردن و بەخێوکردنی کچەکەیان، یان ئەو شیربابییەی وەریگرتووە بۆ ئەوە بووە بیکاتەوە شیربایی بۆژنهێنانی کوڕەکەی، ئەم هاوسەرگیریە پێشتر هەبووە، بەڵام هەمیشە بە چاوێکی ڕەخنەییانەوە سەیری کراوە و نەریتێکی زۆر ناچاری و داسەپاو بووە،(٢) هەروەها چونکە لە ئاینی ئیسلامدا ڕێپێدراو نیە، بە کەمی پەیڕەویان کردووە. بۆیە، ئەوەی پەیڕەوی کردبێت بێڕێز سەیرکراوە.(٣) ئێستا کەمبۆتەوە، بەهۆی گۆڕانی کۆمەڵگاکە و کرانەوەی بەڕووی کلتوری دەرەوەی و هۆشیاری و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و...هتد.(٤)

### ٤. هاوسەرگیری لەبری خوێن(خوێن خۆشکردن):

ئەم هاوسەرگیریە، واتا پێدانی کچ لەبەرامبەر لێخۆشبوون لە خوێنی کەسێک، کە بەدەستی یەکێک لە ئەندامانی خێزانی ماڵی باوکی کچەکە ڕژاوە، یان ئاژاوە و ناتەباییەک کە دروستبووە، کە بۆ مەبەستی ئاشتەوایی و صلحکردن، ناچار ژنێک یان زیاتر لە جیاتیی دراوە بۆ کوژاندنەوەی ئاژاوەکە.(٥) ئەم جۆرە پێشتر هەبووە بە هۆی ئەوەی کۆمەڵگای توێژینەوە کۆمەڵگایەکی خێڵەکیە، دوژمنایەتی و کێشەی خێزانی کە هەبووە، بەو جۆرە چارەسەر کراوە.(٦)

---

(١) رسول حمە عبدالقادر، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٦
(٢) رسول سعید مولود، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٨
(٣) هێمن عەبدوڵڵا، ڕێ و ڕەسم و داب و دەستووری ژنهێنان لە ڕانیە و دەوروبەری لە کۆندا، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە ٦،ڕانیە، ٢٠٠٣، ل٥
(٤) سامان حاجی سلێمان، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشوی ل٩٤
(٥) هێمن عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل٥
(٦) رسول حمە عبدالقادر، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٥

**٥. هاوسەرگیریی لەبری خزمەتکردن (زاوابەند):**

ئەم هاوسەرگیریە لە بەرامبەر خزمەتکردنی ماڵی بوک بووە، واتا کوڕێک خزمەتی ماڵێکی کردووە و لەبەرامبەردا کچەکەیان پێداوە، کە ئەمە زۆر تر لە بەر نەبوونی و هەژاری بووە و، کەسەکە توانای نەبووە ژن بهێنێت و ئەرکە داراییەکانی جێبەجێ بکات. ئەم جۆرە هاوسەرگیریە پێشتر لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا هەبووە، بەڵام زۆر بە کەمی و لە ئێستاشدا لەوانەیە بە دەگمەن مابێت و بە ڕێکەوت ڕوویدات.[١]

**٦. هاوسەرگیریی ڕەدووکەوتن(فراندن و هەڵگرتن):**

کوڕیک کچێکی خۆشویستووە و ویستویەتی هاوسەرگیری لەگەڵ بکات و کچەکەش ئەوی ویستووە، بەڵام نەکراوە بچێتە داوای، چونکە کچەکە ژنبەژنی گەورە بە بچوکی پێکراوە و مارە براوە، یان کوڕەکە چۆتە داوایی و باوکی کچەکە ڕازی نەبووە، یان باوکی کچەکە ویستویەتی بە زۆر کچەکەی بەشو بدات بە کەسێک، یان کچەکە دانراوە بۆ ئامۆزایەکی یان کەسێکی نزیکی، لەو حاڵەتانەدا کوڕەکە کچەکەی هەڵگرتووە و کچەکە ڕەدووی کەوتووە، واتا بە ئارەزووی هەردووکیان بووە، دوای ئەوەی ڕایان کردووە و ماڵ باوکی کچەکە شوێنیان کەوتوون، ئەگەر پێش ئەوەی بگەنە لای کەسێکی باڵا دەستی وەک ئاغای گوندەکە، یان سەیدێک و شێخێکی دەسترۆیشتووی ناوچەکە، ئەوا دەیانکوشتن، بەڵام کە دەگەشتنە لای کەسە باڵا دەستەکە، لای خۆی گلی دەدانەوە و لە خۆی دەگرتن و دوایش صلحی بۆ دەکرن و بە ڕەسمی مارەبراوی یەکتری دەکردن. ڕەدووکەوتن زۆر جار دەرهاویشتە و بەرئەنجامی ژن بەژن و گەورە بەبچوک، مارەکردنی سەر بێشکە، بە زۆر بە شودان، بووە. واتا هاوسەرگیریەکان پەیوەندیان بە یەکترەوە هەبووە. لە ڕاستیدا ڕەدووکەوتن لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا لەڕابردوودا زۆر بەکەمی هەبووە و ئێساش دەگمەنە یان هەر نیە.[٢]

**٧. هاوسەرگیریی دووەم جار(ئەنجامدانەوەی هاوسەرگیری):**

ئەم جۆرە، لە دوای کۆتایی هاتنی هاوسەرگیری یەکەم یان زیاتر، بەهۆی جیابوونەوە یان مردنی یەکێک لە هاوسەرەکان(ژن،مێرد)ئەنجامدەدرێت.[٣](پێشی دەگوترێت فرەهاوسەریی

(١) خیر الله عبدالله عبدالله، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٣
(٢) رسول حمه عبدالقادر، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشوی ل٩٥
(٣) عبد علی سلمان، المصدر السابق، ص٦٠

بەدوای یەکـداهاتوو، لەکـاتی هەبـوونی منـداڵ لە هاوسـەری یەکەم و پیکەوەژیانیـان لەگەڵ منداڵەکانی هاوسەری دووەم، خێزانێکی ئاڵۆزی پێکهاتوو دروست دەبێت)

ئەم هاوسەرگیریە، ئەنجامدانەوەی هاوسەرگیریە دوای مردن یان جیابوونەوەی یەکیک لە هاوسـەرەکان، بەوپێیەی کۆمەڵگای توێژینەوە،کۆمەڵگایەکی ئیسلامیە، لەئـاینی ئیسلامیشـدا، ڕێدراوە بە ئەنجامـدانەوەی هاوسـەرگیری بـۆ ژن و بـۆ پیـاو، منـداڵیان هەبێـت یـان نەبێـت، تەمەنیان هەرچەندێک بێت. بەڵام گەر هاوسەرەکان گەنج بن، هاندانی زیـاتر هەیە بۆ ئەوەی هاوسـەرگیری ئەنجـام بـدەنەوە. بەڵام لەڕووی نەریتـیەوە لە کۆمەڵگـای تـوێژینەوەدا، بۆپیـاو ئاساییە (منداڵی هەبێت یان نەیبێت، تەمەنی گەنـج بێت یـان نا)هاوسـەرگیری ئەنجام بداتەوە، بەڵام ئەگەر ژنەکە منداڵی هەبێت و لەگەڵ منداڵەکانی دابنیشێت و شونەکاتەوە قبوڵکراو تر و شکۆدار ترە، بەتـایبەت ئەگەر کوڕی هەبێت، بەڵام گەر تەمەنـی ژنەکە کەم بێت، زۆر جـار هـانیش دەدرێت کە شـوبکاتەوە و چـاوی خەڵکـی لەسـەری کەمبێتەوە(بەگشتی بێوەژن چـاوی خەڵکـــی لەســـەرە و قســـەی زۆر لەســـەردەکرێت)، بەڵام ئەگەر ژنەکە منـــداڵی نەبێـــت، ئەنجامدانەوەی هاوسەرگیری هیچ کێشەیەکی نەریتیشی نیە و بگرە کارئاسانیشی بۆ دەکرێت و لەڕووی ئاینی و یاسای و نەریتیشەوە ڕێپێدراوە.[1] جگە لەمە، لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، لە پێشـتردا لە نـاو چینـی ئاغاکـان، بە تونـدی ڕێ لە ژن گیـراوە دوای جیـابوونەوە و مردنـی مێرد، هاوسەرگیری ئەنجام بداتەوە، بە نەنگی و عەیبە دانراوە، دەبوو هەتـا لە ژیانـدایە هەر بێوەژن بێت، ئەمە لە ئێستاشدا هەر هەیە.[2]

### ٨. هاوسەرگیری لەگەڵ ژنخوشک(خوشکی ژن):

ئەم جۆرە دوای مردنی ژن دێت، پیـاوەکە خوشـکی ژنەکەی دەخوازێت و هاوسـەرگیری لەگەڵ ئەنجامـدەدات، زیـاتر مەبەسـت لێـی چـاودێری و پەروەردەکردنـی منـداڵەکانە، لەبـری ئەوەی ژنێکی بێگانە بێتە ناو خێزانەکەوە.[3]

### ٩. هاوسەرگیری لەگەڵ شوبرا(برای مێرد):

ئەم جـۆرە دوای مردنـــی مێـــرد دێـــت، ژنەکە شـــو بە بـــرای مێـــردەکەی دەکـــاتەوە و هاوســـەرگیری لەگەڵ ئەنجامــدەدات، زیـــاتر مەبەســـت لێـــی چـــاودێری و پەروەردەکردنـــی منداڵەکانە و سەرپەرشتیکردنی خێزانەکەیە.[4] لە کۆمەڵگای کوردیدا، ئەو ژنەی کە بێوەژن

---

(١) نبی غفور نبی، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٤١
(٢) عزیز محمود عزیز، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٠
(٣) عبد علی سلمان، المصدر السابق ، ص٦٠
(٤) المصدر النفسه ، ص٦٠

کەوتبێت، کوڕ یان برای دەستڕۆی نەبێت، ئەوەی بە باشتر زانیوە لەماڵی مێردەکەی لە پاڵ شوبراکەیدا بژی، دەشێت شوی پێبکات، ئەگەر ژنەکەی خوشکی یان خزمی زۆر نزیکی نەبێت و هێشتا لە ژیاندا بێت.[١]

هەندێکجار بەهۆی کۆمەڵگاوە و ئەو هۆکارانەی باسکران لە ئەنجامدانەوەی جارێکی تری هاوسەرگیری، ئەم دوو جۆر هاوسەرگیریە سەریان هەڵداوە، ڕێگایەکی خێراتر و گونجاوتر بووە بۆ ئەنجامدانەوەی هاوسەرگیری، بە بەراورد بە ڕێگاکانی تر و نارەحەتیەکانی بێوەژنی و هەروەها بێژنیی پیاوێکی خاوەن منداڵ. ئەم دوو جۆرە، لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا ئەنجامدراوە، ئەمەش زیاتر هۆکاری سەرپەرشتیکردنی منداڵەکان و لە خۆگرتنیان بووە ، بۆ ئەوەی نەکەونە ناو ماڵی پیاوێکی بێگانە، هەروەها جوانی و باشی ژنەکە و هۆکاری بوونی ماڵ و دارایی برا مردووەکەش هۆکاربووە، بەگشتی جۆرێکی هاوسەرگیری بووە کە زۆر پەیرەو کراوە و، ڕوویداوە برایەک سێ ژنی براکانی هێناوەتەوە، لە ئێستادا چونکە خزمایەتی ئەوەندەی پێشوو بەهێز نیە، کەم کەس هەیە ژنی برا مردووەکەی بهێنێتەوە و بەیەکەوە بژین و منداڵەکانی خۆی بکاتە قوربانی منداڵی براکەی، هەروەها دەچێتەوە چوارچێوەی فرەژنیەوە، کە ئەمەش بارێکی قورسە، هەروەها ژنی برا مردووەکەش ڕازی نابێت و لە هەمانکاتدا ژنی برا زیندووەکەش ڕیگە نادات ژنی بەسەربێت، بۆیە لە ئێستادا دەگمەن ڕوودەدات.[٢]

لە ئێستای شاری ڕانیەدا، بەشێوەیەکی دیار جۆرەکانی هاوسەرگیری گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، لەگەڵ ئەوەی ئێستا هەندێک جۆری وەک ژنبەژن و ناوخۆیی شیربایی و لەبری خوێن و ..هتد کەمبوونەتەوە و نەماون، زیاتر هاوسەرگیری تاکی و دەرکی و ئازادانەیە، بەڵام زۆرێک لە خێزانەکانی ئێستای شارەکە بەم جۆرە هاوسەرگیریانە دروستبوون. واتا خێزانەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە بەشێکیان ئەو پەیوەندیە ئاڵۆز و زۆرانەیان تێدایە کە بەهۆی ئەو هاوسەرگیریانەوە دروستبوون و بەشێک لە هۆکاری مانەوە و بەهێزی خزمایەتیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەمە.

---

(١) بەدرخان سندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢١

(٢) عمر امین علی، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٢

**سێیەم/مەڕاسیمی هاوسەرگیری**

هاوسەرگیری وەک ناوەڕۆک لە هەموو کۆمەڵگاکاندا هەیە و یەک شتە، بەڵام لە فۆرم و شێوەدا جیاوازن، بە هەمان شێوە ڕێوڕەسم و ئامادەکاریی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازی لە مەراسیم و وردەکاریەکانیدا هەیە، ئەمەش لە ژێر کاریگەریی کۆی لایەنەکانی تری پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکان وەک نەسەقی ژینگەیی و ئابووری و کلتوری و ئاینی و...هتد. بەڵام لە هەموو بارێکدا دەربڕینە لە ڕاگەیاندنی هاوسەرگیریەکە.[١] واتا ئەرکی ئەم مەراسیم و ڕێوڕەسمانە ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی هاوسەرگیریەکەیە لە کۆمەڵگادا، هەروەها بۆ دانپێدانانە بە پرۆسەکە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئاینی و یاسایی.[٢] لە کۆمەڵگای کوردیشدا مەراسیم هەمیشە گرنگیی خۆی هەبووە ، لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا وەک بەشێک لە کۆمەڵگای کوردی، بە بەراورد بە ڕابردوو گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە ئێستادا ڕێوشوێنی خۆی هەیە، بەم شێوەیە:

بەگشتی لە ئێستادا کوڕ و کچ بەڕەزامەندیی خۆیان هاوسەرگیری ئەنجامدەدەن، بە لەبەرچاوگرتنی ڕای خێزانەکانیان، بەڵام لەڕابردوودا، ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر پێچەوانەبووە، بە پێی قسەی گەورەکان هاوسەرگیری ئەنجامدراوە. زۆرجار کوڕ و کچ هەر ئاگایان لێنەبووە، کە دانراون لەگەڵ یەکتری هاوسەرگیری بکەن.

ئەرک و مافی دۆزینەوە و هەڵبژاردنی هاوسەر هەرهی کوڕ و خێزانی کوڕ بووە، دوای گەشتنە تەمەنی هاوسەرگیریی کوڕەکە، ئەندامانی ماڵی کوڕ، بەتایبەتی دایک و خوشکەکان و زۆرجار پور و خزمەکانی تریشی، خۆیان بە دوای کچێکدا دەگەڕین بۆ ئەوەی بیکەنە هاوسەری کوڕەکەیان، یان لە لایەن کوڕەکەوە ڕادەسپێردرێن بۆ دۆزینەوەی کچێک، دوای دۆزینەوەی کچەکە و پرسیاری ماڵی باوک و خزم و کەسوکاریان، ئەگەر بەدڵیان بوو، ئەوا پێشنیاری دەکەن بۆ کوڕەکە، زۆربەی جار مافی ڕازیبوون و ڕەتکردنەوە لەدەستی کوڕەکەدایە، بەڵام هانیش دەدرێت و جار جارە زۆر لێکردنیشی تێدایە. یان کوڕەکە خۆی لە ئەنجامی گەڕان بەداوی هاوسەری ژیانیدا، یان لە ئەنجامی تێکەڵی و ئیش و کار و خوێندندا، خۆی کچێک دەدۆزێتەوە و دیاریدەکات بۆ ئەوەی بیکاتە هاوسەری خۆی(لەوانەیە کوڕ و کچەکە لە پەیوەندیدا بن، یان کوڕەکە هەر تاکلایەنە دیاریکردبێت)، ئەمە بە ماڵی خۆیان

---

(١) مليحة عوني قصير و معن خليل عمر، المصدر السابق، ص٣٠٢

(٢) لوسي مير، مقدمة في الانثروبولوجيا الاجتماعية، ت: شاكر مصطفى سليم، دار الحرية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٣،ص٣٨٦

ڕادەگەیەنێت، دوای ئەوەی ماڵی کوڕەکە پرسیاری ماڵی کچەکە دەکەن و بەدڵیان دەبن، ئینجا چەند ژنێکی ماڵی کوڕەکە، کە گونجاون بۆ داخوازیکردن، دەچنە ماڵی کچەکە و مەبەستی خۆیانیان پێرادەگەیەنن و دەڵێن هاتوین خزمایەتی لەگەڵ ئێوە دروست بکەین و داوای کچەکەیان دەکەن بۆ کوڕەکە، نەریت وایە کە ماڵی کچەکە ڕێز لەو هاتن و داواکاریە دەگرن و، دەڵێن با لای باوکی کچەکە باسی بکەین و پرس بە کچەکە بکەین، دواتر وەڵامتان دەدەینەوە. دوای چەند ڕۆژێک وەڵامی ماڵی کوڕەکە دەدەنەوە، بە جۆرێک لە ڕازیبوون یان بە ڕازینەبوون، گەر ڕازینەبوون، نەریت وایە جارێکر تر یان زیاتر دوای کچەکەیان دەکەنەوە، بەتایبەت ئەگەر کور و کچەکە لە پەیوەندیدا بن، یان هۆکاری ڕازینەبوونەکە پەیوەندیی بە کچەکەوە نەبێت، بەڵکو پەیوەندیی بە شتێکی ترەوە هەبێت، کە بتوانرێت چارەسەر بکرێت، بۆ ئەو مەبەستە، پەنا دەبرێتە بەر کەسێکی خزم و نزیک و ئازیزی باوکی کچەکە، یان ڕیش سپی و پیاو ماقولێک، کە بتوانێت کار لە باوکی کچەکە بکات و ڕازی بێت بە هاوسەرگیریی کچەکەیان، کە زۆر جار ئەمە کاریگەریی هەبووە. بەگشتی دوای ڕازیبوونی ماڵی کچەکە و ڕێککەوتن لە سەر بڕی مارەیی(*) و مەرجەکان، دەست دەکرێت بە ئامادەکاری بۆ پرۆسەکە، ئینجا چەند پیاوێکی ماڵی کوڕەکە، بە شێوەکی فەرمی دەچنە داخوازی کچەکە، دوای چەند ڕۆژێکی تر چەند پیاوێکی ماڵی کوڕەکە مامۆستایەکی ئاینی لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ ماڵی کچەکە و بەپێی شەریعەتی ئیسلام مارەی دەکەن و ئەم کچ و کوڕە دەبنە حەڵاڵی یەکتری، زۆر جاریش هەیە هەر لەو ڕۆژەدا و دوای مارە کردنەکە، شەکراوی پیاوان دەخورێتەوە. دوای ئەوە ڕۆژێکێ تر کە زیاتر لە ماڵی کچەکە دەبێت، بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک لە خزم و دۆستانی هەردوو لا، کە بە کارت یان تەلەفۆن بانگهێشتکراون، نیشانەکردن ئەنجام دەدرێت،تێیدا زێڕ بە بوکەوە دەکرێت و ئەڵقە(**) گۆرینەوە ئەنجام دەدرێت. ئیتر لێرە بەدواوە، قۆناغی دەستگیرانی دەست پێدەکات، کە هەمیشە دەگوترێت "تا زوتر بوک بگوازرێتەوە، باشترە"، واتا قۆناغێکی درێژ نیە، لە ئێستادا لەم ماوەی دەزگیرانیەدا یەکتر بینینی کچ و کوڕەکە و چونە دەرەوەیان بە تەنیا، ناڕادەیەک ئاساییە، بەڵام لە ڕابردوودا، نەدەبوو پێکەوە بچنە دەرێ، مەگەر ئیشێکی زۆر پێویست بوایە، لەم قۆناغەدا، ئەگەر کوڕەکە ماڵی سەربەخۆ دابنێت، ئەوا بەدوای خانوودا دەگەڕێت و کەل و پەل و پێویستەکانی ماڵ دەکڕن و ئامادەی دەکەن بۆ ژیان، ئیتر ئەم ماڵە ئامادە دەبێت بۆ ژیان. لێرەوە ئامادەکاری دەکرێت بۆ بوک گواستنەوە، دوای دیاریکردنی ڕۆژی گواستنەوە، کە پێشتر تەنیا

---

(*) مارەیی بەپێی شەریعەتی ئیسلام برەکەی(١٩) مسقال زێڕە، بەڵام بەگوێرەی باری دارایی کورەکە و داواکاری کچەکە و ماڵی کچەکە و ڕێککەوتنی هەردوو خێزانەکە دەگۆڕێت.

(**) ئەڵقە، ئەنگوستیلەیەکی سادەی زێڕە یان زیوە، لە پەنجەکردنی، هێمایەکە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری، هەردوو هاوسەر لە پەنجەی دەکەن، لە قۆناغی دەزگیرانیدا دەخرێتە پەنجەی دەستی ڕاست، بەلام دوای گواستنەوە و پێکەوەژیانی هاوسەرەکان، هەردووکیان ئەڵقەکە دەگوازنەوە پەنجەی دەستی چەپ. ئەم نەریتە، نەریتێکی دێرینی کوردەواری نیە، بەڵکو وەرگیراوە، لە ئێستاشدا زیاتر بە پەنجەی گەنجانەوە دەبینرێت، ژنان زیاتر لە دەستی دەکەن، کەمن ئەو پیاوانەی لە ڕابردودا هاوسەرگیریان کردبێت و ئەڵقەیان لە پەنجە کردبێت.

ڕۆژانی دوو شەممە و پێنج شەممە و هەینی بوکی تێدا دەگوازرایەوە، بەڵام ئێستا زۆرتر بۆ گونجانە و ڕۆژێک دیاریدەکرێت کە بتوانرێت بوک گواستنەوەکەی تێدا ئەنجام بدرێت. هەروەها هەندێک جار شەوی پێش گواستنەوە، لە ماڵی بووک خەنەبەندان(*) ئەنجام دەدرێت. بوک گواستنەوە هەندێک جار هەر بەبێ دەنگی ئەنجام دەدرێت، ئەمەش لەبەر زەحمەت و تێچوونە داراییەکەی، یان هەندێک جار، کە شەکراو خواردنەوەی بە ئاهەنگ و بانگهێشتی خزمان بۆ کراوە، لەم قۆناغەدا بە پێویستی نازانن ئەمە دوویارە بکەنەوە، تەنیا بوک و زاوا خۆیان دەرازێننەوە و چەند هاوڕیەک و خزمێکی نزیکیان لەگەڵ دەبن، وێنەی یادگاری دەگرن و دەیانگەیەننە ماڵی خۆیان. بەڵام ئەگەر بە ئاهەنگ و زەماوەند بوک گواستنەوەی ئەنجام بدەن، ئەوا بە کارت بانگهێشتی(لێگێرانەوە) زۆربەی خزم و دۆست و هاوڕێیانی هەردوو خێزانەکە دەکەن، لەو ڕۆژەدا بوک و زاوا دەرازێنرێنەوە و، بوک جلی بوکێنی، کە زیاتر عەزیی سپیە و زاواش چاکەت و پانتۆڵ و کراسێکی رەنگ کاڵ و بۆینباخ دەپۆشێت، ئاهەنگەکە لە ڕابردوودا زۆرتر لە دەشت و دەری دەوروبەری ڕانیە بووە و ئێستاش هەندێک جار هەر لەو دەشت ودەرە ئەنجام دەدرێت، بەڵام لە ئێستادا هۆڵیش هەیە، کە بە کرێ دەگیرێت و تیپی مۆسیقای زیندوو یان گۆرانی و مۆسیقای ئامادەکراو(دیجەی)ی تێدایە، کە تێیدا شایی و ڕەشبەڵەک ئەنجامدەدرێت و شیرینی دابەش دەکرێت. لە کۆتایی ئاهەنگی بوک گواستنەوەدا نەریت وایە ئەوانەی بانگهێشتکراون و ئامادەبوون، پیرۆزبایی لە بوک و زاوا دەکەن و دیاریەک پێشکەشی بوک و زاوا دەکەن وێنەی یادگاری پێکەوە دەگرن، نرخ و بەهای ئەم دیاریە بەستراوەتەوە بە نزیکی و دوری ئامادەبووەکە، وە ئەوەی لێرەش دیاریەکە نەدات بە بوک و زاوا، دواتر و لەڕۆژێکی تردا دەیباتە ماڵی بوک و زاوا. دوای کۆتاییهاتنی ئاهەنگەکە، بوک و زاوا دەگەیەنرێنە ماڵی خۆیان، نەریت وایە کە بوک دوای سێ بۆحەوت ڕۆژ بە سەردان دەڕواتەوە ماڵی باوکی، لەو ماوەیەدا سێ ڕۆژەی بۆ ئەنجادەدەن، کە تیایدا خزمان دێن، سەردانی دەکەن و دیاریشی بۆ دێنن، کە بە پێی دەگوترێت پێوەچونەوە(پۆیلانە).(١)

---

(*) خەنەبەندان: بە ئامادەبوونی دەستەخوشک و هاوڕییانی کچەکە و بەشێک لە خزمە ژنەکانی بوک و زاوا ئەنجام دەدرێت، لەو شەوەدا کچەکان دەست و پەنجە لە خەنە دەگرن و، دەست و پەنجەی بوکێش لە خەنە دەگرن و پیرۆزبایی لە یەکتری دەکەن بە بۆنەی هاوسەرگیریەکە و بوکیش ئاواتی هاوسەگیری بۆ کچەکانی تر دەخوازێ، ئەو شەوە شیرینی و چا و شەربەتی تێدا دەگێردرێت و تا درەنگانی شەو خەریکی ئاهەنگ و هەڵپەرکێ دەبن.

(١) حسیبە عزیز، چاوپێکەوتن، ژنی ماڵ، ڕانیە، ٢٠٩/٤/٢٧. هەروەها لعلی غریب مستەفا، ژنی ماڵ، چاوپێکەوتن، رانیە، ٢٠١٩/٣/٢٠ هەروەها رسول حمە قادر، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشوو.

## باسی دووەم: خێزان

### یەکەم/ خێزان و ئەرکەکانی

لە هەمو وکۆمەڵگاکانـدا پێکهـاتەی کۆمەڵگـا، لە بچـوکەوە بـۆ گەورە تـر و لە خـوارەوە بۆسەرەوە، لە دوای کەسەکان، لە چەند یەکەیەکی کۆمەڵایەتی پێکدێت وەک خێزان، بنەماڵە، تیرە، خێڵ و..هتد. تا بە کۆی هەموویان میللەت و گەل و نەتەوەیەکی دیاریکراو پێکدێنن. بـۆیە لە هەمـوو کۆمەڵگاکانـدا خێـزان بچـوکترین یەکەی کـۆمەڵایەتیە و بە بەردی بنـاغەی پێکهاتنی کۆمەڵگا دادەنرێت [١]

خێزان گروپێکە، پێکدێت لە دوو کەس یـان زیـاتر، پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە لە ڕێـگەی هاوسـەرگیری(ژن و مێـرد) یـان لەدایکبوونەوە(ژن و مێـرد و منـداڵەکان)، پـێکەوە دەژیـن و دەگـونجێن لە شـوێنێکی نیشـتەجێبووندا، کە بەرپرسـیارێتیی هـاوبەش و داهـات و ئامـانج و بەهای هاوبەش و لە نێوانیاندا هەیە.[٢]

خێـزان کرۆکـی خزمـایەتیە، بەشـێوەیەکی گشـتی لە هاوسـەرگیری پیاوێـک لەگەڵ ژنێـک بەشێوەیەکی ڕەسمی و شەرعی دروست دەبێت، لەسەر ئەمەش هاوسەرگیری پەیوەندیی پیـاو و کەسـوکاری لەگەڵ خێزانــی ژنەکەی و کەسـوکاری ژنەکە دادەمەزرێنێـت، لە هەمانکاتـدا پەیوەندیی ژن و کەسوکاری لەگەڵ خێزان و کەسوکاری مێردەکەی دادەمەزرێنێت.[٣]

خێزان بە هەموو جۆرەکانیەوە، چەند ئەرکێکی بنەڕەتیی هەیە، ئەمانەن:

١. ئەرکی بایۆلۆجی: سێکسی نێوان ژن و مێرد و لە دایکبوونی منداڵ.[٤]
٢. ئەرکـی بەردەوامیـدان بە کۆمەڵگـای مـرۆڤ: بـرجس و لـوک لە کتێبەکەیانـدا بە نـاوی خێزان، دەڵێن" مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤ لە شارستانیەتیەکاندا بە هۆی خێزانەوە بەردەوام بووە و ماوەتەوە، داهاتوشی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە خێزانەوە زیـاتر لە هەر دامەزراوەیەکی تر."[٥]
٣. ئەرکی خۆشگوزەرانی: بەسەربردنی کاتی بەتاڵ و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان.

---

(١) تـاهیر حەسـۆ زێبـاری، مـحەمەد حوسـێن شـوانی،دەروازەیەک بۆکۆمەڵناسـی،دەزگای چـاپ و پەخشـی سەردەم،سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٦٢

(2) David H.Olson and John Defarin, Marriages & Families, Published by McGraw-Hill,New York,2006,p5

(٣) مەعن خەلیل، کۆمەڵناسی خێزان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٦

(٤) قیس النوری، المدخل الی علم الانسان، المصدر السابق، ص٢١٦-٢٢٠

(٥) ئیبراهیم ناصر، زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی، و: دانا نـادر محەمەد، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخـانەی هەژار موکریانی، چاپخانەی چوارچرا، هەڵەبجە،٢٠١٣، ل٦٩

٤. ئەرکی ڕۆحی و ئاینی: پەروەردەی ئاینی و ڕۆحی...هتد.[١]

٥. پەروەردەکرنی ئەندامانی خێزان و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و چاندنی کلتوری...

٦. دابینکردنی ئارامی و دڵنیایی دەروونی ئەندامانی و میهرەبانی و هۆگری و خۆشەویستی.[٢]

٧. پارێزگای و چاودێری ئەندامانی خێزان

٨. چاودێری و کۆنترۆڵی ئاکاریی ئەندامەکانی

٩. ئامادەکردن و پێدانی پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەندامەکانی

١٠. ئەرکی ئابووری بژێوی ژیانی ڕۆژانە.[٣]

لەساڵی ٢٠١٨ دا، ژمارەی خێزانەکان لە قەزای ڕانیەدا بریتیبووە لە ٤٦٤٥٩ خێزان،[٤] هەروەها لەشاری ڕانیەدا بریتیبووە ٢١٣١٧ خێزان[٥]

بە گشتی لە کۆمەڵگای کوردیدا، خێزان گرنگترین یەکەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگایە و پێکهێنانی خێزان زۆر گرنگیی پێدەدرێت، وە گرنگی وبایەخی بنەڕەتیی هەیە، مینۆرسکی دەڵێت" کوردەکان هەستێکی زۆر بەهێزیان دەربارەی خێزان و هۆز هەیە، بەهێزترە لە هەستی خۆپەرستی و یان ئەو برایەتیەی لە سەر بناغەی ئاین، یان هەستی نەتەوەی بەرین دامەزراوە.[٦]

لە کۆمەڵگای توێژنەوەشدا، گرنگی و ئەرک و ڕۆلەکانی خێزان تییدا بەرچاو و هەستپێکراون، سەبارەت بە ئەرکی پڕکردنەوەی سێکسی و لە دایکبوونی منداڵ، ئەمە یەکێکە لە ئەرکە زۆر گەورەکانی خێزان لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، چونکە زیاتر سێکسی شەرعی دەکرێت و لەدەرەوەی ئەوە ڕێگاپێنەدراوە و دروستکردنی منداڵ و نەوەخستنەوەش یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکان و زۆر جار دەگوترێت خێزان واتا منداڵ، هینی هارۆلد هالسن دەڵێت" کوردەکان بە هیوا و مەبەستی منداڵ بوون ژن دێنن.[٧] هەروەها سەبارەت بە ئەرکی ئابووری و دابینکردنی بژێویش، یەکێکە لەو ئەرکانەی بە تەواوی لەسەر خێزانە، سەبارەت بە پەروەردەش، تا ئێستا سەرچاوەی یەکەم و بنەڕەتیترین و کاریگەرترین شوێنی پەروەردە

(١) قیس النوری، المدخل الی علم الانسان، المصدر السابق ،ص٢١٦-٢٢٠

(٢) محەمەد شوانی، بنچینەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٠

(٣) فەخرەدین ئامێدیان، فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی، ناوەندی چاپی شەمیم، سنە، ٢٠١٣، ل٥٣٦

(٤) بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلیمانی، ژووری شیکاری زانیاری، سەرچاوەی پێشوو

(٥) قایمقامیەتی قەزای ڕانیە، بەشی خۆراکی ڕانیە، پسوڵەی خۆراکی ٢٠١٨،

(٦) بەدرخان سندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٣

(٧) هینی هارۆلد هالسن، ژیانی ئافرەتی کورد، و: عەزیز گەردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق-دەستەی کورد، بەغداد، ١٩٨٣، ل٢١٨

هەرخێزانە، بە ڕەچاو کردنی ئەوەی کە لە ئیستادا، خێزان ئەرکی قورستر بووە، چونکە سەرچاوەی تری کۆنترۆڵ نەکراوی کارتێکەری پەروەردە زۆر بوون و دەستیان خستۆتە ناو پەروەردەی تاکەکەسەوە لە کۆمەڵگادا، هەروەها خێزان بە تەواوی پاراستنی ئەندامانی خۆی لە ئەستۆدایە، لە لایەکی ترەو، تا ئێستا ئەرکی خێزانە کە هاوسەرگیری بۆ منداڵەکانی ئەنجامدات، هەروەها یەکێکی تر لە ئەرکە گرنگەکانی خێزان لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا ئاگاداربوونی پیر و بەتەمەنەکانی خێزانەکەیە،هەروەها هاندان و پاراستنی خزمایەتیە.

لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، لە هەموو جۆرەکانی خێزاندا، دەستەڵات باوکسالاریە، لەگەڵ گۆرانکاری کەم و بەرەبەرە لە هاتنەپێشەوەی ژن و بەرزبوونەوەی پێگەکەی، لە خێزاندا، باوک و براگەورە و بەگشتی کوڕەکان پێگەیەکی بەرزیان هەیە، وە کۆمەڵێک قسەی دەربڕینی باوی ڕۆژانە هەن کە تا ئێستا گوزارشتن لە نێرسالاری و بە باشتر زانینی ڕەگەزی نێر و نەوە کوڕەکان، بە نمونە " کوڕت نەمرێت، برات نەمرێت، بە داکی کوڕان بی و...هتد" ئەمە جگە لە دڵخۆشی زیاتر بە لە دەایکبوونی کوڕ، کە ئەمە ئەگەر کەمیش بووبیتەوە، بەڵام ئامادەییەکی تێبینیکراوی هەیە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە کۆنەوە ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا، شوێنی ڕێز بووە، ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی کلۆدیۆس جیمس ریچ لەساڵی ١٨٢٠ سەردانی کوردستانی کردووە و دەڵێت پلە و پایەی ئافرەتی کورد زۆر لە پلە و پایەی ئافرەتانی تورک و ئێرانی زیاترە، ئاماژەی بەوە کردووە کە کوردەکان زۆر ڕێز لە ژنەکانیان دەگرن و بەچاوێکی یەکسانیەوە لێیان دەڕوانن، ، لە کوردستان خێزان جۆرە هێمنی و ئارامیەکی هەیە و ڕێز بۆ ژنەکانیان دادەنێن، لە کاتێکدا لە تورکیا ئەمە نیە و ڕێز لە ژنەکانیان ناگرن. هەروەها دەڵێ ژنی کورد ئازادیی هەیە و سەرباری ئەو ئازادیەش، هیچ ئافرەتێک ئەوەندەی ئافرەتی کورد ڕەوشت بەرز نین و شکۆ و سەربەرزیان زۆر لە ئافرەتی تورک زیاترە.(١) لە ڕاستیدا لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، لە ئێستادا پێگەی ڕەگەزی مێ زیاترە لە پێشوو، زۆرتر ڕێز لێگیراوە، بەتایبەت کە خێزانی سادە زۆرترە و لەو جۆرە خێزانانەشدا، هاوسەنگیەکی زۆر هەیە لە نێوان ژن و مێرددا و کوڕ و کچدا، هەروەها دایک خۆی گرنگی و بایەخی تایبەتیی هەیە لە خێزاندا، هەروەها بەگشتی دایک و باوک و باپیر و نەنک پێگەیان بەرزە و ڕیزێکی زۆریان لێدەگیرێت.

---

(١) کلۆدیۆس جێمس ریچ، گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و: محەمەد حەمەباقی، بێ چاپخانە، ئێران، تەورێز، ١٩٩٢، ل٢٩٢

## دووەم/جۆرەکانی خێزان


### ١. خێزانی سادە (بچوک، ناوکی):

ئەم جۆرە خێزانە، جاروبارىش بە خێزانی (ژن و مێردی) ناودەرێت.[١] بچوکترین یەکەی خزمایەتیە، پێکدێت لە ژن و مێرد، یان ژن و مێرد و منداڵەکانیان[٢] بەربڵاوترین و باوترین جۆری خێزانە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا، قەبارەی بچوکە، لەژن و مێرد ، یان ژن و مێرد و منداڵەکانیان(ژمارەیان هەر چەند بێت) پێکدێت، لە هەمان ماڵدا پێکەوە دەژین و دابڕاون لە خزمانیان لەڕووی شوێنەوە.[٣]

بە گشتی ئەم جۆرە خێزانە چەند تایبەتمەندیەکی هەیە، ئەمانەن: قەبارەی بچوکە، لە ژن و مێرد و منداڵەکانیان پێکدێت و بە تەنیا دەژین(پەیوەندیەکانیان سادە و کەمن)، تێگەیشتنی زیاتر هەیە لە نێوان ژن و مێرددا وپەیوەندیەکانیان بەهێزە و کەشێکی دیموکراسیانەیەی هەیە، دەسەڵاتی ژن و مێرد تاڕادەیەکی زۆر هاوسەنگە.هەروەها نەبوونی کاریگەریی ڕاستەوخۆی خزمان و کەسوکار و باوک و دایک خۆیان بە ئەرکی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵەکانیا هەڵدەستن و خزمان ڕۆڵیان نیە، زۆر بە دەگمەن کەسوکار دەست دەخەنە ناو کاروباری خێزانەکە و، بەشداری لە بڕیاری خیزانەکەدا ناکەن. ئەم جۆرە خێزانە پەیوەندیە خزمایەتیەکان لاواز دەکات.[٤] بڕوانە هێڵکاریی (١)

هێڵکاریی[*] (١)

خێزانی سادە بە هەموو قەبارەکانیەوە نیشان دەدات [٥]




---

(١)بروس کوهین، سەرەتایەک بۆ کۆمەڵناسی، و: هێمن شەریف،خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٢١

(2) David H.Olson and John Defarin, Ibid,p35-36

(٣) کنراد فیلیپ کتاک، ماخذ پیشین، ص ٥١٢

(٤) احسان محمد الحسن، البناء الاجتماعی و الطبقية، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٥،ص٢٥

(*) هێما بەکارهاتوەکان: ○ = △ هاوسەرگیری، △ نێری زیندوو، ▲ نێری مردوو، ○ مێی زیندوو، ● مێی مردوو، منداڵەکان

(٥) هەموو هێلکاریەکانی جۆرەکانی خێزان، کاری توێژەرن، بە سود وەرگرتن لە:
عزت فتاح حەصالح، ابلاخ-دراسة انثروبولوجية، رسالة دكتورا، غير النشورة، كلية علوم الانسانية، جامعة السليمانية، ٢٠١٢، ص٩٧-١٠٢

ئەم هێڵکاریە، خێزانی سادە بە هەموو قەبارەکانیەوە نیشان دەدات، لەم جۆرە خێزانەدا پەیوەندیەکان بەم شێوەیەن: پەیوەندیی هاوسەرگیریی دایک و باوک، پەیوەندیی خوێنیی دایک و باوک و منداڵەکان، دایک و منداڵەکان، باوک و منداڵەکان، برا و برا، خوشک و برا.وە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ نەنک و باپیر و مام و خاڵ و ...هتد،کە دەکەونە دەرەوەی خێزانەکە.

لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا خێزانی سادە هەر هەبووە، بەڵام لە ئێستادا، زۆرترین و باوترین جۆری خێزانە، ئەمەش هۆکاری هەیە، لەوانە: نەمانی خێزان وەک یەکەیەکی بەرهەمهێنان و کاری هەرەوەزی لە نێوان براکان و باوکیاندا و ، سەرهەڵدانی کار و داهاتی سەربەخۆ و جیاوازی براکان، تاکێتی ، حەزی سەربەخۆیی ژن و مێرد لە ژیانیاندا، جیاوازیی ژیانی ئێستا و بیرکردنەوەیان لەگەڵ رابردوو و سەردەمی دایک و باوکیان و هەڵنەکردن و نەگونجان لەگەڵ برا و خوشک و دایک و باوک لە یەک ماڵدا، بەردەستبوونی شوێنی نیشتەجێبوونی سەربەخۆ، زیادبوونی و حەز و خواست و پێویستیەکانی ژیان، کارکردنی ژن لە دەرەوە، دروستبوونی دایەنگا و باخچەی ساوایان،کە ئەمانە بە گشتی خێزانیان لە فراوانەوە بەرەو بچوک بوونەوە بردوە، لە خێزانی جاراندا کە کچێک شوی دەکر، داواکاریی ماڵی باوکی کچەکە ئەوەبووە کە کچەکەیان لەگەڵ ماڵی خەزوورانی بژی، بۆ ئەوەی ئاگاداری بن، بەتایبەت لەسەرەتای ژیانی خێزانیی دوای هاوسەرگیریەکەیاندا، بەگشتی ماڵی جیا کەم هەبووە، زۆربەی خێزانە سادەکان یان شوێن نەبووە لەماڵی باوکی کوڕەکە، یان بە هۆکاری نەگونجان دروستبوون و جیابونەتەوە. بەڵام لە ئێستادا ئەمە پێچەوانە بۆتەوە، ماڵی باوکی کچەکە و کچەکە خۆشی، یەکێک لە داواکاریە سەرەکیەکانیان دانانی ماڵی سەربەخۆیە، کە پییانوایە هەر لەسەرەتاوە جیاببنەوە باشترە، نەوەکو بە ناخۆشی جیاببنەوە.[١]

## ٢. خێزانی ئاڵۆز(گەورە، فراوان):

خێزانی ئاڵۆز پێکدێت لە خێزانی سادە و کۆمەڵێ کەسی تر، کە پەیوەندیی خزمایەتیان هەیە لەگەڵیان وەک باپیر و داپیر و مام و خاڵ و ئامۆزا و پورزا...هتد.[٢] واتا خێزانی ئاڵۆز هەر دووبارەبوونەوەی خێزانی سادەیە بە جۆرێک لە جۆرەکان، هەروەها بناغەی هەموو جۆرەکانی خێزانی ئاڵۆزیش هەر خێزانی سادەیە.[٣]

(١) رسول حمه عبدالقادر، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٥

2) David H.Olson and John Defarin, ,Ibid,p36

(٣) احمد ابوزيد، المصدر السابق، ص٣١٤


ئەم جۆرەی خێـزان، قەبـارەی گەورەیە، لە ژن و مێـرد و منـداڵەکانیان و خێزانەکـانی تـریش پێکـدێت کە بەیەکەوە لە شـوێنێکی هـاوبەش دەژین(پەیوەنـدیەکان زۆر و ئـاڵۆزن)، پەیوەندیی نێوان ژن و مێرد لاوازە و وابەستەی پەیوەندیە خزمایەتیەکانن، پیاو بـاڵا دەستە لە خێزاندا. تەنیا باوک و دایک ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان ناگرنە ئەستۆ، بەڵکو بـاپیر و نەنک و خزمانیش ڕۆڵیان هەیە. ئەم جۆرە خێزانە پەیوەندیە خزمایەتیەکانی تێدا بەهێزە.(١)

**خێزانی ئاڵۆز، لەم جۆرانە پێکدێت:**

**أ- خێزانی درێژ(الممتدة)**

جـۆرێکی خێزانـی ئـاڵۆزە، کە پێکـدێت لە بـاوک و دایکێـک و کـوڕ و کچەکانیـان و نەوەکانیان(بە لای کەمی سێ نەوە)، واتا باوک و دایکەکە بوون بە باپیر و داپیر، (چونکە لە خێزانەکەدا جگە لە کوڕ و کچی زگورتی، کوڕ و کچیشیان هەیە کە هاوسەرگیریان کـردووە و منـداڵیان هەیە و پێکەوە دەژیـن) لەبەر ئەوە ئەم خێـزانە جـگە لە نەنـک و بـاپیر و بـاوک و دایک، هەندێک جار مام و خاڵ و پوریشـی تێدا دەبێت بـۆ منداڵەکان، ئەم خێـزانە لەلایەن بە تەمەنترین کەسەوە(باپیر) سەرپەرشتی دەکرێت و بەڕیوەدەبرێت.(٢) بڕوانە هێڵکاریی (٢)

هێڵکاریی (٢)
خێزانی ئاڵۆزی درێژ نیشان دەدان




ئەم هێڵکـاریە، خێزانـی ئـاڵۆزی درێـژ نیشـان دەدات، کە تیایـدا بـاوک و دایـک بـوون بە نەنـک و بـاپیر ولەژیانـدا مـاون، کوڕ و کچەکانیـان شـویان کـردووە و منداڵیان هەیە و لەگەڵ کـوڕ و کـچە زگـورتیەکانیـان یەک خێزانیـان هەیە و لەیەک مـاڵ و شـوێنی هاوبەشـدا دەژیـن، جیـاوازیەکەی لەگەڵ خێزانـی بچـوک تەنیـا گەورەییەکەی نیە، بەڵکو پەیوەنـدیە تێهەڵکێش و

(١) احسان محمد الحسن، البناء الاجتماعی و الطبقیة، المصدر السابق،ص٢٥
(٢) قیس النوری، مدخل الی علم الانسان، المصدر السابق، ص٢٢١

ئاڵۆزەکانیشیەتی، کە ئەمانەن: پەیوندیی هاوسەرگیریی نێوان نەنک و باپیر، پەیوەندیی خوێنی نەنک و باپیر بە کوڕو و کچەکانیانان و نەوەکانیان، پەیوەندیی خزمایەتیی نەنک و باپیر بە بوک و زاواکەیان، پەیوەندیی هاوسەرگیریی نێوان کوڕ و بوک و کچ و زاواکەیان، پەیوەندیی خوێنیی نێوان کوڕ و کچ و نەوەکانیان، پەیوەندیی خزمایەتیی نێوان نەوەکانیان، کە دەبنە ئامۆزا و پورزا و خاڵۆزای یەکتری و...هتد. جیاوازیەکی تر دەستەڵاتە، کە بەدەست کەسی یەکەمەوە کە باپیرە، هەروەها پەروەردە و ژیان و گوزەران و شوێن هاوبەشە.

لەگەڵ ئەوەی لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا پێشتر ئەم جۆرە خێزانە زۆر هەبووە، بەڵام بەرەبەرە بەرەوە کەمبوونەوە ڕۆشتووە، لە ئێستادا زیاتر ئەم جۆرەیە کە کوڕێک کاتێک هاوسەرگیری دەکات، لەسەر ماڵ دەمێنێتەوە و لەگەڵ دایک و باوکی و خوشک و براکانی دەژییێت، بەتایبەت ئەگەر دایک و باوکی بەتەنیا بن، لە زۆربەی کاتدا کوڕەکە لەگەڵ دایک و باوکیدا دەژی(هەم لەسەر ماڵ دەبێت و هەم دایک و باوکی جێناهێڵێت و ئاگاداریان دەبێت، زۆرتر وایە کە دوا کوڕ کە هاوسەرگیری دەکات، کە زۆربەی کات کوڕی بچوکە لەسەر مال دەمێنێتەوە، هەرچەندە ئێستا ڕیزبەندی شوکردن و ژنهێنانیش بەو شێوەی جاران نەماوە کە زۆر جار دەبوو لە گەورەوە بۆ بچوک بێت)، هەروەها ئەگەر باری دارایی خێزانەکە باش نەبێت و کوڕەکە خانووی نەبێت یان توانای کرێ خانووی نەبێت، ئەوا لەگەڵ ماڵی باوکی دەژی، هەروەها لە ئێستادا زۆر جار لە قاتی سەرەوەی خانووەکەش خانوو دروستدەکرێت بۆ ئەوەی تێیدا بژی،کە ئەمەش یان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قاتی خوارەوە قەرەباڵغە، یان بۆ ئەوەیە کە کوڕێکی تریان ژنی هەیە و لەگەڵیان دەژی، یان بۆ ئەوەیە کە کوڕەکە نیمچە سەربەخۆییەکی هەبیت و شوێنەکەی جیابێت، بەڵام هەر لەیەک تری نزیک بن و پێکەوە بژین، کە زۆربەی جار خواردنیان بەیەکەوەیە.(١) هەروەها ئێستادا هەیە زاواش لەگەڵ ماڵی خەزووری دەژی، واتا خێزان هەیە کچە شوکردووەکەیان و زاواکەشیان لەگەڵی دەژی، ئەمە بە ڕێژەیی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کە دەگوترا زاواڕێوی و نەدەبوو زاوا لەگەڵ ماڵی خەزووری نزیک بێت ولەگەڵیان بژی، واتا نەک هەر ئاساییە نزیکبوونی ماڵی زاوا لە خەزوور، بەڵکو لەگەڵیشیان بژین ئاساییە، هەشە لە قاتی سەرەوەی ماڵی خەزووریدا دەژی و وەک کوڕی خۆیان مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و تا ڕادەیەکی زۆیش لای کۆمەڵگاکە ئاساییە و بارودخی ئیستا وایخواستوە ئەمە ئاسایی بێت.(٢)

---


(١) مۆفەق حمە مجید، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٤١

(٢) سامان حاجی سلێمان، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٤

**ب. خێزانی یەکگرتوو(المتحدة)**

جۆرێکی خێزانی ئاڵۆزە، هەروەک خێزانی درێژە، بەڵام جیاوازیی لەگەڵی ئەوەیە، کە بە تەمەنترین کەسەکانی خێزان(باپیر و نەنک) کۆچی دواییان کردووە، بەڵام خێزانەکە هەروەک خۆی دەمێنێتەوە و هەڵناوەشێتەوە، واتە پێکدێت لە چەند خێزانێکی بچوک لە: چەند برا کە هاوسەرگیریان کردووە و بەیەکەوە دەژین، یان چەند برا و خوشکێک کە هاوسەرگیریان کردووە و بەیەکەوە دەژین لە ماڵێکی هاوبەشی دابەشنەکراودا، خێزانە بچوکەکانی جۆرێک سەربەخۆیی ڕێژەییان هەیە[١] بڕوانە هێڵکاریی(٣)

هێڵکاریی (٣)
خێزانی ئاڵۆزی یەکگرتوو نیشان دەدان




ئەم هێڵکاریە، خێزانی ئاڵۆزی یەکگرتوو نیشان دەدات، کە باپیر و نەنکەکە مردوون، لەم خێزانەشدا پەیوەندیەکان ئاڵۆزن لەوانە پەیوەندیی هاوسەرگیریی نێوان کوڕ و بوک، کچ و زاوا، پەیوەندیی خوێنی کور و بوک لەگەڵ منداڵەکانیان، پەیوەندیی خوێنیی کچ و زاوا لەگەڵ منادالەکانیان، پەیوەندیی خزمایەتیی هاوسەرگیری نێوان بوک و خوشک و برا ی مێرد، پەیوەندیی خزمایەتیی هاوسەرگیری نێوان زاوا و خوشک و برای ژن، پەیوەندیی نێوان نەوەکان کە دەبنە ئامۆزا و پورزا و خاڵۆزا و...هتد. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەیەکتریەوە نزیکن و زۆر شتیان هاوبەشە،ناسیاویی و تێکەڵاوی هەریەک لەم خێزانانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە خێزانەکانی ترەوە هەیە.

ئەم جۆرە لەڕانیەدا پێشتر زۆر بووە و ئێستا بە کەمی هەیە، هەندێکجار یەکێک لە کوڕەکان (کە دایک و باوک ماوە) لەسەر ماڵە و خێزانی خۆی هەیە، هاوکات خوشک و برای زگورتیشی هەیە، دوای مردنی دایک و باوکیان هەر پێکەوە لەو ماڵەدا دەژین و بە تەمەنترین(برا خێزاندارەکە) دەبێتە سەرپەرشتیاری ماڵ و بەڵام هەر لە کۆتاییدا ماڵەکە دەبیت بەمیرات و دابەشدەکرێت، یان گەر دوو برا یان زیاتر کە هاوسەرگیریان کردووە لەسەر ماڵ بن ئەو ماڵە تا ماوەیەک هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە و دوای دەفرۆشرۆێت و دابەشدەکرێت، یان گەر یەک کوڕی خێزاندار لەگەڵ دایک و باوکی ژیابێت، ئەوا دوای مردنی دایک و


(١) عزت فتاح حمەصالح، ابلاخ، المصدر السابق، ص١٠١-١٠٢

باوکی، هەندێک جار تا ماوەیەک لەسەر ماڵەکە دەمێنێتەوەو دوای دەبێت بە میرات و دابەش دەکرێت، جاری واش هەی ڕاستەوخۆ دوای مردنی دایک و باوکەکە، ماڵەکەی دابەشدەکرێت بەسەر میراتخۆرەکانیدا.[1]

**ج. خێزانی پێکهاتوو(المركب): پێکدێت لەمانە:**

ئەم خێزانە بریتیە لە مێرد و ژنەکانی و منداڵەکانی، کە **فرەژنی** پێدەگوترێت، لە بەشێکی زۆری کۆمەڵگاکانــدا هەیە و ڕێســا و یاســای بــۆ دانــراوە، یــان لە ژن و مێردەکــانی و منداڵەکانی، کە **فرەمێردی** پێدەگوترێت، ئەمە دەگمەنە و لە هەندێک کۆمەڵگای کەمدا هەیە. یان لە هاوسەرگیریی پیاوێک کە منداڵی هەبێت لە ژنە کۆچکردووەکەی یان جیابووەوەکەی (فرەژنی بەدواییەکداهاتوو). یان پێکدێت لە هاوسەرگیریی ژنێک کە منداڵی هەبێت لە مێردە کۆچکردووەکەی یان جیابووەوەکەی(فرە مێردی بە دوای یەکدا هاتوو). کە لە هاوسەرگیریە تازەکەش منداڵیان دەبێت و لەگەڵ منداڵەکانیان لەژنە کۆنەکە یان مێردە تازەکە لەدایکدەبن پێکەوە دەژین.[2] بڕوانە هێڵکاریەکانی (٤، ٥، ٦)

هێڵکاریی (٤)
خێزانی پێکهاتوو- فرەژنی نیشان دەدات





ئەم هێڵکاریە خێزانی پێکهاتووی فرەژنی نیشان دەدات، کە تێیدا باوک ئەندامی هاوبەشە، پەیوەندیەکان تێیدا ئاڵۆز و تێهەڵکێشن، منداڵەکانی ژنی یەکەم لە دایک و باوک هاوبەشن و خوشک و برای ڕاستەقینەی یەکترین، بەڵام لەگەڵ منداڵەکانی ژنی دووەم، تەنیا لە باوک هاوبەشن و خوشک و برای باوکین، منداڵەکان مام و پوریان لە باوکەوە هاوبەشە، بەڵام خاڵ و پوریان لە دایکەوە جیاوازن، ژنی دووەم بۆ منداڵەکانی ژنی یەکەم باوەژنە، بەهەمان شێوە ژنی یەکەمی بۆ منداڵەکانی ژنی دووەم باوەژنە. هەردوو ژنەکە هەوێی یەکترین.

---

(١) خیرالله عبدالله، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٣
(٢) شاكر مصطفى سليم،المدخل الى الانثروبولوجيا،المصدر السابق، ص٤٧

له کۆمەڵگـای تـوێژینەوەدا، ئەم جـۆرە خێـزانە هەبـووە و ئێسـتاش هەیە، زۆر جـار ڕوویداوە کە پیاوێک، کچی ژنی یەکەمی داوە بە برای ژنی دووەمی، لەبری خوشکەکەی کە بووە بە ژنی دووەمی، لێرەدا خێزانەکە بەرهەمی ژنبەژنە و و فرەژنیشە، کە پەیوەندیەکان تێیدا زۆر ئاڵۆز و تێهەڵکیشکن.(١)

هێڵکاریی (٥)
خێزانی پێکهاتوو- فرەژنیی بەدوای یەکداهاتوو نیشان دەدات





ئەم هێڵکـاریە، خێزانـی پێکهـاتووی فرەژنیـی بە دوای یەکـدا هـاتوو، نیشـان دەدات، کە پیاوەکە دوای مردنی ژنی یەکەمی یان جیابوونەوەی، هاوسەرگیری ئەنجامداوەتەوە ژنێکی تری هێناوە، بەڵام منداڵەکانی و ژنە تازەکەی و منداڵەکانی بەیەکەوە دەژین، لێرەشدا پیاو ئەندامی هاوبەشە و ، پەیوەندیەکان ئاڵۆزن،منداڵەکانی ژنی یەکەم تەنیا خوشک و برای ڕاستەقینەی یەکترین، بەڵام لەگەڵ منداڵەکانی ژنی دووەم پەیوەندیەکەیان خوشک و برای باوکین و تەنیا لەڕیگەی باوکەوەیە، منداڵەکانی ژنی یەکەم دایکیان گەر مردبێت هەر نیە، ئەگەریش جیابوبێتەوە لە ناو خێزانەکەدا نیە، بۆیە منداڵەکانی ژنی دووەم دایکی زڕیان نیە و تەنیا دایکی ڕاستەقینەیان هەیە. واتا لەم خێزانەدا یەک دایک هەیە، بۆ هەندێکیان باوەژنە و بۆ هەندێکیان ڕاستەقینە، وە هەوێشی نیە.

ئەم جۆرە، لە کۆمەڵگـای تـوێژینەوەدا هەیە، زۆرجـاریش ڕوویـداوە کە بەمردنـی ژنـی یەکەمی، پیاوەکە لەگەڵ خوشکی ژنەکەی هاوسەرگیری ئەنجامداوەتەوە، منداڵەکانی لە ژنە کۆنەکەی و ژنە تـازەکەی هەمـوو پـێکەوە لە ماڵێکـدا ژیـاون، کە ژنە تـازەکەی هەم پـوری منداڵەکانی خوشکەکەیەتی، هەم باوەژنە و، پەیوەندیەکان تێیدا ئاڵۆزن.(٢)

---
(١) عمر امین علی، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٢
(٢) هەمان چاوپێکەوتن

### هێڵکاریی (٦)
### خێزانی پێکهاتوو- فرەمێردیی بەدوای یەکدا هاتوو نیشان دەدات




ئەم هێڵکاریە خێزانی پێکهاتووی فرە مێردیی بەدوای یەکدا هاتوو نیشاندەدات، کە تێیدا ژن ئەندامی هاوبەشە و پەیوەندیەکان تێیدا ئاڵۆزن، منداڵەکانی ژنەکە لە مێردی یەکەم لەگەڵ منداڵەکانی دایکیان لە مێردێکی تر تەنیا دایکیان هاوبەشە و باوکیان جیایە، هەروەها منداڵەکان خاڵ و پوریان لە دایکەوە هاوبەشە و مام و پوریان لە باوکەوە جیایە. دایکەکە بۆهەموو منداڵەکان ڕاستەقینەیە، بەڵام باوکەکە کە مێردی دووەمە، تەنیا بۆ منداڵەکانی خۆی ڕاستەقینەیە، بۆ منداڵەکان لە مێردی پێشووی ژنەکە دەبێتە باوپیارە. هەروەها لەم جۆرەدا ژنەکە بەهۆی منداڵەکانی پەیوەندییەک دەیبەستێتەوە بە مێردە کۆنەکەی(ئەگەر زیندوو بێت)و لەگەڵ خزمەکانی مێردەکەشی، بەڵام تەنیا پەیوەندیەکە بۆ هاوبەشیی منداڵەکانیان دەگەڕێتەوە.

ئەم جۆرە خێزانە لە کۆمەڵگای تویژینەوەدا هەیە، پێشتر زۆر باو بووە هاوسەرگیریکردنەوە زیاتر لەگەڵ برای مێرد(شوبرا)، کە پیاوێک براژنی خۆی هێناوەتەوە و بۆ منداڵەکانی براکەی هەم مامە، هەم باوەپیارە، بەڵام بۆ منداڵەکانی لە براژنەکەی هەر باوکە،ئەگەر پیاوەکە ژنی تری هەبێت و منداڵیشی هەبێت، وە پەیوەندیەکی ئاڵۆز لە نێوان ئامۆزاکاندا دروستدەبێت، لەگەڵ هەندێکیاندا تەنیا ئامۆزان، لەگەڵ هەندێکیشیاندا برای باوکین واتە باوکیان هاوبەشە و دایکیان جیایە. هەروەها زۆر جار ڕوو دەدات ژنەکە منداڵی مێردێکی تری هاوسەرگیری دەکات لە گەڵ منداڵی مێردە تازەکەی لە ژنێکی تر و پەیوەندیی ئاڵۆز لە نێوانیاندا دروست دەبێت.[١]

(١)عمر امین علی، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٢

## باسی سێیەم: خزمایەتی

### یەکەم/ خزمایەتی و ئەرک و پلەکانی

خزمایەتی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیە، بەهۆی پەیوەندیی خوێنی یان هاوسەرگیری و ژن و ژنخــوازی دروســت دەبێــت، ئەوکەســانەی پەیوەنــدیەکی لەم جۆرەیــان لە نێوانــدا هەیە، پێیانــدەگوترێت خزمــی یەکتــری و بەخزمــان نــاودبرێن و دەناســرێن، ئەم خزمــایەتیە لە کۆمەڵگــایەکەوە بــۆ کۆمەڵگــایەکی تــر، جیــاوازیی هەیە، بەپێــی جیــاوازی کۆمەڵگــا و کلتورەکانیــان، ئەمــیش جیــاواز دەبێــت و بەهێــز و لاواز دەبێــت"[1] هەروەهــا خزمــایەتی پەیوندیەکی ناویستەمەندانەیە(لا ارادیـة) لە نێوان تـاکەکەس و کۆمەڵێـک کەس، کە بەرِیـگەی پەیوەندیی خوێنی یان ژنوژنخوازی بەیەکەوە بەستراونەتەوە.[2]

خزمـایەتی لەگەڵ دروسـتبوونی مـرۆڤ و هاوسـەرگیری و خێزانـدا، سـەریهەڵداوە، بەڵام لێکۆڵینەوە لە خزمایەتی لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە لویس هینری مۆرگان لە ساڵی ١٨٧١دا کتێبە بە ناوبانگەکەی بە نـاوی سیستەمی خزمـایەتی و رەچەڵەکی خێزانـی مرۆیـی نوسـی و، دواتـر هەر یەک لە مارسـیل مـوس و رادکلیـف بـراون و مالینۆفیسـکی درێژەیـان پێـدا و بە ئەرکی توێژینەوەی مرۆڤناسیان دانا، پێیانوابوو کە لێکۆڵینەوە لە پەیوەدنیی خزمـایەتی کلیلـی تێگەیشتنە لە کۆمەڵگا ناسراو بە سەرەتاییەکان، وە مرۆڤناسـی فەرەنسـی کلـود لیڤـی شـتراوس درێــژەی بەم بۆچــوونە داو قــوڵتر کــاری تێــدا کــرد، پێیوابــوو هەر یەک لەو لێکــۆڵەرانە گۆرانێکی گەورەیان بەسەر لێکۆڵینەوەی مرۆڤناسیدا هێناوە، هەموویـان دانیـان بەوەدانـاوە کە پەیوەندیی خزمایەتی وەسیلەیەکی کۆمەڵایەتیە، دروستبووە بۆ ئەوەی بە ئەرکـی کۆمەڵایەتی هەسـتێت، ئەویـش فەراهەمکردنــی هاوســەنگیی کـۆمەڵایەتی و دابینکردنــی ئاشـتیی نێـوان کەسەکانی کۆمەڵ و بەهێزکردنی پەیوەندیە لە نێوان ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵەیە.[3]

رِۆبــن فــۆکس لە کتێبــی (خزمــایەتی و هاوســەرگیریدا)دەڵێت" بــابەتی خزمــایەتی بــۆ مرۆڤناسی وەک لۆجیک بۆ فەلسـەفە گرنگە.[4] هۆکـاری ئەو هەمـوو گرنگیپێدانەی زانایـانی مرۆڤناســی بــۆ تــوێژینەوە لە خزمــایەتی، دەگەرِێــتەوە بــۆ ئەو رِۆڵە گــرنگەی پەیوەنــدیە

---

(١) حمید عضدانلو، اشنایی با مفاهم اساسی جامعشناسی،نشر نی، تهران، ١٣٨٦، ص٢٩٣
(٢) سلوى عبدالحمید الخطیب، نظرة فی علم الاجتماع الاسری، مكتبة الشقری، الریاض ، ٢٠٠٧، ص٤٧
(٣) محمد بن احمـودة، الأنثروبولوجیا البنیویـة-أو حق الاختلاف من خلال ابحـاث ک.ل.ستراوس، دار محمد علی الحامی للنشر، تونس، ١٩٨٧، ص٦٩-٧٠
(4) Nigel Rapport and Joanna Overing, Social and Cultural Anthropology, published in the Taylor & Francis e-Library, London and New York, 2003,p217

خزمایەتیەکان هەیانە لە پەیوەندیدا بە ژیانی ڕۆژانەی ئەندامانی کۆمەڵگا.[1] هەروەها چونکە بەشێکی زۆری پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی زۆربەی کۆمەڵگاکان بنەڕەتێکی خزمایەتیان هەیە.[2]

خزمایەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕیت لە ژیانی کەسەکاندا، هەروەها پابەندبوونە کۆمەڵایەتیەکانیشی لێدەکەوێتەوە، لە لایەکی ترەوە خزمایەتی ئەرکێکی گرنگ ئەنجامدەدات لە پشتگیریکردنی پایەکانی هاوکاری و خۆگونجاندن، خزمایەتی پێگەی کۆمەڵایەتیی کەس دیاریدەکات، هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگە لە سەرچاوەکانی ڕیکخستن و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت لە کۆمەڵگا نەریتی و سادەکاندا.[3] هەروەها خزمایەتی نەسەقێکی کۆمەڵایەتیشە، چونکە خزمایەتی، کەسوکار تاکەکەس زیاتر دەکات و لەسایەیدا هەست بە دڵنیایی و جێگیری دەکات، ڕەفتار و مامەڵەکانی لەگەڵ خزمەکانی ڕێک و پێک و باش دەکات بۆپارێزگاریکردن لە پلە و پایەی خۆی، هەروەها سەرنجی خزمەکانی ڕادەکیشێت، ئەمەش بۆ پاراستنی پێگەکەی و مانەوە و زیادبوونی حورمەت و ڕێزی خۆی لە ناویاندا.[4]

**بە گشتی پەیوەندیە خزمایەتیەکان، چەند تایبەتمەندیەکیان هەیە، ئەمانەن:**

١. پەیوەندیە خزمایەتیەکان پشت بە کارلێکی ڕاستەوخۆ دەبەستن، واتا کەسەکان لە ناو ئەو پەیوەندیەدا، ڕووبەڕوو لەگەڵ یەکتریدان.
٢. پەیوەندیە خزمایەتیەکان خۆیان ئامانجن، نەک ئامراز.
٣. خزمایەتی لە کۆمەڵگا سادەکان دەچێتە ناو بوارە سەرەکیەکانی ژیانەوە، وکو بواری ئابووری و سیاسی و بیروباوەڕەوەوە، تەنانەت خۆشگوزەرانیش، دەچێتە ناو هەموو ڕەهەندەکانی ژیانەوە، ئەمەش ئەرکەکانی لە واقعی ئەم کۆمەڵگایانەدا زۆر ئاڵۆز دەکات.
٤. لە کۆمەڵگا سەرەتایی و سادەکاندا، خزمایەتی زۆر لقی لێدەبێتەوە، وەکو خزمایەتیی خوێن و خزمایەتیی ژنوژنخوازی و خزمایەتیی سروتئامێز و خزمایەتیی تیرەیی.
٥. خزمایەتی لە کۆمەڵگا سەرەتایی و خێڵەکیەکاندا، کاریگەریی بەهێزی لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا هەیە، بەوپێیەی ئەندامانی ئەم جۆری کۆمەڵگایانە، ژیانی تایبەتیی خۆیان و ژیانی منداڵەکانیان لە ژیانی خزمەکانیان جیانابێتەوە، ئەمەش مافیان دەداتێ دەست بخەنە ناو کاروبارەکانیان و پەیوەندیداربن بە کێشەی خێزانیەکان و گرفتەکانی تر.
٦. لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا، خزمایەتی کۆنترۆڵی زۆربەی بوارەکانی ژیان دەکات، بۆیە ئەم کۆمەڵگایانە، کۆمەڵگایەکی کراوەنین.[5]

---

(١) احمد ابوزيد، المصدر السابق، ص٢٧٤
(٢) پەیتەر کلۆس، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥
(٣) سلوى عبدالحميد الخطيب، المصدر السابق، ص٤٨
(٤) محمد مصطفى احمد، بيارە-دراسة سوسيوأنثروبولوجية، رسالة الماجستير، غير المنشورة، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٤، ص١١٢
(٥) قيس النوري، المدخل الى علم الانسان، المصدر السابق، ص٢٠١-٢٠٢

**هەروەها خزمایەتی چەند پلەیەکی هەیە، ئەمانەن:**

١. خزمە سەرەکیەکان (پلە یەک): دایک و باوک و خوشک و برا و هاوسەر و کور و کچ دەگرێتەوە.
٢. خزمە پلە دووەکان: خزمە سەرەکیەکانی خزمی سەرەکی کەسێک دەگرێتەوە، وەک خوشکی مێرد، برای ژن و ..هتد، یان مام کە برای باوکە و سەرەکیە بۆ باوک، بەڵام بۆ کەسی سەرەکی(من) خزمی پلە دووە.
٣. خزمە پلە سێکان: خزمی پلە دووەکانی خزمی سەرەکی کەسێک دەگرێتەوە، وەک کچی خوشکی مێرد، کچی خوشکی ژن و ...هتد. یان کوڕی خاڵ کە خزمی پلە دووی دایکە، بەڵام بۆ کەسی سەرەکی(من) خزمی پلە سێیە.[١]

لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، لە ڕابردوو خزمایەتی بەهێزتر بووە، چونکە شارەکە بچوکتر بووە و دانیشتوان کەمتر بووە، هەروەها هاوسەرگیریی ناوخۆیی زۆر ئەنجامدراوە، خێزانیش زۆرتر لە جۆری خێزانی ئاڵۆز و فراوان بووە و خزمان زیاتر بەیەکەوە ژیاون و کاروبژێوی و ئیشی هەرەوەزیان بەیەکەوە بووە و کۆمەڵگاکە زیاتر کشتوکاڵی بووە، لە لایەکیترەوە حزمایەتی تاکە ڕیگا و کەناڵی ئینتما و پەیوەندیەکان بووە، بە گشتی نەریتی بوون و خێلەکیبوون لەڕابردوودا زۆرتر و زەقتر بووە، بە گۆڕان لەم هۆکارانەی سەرەوە خزمایەتیش گۆڕان لە ئاستی بەهێزیەکەیدا ڕوویداوە و بەرەبەرە لاوازبووە و زیاتر خزمایەتی لەنێوان خزمە نزیکەکەکان و سەرەکیەکاندایە، بەڵام خزمایەتی گەر بە وردی سەیربکرێت، هەر پەیوەندیەکی بنەڕەتیە و ڕۆڵی بەرچاوی خۆی هەیە، ڕاستە وەکو جاران سەردانی هەمیشەیی و ڕۆژانە نیە، بەڵام لە کاتی لێقەومان و نەهامەتی و ناخۆشیەکاندا، دەردەکەوێت کە تا ئێستا پەیوەندیە خزمایەتیەکان چەند ماون و چەند ڕۆڵی بەرچاویان هەیە و زۆر چاوەڕوانیان لێدەکرێت. کە سەردانی نەخۆشخانەکان دەکەیت، دەبینیت زۆرترین سەردانیکەری خزم و کەسوکاری لێیە ،هەروەها لەکاتی مردن و پرسە گێران، ئەوە هەر خزمانن لە پێشی پێشەوەن و کۆمەکی مادی و مەعنەوی خاوەن پرسە دەکرێت، لە کاتی خراپی ئابووری و نەداری و بوونی کێشەدا، هەر خزمەکان یەکەم کەسن کە بەهانای یەکتریەوە دەچن، بەوپێیەی کۆمەڵگایەکی ئیسلامیشە، صلەی ڕەحم پێویستیە و جەختی لەسەر کراوەتەوە، بۆیە بە گشتی، خزمایەتی بە هەموو جۆرەکانیەوە، ڕۆڵی هەیە لە ژیانی کۆمەڵگای توێژینەوەدا و ڕەچاو دەکرێت.[٢]

---

(١) مليحة عوني قصير و معن خليل عمر، المصدر السابق، ص٣١٣
(٢) عزيز محمود عزيز، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٠

## دووەم/ جۆرەکانی خزمایەتی

خزمایەتی چەند جۆرێکی هەیە، هەروەها وەک هاوسەرگیری و خێزان، خزمایەتی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە.[1] جۆرەکانی خزمایەتی ئەمانەن:


### ١-خزمایەتیی خوێنی(بایۆلۆجی):

ئەم جۆرە پشت دەبەستێت بە پەیوەندیی خوێن و ڕیشەی هاوبەش، وەکو خزمایەتیی باوک بۆ کوڕ و کچەکەی، دایک بۆ کوڕ و کچەکەی، یان پەیوەندیی برا و خوشکەکان، یان بە گشتی خزمایەتی لەڕێگای دایک و باوکەوە.[2] ئەم خزمایەتیە سێ جۆری هەیە، ئەمانەن:

#### أ. خزمایەتیی خوێنی دایکی(بەرێ):

تاکەکەس دەگەڕێتەوە سەر کۆمەڵێک لە خزمان و پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ خزمەکانیدا هەیە تەنها لەڕیگەی دایکەوە، واتە ئەو خزمانەی لەڕێگەی دایکەوە پێیانەوە دەبەسترێتەوە.[3] بڕوانە هێڵکاریی (٧)

هێڵکاریی[*] (٧)
خزمایەتیی هێڵی دایکی(بەرێ) نیشان دەدات[٤]




ئەم هێڵکاریە پێنج نەوە لە خزمەکانی کەسێکی دیاریکراو(من) لە هیڵی دایک ڕوون دەکاتەوە، تیبینی ئەوە دەکرێت وێڕای ئەوەی خزمە نێرینەکان لەهێڵی دایک لە چوارچێوەی خزمەکان دادەنرێن، بەڵام منداڵەکانی ئەو نێرینانە ناچنە ناوچوارچێوەی خزمە دایکیەکان، هەروەها تێبینی ئەوە دەکرێت خزمەکانی باوک هیچ بوونێکیان نیە لەسەر نەخشەی خزمایەتی.

---


(١) محمد الجوهری و علیاء شکری،مقدمة فی دراسة الانثروبولوجیا،بدون مکان الطبع،القاهرة، ٢٠٠٧،ص٦٠-٦١
(٢) سلوی عبدالحمید الخطیب ، المصدر السابق، ص٤٨
(٣) ملیحة عوني قصیر و معن خلیل عمر، المصدر السابق، ص٣١٤
(*) هێما بەکارهاتوەکان: ○ مێ △ نێر
(٤) علیاء شکری، اتجاهات معاصرة فی دراسة الاسرة، دار المعارف، قاهرة، ١٩٨٢،ص٤١

## ب. خزمایەتیی خوێنی باوکی(پشتێ):

خزمـایەتیی بـاوکی، بـریتیە لە خزمـایەتی تەنیـا لەڕێگـای هێڵـی نێرەکـانەوە،[1] تـاکەکەس دەگەڕێتەوە سەر کۆمەڵێک لە خزمان، تەنها لە ڕێگای باوکەوە. بڕوانە هێڵکاریی **(٨)**

هێڵکاریی (٨)

خزمایەتیی هێلی باوکی(پشتێ) نیشان دەدات[2]




ئەم هێڵکـاریە پێـنج نەوە لە خزمەکـانی کەسێکی دیـاریکراو(من) لە هیڵـی بـاوک ڕوون دەکـاتەوە، تێبینـی ئەوە دەکرێت کە وێڕای ئەوەی منداڵەکانی مێیەنەکان دەچـنە چوارچێوەی هێڵی خزمەکان، بەڵام منداڵەکانی ئەو مێیینانە ناچنە ناو چوارچێوەی خزمەکـانی کەسـی(من)، هەروەهـا تێبینـی ئەوە دەکرێت کە خزمەکـانی دایکیش هیچ بوونێکیـان نـیە لەسـەر نەخشـەی خزمایەتی.


## ج. خزمایەتیی خوێنی هاوبەش(بەرێ و پشتێ):

ئەو خزمـایەتیەیە کە تـاکەکەس لەڕێگـای هەردوو هێڵـی دایـک و بـاوکەوە دەچێتەوە سـەر خزمەکــانی و بە خزمــی دادەنرێــت.[3] ئەم جــۆرە لە جیهــانی هاوچەرخــدا لە زۆریــنەی کۆمەڵگاکاندا باوە، هەروەها لەڕابردووشدا پەیڕەو کراوە، ئەم جۆرە لە وڵاتـانی ڕۆژهەڵاتـی زیاتر بەرچاوترە وەک لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان.[4] بڕوانە هێڵکاریی (٩)

---

(١) عبد علی سلمان، المصدر السابق، ص٥١
(٢) علیاء شکری، المصدر السابق ،ص٤٣
(٣) ملیحة عوني قصیر و معن خلیل عمر ، المصدر السابق، ص٣١٤
(٤) علیاء شکری، المصدر السابق، ص٦٥

هێڵکاریی (٩) خزمایەتیی هاوبەش(بەرێ و پشتێ) نیشان دەدات[(١)]




ئەم هێڵکاریە وێنەی هەندێک لە خزمەکانی (من) دەکات بە گوێرەی خزمایەتی بۆم، لەسەر بنەمای ریشەی هاوبەش و دوولایەنە، بەجۆرێک تێبینی دەکرێت کە خزمەکانی دایک و باوک هەردووکیان بە خزمی (من) ئەژمار دەکرێن.

لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا خزمایەتی لە هێڵی هاوبەشەوەیە، واتا تاکەکەس دەبەسترێتەوە بە خزمانی باوکی و دایکیەوە، بەڵام بە گشتی خزمایەتی وەک هەموو کۆمەڵگای کوردی، زیاتر بۆ باوک دەگەڕێتەوە، لەسەر ناسنامەش منداڵ بەناوی باوکیەتی، پێشتر خزمایەتی لە هێڵی باوکەوە زۆر بەهێز بووە، ژن کە شوی کردووە، زۆر دابڕاوە لە ماڵی باوکی و بۆتە ئەندامێکی ماڵی باوکی مێردەکەی(بەتایبەت کە زۆربەی خێزانەکان ئاڵۆزی درێژ بوون)، لەوێوە پەیوەندیی خۆی و ئەو منداڵانەی لە دایکبووون زیاتر بە خزمانی باوکەوە بووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەوە بووە کە کۆمەڵگاکە مۆرکێکی پیاو سالارانەبووە. خزمایەتی پشتی پێشتر زۆر گرنگ بووە، دوور نەبووە گەر بەڕاستی بگوترێت تەنیا ئەوە بە خزمایەتی ڕاستەقینە دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەی خزمایەتی بەرێش هەر هەبووە و بەتایبەت لە ئێستادا خزمایەتی بەرێش زیاتر لە جاران گرنگ بووە، بەڵام ئەگەر لە بنەڕەت و قوڵایی و واقعیانە سەیری بکەین، هەر خزمایەتی پشتی زیاتر حسابی بۆ دەکرێت و، بەگشتی لە حاڵەتی زۆر تەنگانە و لێقەومان هەر پشت بە خزمانی پشت دەبەسترێت ،چونکە کۆمەڵگاکە وادەخوازێت و لە بنەڕەتدا بیرکردنەوەیەکی خێڵەکیانەی هەیە.[(٢)]

لە ئێستادا خزمایەتی لەرێگەی دایکیشەوە بەهێزتر بووە، کە ئەمە زیاتر دەگەڕێتەوە، بۆ بچوکبوونەوەی خێزان و بەرزبونەوەی پێگەی ژن و زۆربوونی دەستەڵاتی ژن لە خێزاندا، کە پێگە و دەستەڵاتی ژن تاڕادەیەک هاسەنگی بەخۆیەوە بینیوە و لەیەکتریەوە نزیکن و پەیوەندیەکانیان باشن و سەربەخۆن، ئەمە وایکردووە، خزمایەتی لەڕێگەی دایکەوە بەهێزتربێت لە جاران و، زیاتر هاوسەنگبێت و لەهەردوو هێڵی دایک و باوکەوە بێت.[(٣)]

(١) علیاء شکری، المصدر السابق ،ص٦٧


(٢) عزیز محمود عزیز، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پیشووی ل٩٠

(٣) خیرالله عبدالله عبدالله، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٣

**٢.خزمایەتیی ژنوژنخوازی:**

ئەم جۆرە لە ئەنجامی هاوسەرگیریەوە سەرچاوە دەگرێت، کە مێرد دەبەسترێتەوە بە ژنەکەی و کەسوکارەکەی(دایک و باوک و خوشک و برا و ...هتد)هەروەها ژنیش دەبەسترێتەوە بەمێردەکەی و کەسوکارەکەی( دایک و باوک و خوشک و برا و ...هتد.)[(١)] بڕوانە هێڵکاریی (١٠)

هێڵکاریی (١٠)
خزمایەتیی ژن و ژنخوازی نیشان دەدات




ئەم هێڵکاریە، بەشێک لە خزمەکانی ژن و پیاو نیشان دەدات، کە بە هۆی هاوسەرگیریی ژن و پیاوەکەوە بوون بە خزمی یەکتری، بە لەدایکبوونی منداڵ خزمایەتیەکە زیاتر قوڵ دەبێتەوە و پەیوەندیەکان ئاڵۆزتر دەبن و زاراوەی تازەی خزمایەتی تێدا دروست دەبێت... نمونە: برای ژنەکە دەبێتە خاڵی منداڵەکە و بۆ خاڵەکەش ئەو دەبێتە خوشکەزا، هەروەها خاڵۆزاشی دەبێت و،بەهەمان شێوە بۆ مام و پور و...هتد. لەگەڵ ئەوەی خزمایەتی خوێنی بەهێزترە و زیاتر ڕەچاو دەکرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەوە ژن و ژنخوازی و هاوسەرگیریە لەدایکبوون دێنێتە ئاراوە و خزمایەتی دروستدەکات.

خزمایەتی ژن و ژنخوازی کە لە کۆمەڵگاکەدا زیاتر بە خزمایەتی ژنان دەزانن، پێشتر هەر توێنرابووەوە لە خزمایەتی خوێنیدا، بەڵام لە ئێستادا، خزمایەتی ژن و ژنخوازیش بەهێزتر بووە لە بەر چەند هۆکارێک، لەوانە: بەرزبوونەوە پێگەی ژن و باڵادەستبوونی ژن زیاتر لە جاران، هەروەها هاوسەرگیریەکانیش بەئازادانە و ڕەزامەندی کچ و کوڕەکە

(١) محمد عبده محبوب،طرق البحث الانثروبولوجي-النسق القرابي،دار المعرفية الجامعية،الاسكندرية،١٩٨٥،ص٣٢

دەکرێن، بۆیە هاوسەرگیریەکی ئارەزوومەندانەیە و دەرەکییە(پێشتر ناوخۆیی و زیاتر ژنبەژن و نا ئارەزوومەندانەبووە، لانی کەم ئارەزومەندانە نەبووە وەک ئێستا) ئەمە وای کردووە هەردوو لا(کچ و کوڕ)ەکە پابەند بن بە پەیوەندیە خزمایەتیەکانیان و ڕەزامەندی یەکتر بەدەست بێنن.سەرەنجام خزمایەتیەکەشی خزمایەتیەکی بەهێز دەبێت،[1] هەروەها زاواش پێگەی بەرز بۆتەوە و وەک جاران نیە، کە زاوا دوورەپەرێز بکرێت و ماڵی باوکی کچ پەیوەندیەکان لەگەڵیدا سنوردار بکەن و ڕووپێدانی لە لایەن خەزروو و ئەندامانی ماڵی باوک ژنەکەی عەیب بێت. لە کاتێکدا ئەمە لە ڕابردوودا نەنگی بوو، کە خەزوور لەگەڵ زاواکەی پەیوەندیی باش بێت و ڕووی بداتێ، بەڵام ئێستا ئەمە گۆڕاوە و تەنانەت خێزان هەیە، کچ و زاواکەیان لەگەڵ خۆیان دەژین و وەک کوڕی خۆیان مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. بەگشتی ئێستا زاوا و ژنبرا و خەسو و خەزوور و بوک و ...هتد پەیوەندیەکانیان بەهێزترن لە جاران و کەمتر بەر یەک دەکەون.[2] هۆکارێکی تری بەهێزبوونی، دەگەڕیتەوە بۆ ئەوەی کە ئێستا پێویستیەکان زیاتر لەڕێگای ماڵە خەزووران(هەردوولا) پردەکرێنەوە و نزیکترن لەیەکتری و لە کاروباری خێزانی ڕۆژانەدا هاوکاریی یەکتر دەکەن.[3]

لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا بە بەراورد بە ڕابردوو و خزمایەتیی خوێنی، خزمایەتی هاوسەرگیری لە ئێستادا زۆرتر بووە، وە گرنگیی خۆی هەیە چونکە بۆتە هۆی تێکەڵاویی نێوان پێکهاتە خێڵەکیەکانی ناو ڕانیە و تێکەڵاوی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەر و شاروشارۆچکەکانی تری وەک قەڵادزێ و کۆیە و ڕواندوز و سلێمانی و هەولێر ...هتد. بەتایبەت کە ئێستا هاوسەرگیریی دەرەوەی خزمان زۆرتر ئەنجامدەدرێت، خزمایەتی کشاوە و فراوانتر بووە، بەڵام کەمتر قوڵ بۆتەوە و بەهێزیی جارانی نەماوە، هەروەها بەگشتی لە رابردوودا چونکە هاوسەرگیری زۆرتر ناوخۆیی بووە، یان ژن بەژن بووە، زۆر جاریش ژن بەژنی ناوخۆیی بووە، بۆیە خزمایەتی، زۆرتر لە ئێستا بە هێزتر و جێگیرتر بووە، بەکەمبوونەوەی ئەم جۆرە هاوسەرگیریە، خزمایەتیش بەرەوە لاوازبوون ڕۆشتووە، بەڵام لە هەمانکاتدا، یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی خزمایەتی لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، تا ئێستا بوونی ئەو خێزانانەیە کە بەرەنجامی ژنبەژن و هاوسەرگیری ناوخۆیین لە ڕابردوودا، لێرە ئەوە دەردەکەوێت کە هاوسەرگیری و خێزان و خزمایەتی و جۆرەکانیان، چەندە کاریگەریان بەسەر یەکتریەوە هەیە، بە گۆڕان لە هەر یەکێکیان گۆڕان لەوی تریشیان ڕوودەدات.

---

(١) عمر امین علی، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٢
(٢) سامان حاجی سلێمان، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٤
(٣) ئاکۆ خدر حسن، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٣

### ٣. خزمایەتیی کۆمەڵایەتی:

لێرەدا هیچ کام لە پەیوەندیی خوێنی یان هاوسەرگیری لە نێوان کەسەکاندا نیە، بەڵکو کەسەکان هەست بە پەیوەندیەکی مەعنەوی دەکەن لەبەرامبەر یەکتریدا، هەروەکو ئەندامێک بێت لە خێزانەکەیاندا.[1] چەند جۆرێکە: یەکەمیان لەرێگای شوێنەوەیە، ئەم جۆرە نە خوێنیە و نە هاوسەرگیریە، بەڵکو لە رێگای هاوشوێنیەوە دروست دەبێت، واتا کۆمەڵێک کەس و خێزان لە شوێنێکی دیارکراو و نزیک لە یەکتر نیشتەجێدەبن و پەیوەندی و تێکەڵی لە نێوانیاندا هەیە و ناسیاوی و خزمایەتی (یەکماڵەیی) لە نێوانیاندا دروستدەبێت، ئەمەش بە هۆی بەهێزی پەیوەندیان لەگەڵ یەکتر و هاموشۆی زۆری یەکتر.[2] دووەمیان لە رێگەی کردنە منداڵی خۆ (تبنی)، کە لێرەدا هیچ پەیوەندیەکی خوێنی و هاوسەرگیری لە نێوان ئەندامانی خێزانەکە و کەسی تەبەنیکراودا نیە، بەڵام سودمەندە بە زۆرێک لەو مافانەی، کە ئەندامانی تری خێزانەکە لێی سودمەندن.[3]

هەروەها زۆر جار بەرەنجامی خزمایەتیی کۆمەڵایەتی و تێکەڵیی زۆر، **خزمایەتیی شیری** پەیدا دەبێت، کە جۆرە خزمایەتیەکە ، بەهۆی هاوشیربوونی دوو کەس دێتە کایەوە، کە دیارە لە رووی شەرعیەوە هاوسەرگیری نێوان کچ و کورێک، کە شیریان لە دایکێک خواردبێت، رێگاپێدراو نیە، چونکە بونەتە خوشک و برای شیری.[4]

لە رابردوودا خزمایەتیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگی توێژینەوە بەهێز بوو و ئێستاش هەر هەیە، لەگەڵ ئەوەی شارەکە پێکهاتەیەکی خێڵەکی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام لە دوو ئاستدا هاوشوێنی دروستکەری ئەو پەیوەندیە بوو، لە ئاستێکدا شارەکە خۆی کە بچوک بووە، خەڵک بەگشتی یەکتری ناسیوە و ئەوەشی لەگەڕەکەکاندا لە نزیک یەکتر بووە، زیاتر تێکەڵی یەکتر بووە و بەهێزی دراوسێیەتی یەکێکە لەوانە، هەروەها لە ئاستێکی تردا، ئەصلی شوێنی دانیشتوانەکەی بووە، کە لە کوێوە هاتوون، بۆ نمونە خەڵکی میرزا رۆستەمی کە پێشتر لە میرزا رۆستەم بوونە و دوایی هاتونەتە رانیە، تێکەڵاویان زۆر بووە لەگەڵ یەکتری وەک کەسوکاری یەک بینراون، لە کاتێکدا بەشێکیان تەنیا پەیوەندیە هاوشوێنیەکەی پێشوویان ئەمەی دروستکردووە، ئەمە بۆ خەڵکی ناوچەکانی تر و خێلەکانی تریش بەهەمان شێوەیە، تەنانەت خەڵکی ئەو شوێنانە کە هاتونەتە ناو شاری رانیەش، بە گشتی لە نزیک

(١) سلوى عبدالحميد الخطيب، المصدر السابق، ص٤٦

(٢) عزەت فتاح حمەصالح، ژیانی کۆمەڵایەتیی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١

(٣) سلوى عبدالحميد الخطيب، المصدر السابق، ص٤٦

(٤) مەنسور وسووقی و عەلی ئەکبەر نیک خولق، بنەماکانی کۆمەڵناسی، و: سیروان محمد حاجی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٢٠٤-٢٠٥

یەکتری نیشتەجێبوون، کە ئەمە تا ئێستاش دیارە، هەرچەندە شارەکە ڕووبەری بەرفراوانتر و گەڕەکەکانی زیاتر و دانیشتوانی زۆرتربووە، بۆ نمونە خەڵکی ڕەسەنی شاری ڕانیە زیاتر لە گەڕەکی قەڵات، خۆشناوەکان زیاتر لە گەڕەکی سەرا و ئازادی دوو، ئاکۆکان لە گەڕەکی کۆدۆ و کارۆخ ئازادی یەک، جافەکان لە گەڕەکی ئازادی یەک و ئازادی دوو و سەرا و ڕەشەمێرگ بوون و ...هتد. لە لایەکی ترەوە بەگشتی ڕانیە وەک شوێنێکی نیشتەجێبوونی هەموو ئەو پێکهاتە دانیشتوانیە جۆراوجۆرە، شوێنێکی گرنگی ئەم پەیوەندیە بووە و خەڵکی بێ جیاوازی و لەبەر چاو گرتنی ئەصلی شوێنی خۆی پەیوەندیی دروستکردووە و تێکەڵی یەکتری بووە، ئەمەش یەکێک بووە لەو هۆکارانەی کە ڕانیە شوێێکی دڵگیر و خواستراو بۆ نیشتەجێوبوون و فراوانبوون و زیادبوونی دانیشتوانی و خەڵکی(بە تایبەت ئەوانەی لە ناوچە و شارەکانیتر بە هەر هۆیەک بێت هاتوون تێیدا بمێننەوە و نیشتەجێوون) تێیدا هەست بە نامۆیی نەکەن و خۆیان بە خاوەن ماڵ بزانن. [١]

سەبارەت بە خزمایەتیی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای کردنە منداڵی خۆ (تبنی)ەوە، لەڕانیەدا تاک و تەرا ئەگەر هەبوبێت و هەبێت، بەڵام لە حاڵەتی لێقەومان و پێوستی، یان مردنی دایک و باوک، سەرپەرشتی منداڵەکان لە لایەن مام و باپیر لە ئەستۆگیراوە و زۆرجاریش خراونەتە سەر ناسنامەی خێزانەکە.[٢]

هەروەها سەبارەت بە خزمایەتی شیری، لە پێشتردا بەهۆی تێکەڵی زۆر و بەیەکەوەژیان و نزیکی و دراوسێەتی، زۆری لەدایکبوون، منداڵ جێهێشتن لای یەکتر و یەکماڵەیی، هەموو ئەمانە هۆکاربوونە بۆ ئەوەی دایکێک شیر بدات بە منداڵی تریش، لێرەوە برای شیری و خوشکی شیریش پەیدا بووە، کە پێیانگوتراوە هاوشیرە، ئەمە شتێکی دیار و تێبینیکراو بووە و ئێستاش شوێنەواری ڕابردوو ماوە، زۆرجار گەر ئەم هاوشیریە نەبووایە هاوسەرگیری لە نێوان کچ و کوڕیک ڕوویدەدا، بەڵام لە ئێستادا شیرپێدان بە منداڵی کەسێکی تر کەمە.[٣]

---

(١) عمر امین علی، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٢
(٢) خیرالله عبدالله، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل ٩٣
(٣) سامان حاجی سلێمان، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٤

## سێیەم/ زاراوەکانی خزمایەتی

یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکانی توێژینەوە لە خزمایەتی، تۆمارکردنی زاراوەکانی خزمایەتیە، کە بریتیە لەو زاراوانەی بەکاردەهێنرێن لە بانگکردنی خزمەکان و قسەکردنیان لەگەڵ یەکتری.(١) ئەم زاراوانە گرنگیی خۆیان هەیە، مرۆڤناسان توێژینەوەیان لەم زاراوانە و چۆنیەتی بەکارهێنان و جیاوازیان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر کردووە، بەوپێیەی گرنگیان هەیە و دووری و نزیکی خزمایەتی و چۆنێتی ڕەفتار و مامەڵەکان دەردەخەن و دیاریدەکەن، هەروەها ئاڵۆزی و سادەییەکان بە گوێرەی جیاوزاویی کۆمەڵگاکان دەگۆڕیت.(٢)

زاراوە خزمایەتیەکان لە بنەڕەتدا ئاماژەیەکی زمانەوانین، بە هێزێکی کۆمەڵایەتی بارگاویکراون و هەڵگری پێدراوێکی کلتوری و کۆمەڵایەتین، بە دووبارەبوونەوەیان لە زەینی ئەندامانی کۆمەڵگادا، وێنەیەکی دیاریکراو دروستدەکات، بەهۆی زاراوە خزمایەتیەکان شوێنی تاکەکەس لە نێو کۆمەڵەی خزماندا دیاریدەکرێت.(٣)

**بە گشتی زاراوە خزمایەتیەکان دابەشدەبن بە سەر سێ دەستەدا، ئەمانەن:**

دەستەی یەکەم: بریتیە لە **زاراوە تایبەت و دیاریکراوەکان،** کە بەکاردێن بۆ کەسە دیاریکراوەکانی کەسێک، بە زۆری ئەندامانی خێزانی ناوکی دەگرێتەوە، وەک باوک، دایک، برا، مێرد، ژن، کچ، کوڕ. ئەم زاراوانە بەکارنایەن تەنها بۆئەو کەسە دیاریکراوانە نەبێت، کە واتایەکی ڕوونی دیاریکراویان هەیە و ناودەبرێن بە زاراوەی تایبەت. (٤)

دەستەی دووەم: پێیان دەگوترێت **زاراوە وەصفیەکان،** دروستدەکرێن لە ڕێگەی زیاد کردن و خستنەسەری زاراوە جۆریەدیاریکراوەکان، وەصفی خزمایەتیی نێوان خزمەکان دەکات، هەموو ئەو پلە خزمایەتیانەی دەکەونە دەرەوە خێزان، هەرچەندە دووریش بێت، وەک باپیر،نەنک، مام و خاڵ و پور و ئامۆزا و ...هتد.(٥)

دەستەی سێیەم: **زاراوە پۆلێنکەرەکانیان** پێدەگوترێت، کە زیاتر بڵاوە لە کۆمەڵگا خێلەکیەکان(سەرەتایی)، زاراوەیەکی خزمایەتی لە زاراوە جۆریەکان بۆ کەسانێک بەکاردێن کە بەپەیوەندیی خزمایەتیی جیاواز بەستراوەتەوە بەو کەسەی ئەو زاراوەیە بەکاردێنێت.وەکو وشەی (Uncle)ی ئینگلیزی کە بۆ مام و خاڵ و ئامۆژن و خاڵۆژنیش(*) بەکاردێت(٦).

---

(١) محمد عبده محبوب، طرق البحث الانثروبولوجي-النسق القرابى، المصدر السابق، ص٣٣

(٢) احمد ابوزيد، المصدر السابق،ص٣٨٠

(٣) ڕێبین ڕەسوڵ و دیار عەزیز،ئەنترۆپۆلۆژیا-لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٢٦٢-٢٦٣

(٤) احمد ابوزيد،المصدر السابق، ص٣٨١

(٥) المصدر النفسه، ص٣٨٢-٣٨٣

(*) لە کۆمەڵگای توێژینەوەشدا زاراوەی لەم جۆرەی تێدایە، وەک پور، نەنک، باپیر، خەسوو، خەزور

(٦) احمد ابوزيد، المصدر السابق ، ص٣٨٣

ئەلفرێد کرۆبەر بنەماکانی خزمایەتیی بۆ نۆ بەش پۆلێنکردووە، کە لە پەیوەندیە خزمایەتیەکاندا بەکاردێن و پەیوەندیەکان دەردەخەن، ئەمانەن:

١. جیاوازیی بە گوێرەی نەوەکان: خزمەکان سەر بە نەوەی جیاوازن، لەو ڕوانگەیەوە زاراوەکان دیاریدەکرێن، وەک زاراوەکانی دایک، باوک، خاڵ، مام، پور،بۆ نەوەی سەردەمی دایک و باوکی کەسەکە دەگەڕێتەوە، بەڵام زاراوەکانی خوشک و برا و ئامۆزا و پورزا بۆ سەردەمی کەسەکە خۆی دەگەڕێتەوە، هەروەها زاراوەکانی کچ و کوڕ و خوشکەزا و برازا بۆ سەردەمی نەوەی دوای کەسەکە دەگەڕێتەوە.

٢. جیاوازیی بە گوێرەی پەیوەندیی خزمایەتی: ئایا پەیوەندیەکە خوێنیە یان ژن وژنخوازیە، خوێنی وەک باپیر و داپیر و باوک و کور وبرا و خوشک و...هتد، ژنوژنخوازی وەک زاوا و بوک و خەسو و خەزورو ژنبرا و شوبراو..هتد

٣. بەپێی خزمی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی جیاوازی ستونی و ئاسۆیی: **ڕاستەوخۆی ستونی** لە بچوکەوە بۆ گەورە یان لە گەورەوە بۆ بچوک کە میان نزیکتر و ڕاستەوخۆن، وەک: باپیر-باوک-کور-کورەزا یان داپیر-کچ-کچەزا و ...هتد، **ئاسۆیی** وەک: دایک و برای دایک(خاڵ) و خاڵۆزا، باوک و برای باوک(مام) و ئامۆزا ز ...هتد، کە بێگومان بۆ باپیر کوڕ نزیکترە ئینجا کوڕەزا، بە هەمان شێوە بۆ من دایک نزیکترە ئینجا خاڵ، وە باوک نزیکترە ئینجا مام...هتد.

٤. بە گوێرەی خزمایەتیەکە: لە دایکەوە: خاڵ بۆ برای دایک، لە باوکەوە: مام بۆ برای باوک.

٥. بەگوێرەی ڕەگەز، مێ: دایک و خوشک و پور و...هتد. نێر: باوک، برا، مام، خاڵ...هتد.

٦. جیاوازی لە نێوان دوو زاراوەی خزمایەتی لە هەموو پەیوەندیەکی خزمایەتی، وەک پەیوەندیی کور وباوک، هەردووکیان زاراوەی جیاوازیان بۆ بەکاردێت.

-ئەم ٦ زاراوەیەی باسکران، بڵاون و لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا بەکاردێن، بەڵام ئەم ٣ زاراوەی دواتر باس دەکرێن دەگمەن بەکاردێن.

٧. بە گوێرەی جۆری بانگکردن و قسەکەرەکە: لە کاتی بانگکردنەکە پەیوەندیەکە دەردەکەوێت، وەک: کچم، کورم، باوکە...هتد.

٨. بە گوێرەی جیاوازی تەمەن: لەکاتی بانگکردن تەمەنکە دەردەکەوێت، وەک: برای بچوک و خوشکی بچوک بە برای گەورە دەڵێن کاکە و بە خوشکی گەورە دەڵێن دادە

٩. لە دوای مردن ، زاراوە خزمایەتیەکە گۆڕانی بەسەردادێت و خزمایەتیەکە کۆتایی دێت. [1]

لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، ژمارەیەکی زۆری زاراوە خزمایەتیەکان هەن و بەکاردێن، بڕوانە خشتەی(١٥)

(١) محمد الخطيب، الأنثروبولوجيا الاجتماعية، المصدر السابق ، ص١١٥-١١٦

## خشتەی(١٥)

## زاراوەکانی خزمایەتی لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا نیشان دەدات[(١)]

| ز | خزمەکان | زاراوەی وەصفی (*) | | زاراوەی بانگکردن(**) | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | قسەکەر- نێر | قسەکەر- مێ | بانگکەر- نێر | بانگکەر- مێ |
| ١ | باوک(باب) | بابمە | بابمە | بابە | بابە |
| ٢ | دایک(داک) | داکمە | داکمە | دایە | دایە |
| ٣ | برا | برامە | برامە | ناوی خۆی، کاکە، کاکە+ناوی خۆی | ناوی خۆی، کاکە، کاکە+ناوی خۆی |
| ٤ | خوشک | خوشکمە | خوشکمە | ناوی خۆی، باجی+ناوی خۆی | ناوی خۆی، باجی+ناوی خۆی |
| ٥ | کوڕ | کوڕمە | کوڕمە | کوڕم، ناوی خۆی | کوڕم، ناوی خۆی |
| ٦ | کچ | کچمە | کچمە | کچم،ناوی خۆی | کچم،ناوی خۆی |
| ٧ | باوکی باوک | باپیرمە | باپیرمە | باپیرە،بابەگەورە | باپیرە،بابەگەورە |
| ٨ | دایکی باوک | نەنکمە | نەنکمە | نەنە،نەنێ، دایەگەورە | نەنە،نەنێ،دایەگەوەر |
| ٩ | برای باوک | mamme | | | |
| ١٠ | خوشکی باوک | پورمە | پورمە | پورێ، پورە | پورێ، پورە |
| ١١ | باوکی دایک | باپیرمە | باپیرمە | باپیرە،بابەگەورە | باپیرە،بابەگەورە |
| ١٢ | دایکی دایک | نەنکمە | نەنکمە | نەنێ، نەنە، دایەگەورە | نەنێ، نەنە، دایەگەورە |
| ١٣ | برای دایک | خاڵمە | خاڵمە | خاڵە | خاڵە |
| ١٤ | کوری مام | ئامۆزامە، مامۆزامە | ئامۆزامە، مامۆزامە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ١٥ | کچی مام | ئامۆزامە،مامۆزامە | ئامۆزامە، مامۆزامە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ١٦ | ژنی مام | ئامۆژنمە،مامۆژنمە | ئامۆژنمە، مامۆژنمە | ئامۆژن | ئامۆژن |
| ١٧ | کوری پور | پورزامە | پورزامە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ١٨ | کچی پور | پورزامە | پورزامە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ١٩ | کوری خاڵ | خاڵۆزامە | خاڵۆزامە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٢٠ | کچی خاڵ | خاڵۆزامە | خاڵۆزامە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٢١ | ژنی خال | خاڵۆژنمە | خاڵۆژنمە | خاڵۆژن | خاڵۆژن |
| ٢٢ | خوشکی دایک | پورمە | پورمە | پورێ، پورە | پورێ، پورە |
| ٢٣ | کوری پور | پورزامە | پورزامە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٢٤ | کچی پور | پورزامە | پورزامە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٢٥ | هاوسەری خوشکی دایک (پور) | مێردی پورمە، زاوامانە | مێردی پورمە، زاوامانە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٢٦ | هاوسەری خوشکی باوک (پور) | مێردی پورمە، زاوامانە | مێردی پورمە، زاوامانە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٢٧ | هاوسەری خوشک | مێردی خوشکمە،زاوامانە | مێردی خوشکمە، زاوامانە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٢٨ | هاوسەری کچ | زاوامە | زاوامە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |

(١) کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:
عزت فتاح حمەصال، ابلاخ، المصدر السابق، ص٧٨
(*) قسەکەر (نێر، مێ) چۆن وەصفی خزمەکانی دەکات
(**) بانگکەر (نێر، مێ) چۆن بانگی خزمەکانی دەکات

| ز | خزمەکان | زاراوەی وەصفی | | زاراوەی بانگکردن | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | قسەکەر- نێر | قسەکەر- مێ | بانگکەر- نێر | بانگکەر- مێ |
| ٢٩ | باوکی هاوسەر(ژن) | خەزوورمە | ------ | مامە (*) | ------ |
| ٣٠ | دایکی هاوسەر(ژن) | خەسوومە | ------ | ئامۆژن | ------ |
| ٣١ | باوکی هاوسەر(مێرد) | ------ | خەزوورمە | ------ | مامە |
| ٣٢ | دایکی هاوسەر(ژن) | ------ | خەسوومە | ------ | ئامۆژن |
| ٣٣ | ژنی برا | براژنمە | براژنمە | براژن | براژن |
| ٣٤ | کوڕی برا | برازامە | برازامە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٣٥ | کچی برا | برازامە | برازامە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٣٦ | کوڕی خوشک | خوشکەزامە، خوارزامە | خوشکەزامە، خوارزامە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٣٧ | کچی خوشک | خوشکەزامە، خوارزامە | خوشکەزامە، خوارزامە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٣٨ | هاوسەری کوڕ | بوکمە | بوکمە | کچم، ناوی خۆی | کچم، ناوی خۆی |
| ٣٩ | کوڕی کوڕ | کوڕەزامە | کوڕەزامە | کوڕم، ناوی خۆی | کوڕم، ناوی خۆی |
| ٤٠ | کچی کوڕ | کوڕەزامە | کوڕەزامە | کچم، ناوی خۆی | کچم، ناوی خۆی |
| ٤١ | کوڕی کچ | کچەزامە | کچەزامە | کوڕم ، ناوی خۆی | کوڕم ، ناوی خۆی |
| ٤٢ | کچی کچ | کچەزامە | کچەزامە | کچم، ناوی خۆی | کچم، ناوی خۆی |
| ٤٣ | هاوسەر(ژن) | ژنمە، خێزانمە، ماڵەوەمانە | ------ | ژنەکە، ناوی خۆی | ------- |
| ٤٤ | برای ژن | ژنبرامە | ------- | ناوی خۆی | ________ |
| ٤٥ | خوشکی ژن | ژنخوشکمە | ------- | ناوی خۆی | ________ |
| ٤٦ | هاوسەر(پیاو) | ------- | مێردمە، پیاومە | ------- | پیاوەکە، ناوی خۆی |
| ٤٧ | برای مێرد | ------- | شوبرامە، هێوەرمە | ------- | ناوی خۆی |
| ٤٨ | خوشکی مێرد | ------- | دشمە | ------- | ناوی خۆی |
| ٤٩ | مامی باوک | مامی بابمە | مامی بابمە | مامە | مامە |
| ٥٠ | پوری باوک (خوشکی باوکی باوک) | پوری بابمە | پوری بابمە | پورێ، پورە+ناوی خۆی | پورێ، پورە+ناوی خۆی |
| ٥١ | کوری مامی باوک | ئامۆزای بابمە، ئامۆزامە | ئامۆزای بابمە، ئامۆزامە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٥٢ | کچی مامی باوک | ئامۆزای بابمە، ئامۆزامە | ئامۆزای بابمە، ئامۆزامە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٥٣ | کوری پوری باوک | پورزای بابمە | پورزای بابمە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٥٤ | کچی پوری باوک | پورزای بابمە | پورزای بابمە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٥٥ | خاڵی باوک | خاڵی بابمە | خاڵی بابمە | خاڵە | خاڵە |
| ٥٦ | کوڕی خاڵی باوک | خاڵۆزای بابمە | خاڵۆزای بابمە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٥٧ | کچی خاڵی باوک | خاڵۆزای بابمە | خاڵۆزای بابمە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٥٨ | پوری باوک (خوشکی دایکی باوک) | پوری بابمە | پوری بابمە | پورێ، پورە | پورێ، پورە |
| ٥٩ | کوڕی پوری باوک | پورزای بابمە | پورزای بابمە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |

(*) بە بڕوای توێژەر، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم زاراوەیە ، بریتیە لە هاوسەرگیریی ئامۆزاکان بەیەکەوە، لە ڕابردوودا.

| ز | خزمەکان | زاراوەی وەصفی | | زاراوەی بانگکردن | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | قسەکەر- نێر | قسەکەر- مێ | بانگکەر- نێر | بانگکەر- مێ |
| ٦٠ | کچی پوری باوک | پورزای بابمە | پورزای بابمە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٦١ | مامی دایک | مامی داکمە | مامی داکمە | مامە | مامە |
| ٦٢ | کوڕی مامی دایک | ئامۆزای داکمە | ئامۆزای داکمە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٦٣ | کچی مامی دایک | ئامۆزای داکمە | ئامۆزای داکمە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٦٤ | پوری دایک (خوشکی باوکی دایک) | پوری داکمە | پوری داکمە | پورێ، پورە | پورێ، پورە |
| ٦٥ | کوڕی پوری دایک | پورزای داکمە | پورزای داکمە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٦٦ | کچی پوری دایک | پورزای داکمە | پورزای داکمە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٦٧ | خاڵی دایک | خاڵی داکمە | خاڵی داکمە | خاڵە | خاڵە |
| ٦٨ | کوڕی خاڵی دایک | خاڵۆزای داکمە | خاڵۆزای داکمە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٦٩ | کچی خاڵی دایک | خاڵۆزای داکمە | خاڵۆزای داکمە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٧٠ | پوری دایک (خوشکی دایکی دایک) | پوری داکمە | پوری داکمە | پورێ، پورە | پورێ، پورە |
| ٧١ | کوڕی پوری دایک | پورزای داکمە | پورزای داکمە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٧٢ | کچی پوری دایک | پورزای داکمە | پورزای داکمە | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٧٣ | کچی ژن | زڕکچمە | ------- | ناوی خۆی، کچم | ------- |
| ٧٤ | کوڕی ژن | زڕکوڕمە | ------- | ناوی خۆی، کوڕم | ------- |
| ٧٥ | کوڕی مێرد | ------- | زڕکوڕمە | ------- | ناوی خۆی، کوڕم |
| ٧٦ | کچی مێرد | ------- | زڕکچمە | ------- | ناوی خۆی، کچم |
| ٧٧ | مێردی دایک (زڕ) | زڕبابمە | زڕبابمە | ناوی خۆی، بابە، | ناوی خۆی، بابە، |
| ٧٨ | ژنی باوک (باوەژن) | زڕداکمە | زڕداکمە | دایە، دادە | دایە، دادە |
| ٧٩ | ژنی مێرد | ------- | هەوێمە | ------- | ناوی خۆی |
| ٨٠ | ژنی برای مێرد | ------- | هاوگیانمە | ------- | ناوی خۆی |
| ٨١ | مێردی خوشکی ژن | ئاوەڵزاوامە | ------- | ناوی خۆی | ------- |

## بەشی چوارەم: نەسەقی کلتوری

### باسی یەکەم: کلتور و تایبەتمەندیەکانی

### باسی دووەم: توخمە مادیەکانی کلتور

یەکەم/ جلوبەرگ

دووەم/ خواردن

سێیەم/ شوێنەوار

چوارەم/ ئامێر و کەلوپەلی تر

### باسی سێیەم: توخمە واتاییەکانی کلتور

یەکەم/ داب و نەریت

دووەم/ ئاین

سێیەم/ یاسا

چوارەم/ سیاسەت

پێنجەم/ هونەرو ئەدەب

شەشەم/ پەروەردە

حەوتەم/ ڕای گشتی

## بەشی چوارەم:نەسەقی کلتوری(*) (النسق الثقافي)

کلتـور، یەکـێکە لە نەسـەقە گرنگەکـانی کۆمەڵگـا، لە پەیوەنـدیەکی تەواوکاریـدایە لەگەڵ نەسەقەکانیتری کۆمەڵگادا، کاریگەر و کارتێکراوە، کلتوری کۆمەڵگا گرنگیی تایبەتیی هەیە، کلتـور و کۆمەڵگـا دوو چەمکـی بە یەکدا چـووی ئـاڵۆزن، نە کۆمەڵگـا بەبـێ کلتـور دەبێـت و نەکلتـور بە بـێ کۆمەڵگـا و کەسـەکانی.[١] کلتـور بـابەتێکی ئـاڵۆزە، بەتـایبەت لەسـەر ئاسـتی میتـۆدی و تـوێژینەوەکردنی، بەو پێیەی، ڕای جیـاواز لەسـەری هەیە، بەشـێک لە تـوێژەران کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ئامرازەکانی وەک نەسەقی کلتوری دادەنێن، یان کلتور بە پێکهـاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا دادەنێن، لە لایەکی ترەوە ئاین و سیاسەت بە سیستەمێکی جیا لە کلتور دادەنـێن، بەڵام ڕای تـریش هەیە(هەڵهێنجـراوی پێناسـەکانی کلتـورە)، کە پێیـوایە کلتـور، نەسەقێکە لە نەسەقەکانی کۆمەڵگا، پەیوەندیی تەواوکـاری لەگەڵ نەسـەقەکانی تـری پێکهـاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا هەیە و، هەردوو سیستەمی ئاینی و سیاسیش لە خۆ دەگرێت.[٢]

### باسی یەکەم: کلتور و تایبەتمەندیەکانی

کلتـور لەو چەمـک و زاراوانەی زانسـتە کـۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیەکـانە، کە بە هـۆی ئاڵۆزی و جۆراوجۆریی بەکارهێنانیەوە، پێناسەیەکی دیاری کراوی نیە. چەمکێکـی ئـاڵۆزە و پیناسـەی زۆری بـۆ کـراوە، بە تـایبەت لە نـاو کۆمەڵناسـی و مرۆڤناسیدا. هەردوو مرۆڤناسـی ئەمریکی کلاید کلۆکهۆن و لویس کروبر لە کتێبێکی تایبەتیاندا سـەبارەت بە چەمکـی کلتـور، زیاتر لە (١٦٠) پیناسەی کلتور و چەندین نوسین لەسـەر کلتـوور کە خەسلەتێکی پیناسـەییان هەبوو، کۆکردەوە. ئەم دوو مرۆڤناسە پێناسەکانیان پۆلێنکرد بۆ پێنج بەش(پێناسەی ژمارەیی، پیناسـەی وەصـفی، پیناسـەی مێژوویـی، پێناسـەی پێـوانەیی، پێناسـەی دەروونـی و پێناسـەی پێکهاتەیی)[٣].

---

(*) بە گشـتی هەمـوو واتـا جۆراوجۆرەکـانی کلتـور لە وشـەی لاتینـی Cultivate وە سـەرچاوە دەگرن ، کە واتـای جۆراوجۆری هەیە، وەک چاندن و کێڵان،چاکتر کردن و کامڵکردنی ڕۆح و دەروون و ئەخلاق و پەروەردە. لە سەدەی حەڤدەیەمدا چەمکی کلتور بە واتایەکی ناڕاستەوخۆ(مجازی) بۆ پەروەردەکردنی کەسەکان یان کۆمەڵگای مرۆیی بەکاردەهات. بەڵام بە تێپەربوونی کـات، واتـا و چەمکی کلتور گۆڕانی بەسـەرداهات و ئێستا بە واتـای جۆراوجۆر بەکاردێت و، فراوانترین واتـای ئەوەیە: شتێکە، کە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیادەکاتەوە. کەواتە چەمکی کلتور لەسەرەتادا چەمکێـک بـوو لە بەرامبەر چەمکی سروشتدا، لە ڕەوتـی گۆرانکـاریە کلتوری و ژیاریەکـانی مرۆڤدا، ڕیژەی ئەو کارانەی کە بە کلتور دادەنران، پەرەیسەند. بروانە:

- احمد گل محمدی، جهانی شدن- فرهنگ-هویت،نش نی، تهران، ١٣٨١، ص١٢٢
- برنهارد شیفەرس، بنەماکانی کۆمەڵناسی لاوان،و: یووسف فەقیهی، خانەی وەرگێران،هەولێر، ٢٠٠٨،ل٢١٩

(1) A.L.Kroeber, Anthropology,Hardcourt,brace and Company,New York,1948, p252

(٢) عزت فتاح حمەصالح، ابلاخ، المصدر السابق، ص١٠٧

(٣) عبدالغنی عمـاد، سوسیولوجیا الثقافة-المفـاهم والاشـکالیات...من الحاثـة الـی العولمـة، مرکـز دراسـات الوحـدة العربیة، بیروت، ٢٠٠٦، ص٢٨

چەمكی كلتور بە واتا كۆمەڵناسی و مرۆڤناسیەكەی، یەكەمجار لەلایەن ئیدوارد تایلۆر لەساڵی ١٨٧١ لە كتێبێكدا بە ناوی كلتوری سەرەتایی بەكارهاتووە، كە دەڵێت "كلتور كۆمەڵەیەكی ئاڵۆزە لە زانیاری، بیروباوەڕ، هونەر، ئەخلاق، یاساكان، داب و نەریت و هەموو توانا و عادەتیكی تر، كە تاكەكەس وەك ئەندامی كۆمەڵگا وەریاندەگرێت"[١]

مرۆڤناسی بەریتانی ڕادكلیف براون، پێیوایە "كلتور چەمكێكی گشتی و بەرفراوانە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەیە بۆ ئاستێكی دیاریكراو لە ڕەفتار و بەها دیاریكراوەكان، كە كۆمەڵێك لە كۆمەڵەكان یان كۆمەڵگایەك لە كۆمەڵگاكانی تر جیا دەكاتەوە."[٢] لەلایەكی ترەوە مرۆڤناسی كلتوری فرانس پواز پێیوایە "كلتور بریتیە لە هەموو ڕوخسارەكانی عاداتی كۆمەڵایەتی كە لە كۆمەڵێكدا هەیە، وە كاردانەوەی تاكەكانە بە پێی كاریگەریان بەو عاداتە كۆمەڵایەتیانەی كە تێیدا دەژین لە كۆمەڵگادا."[٣] هەروەها كلاید كلاكهۆن دەڵێت "كلتور بریتیە لە هەموو ڕێوشوێن و پلانەكانی ژیان، كە بەدرێژایی مێژوو پێكهاتوون و ڕێڕەوی ژیان دیاریدەكەن، لەوانە نەخشە و پلانە دیار و نادیارەكان، عەقڵی و ناعەقڵی، كە لە هەموو كاتێكدا هەن و خاوەنی توانایەكی بەهێزن و ئاڕاستەی ڕەفتاری خەڵك دەكەن لە كاتی پێویستدا."[٤]

یونسكۆ لە ساڵی ١٩٨٢ لە كۆنفرانسی جیهانی لە شاری مەكسیكۆ بەم جۆرە پێناسەی كلتوری كردووە"كلتور بریتیە لە خەسلەتە ڕۆحی و مادی و سۆزیەكان، كە تایبەتمەندی بە كۆمەڵگایەك یان گروپێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراو دەدات، ئەم كلتورە هونەر و ئەدەب و باوەڕ و ڕێگاكانی ژیان و مافە بنەڕەتیەكانی مرۆڤ و هەموو بەها و بیروباوەڕ و نەریتەكان لە خۆدەگرێت."[٥] هەروەها یەكێك لە نوێترین پێناسەكان ئەوەیە "كلتور ئەو بەشەیە لە ژینگە،كەمرۆڤ دروستیكردووە"[٦] بەگشتی لە زۆربەی پێناسەكانی كلتوردا ئەوە دەردەكەوێت كە " كلتور بریتە لە ڕێگای ژیان"[٧]

یەكێك لە گرنگترین ئەركەكانی كلتور، كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتیە، هەروەها سیما و تایبەتمەندی بە كۆمەڵگا دەبەخشێت و كۆمەڵگاكان لە یەكتری جیادەكاتەوە، وە كلتور ئەزمونێكی هاوبەش بۆ ئەندامانی كۆمەڵگا فەراهەم دەكات و یەكێتیەكیان پێدەبەخشێت.[٨]

---

(1) R.Jon McGree and Richard L.Warms,Anthropological Theory, An intrdoductory history, published by McGraw-Hill,New York,2004,p4

(٢) محمد عبدالعبود مرسی، الانثروبولوجیا العامة، دار المعرفه الجامعیة، مصر، الاسكندریة، ١٩٨٩، ص٦٩

(٣) محمد یسری ابراهیم دعبس، الثقافه واالشخصیة، الملتقی المصری للایداع والتنمیه، اسكندریه، ١٩٩٣، ص٦٤

(٤) كلاید كلوكهون، الانسان فی المراة، ت: شاكر مصطفی سلیم، بغداد، ١٩٦٤، ص٦٧

(٥) عیسی الشماس، مدخل الی علم الانسان، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق،٢٠٠٤،ص:٧٦

(٦) علی عبدالرزاق جلبی، دراسات فی المجتمع والثقافة والشخصیة، دار النهضة العربیة للطباعة والنشر والتوضیع، لبنان- بیروت ، ١٩٨٤، ص٦٦

(٧) عبدالغنی عماد، المصدر السابق، ص٣٢

(٨) كنراد فیلیپ كتاك، ماخذ پیشین، ص ٣٦٧-٣٦٨

لەو ڕوانینە گرنگانەی سەبارەت بە کلتور و ئەرکەکانی هەیە، ڕوانینی مالینۆفسکیە، کەدەڵێت"کلتور بریتیە لە کۆیەکی یەکگرتوو، کە کەرەستە و شتومەکی بەکارهێنان، تایبەتمەندیە بنەڕەتیەکانی گروپە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا، پیشە، بیر و باوەڕ و داب و نەریتەکانی مرۆڤ لە خۆ دەگرێت"[١] ئەو مرۆڤناسە پێیوایە کلتور جۆرە ڕکخستنێکە، کە هەر کۆمەڵگایەک بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی خۆی دروستی دەکات و پێیوایە کلتور وەڵامی پێویستیە بایۆلۆجیەکانی مرۆڤ دەداتەوە.[٢] بڕوانە خشتەی(١٦)

خشتەی (١٦)

پێداویستیەکانی مرۆڤ و وەڵامەکانی کلتور لە ڕوانگەی مالینۆفیسکیەوە نیشان دەدات.[٣]

| پێویستیە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ | وەڵامەکانی کلتور |
|---|---|
| خواردن | دابینکدنی خۆراک |
| نەوەخستنەوە(زۆربوون) | خزمایەتی |
| حەسانەوە و خۆشگوزەرانی | شوێنی حەوانەوە |
| ئاسایش | پارێزگاریکردن و بەرگریکردن |
| جوڵە | چالاکی و کار |
| گەشە | پەروەردە و فێرکردن |
| لەشساغی | پاراستنی تەندروستی |

**کلتور کۆمەڵێک تایبەتمەندیی دیاری هەیە، ئەمانەن:**

١. مرۆییە، تایبەت بە مرۆڤ و لە ئاژەڵانی تری جیا دەکاتەوە.
٢. تەواوکاریە، پێویستیەکانی مرۆڤ پڕدەکاتەوە و دەروونی کەسەکان ئاسودەدەکات.
٣. شێوەژیان دیاریدەکات، بەهۆیەوە پیشبینیکەرە بۆ ڕەفتاری کەسەکان.[٤]
٤. گشتیە، هەموو کۆمەڵگایەک کلتوری هەیە.
٥. لەسەر یەک کەڵەکە دەبێت و بەردەوامە.
٦. ڕێژەییە، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاوازە.[٥]
٧. کلتور ئامراز و ڕێگایە بۆ خۆ گونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ سروشت و کۆمەڵگا.
٨. کلتور لەگەڵ ئەوەی جێگیرە، بە شێوەیەکی هێواشیش دەگۆڕیت و گەشە دەکات.[٦]
٩. کلتور هاوبەشە، خەسڵەتی کەسیی نیە و کۆمەڵایەتیە، وابەستەی کۆمەڵ و کۆمەڵگایە.[٧]

---

(١) داریوش ئاشوری، چەمک و پێناسەی فەرهەنگ(کولتوور)، و: ئیبراهیم حەسەن پور، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣، ل٤٤

(٢) برونیسلاو مالینوفسکی،نظریەای علمی دربارە فرهنگ،ت:عبدالحمد زرین قلم،نشر گام نو، تهران، ١٣٧٨، ص٧

(3) Sara Neena. T.T and N.P.Hafiz Mohamad, Social Anthropology, University of Calicut, India, 2011, p36

(٤) ئیبراهیم ناصر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥-١٢٦

(٥) حسن ابوزید، المصدر السابق، ص٦-٧

(6) Serena Nanda and Richard L.Warms. Cultural Anthroplogy, Thomson Higher Education, USA, 9th Editions, 2007, p186

(٧) کنراد فیلیپ کتاک،ماخذ پیشین، ص ٣٦٧

١٠. كلتور وەردەگیرێت و بۆماوەیی بایلۆجی نیە، روث بندكت دەڵێت" كلتور ئەو بەشەیە لە كـردار، كە لەگەڵ كەســەكە لە دایكنەبــوون و بە پــێچەوانەی رەفتــاری ئــاژەڵان، بۆماوەیی نیە، بەڵكو هەر كەسێک دەبێت لە ناو كۆمەڵگا فێری ببێت.[١]

١١. كلتور دەگوازریتەوە لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر، لەسەردەمیكەوە بۆسەردەمیكی تر، لە شوێنیک بۆ شوێنێكی تر بڵاودەبیتەوە،بڵاوبوونەوەی كلتوور لە ڕێگای كۆچ و شەڕ و هۆكارەكانی پەیوەندی دەبێت.[٢]

١٢. كلتـور نەسـەقێكە لە هێماكـان و كۆمەڵێـک هێمـا لە خـۆ دەگرێـت، كلیفـورد گیرتـز دەڵێـت"كلتوری هەر كۆمەڵگــایەک زەمیــنەی هێمــا و ماناكــانە، كلتــور پێكهــاتەی دامەزرێنراوی مانای كۆمەڵگای لە زاراوەكاندا هەڵگرتووە، كە بەهۆیـانەوە خەڵـک بە هێماكان پەیوەندی دەگرن بۆ لێكتێگەیشتن و وەڵامدانەوەی یەكتری"[٣]

ســەبارەت بە پێكهێنەرەكــانی كلتــور، لەگەڵ ئەوەی هەنــدێک لە زاناكــانی بــزارەكە لەوانە(تایلۆر،سپنسـەر، كـرۆبەر) پێیـانوایە كلتـور ڕەگەزە مەعنەویەكـان لە خـۆ دەگرێـت، وەكو مەعریفە،بیروبـاوەڕ، هونەر،ئاكـار، یاسـا و دابـو نەریـت و زمـان[٤]، بەڵام هەروەک فرانسـیس میـرل دەڵیـت "نــاتوانین سـەیری لایەنــی مــادی و مەعنەویــی كلتــور بە جیـا لەیەكتربكەین، چونكە هەردوو لایەنەكە ئاماژەن بۆ دوو ئاست و لایەنـی لەیەكدانەبڕاو و تەواوكەری یەكترن."[٥]

بە گشتی لە تێڕوانینی مرۆڤناسیدا كلتور لە دوو توخمی سەرەكی پێكدێت ، ئەمانەن:

١ توخمە مادیەكان(بەرجەستەكان): ئەو توخمانەی كلتورن، كە مرۆڤ بەرهەمـی هێنـاون و بەر جەستەن و دەستیان لێدەدرێت، وەكو كەلوپەل و ئامێر و جلوبەرگ...هتد.

٢ تــوخمە نامادیەكان(واتاییەكان،هزریەكــان): ئەو توخمــانەن، كە بەرجەســتە نــین و ناتوانرێـت دەسـتیان لێبـدرێت، وەک داب و نەریـت و بیروبـاوەڕ و ئەدەب و هـونەر و ئەفسانە و سایەت و هزر...هتد.[٦]

---

(١) داریوش ئاشوری،سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧

(٢) تاهیر حەسۆ زێباری و محەمەد حوسێن شوانی، سەرچاوەی پێشوو،ل:١٣٢

(٣) دانیال ل.پاڵس، حەوت تیۆریی دەربـارەی ئـاین، و: ئـاوات ئەحمەد، لە بڵاوكراوەكانی گۆڤاری ڕۆشنگەری بۆ لێكۆڵینەوەی فكری وسیاسی، چاپخانەی كۆمپانیای نێوەند، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٣٧٦

(٤) سـەمیر ئیبـراهیم حەسـەن،كولتوور و كـۆمەڵگە،و: عەبـدوڵڵا مەحمـود زەنـگەنە، چاپخـانەی ئـازاد هەورامـی، كەركوک، ٢٠١١،ل:١٤

(٥) ابراهیم عثمان، مقدمة فی علم الاجتماع، دار الشروق للنشر والتوزیع، عمان، ١٩٩٩، ص ١٥٦-١٥٧

(٦) ناصر فكوهی، مبانی انسان شناسی، ماخذ پیشین، ص١٠٧-١٠٨

## باسی دووەم: توخمە مادیەکانی کلتور

### یەکەم/ جلوبەرگ

جلوبەرگ، مەبەست لە گشت ئەو پۆشاکانەیە، کە پیاو و ژن لەبەری دەکەن و لەسەری دەنێن و لە پێی دەکەن، پۆشاکی کورد لە ڕووی شێوە و ڕەنگ و بڕین و شوێنی جوگرافی و شوێنی نیشتەجێبوون(شار و گوند) و ئاستی خوێندەواری و پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەی دەوروبەر و ڕەوتی گەشەکردنی مێژوو، جۆراوجۆرە. گەر بە وردی سەیر بکرێت، جیاوازی پۆشاکی ناوچە جیاجیاکان و ئاینە جیاکانی کوردستان بە ڕوونی دەردەکەوێت.(١)

پۆشاک و جل و بەرگی نەتەوەیی، پۆشاکی ژنان و پیاوان، یەکێکە لە پێکهاتەکانی ناسنامەی نەتەوە، جلوبەرگ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ژینگەیی و کۆمەڵگاش جلوبەرگ بە جۆرێک لێدەکات، کە توانستی زیاتر بێت بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ژینگە و دەوروبەردا.(٢)

جلوبەرگ توخمێکی مادیی کلتورە، لەگەڵ ئەوەی بەرەنجامی پێویستی بە داپۆشینی جەستە و پاراستنی مرۆڤ لەسەرما و گەرمایە، بەڵام پەیوەندیداریشە بە حەزی جوانپۆشی و جوانکاری و بۆ خۆڕازاندنەوەش بەکاردێت، واتا جگە لە پێویستیەکی بنەرەتی، پێویستیەکی جوانکاریشە. لە ژێر کاریگەریی پێویستی و ژینگەی سروشتی و دابونەریت و ئاین و سیاسیەت و تەکنۆلۆجیا و مۆدێل و کلتوری دەرەکی و حەز و سەلیقەی هونەری بەهەمدێت و، ئەمەش وایکردووە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر و لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، جۆری جلوبەرگ و پۆشینی جیاوازبێت. پۆشاکی کۆمەڵگای توێژینەوە، وەک بەشێک لە هەرێمی کوردستان، ئەمیش گۆڕانی بەرچاوی بەرسەرداهاتووە، بە گشتی لە ئێستادا چەندەها جۆر قوماش و جلوبەرگی ڕەنگاو ڕەنگی پۆشاکی ژنانە و پیاوانە لە بازارەکاندا هەن، کە لە ژماردن نایەن، لەبەرئەوە لە پۆشینی جلوبەرگدا، جۆراوجۆریەکی زۆر بە دیدەدەکرێت. هەردوو جۆری جلوبەرگی نەریتی و تازە(مۆدە) لەبەردەکرێن.

دەربارەی پۆشاکی ژنان، لە کۆندا جلی کوردی زیاتر لەبەرکراوە، ژنان جلی کوردیان لەبەر کردووە، کە پێکهاتووە لە کراس و کەوا یان هێلەگ، دەستماڵ، سەڵتە، سوخمە، کوڵوانە، ژێر کراس(ئاوەڵکراس)، سەرپۆش، بەرەوانە و ..هتد ، هەروەها خشڵی جۆراوجۆریشیان بەخۆوەکردووە کە زیاتر زێر و زیو بوون، وەک: دوگمە و دۆلاب، ژێر چەنە، بازن، مێخەکبەند، پشتێن، گوارە، گەردانە، ملوانکە و لولە و زنجیر و...هتد. بەڵام

(١) عەبدوڵڵا غەفور، کورد-لێکۆڵینەوەیەک لە کولتووری ماددی سەردەمدا،بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر،٢٠١١، ل١٨٠

(٢) بەدرخان سندی، سەرچاوەی پێشوو،ل٤٧٠

ئێستا ژنان زیاتر بۆ بۆنە و جەژنەکان جلی کوردی بە دیزاین و و بڕینی تازە لەبەر دەکەن، بەڵام بە بەردەوامی لە ماڵەوە زیاتر ماکسی و قاتی تراکسود لەبەر دەکەن و بۆ دەرەوە و دەوامیش جلی مۆدەی سەردەمی لەبەر دەکەن وەک چاکەت و پانتۆل، کاوبۆ و بەدی، تەنورە و کراس، عەزیە و ...هتد، کە ڕۆژانە بابەت و مۆدێلاتی تازەیان پەیدا دەبێت. بەڵام بەشێک لە بەتەمەنەکان تا ئێستا بەردەوام هەر جلی کوردی لەبەر دەکەن و لەچکیش لەسەر دەکەن بۆ دەرەوەش عەبا دەپۆشن، بەشێکیش لە ژنە گەنجەکان لەگەڵ هەموو جۆرە جلێکدا، وەک نەریت و ئەرکێکی ئاینی، لەچک لەسەر دەکەن، بەڵام بەشێکی تریش لەو ژنانەی کە خێزانەکانیان یان خۆیان سەر بە حزبێکی ئیسلامین، جلی باڵاپۆش(مانتو) و لەچک دەپۆشن.[١]

هەروەها سەبارەت بە جلی کوردیی پیاوان، یەکێکە لەو پۆشاکانەی لە شاری ڕانیەدا، تا ئێستاش زۆر لەبەر دەکرێت، گەنجەکان زۆرتر جلی بیانی لەبەر دەکەن وەک چاکەت و پانتۆل و کاوبۆ و کراس و تیشێرت و...هتد ، جلی کوردی زیاتر لە وەرزی بەهار و نەورۆز و بۆنەکان لەبەردەکەن، بەڵام بە تەمەنەکان لە هەموو وەرزەکاندا جلی کوردی لەبەر دەکەن.لە ڕابردوودا سێ جۆر جلی کوردیی پیاوانە لە ڕانیە هەبووە: چۆغەیی، کراسی، مرادخانی، هەروەها بە کەمیش ستارخانی هەبووە، بەشێک لە بەتەمەنەکان جەمەدانی (جامانە) لەسەر دەنێن، هەروەها دوو جۆر قوماش هەبووە، قوماشی هاوردەکراو، لەگەڵ بوزو(شاڵ) کە لە ناوخۆ لە مووی بزنە مەرزە بەرهەمهاتووە، لە ئێستادا گۆڕانکاریی زۆر لە دیزاین و بڕینی جلە کوردیەکاندا کراوە، لەگەڵ ئەوەی جۆرە ڕەسەنەکان ماون، بەڵام بە هۆی گۆڕانکاری لە دیزاین و بڕینەکاندا و تێکەڵبوونی خەڵکی شارەکانی تری کوردستان لەگەڵ یەکتری، جۆری تری قاتی کوردی پەیدابوون و ناویان بۆ دانراوە و تایبەتمەندی ناوچەیی لە جلی کوریدا کەمبۆتەوە. بە گشتی خەڵک لای بەرگدوروەکان، جلی کوردی دەدورێت، چونکە جلی تری بیانی بە ئامادەکراوی لە بازاردا هەیە.[٢] لە ناو ئەو جلوبەرگە کوردیە پیاوانەی کە باسکران، قاتی بوزو(شاڵ) بە تەوای خۆماڵیە و لە کۆمەڵگای توێژینەوە بەرهەم دەهێنرێت، (لەبەشی دووەمدا ئاماژەی پێکراوە)

(١) حبیبە سعید سلێمان، چاوپێکەوتن، بەرگدرووی ژنان، ڕانیە، ٢٠١٩/٥/٤
(٢) حسێن محمود حسێن، چاوپێکەوتن، بەرگدرووی پیاوان، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/٦

## دووەم/ خواردن

مـرۆڤ بـۆ ئەوەی بـژی، پێویسـتی بە خـواردنە، خـواردن، لەگەڵ ئەوەی پێویسـتیەکی بایۆیۆلۆجیی بنەڕەتیی مرۆڤە و ئەرکی تێرکردنی مرۆڤە، لە هەمانکاتدا توخمێکی کلتوریشە، لە کۆمەڵگـایەکەوە بـۆ کۆمەڵگـایەکی تـر و لە سـەردەمێکەوە بـۆ سـەردەمێکی تـر، لەژێـر کـاریگەریی ژینگەی سروشتی و ئـاڵوگۆڕی کلتوری و داهێنـان و دۆزینەوەکـان، جیاوازە و لەگۆڕاندایە.

بە گشتی لە کۆمەڵگای کورديدا، خـواردن گرنگیـی زۆری پێدەدرێت، بە هەمـان شێوە لە کۆمەڵگای توێژینەوەش، خواردن بایەخی زۆری پێدەدرێت و چەندین جۆر خـواردنی تێدایە، کە بەشێکیان بەرهەمی کۆمەڵگاکەی خۆیەتی، بەشێک لە کەرەستەی خواردنەکان، بەرهەمـی هاوردەکراوی دەرەوەن. لە لایەکی ترەوە، خـواردن، هۆکارێکی کۆکردنەوەی خێزانە لەسـەر یەک سـفرە، کە ئەمەش نەریتێکـی مـرۆییە بەگشـتی و لە نـاو کوردیشـدا، هەمیشـە ڕۆژانە ئەنـدامانی خێـزان لە کـاتی ژەمەکانـادا لە دەوری یەک سـفرە کۆبـونەتەوە، جـگە لەمەش میوانـداری و نـانخواردن لەگەڵ خـزم و دۆسـت و کەسـوکار تـام و چێـژی خـۆی هەیە، کە ئەمەش کاریگەریی خۆی هەیە لە مانەوە و دروستکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.

لە ئێسـتای کۆمەڵگـای تـوێژینەوە، خـواردن، گۆڕانکـاریی بەسـەردا هـاتووە، بەهـۆی زۆربـوونی بەرهەمـی خـۆراکی و جۆرەکانیـان وبـوونی چەنـدەها کـارگەی خـۆراکی لەسـەر ئاسـتی دونیـا و، بازرگـانی و هـاوردەکردنی جۆرەهـا خـۆراک و کەرەسـتەی خـواردن، ڕاگەیاندن، ئینتەرنێت، بەجیهانیبوون و خواردنە خێراکان.

خواردنەکـانی کۆمەڵگـای تـوێژینەوە، بە تـایبەتی کوردەواریەکـان، کـاریگەریی ژینـگەی سروشــتیان لەســەرە و ئەو خواردانــانە هەن کە لە خــاک و زەویەکەیــدا بەرهەمهــاتوون. نەریتەکانی خواردنیش بریتین لەوەی کە بەگشتی ئەندامانی خێزان، ڕۆژانە هەر سێ ژەمـی بەیانیان و نیوەڕۆیان و ئێواران، بە یەکەوە لەسەر یەک سفرە لەسەر زەوی نان دەخۆن،ئێستا لە هەندێک ماڵدا مێز و کورسیش هەیە و نـانی لەسـەر دەخورێت، بەڵام زۆر بـڵاو نیە، هەر کەسێک لەسەر سفرە قاپ و کەوچکی خۆی لەبەر دەستدایە و چنگاڵ(چەتـال) زۆر بە کەمـی بە کاردێت، لە باری ئاساییدا دەستپێشخەری بۆ کەسی یەکەمی خێزانە(بـاوک) کە دەست بە نـان خـواردن بکـات، ئەمەش وەک نەریتێکـی ڕێزگـرتنە، بەڵام ئەگەر میوان هەبێت، فەرمـو لەمیـوان دەکرێـت و دەستپیشـخەری بـۆ ئەوە کە دەسـت پێبکـات، بەگشـتی لە کـاتی هەبـوونی میوانـدا، سـفرە لە خـزمەت میوانـدایە، تەنـانەت لە ڕابـردوودا لە هەنـدێک دیوەخـانی مـاڵە

خانەدانەکانـدا، ئێـواران درەنـگ سـفرە ڕادەخـرا، نەوەک میوانێـک لە ڕێگـا بێـت و ڕووبکـاتە دیوەخانەکە. تا ئێستا لە کاتی هەبوونی میواندا، سفرەی ژنان و پیاوان بە جیا ڕادەخرێت. (١)

ئەم خواردنە کوردەواریانە کەلە کۆمەڵگای توێژینەوەدا ئامادەدەکرێن، ئەمانەن: دانـدۆک، پیرخەنی، دۆکەشک، دۆینە، دۆکولێو بە گەنەمە کوتاو، ترخێنە، قوڕاو، برنجی پڵاو و شلە، شلەی بامێ، شلەی فاسۆلیا، شلەی پاقلە، شلەی قەیسی، شلەی باینجان، شلەی لۆبیا، شلەی پەتاتە، شلەی کدو، شلەی کولەکە و ...هتد، برنجی قبوڵی، برنجی بە سرکە(ربەهەنار)، برنجی سور(بە تەماتە یان بە دۆشاوی تەماتە)، برنج بە ماش(پڵاوماش)،بریانی، برنج بەکاردوو، برنج بە کنگر،شۆربای برنج، برنج بەشیر، ساوەر، ساوەری سور، شلە ساوەر، قەرەخەرمان، گەنمەکوتاو، یاپراخی سلق، یاپراخی گەڵامێو، یاپراخی تێکەڵ، کفتەی بڕوێش، کفتەی برنج، کفتەی گەنم، شفتە، کفتە، کوبە، خورماوڕۆن، پەتاتەی کوڵاو، پەتاتەی سورکراوە، تەماتەی سورکراوە، گۆشتی مانگا و بزن و مەڕ، گۆشتی مریشک، قاز، مراوی، قەل، ماسی، سەروپێ و گیپە، شۆربای مزەورە، ماشێنە(ماش و برنج یان ماش و گەنم بە شلی)، نیسکێنە، پەڵپینە، نۆکاو، کنگر بە زردکراوی، شلەی کنگر، کنگرکەباب(کنگر بەزەردکراوی لەگەڵ ئارد و هێلکە لە ڕۆندا سور دەکرێتەوە)، توڵەگە(گیابرژیوە)، کاردوو، قارچک و...هتد. هەروەها بەرهەمی سپیایی وەک: شیر، ماست،هێلکە، پەنیری سەلک، پەنیری پێستە، ژاژی، کەرە، شیرێژ، کەشک، لۆرک، فرۆ، مەیرە.هەروەها کۆمەڵێک خواردنی تری وەک: دۆشاوی ترێ،سرکە(ربە هەنار)، مرەبای هەنجیر، مرەبای قۆخ، مرەبای هەرمێ، هەروەها میوەش وشکدەکرێتەوە، کە هەر لە کۆنەوە لە میوەکان دروستکراون و ئێستاش لە لادێکانی دەوروبەری ڕانیە دروستدەکرێت و لە ناو ڕانیە دەفرۆشرێت، یان بەشێک لە ژنان دەچنەوە بۆ لادیکانیان و بەشی خێزانەکانیان لە ڕەز و باخەکانیان دروستی دەکەن و دەیهێننەوە، یان هەر بە بەرهەمی بازاڕ، جۆرەکانی مرەبا دروستدەکرێت.جگە لەو خواردنە کوردەواریانە، خواردنی نوێ کە پێیان دەگوترێت خواردنە خیراکان، کە کلتوری کورد نیە و هاتونەتە ناو کلتوری گەلانەوە و بڵاوبونەتەوە بە ئامادەکراوی لە بازاڕ هەن، وەک لەفە، پەتاتە(فنگر)، پیتزا، هەمبەرگر و ...هتد (٢)

لە ناو ئەو خواردنانەی کە ناویان هێنرا، **قوڕاو** کە جۆرە شلەیەکە، تایبەتە بە ناوچەی بیتوێن و پشدەر هەیە و دروستدەکرێت، یەکێکە لە خواردنە نایاب و دانسقەکان، هەموو کەرەستەکانی ئامادەکردنی بە سروشتی لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەداهەن. لەبەر ئەوەی کە ئامادەکردنی ئاسان و هەرزان نیە، بەردەوام لێنانرێ، جارجارە یان بۆ میوانداری و دەعوەت

(١) خیراللە عبداللە، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٣
(٢) لعلی غریب مستەفا، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل١٠٥

ئامادەدەکرێت، ئەم خواردنە سەرەتا ماڵە مەردارەکان ئامادەیان کردووە و دواتر بە ناو خەڵکیدا بڵاو بۆتەوە.

**ئەو کەرەستانەی قوڕاویان لێ دروستدەکرێت ئەمانەن:**

گۆشت: گۆشتی بەرخ یان گیسک، لەبەر ئەوەی زۆر شلک و ناسکن، لەگەڵ ئەوەی هەندێک کەس گۆشتی ئاژەڵی تری وەک گا و مانگا و گۆلک بەکاردێن، بەڵام تام و چێژی ئەو قوڕاوەی نیە کە لە گۆشتی بەرخ یان گیسک دروست دەکرێت.

ماست: کە مەرجە کە ماستی مەڕ و بزن بێت و ماستی مانگا بە کەڵک نایەت، چونکە ئاوی زۆری تێدایە و لەکاتی کوڵاندنەکەدا هەڵدەگەڕێ و تێکدەچێت.

سەوزە: جاترە، سیر، پیاز، قوڕادە[*]،لەو سەوزانەی لە قوڕاوەکە دەکرێت، جاترە سەرەکیترینیانە، زۆرجار لە جیاتی قوڕادە یان لەکاتی دەستنەکەوتنی، ئەوا کەوەری تێدەکرێت.

خوێ و ڕۆن: ئەگەر گۆشتەکە چەوربوو، هەر بە ڕۆنی خۆی لێدەنرێت، ئەگەر نا بە پێی پێویست رۆنی تێدەکرێت.

**چۆنێتی ئامادەکردن:** گۆشتەکە پارچە پارچە دەکرێت(دەجنرێ) و دەخرێتە سەر ئاگر و دەکوڵێنرێت، بەڵام کوڵانی تەواو نا، ماستەکەش هەندێک ئاوی تێدەکرێت و تێکدەدرێت تا دەبێتە ماستێکی شل، دواتر ماستەکە تێکەڵی گۆشتەکە دەکرێت و بێ وازهێنان هەر تێکدەدرێت، تا بە تەواوی دەکوڵێت. لە کاتی کوڵاندنەکەدا، جاترە و پیاز و قوڕادەکە و خوێیەکەشی تێدەکرێت. پێدەگوترێت قوڕاو، چونکە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی ماستەکە بە گۆشت و کەرەستەکانی تر، ماستەکە ڕەنگی سپی نامێنێ و لە قوڕاو دەچێت. [1]بڕوانە وێنەی(٦)

هەروەها سەبارەت بە خواردنەوەکان، ئەمانە لە ئێستادا هەن: ئاو، چا، قاوە، دۆ، ماستاو، شەربەتی میوەی هاوردەکراو، خواردنەوە گازیەکان، خواردنەوە کهولیەکان،کە لە ناویاندا، چا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، زۆر دەخورێتەوە، ڕۆژانە دوای ژەمەکان و لەکاتەکانی تریشدا ئامادەدەکرێت، هەروەها بەهۆی زۆری خواردنەوەی ، چایخانەی زۆر لەبازار و شەقامەکانیدا هەن. هەروەها بابەتی دوکەڵکێشان، ئەمانە هەن و بڵاون:جگەرە ، نێرگەلە.

(*) قوڕادە(قوڕقوڕاگە، کوڕادە، کنواڵ)گیایەکی خۆرسکە و لەسیر و کەوەر دەچێت، لە کەوەر تیژترە و لەسیر کەمتر تیژە.

(١) ئارارات احمد، چاوپێکەوتن، شارەزای بواری کەلەپوری ڕانیە، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/٢٦ هەروەها لعلی غریب مستەفا، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل١٠٥

وێنەی (٦)
خواردنی قوڕاو نیشان دەدات[١]



(١) وێنەکە لە بەڕێز: فۆتۆگرافەر جەعفەر ئەحمەد وەرگیراوە.

## سێیەم/ شوێنەوار

شـــوێنەوارەکان دەرخەری هەبـــوونی ژیـــان و کلتـــورن لە ڕابـــردووی هەرشـــوێن و کۆمەڵگایەکدا، یەکێکن لە توخمە کلتوریە مادیە ماوەکانی سەردەمانی ڕابردوو، کە وردبونەوە و لێکوڵینەوەیان، یارمەتیدەرن بۆ مێژووی کۆمەڵگاکە و چۆنێتی ژیان و گوزەرانیان.

هەموو بەڵگە شوێنەواریەکانی دەشتی ڕانیە ئاماژەی ئەوەن، لەپێش فێربوونی کشتوکاڵیش مـرۆڤ لەم نـاوچەیە ژیـاوە، بە تـایبەت لە شـاخی کێـوەڕەش و بنـاری شـاخەکە، پاشـماوەی شـوێنەواری کـۆن زۆر هەیە، لەوانە: ئەشـکەوتی کـونە سـپیلکی، ئەشـکەوتی یەک سـتون، بەنـاغە بەردینەکـانی دامێنـی چیـای کێـوەڕەش، ئەوە دەسـەلمێنن مـرۆڤ زۆر لە کـۆنەوە لەم ناوچەیە ژیـاوە، تەها بـاقر لە کتێبەکەیدا (المرشد الی موطن الأثـار والحضـارة) ئاماژە بەوە دەکـات و دەڵێـت" بەرامبەر بە ڕانـیە چیـایەک درێـژ دەبێـتەوە، بە چیـای کێـوەڕەش ناسـراوە، چەند کونە ئەشـکەوتێکی تێدا دەردەکەوێت، لەوانەیە لە چاخەکـانی پێش مێژوو مرۆڤـی تێدا ژیابێت.[١] دەشتی ڕانیە چەند تایبەتمەندیەکی گرنگی هەبووە و زۆربەی مەرجەکـانی بـوونی بە مەڵبەندێکی شارستانی بۆ هەڵکەوتبوو، زەویەکەی زۆر بەپیت بوو، ڕووبـارێکی گەورەش بە ناویـدا ڕۆشـتووە، چواردەوریشـی بە چیـای بەرز گیـراوە، کە توانـای پاراسـتنی لە پەلاماردەرەکانیـان بە هێـز دەکـرد. ئەم تایبەتمەنـدیانە لە گەڵ دروسـتکردنی بەنـداوی دووکـان سودیان نەماوە، چونکە دەشتەکە(بەشێکی) ژێر ئـاوکەوت، بەهۆیەوە دەریـاچە دەستکردەکەی پشـتەوەی ئەو نـاوچەیەی نقـومکرد، کە گـردە شـوێنەواریەکانی تێـدابوو کە ٤٠ گـرد بـوون، لەساڵی ١٩٥٦-١٩٦٠ حەوت گردی شوێنەواری پشکنران، ئەوانیش: کەمەریان، گردی دێم، قوڕەشینە، بازموسیان، کـامەم، شمشـارە، دوگـردان، یـاخود نـۆ دانەبوون چونکە هەریەکە لە قورەشینە و دوگردان یەکی دوو دانەبوون. لە **بازموسیاندا** کە گەورەترین گردی دەشتەکەیە، چەند دەقێکی مێخیی بچوکی دۆزرابوونەوە کە لە هـی سـەردەمی ناوەڕاستی ئاشوری دەچن، لەوەش وردتر هی سەردەمی توکولتی نینورتای یەکەمی ئاشور لە سەدەی سیانزە.[٢]

نەخشـەی شـوێنەوارە کۆنەکـانی عێـراق کە بەشـی شـوێنەواری کۆمـاری عێـراق بـڵاوی کردۆتەوە(بەغـدا،١٩٥٤) وا دەگەیەنێـت: شـتی سـەردەمی ئـوروک و هـی سـەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئاشـوری لە ڕانـیە دۆزراوەتەوە، هەروەهـا نەخشـەکە ئەو شـتانەی حەسـونەی ئوروک و ئاشووری تۆمارکردووە، کە لە گوندی گیدری باسکین (بۆسکێن)، دۆزراونەتەوە، وا چاکە زیاتر چالاکی دەستخستنی شوێنەوارناسی لە نواچەکەدا بکرێت، ئەمەش لەبەر چەند

(١) ڕەسول بۆسکێنی، شانشینەکانی زاگرۆز(کوردستان)، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٩، ل ٣٥٢
(٢) فاضل قەرەداغی، چیرۆکی شمشارە، باسێکی مێژوویی کۆنی شمشارەی دەشتی ڕانیە، مەڵبەندی کۆمپیوتەری ئێکسڵ، سلێمانی، ١٩٩٦ ،ل١٤

هۆیەکی جیاواز، یەکێک لە هۆیەکان، ئەوەیە کە کەلێنێکی گەورە لە بەڵگەی ئاشکرا هەیە دەربارەی سروشتی پەیوەندیەکانی پێش مێژووی نێوان بانی ئێران و باکوری میزۆپۆتامیان.[١]

کۆمەڵگای توێژینەوە زۆر دەوڵەمەندە لە ڕووی شێونەوارەوە، بە گشتی لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین نزیکەی ٣٠٠ ناوچەی شوێنەواری هەن، کە بەشێکی زۆریان پشکنین و ڕووپێویان بۆ نەکراوە و نەخراونەتە سەر نەخشەی شوێنەواری کوردستان و عێراق، ئەوانەی پشکنینیشیان بۆ کراوە، شوێنەواری دێرینن و چەندین کەل و پەلی وەک گۆزە و قاپ و کەوچک و کەلوپەلی تری ژیانی ڕۆژانەی تێدا دۆزراوەتەوە، کە بەپێی پشکنینەکان مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٣٠٠٠-٤٠٠٠ ساڵ لەمەبەر.[٢]ناوچەکە لەڕووی شوێنەواریەوە دەوڵەمەندە، لێرەدا ئاماژە بەچەند شوێنەوارێکی دیاری شاری ڕانیە دەدرێت:

**قەڵاتی ڕانیە:** دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری ڕانیەوە، بە کۆنترین بناغەی شوێنی نیشتەجێبوونی دانیشتوانەکەی دادەنرێت، مێژووەکەی بۆ زیاتر لە ٦٠٠٠ ساڵ دەگەڕێتەوە، جگە لە گردەکە خۆی، شوێنەواری خانوی کۆن هەبووە و بینراوە.[٣]

**گردی شمشارە**: گردێکی بچوکە، بەڵام بەرزترین گردی دەشتەکەیە، تیرەی بنەوەی زیاد لە ٥٠ مەترە و هی لوتکەکەی نزیکەی ٢٠ مەترە، بەرزاییەکەشی ٢٥ مەترە، درێژبوونەوەیەکیشی هەیە کە پانیی هەموو گردەکە دەکات کە ٣٣٥ مەترە.[٤] شانیشینی **ئوتوم** چەند شارێکی گرنگی هەبووە، لەوانە **شوشارا** کە پایتەختی وڵاتەکە بووە، شوێنی گردی شوێنەواری شمشارەی ئێستایە، یەکێکە لە گرنگترین گردە شوێنەواریەکانی هەرێمی کوردستان، کەوتۆتە کەناری دەستەڕاستی زێی بچوک لە هەرێمی کوردستان، هەشت کیلۆ مەتر لە شاری ڕانیە دوورە و دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەلاتی شارەکە.[٥] بروانە وێنەی (٧)

**گردی دێمە:** دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری ڕانیە، لە خوارووی گەرەکی قەڵات بەڕووی دەشتی بیتوێنەوە، گردێکی  شوێنەواریە، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، ئەم گردە شوێنی سەیرانگا و گەشتی ڕۆژانی هەینی خەڵکی شاری ڕانیە بووە، هەروەها شوێنی ئاهەنگ و کۆبوونەوەی جەماوەری بووە، ئەم گردە ئێستا تەنها بەرزاییەکی ماوە کە لە شێوەی

(١) یورگین لیسیۆ، خشتەکانی شمشارە-ڕاپۆرتێکی سەرەتایی، و: عەزیز گەردی،لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانەدەر، هەولێر، ١٩٩٨، ل١٨
(٢) اسماعیل محمد علی، چاوپێکەوتن، شارەزای شوێنەوار و مەزارەکانی ئیدارەی راپە ین، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/٥
(٣) عبدالرقیب یوسف، هەگبەی زانیاریەکانی لەبارەی ڕانیەوە، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە ٢١،ڕانیە، ٢٠٠٧، ل٤
(٤) فاضل قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢
(٥) ڕەسول بۆسکێنی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٠

گردێکدایە، دەکەوێتە ناو ڕەز و زەویە کشتوکالیەکانی خوار گەرەکی قەلاتەوە.[١] لە گردە دێمەدا شوێنەواری وەرکا و ئەکەدی و ئاشوری کۆن و خوری و میدی دۆزراوەتەوە، هەروەها پەرستگایەکیشی تێدا دۆزراوەتەوە، گردی قوڕەشینە دوو پەرستگای تێدا دۆزرواتەوە، کە هی سەردەمی (العبید)ن، لەگەڵ پاشماوەی کۆنی وەرکا، دووگردان دوو پەرستگای تێدا دۆزراوەتەوە، کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (العبید)، وە پاشماوەی سەردەمی وەرکا و ئاشوری کۆنی تێدا دۆزراوەتەوە.[٢]

وێنەی (٧) گردی شمشارە نیشان دەدات[٣]




(١) خالید قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤

(٢) ڕەسول بۆسکێنی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٤

(٣) وێنەکان لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری ڕاپەڕین وەرگیراون.

**چوارەم/ ئامێر و کەلوپەلی تری ژیانی ڕۆژانە**

مرۆڤ بۆ ڕاییکردنی کاری ڕۆژانە و سازکردنی خواردن و پاراستنیان و جێبەجێکردنی کارەکانی، ڕۆژانە چەندین ئامێر و کەل وپەل بەکار دێنێ، ئەم ئامێر وکەلوپەلانە بەگوێرەی پێویستی دابینـدەکرێن یـان لەرێـگەی بەرهەمهێنـان و دروسـتکردنی لە کۆمەڵگـاکەدا، یـان لەڕێگەی هاوردەکردنیان لە شوێنەکان تر و کڕینیان لە بازاڕەکاندا. جۆری ئەم کەلوپەلانە و بەکارهێنانیان بە توخمێکی کلتوری مـادی دادەنرێن، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیـاوازن و لە سـەردەمێکەوە بـۆ سـەردەمێکی تـر بە پێـی گۆڕانکاریەکـانی ژیـان، ئەمـانیش گۆڕانیان بەسەردادێت.

لە ڕابـردوودا، کەل و پەلـی ناومـاڵ کەم و سـادە سـادەبوون، چـونکە کـارگە نەبـووە و هەروەها هاوردەکردنی کەل و پەلیش زۆر کەم بووە، وە پـارەش کەم بووە، بەشێکی زۆری ئەو کەل و پەلانەی کە پێویست بوون بۆ ژیانی ڕۆژانە،خەڵک خۆی بەرهەمی هێناون، وەک کوندە، مەشکە، دۆدانە، هەمبانە، هیزەڕۆن، خوانە، کۆتـک، قەند شـکێن، سـەبەتە، هێلەگ و بێژینگ، جەواڵ، خورجێن(لە خوری و مو دروستدەکرێت و کون کون بووە و جلو بەرگـی تێکراوە)، تێر(لە خوری و مو دروستکراوە، خـواردن و دانەوێڵەی تێکراوە و هەڵگیراوە، یان بۆ بارکردن خراوەتە سەر گوێدریژ و ئێستر)، پشتی(باليف-سەرين)، لبـاد، جـاجم، لێفە، گۆزە، بەرەوانە، بوخچە، سەوە(قاپ و قاچاغی تێدا هەڵگیراە)، دۆلاب، باولە، لانکە(بیشکە)، هەروەها پێشتر لە شارەکەدا ئۆتۆمبێل کەم بووە و زیـاتر بە ئـاژەڵی بـار و عـاربەرانە، کـاری گواستنەوە ئەنجامدراوە، لەلایەکـی ترەوە لە رابردوودا بەشێکی زۆری ژنـان، دەسترەنگین بوون و هونەری دروستکردنی رایەخیـان زانیوە، وەک بەڕەی لە پەڕۆ دروسـتکراو، بەڕەی بەنەخش و لە مـوو دروسـتکراو، مـافور، بەرمـاڵ(دوگرد)، خـۆرجێن، هەروەهـا دۆشـەک و لێفەی لە لۆکە دروستکراو کە تا ئێستاش لە ماڵەکاندا هەن. هەروەها بۆ خۆ گەرمکردنەوە لە زسـتاندا، زۆپـای نەوت و غـاز کەم بـوو و تـا کۆتـایی سـاڵانی نەوەدەکـان، زۆپـای دار بەکـار دەهات، بەڵام وردە وردە کەمبۆتەوە، ئێستا زۆپای نەوت و غاز و سپلێت بەکاردێن، هەروەها بـۆ وەرزی هـاوینیش، ئـامێری فێـنککەرەوە هەبـوو بەس زۆر نەبـوون، خەڵـک شـەوانە لە حەوشـەی خانووەکانیـان دادەنیشـتن و بـو خەوتنیش دەچون بۆ سـەربان، یـان هەر لە حەوشـە دەخەوتن، بەڵام لە ئێستادا، هەم خانووەکان حەوشەیان زۆرنیە و بەشـی زۆریشـیان لە قاتێـک زۆرتـر، هەمـیش کەش وهەوا گەرمتـر بـووە، بـۆ فێنککـردنەوە زۆرتـر پشـت بە ئـامێرە کارەباییەکــانی وەک موبەریــدە و ســپلێت دەبەســترێت. هەورەهــا لە زۆریــنەی ماڵەکانــدا ئامرازەکـانی نـانکردن هەبـوونە و ئێسـتاش هەن، چـونکە ژنـان نانیـان (نـان تێـری) لە مـاڵی خۆیاندا دەکرد، دایک و کچەکان بەم کارە هەڵدەستان، حەفتـانە بە پێـی پێویست، کە بە تەنەکە

پێوانەی دیاریکراوە، هەر تەنەکەیەک ئارد نزیکی سەد نانی تیری لێ دروستکراوە، ، نانیان دروست دەکرد و لە ناو کەندوو(نانی تیری بە ڕەقی تێدا هەڵدەگیرێت) هەڵیان دەگرت و ڕۆژانە کاتی نانخوادرن، ئەم نانە بە ئاو تەڕ دەکرێت(دەڕشێنرێت). زۆر جار دوای تەواوبوونی نانکردنەکە، کولێرە بە ڕۆن و بە پەنیر و بە شەکر دروستکراوە.هەبوونی نانی تیری لە ماڵدا بە پێویستیەکی خۆراکی بنەڕەتی دادەنرێت، جاران کەم ماڵ هەبوو نان نەکات و کارگەی درستکردنی نانی تیریش نەبوو، بەڵام چەند ژنێک بە کرێ نانیان بۆ خەڵک کردووە، کە هەموو پێدوایستیەکانی نانیدروستکردنیان بۆ بردراوە وەک ئارد و خوێ و نەوت و..هتد، ژنەکانیش نانەکەیان لە ماڵی خۆیان بۆ کردوون و تەنیا کرێی حەقدەستی نانکردنەکەیان وەرگرتووە. تا ئێستاش نانکردن لە ماڵاندا هەیە، بەڵام بە هۆی بچوکبونەوەی خێزان و کارکردنی ژن لە فەرمانگەکان و زۆربوونی سەمونخانە و نانەواو کارگەکانی نانی تیری، ئێستا نانکردن لە ماڵەوە کەمبۆتەوە، هەروەها نانکردن بە کرێش کەمتر بۆتەوە. کەل و پەل و پێویستیەکانی نانکردن ئەمانەن: تەشتێک ئەنگوتکەکانی تێدەکرێت و پەرۆی بەسەردا دەدرێت، پەرمێز، کە ئاگرەکەی دەخرێتە ژێر سێڵەکە، سێل(ساج)، خوانە(پنە)، تیرۆک، ناوبرێشک(لە دار دروستکراوە و نزیکی ١٠ سم پانە، نانەکەی لەسەر سێل پێ ئەودیوئەودیو دەکرێت)[(١)]

بە گشتی لە ئێستادا، کەلو پەلی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگای توێژینەوە، بەرهەمی هاوردەکراون لە وڵاتانی دەوروبەر و وڵاتانی تر، واتا بە بەراود بە ڕابردوو گۆڕانی زۆریان بەسەرداهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا زوو زوو گۆرانکاریان بەسەردا دێت، بە هۆی داهێنان و دروستکردنی کارگەی جۆراوجۆری بەهەمهێنانی کاڵاکان لەسەر ئاستی وڵاتانی دراوسێ و دونیادا، زۆر بە کەمی بەرهەمێکی ناوخۆیی لە ماڵەکان و دەرەوەی ماڵەکاندا دەبینرێن. لە ئێستادا ئەم کەلوپەلانە هەن:

فەرش و کومبار، دۆشەک، پشتی، تاقم قەنەفە، مێز و تەلەفزیۆن و سەتەلایت و ئینتەرنێت،کتێبخانە، تابلۆ و نیگاری هەڵواسراو، سپلێت کە بۆ زستان و هاوین بەکاردێت،پانکە، موبەریدە، زۆپا، هیتەر،بۆیلەر، هەروەها کەلوپەلی چێشتخانە: کەوانتەری ئەلەمنیۆم یان تەختە، تەباخ، سەلاجە، مجمیدە، غەسالەی جل شتن، غەسالەی قاپشتن، کورسی و مێزی نان خواردن، مەنجەڵ، تاوە، کتری و قۆری وسەماوەر و قاپ و کەوچک و کەوگیر و چەقۆو و پەرداخ و پیاڵە و ژێر پیاڵە و ..هتد.هەروەها ژووری نوستن: سیسەمی نوستن، کانتۆری نوێن، کانتۆری جل، هەروەها مۆبایل و ئۆتۆمبێل و...هتد. هەروەها

---

(١) جمال رشید، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٤١ هەروەها حسیبە عزیز، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشوو،ل١٠٥ هەروەها لعلی غریب مستەفا، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل١٠٥

زۆرینەی ئامێرەکانی کاروپیشەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە، وەک سەرتاشی و بەرگدوری و خانوودروستکردن و کارەبایی و کشتوکاڵی و...هتد بەرهەمی وڵاتانیترن و چەندەها جۆریان لە بازاڕەکاندا هەن و دەفرۆشرێن.بڕوانە وێنەی(٨)

وێنەی (٨)
بەشێک لە کەلوپەلە کوردەواریەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە نیشان دەدات[١]



(١) وێنەکان بەشێکیان لە لایەن توێژەرەوە لە ٢٦/٤/ ٢٠١٩ گیراون ، بەشێکیشیان لە بەڕێز فۆتۆگرافەر: جەعفەر محمد وەرگیراون.

## باسی سێیەم: توخمە واتاییەکانی کلتور

### یەکەم/ داب و نەریت

داب و نەریتەکـان تـوخمێکی واتـایی سـەرەکیی کلتـورن، پانتـاییەکی بەرفراوانیـان هەیە لە ژیـانی کلتـوری و کۆمەڵایەتیـدا. بەگشـتی داب و نەریـت و نۆرمەکـان، بـریتین لە ڕەفتـارێکی دووبـارە بـووەوە، ئەنـدام کۆمەڵگـا بەشـێوەیەکی کـۆمەڵایەتی بـۆی دەمێنێـتەوە و وەریـدەگرێت و فێری دەبێت و پراکتیزەی دەکات، هەروەها هەمان تایبەتمەندیی دیاردەی کۆمەڵایەتیی هەیە وەک پابەندبوون و زۆرلێکردن، ئەمانە یاسایەکی نەنوسراون.[١] بەڵام هەریەک لەم چەمکانە، واتـای خۆیان هەیە، دابەکان(العادات) شێوازی ڕەفتارین لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە، مـاوەیەکی کـاتی بەردەوام دەبێـت بـۆ ئەوەی جێگیـر بێـت، دەگـاتە پـلەیەک نەوەکـانی داهـاتوو پەیـڕەوی دەکەن و بـاوەڕی پێـدەکەن. [٢] هەروەهـا نەریتەکان(التقالیـد) ئەو ڕەفتـارانەن، کە لە سـەرەتادا بـۆ پێداویسـتیە کۆمەڵایەتیەکـانی مـرۆڤ بەدیـدێن و، بە هـۆی دووبـارەبوونەوە و لە کاتێکی درێژدا بەرەبەرە جێگیر دەبن.[٣] نەریت هەڵسوکەوتێکی کۆنکرێتی نیە، بەڵام ڕێگای گشتیە بۆ زۆر لە ڕەفتار وهەڵسوکەوتەکان، نەریت بەکاردێت بۆ ئەوەی گەشـە بە هەڵسوکەوت بدرێت لە شوێنێکدا کە هەڵسوکەوتی تـایبەت بەو جێگـایە یـان بەو بـابەتە یـان ڕێگـایەکی یاسـایی تـایبەت ئامـادەیی نـیە.[٤] هەروەهـا بـاو(العرف) کـردار و ڕەفتـارێکی کـۆمەڵایەتیە، ئەنـدامانی کۆمەڵگا وەک نەریتێکی کۆمەڵایەتی فیری دەبن و ئەنجامی دەدەن و بە بەردەوامـی دووبـارەی دەکەنەوە، عورفەکـان لە لایەن کۆمەڵگـاوە سـەپێنراون و سـزای ئەو کەسـانە دەدات کە لێـی لادەدەن.[٥] هەروهـا بـریتیە لەو ڕێسـایانەی (نەنوسـراون) خەڵـک لە ژینگەیەکـی دیـاریکراو شوێنیان دەکەون، بەگوێرەی پێویستیش لە مامەڵەکانیانـدا پەیڕەویـان دەکەن، سـەرەڕای ڕێزگـرتن و ملکەچبـوون بـۆ بڕیارەکـانی، لادانـیش لێیـان سـزای هەیە.[٦] بەهاکـانیش (القـیم) کۆمەڵێـک بیروبۆچوون و وێنای هزرین، کە هەڵدەستن بە ئاڕاستەکردن و ڕێکخستنی ڕەفتاری ئەندامانی کۆمەڵگا، هەروەها بریتین لە کۆمەڵێک بیروڕای گشتی، کە ڕاست و هەڵەکان دیاردەکەن، یـان شتە ویستراو و نەویستراوەکان لێکجیادەکەنەوە.[٧] هەروەهـا ئەو بیروبـاوەڕەی کەسـەکان یـان

(١) عبدالعزیز علی خزاعله و ئەوانیتر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٦
(٢) ئیبراهیم ناصر، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢١٦
(٣) مەنسور وسووقی و عەلی ئەکبەر نیک خولق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٩
(٤) پەیتەر کلۆس، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٩
(٥) شاکر مصطفی سلیم، قاموس الانثروبولوجیا، المصدر السابق، ص٢٣٧
(٦) فەرمان فارس طاهر، کاریگەریی داب و نەریت لەسەر پەیڕەوکردنی یاسا، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، ٢٠١٧، ل٨-٩
(٧) توانا عثمان محمدامین، ڕۆڵی بەها کۆمەڵایەتیەکان لە ڕێکخستنی کۆمەڵگادا، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی ئەدەبیات، زانکۆی سەڵاحەدین، ٢٠١٧، ل١٢

گروپەکانە، سەبارەت بەو شتەی کە گونجاو و باشە یان خراپە، هەیانە، پێیدەڵێن بەهاکان. بەها جۆراوجۆرەکان دەرخەری شێوازە سەرەکیە جۆراوجۆرەکانی کلتوری مرۆڤە، واتە بەهاکان لەژێر کاریگەریی کلتورەکەیاندان.[١]

بە گشتی بە ها و داب و نەریت و عورفەکان پەیوەستن بە یەکتری و ڕەفتار و بیروبۆچونی دووبارەبووەوەی پێویست و دووبارەبووەوەو جێگیرن(ڕێژەیی)، توخمێکی واتایی کلتورن و ئامرازێکی گرنگی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتین، ئەرکیان ئاڕاستەکرن و گونجاندنی ڕەفتارە لە کۆمەڵگاکەدا. وابەستەبوون پێیانەوە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی ترەوە، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت.

شاری ڕانیە، پێکهاتەیەکی خێڵەکیی هەیە، بۆیە تا ڕادەیەکی تێبینیکراو، داب و نەریتەکان تێیدا بەهێزن، لەگەڵ ئەوەی بە بەراود بە ڕابردوو، دابو نەریتەکان لاوازبوون و هێزە زۆرەکەی جارانیان نەماوە، یەکێک لە نەریتە دیارەکان کە لەم شارەدا هەیە و لە ڕابردووەوە تا ئێستا بە بەهێزی ماوەتەوە، نەریتی میوانداری و میواندۆستیە، لەهەمانکاتدا ڕیزگرتنە لە غەریبە و بێگانەکان، کەم کەس هەیە سەردانی ئەم شارەی کردبێت، بە شێوەی کاتی، یان تێیدا مابێتەوە و نیشتەجێبووبێت، کە هەستی بە نامۆیی کردبێت، تەنانەت تا کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، خانوو بە کرێدان، زۆر کەم بوو، بەکارێکی نەشیاو سەیر دەکرا، زیاتر بێ بەرامبەر خانوو بە و ماڵانە دەدرا کە لە ڕانیە دەمانەوە و نیشتەجێ دەبوون، هەروەها بە بەراورد بە گەورەبوونی شارەکە و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی، تا ئێستا کەمترین ژمارەی هوتێل (تەنیا سێ هوتێل)و خواردنگەی تێدایە، چونکە هەمیشە ماڵەکان دەرگایان لەسەر پشت بووە بە ڕووی میوان و غەریبەدا، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وایکردووە کە شارەکە، هەر لەسەرەتاوە خەڵکی دەوروبەری زۆر بۆ هاتبێت و تیایدا نیشتەجێبوون و ژن و ژنخوازیش لە نێوانیاندا ڕوویداوە، بە گشتی پێکەوەژیان و تەبایی زۆر بووە و خەڵکەکەی دەمارگیریان (تعصب) نەبووە، ئێستاش شوێنێکی ئارامە لەم ڕووەوە. لەوبارەیەوە وتەیەک هەیە، کە دەگوترێت"ئاوی قولەی خواردۆتەوە" یان "ئاوی کوێرەکانی خورادۆتەوە" کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەر کەسێک هاتبێتە ڕانیە و ئاوەکەی خواردبێتەوە، هۆگری شارەکە بووە و بە زەحمەت جێیی هێشتووە.[٢]

---

(١) ئەنتۆنی گیدنز،کۆمەڵناسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤٣

(٢) جمال رشید، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٤١

هەورەها کۆمەڵێک داب و نەریتی تری تێدایە، وەک سەردانیکردنی یەکتری و بەهێزی پەیوەندیەکان،سەردانی نەخۆش، ڕێزگرتن لە دراوسێ، ڕێزگرتن لە بە تەمەنەکان، ڕێز گرتن لە برای گەورە، بە دەنگەوەهاتنی یەکتری لە کاتی نەهامەتی و ناخۆشیەکان و کۆمەک و هاوکاری یەکتری، نەکێشانی جگەرە و نەخواردنەوەی خواردنەوە کهولیەکان لە ماڵەوە و لای برای گەورە و باوک، بڕوابوون بە چاوەزار و خۆپاراستن لێی وەک ناڵ هەڵواسین لەسەر دەرگا و مورووی شین و دوعاخوێندن، بڕوابوون بە شومی شوێنێک(خانویەک، دوکانێک) و چۆڵ کردنی، هەروەها گەر باڵندەکان لە حەوشە دەنگیان بێت و جریوەجریو بکەن، ئاماژەیە بۆ هاتنی میوان بۆ ئەو ماڵە، کە یەکێک سەفەری کرد، ئاو دەڕێژن بەدوایدا، ترسان لە جنۆکە و نەڕشتنی ئاوی گەرم لە شەواندا، بەخت تاقیکردنەوە و فاڵگرتنەوە و نوشتەکردن، نەبردنی منداڵی بچوک بۆ لای منداڵی تازە لەدایکبوو، گوایە نەخۆش دەکەوێت و بەبۆن دەکەوێت، مەلاشوکەوتنی منداڵ و بە بۆنکەوتنی منداڵ و ترسان و ترسدەرکردنی منداڵ، خەوبینین و خەوگێرانەوە و خەو لێکدانەوە، یەکێک ئەگەر پێڵاوەکانی دانا و سواری یەکتری بن، گوایە ئەو کەسە سەفەری دێتەڕێ و بەرەو ئەو شوێنە دەچێت کە لوتی پێلاوەکەی رووی لەوێیە. ئەگەر کەسێک لە کاتی گۆشت وردکردندا (گۆشت جنین)، گۆشتەکەی بادرا، گوایە کە گۆشتەکە بخوات، سکی پێی دێشێت. ئەگەر کەسێک لەکاتی سەفەردا کەروێشک بێتە سەر ڕێگای، ئەوا بەڵایەکی دێتە ڕێ، بەڵام ئەگەر ڕیوی بێتە سەر ڕیگای، ئەوا خێر و خۆشی دێتە ڕێی ، هەروەها دابونەریتی تری لەم جۆرە، کە لە ڕابردوودا خەڵکی زۆرتر بڕوایان پێبووە، بەڵام ئێستا لاوازبوون.[١]

سەبارەت بۆ بۆنە نەتەوەیی و کلتوریەکان و یادکردنەوەیان، کە نەریتێکی ساڵانەن، ئەوا وەک نەتەوەی کورد، نەورۆز یەکێکە لە گرنگترین بۆنە نەتەوەییەکان و بە سەری ساڵی کوردی و هاتنی بەهار دادەنرێت، ساڵانە لە ئێوارەی ڕۆژی ٣/٢٠ دا خەڵکی شارەکە جلی کوردی دەپۆشن و کۆ دەبنەوە و بە ئازادی ئاگری نەورۆز لە پارکی دەروازە دەکەنەوە، بڕوانە وێنەی(٩)، هەروەها ڕۆژی ٣/٢١ بەشێکی زۆری خەڵکی دەچن بۆ سەیران بۆ شوێنە گەشتیاریەکانی دەوروبەری ڕانیە و شوێنەکانی تریش.ئەم یادە لە ڕابردوودا و لە زۆر قۆناغدا لە لایەن داگیرکەرانی کوردستاندا قەدەغە کراوە، بەڵام لە کاتی قەدەغە کردنیشیدا زۆر جار وەک چالاکی سیاسی و هێمای بەرنگاربوونەوە، لەسەر لوتکەی چیاکانی شارەکە، ئاگری نەورۆز کراوەتەوە و خەڵکیش لە ماڵەکانیشیاندا بوویێت یادەکەیان کردۆتەوە، هەروەها سەبارەت بە شاری ڕانیە، ڕۆژی ٣/٥ ی هەموو ساڵێک وەک دەستپێکی ڕاپەڕینی

---

(١) ئارارات احمد، بەشێک لە چاوپێکەوتنن پێشووی ل،١٤١ هەروەها خێراللە عبداللە عبداللە، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٣


ئازاری ١٩٩١ دژی ڕژێمی بەعس و ئازاد کردنی خاکی کوردستانی عێراق، یادی ڕاپەڕین دەکـرێتەوە و بـووە بە نەریتێکـی سـاڵانە، کە بە چەنـدین چـالاکی و ڤیسـتڤالی هـونەری یادکردنەوەکە بەرز ڕادەگیرێت. [١]

سەبارەت بە کاتی دەستبەتاڵی و زیادە، بەوپێیەی مرۆڤ هەموو کاتەکانی خەریک ناکات بە گەڕان بە دوای هۆکارەکـانی بژێویـدا -لە ئەنجـامی زۆری خـۆراک لە ژیـنگەدا- ئەوە کاتەکـانی بەتـاڵی لە ژیانیدا فـراوان دەبـن، وە ئەم کاتـانە لە هەنـدێک چـالاکیی جۆراوجۆردا بەکاردەهێنن، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیان نیە بە بەرهەمهێنـانی خۆراکەوە، بەڵکو زیاتر پەیوەندیان هەیە بە لایەنە زەینیەکان و خۆشگوزەرانیەوە.[٢] لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، جاران خەڵکی زۆرتر لەدەوری یەکتری کۆبونەتەوە و بەریەککەوتن و پەیوندیەکان فیزیکی بـوون، کـاتە بەتـاڵ و زیادەکانیـان بە کۆبـوونەوە و سـەردانی یەکتـری و یـاریکردن لەگەڵ یەکتـری و دەمەتەقـێ و گێـڕانەوەی چیـرۆک و هەڵـدانی مەتەڵ و پەنـد و قسـەی نەسـتەق پرکـردۆتەوە، بەگشـتی جـاران ئەم یاریـانە کـراون: سـینی و فنجـان، چەچەڵە زڕێ، ڕاوە ژیشک، مەلا تەق تەقێنە، کڵاوێن، جۆجۆیانێ، ڕەسمانێ، بندەستە، کەلایانێ(هەڵماتێن)، پێنج بەردانـێ، لیگـاو، ڕمبـازی، کۆلارەهەڵـدان، محەلەبـی شـکاندن، چاوشـارکێ، خەت خەتـێن، هەلوکێن،کڵاوکڵاوێن، بازبـازێن، تۆپـانێ، کێلە بەردانـێ، بـوکە بەبـارانێ، دامە، نۆرسـکێن، تاوڵە، دۆمینە، کۆنکان و...هتد. تا ئێستا لە باخی گشتی ڕانیە یـاری پیاوە بە تەمەناکـان دامە و نۆرسـکێن(نۆریزە) دەکەن[٣]، دامەکـردن لەو بـاخەدا بە جۆرێـک بـاوە، کە یەکێـک لە نیگارکێشـەکانی شـاری ڕانـیە بە کێشـنانی نیگـاری دامە، گوزارشـتی لێـی کـردووە. بـڕوانە وێنەی (١٠)، بەڵام بە گشتی لە ئێستادا یاریە کوردەواریەکـانی ڕابـردوو بەرەو نەمـان چـوون و ، ئەندامانی کۆمەڵگاکە، کاتە زیادەکانیان بەم شێوەیە پردەکەنەوە: سـەرقاڵ بـوون بە گەڕان بە نـاو تۆڕەکـانی ئینتەرنێت لەڕیگـای مۆبایـل و کۆمپیـوتەرە کەسـیەکان، ئەنجامـدانی یـاریە ئەلکترۆنیەکـان و پـلەی ستەیشـن و ئێکسـبۆکس، سـەیرکردنی فـیلم و درامـا و بەرنامەکـانی تەلەفزیۆن، سەردانی گازینۆ و چاخانەکـان و ئەنجامدانی یـاری دۆمینە و کۆنکـان و ئۆکەی، چـون بـۆ پـارک و باخچەکـان، یـاریە وەرزشـیەکان، سـەردانی شـەوانی خـزم و دۆسـتان و هاوڕێیان، خوێندنەوە، قسەکردن دەربارەی ڕەوشی سیاسی و حکومەتداری و نەهامەتیەکـانی ڕۆژانە و ...هتد.

(١) مۆفەق حمە مجید، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٤١
(٢) قەیس ئەلنوری، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٨
(٣) کامەران عەبدە سالح، شەوانی ڕانیە و یاریە فۆلکلۆریەکان، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە٩،ڕانیە، ٢٠٠٤،ل١٢-١٣.
هەروەها خێراللە عبداللە عبداللە، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٣

وێنەی(٩)

یادکردنەوەی نەورۆز لە شاری ڕانیە نیشان دەدات[١]




وێنەی(١٠)

ئەنجامدانی یاریی دامە نیشاندەدات[٢]




(١) وێنەکە لە لایەن توێژەرەوە، لە ئێوارەی رۆژی٢٠/٣/٢٠١٩ گیراوە.

(٢) نیگارەکە لە بەڕێز:خەیل عەلی وەرگیراوە.

## دووەم/ ئاین

ئاینەکـان دیـاردەیەکی کـۆمەڵایەتین، ژیـانی رۆحـانی تـێکەڵاوی ژیـانی ڕۆژانە دەبێـت، ئەندازەی ئەم تێکەڵاویە لە ئاینێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بەڵام بەردەوام بەشێکی گرنگە لەو توخمە پێکهێنەرانەی کە کلتوری گەلان پێکدێنن.(١)

ئەنتۆنی والاس دەڵێت: " بیروبـاوەڕی ئـاینی، بڕوابـونە بە بـوونەوەری بەهێـز و هێـزی سەروسرشتی"(٢) واتـا ئـاین لە بیروبـاوەڕ و ڕەفتـار پێکهـاتووە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان، پەیوەندیان بە جیهانی ژورسروشتیەوە هەیە، ناوچەیەکی یەزدانـی یـان بـوونەوەرە ڕۆحیەکـانە و بـریتیە لە هەمـوو ئەو کـردە و ڕەفتـارانەی وابەسـتەن بە پەیوەنـدیەکانی مـرۆڤ بە هێـزە نادیارەکان، هەورەها هەموو بیروباوەڕ و سروتەکانی(*) پیرۆزکردنی ئەو هێزانە دەگرێتەوە.

ئیدوارد تایلۆر پێناسەی ئاین دەکات، دەڵێت"ئاین بڕوابوونە بە بوونەوەرە ڕۆحیەکـان"(٣) پێـی وایە ئـاین بە چەنـد قۆناغێکـدا تێپەریـوە: گیانپەرسـتی، چەنـدخوایی پەرسـتی، تـاکخوا پەرستی.(٤) پێیوایە بەربڵاوی و بەرینـی ئەم ئاینـانە لە سـەراپای مێژوودا هەرچەندێک بێت، ئەوا ناتوانرێت گیانپەرستی لە بنچینەکانیاندا پشتگوێ بخەین، ئەگینا دەکەوینە هەڵەوە.(٥)

ئاین دیاردەیەکە، لە هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکان لە ڕابردوودا هەبووە و لە ئێستاشدا هەیە و لە داهاتووشـدا دەبێـت، زۆربەی مرۆڤنـاس و کۆمەڵناسـەکان هەوڵیانـدانەوە لێکدانەوەیەکی پۆزەتیڤیزمانە(وضـعی) بـۆ ئـاین بـکەن.(٦) لەم سـۆنگەیەوە، ئەمیـل دۆرکهـایم تێروانینێکـی پۆزەتیڤیزمـانەی بۆئـاین هەیە و پـێچەوانەی ڕای تـایلۆرە، دەڵێـت "ئـاین سیسـتمێکی پـێکەوە بەسـتراوی پێکهـاتووە لەو بیروبـاوەڕ و کردارانەی کە پەیوەستن بە شتە پیرۆزکراوەکـانەوە، واتە ئایین لەسەر بنەمای حەرامکردن و بیروبـاوەڕ و پراکتیـک دروست بـووە و ئەندامانی

---

(١) میشـێل مـالروب، مـرۆڤ و ئاینەکـان-ڕۆڵـی ئـاین لە ژیـانی تاکەکەسـی و کۆمەڵایەتیـدا، و: هیـوا مەلا عەلـی سورەدێیی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٢

(2) Antony wallas, Religion: An Anthropological Viwe, McGraw-Hill, New York,1966, p5

(*) سـروت: ڕەفتـارێکی ئاهەنگیـانە یـان ڕەمزیـانەیە، بەهـاکەی لە دووبارەکردنەوەیـدایە، سـروتەکان بە زۆری پەیوەندیان بە بۆنە و کردەوەی ئاینیەوە هەیە، شێوازێکی تایبەتی ڕەفتارکردنە، کە بەپێی یاسا و ڕێسا نەریتیەکان دامەزراوە و پەرەی سەندووە.
دانیال ل.پاڵس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦٧

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٥٦

(٤) کنراد فیلیپ کتاک، ماخذ پیشین، ص ٦٥٣

(٥) دانیال ل.پاڵس، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٣

(٦) ر.بودون و ف. بوریکو، المعجم النقدی لعلم الاجتماع، ت: سلیم حداد، مجد المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوضیع، بیروت، ط٢، ٢٠٠٧، ص٣١٦

کۆمەڵ لەناو کۆبونەوەیەکی مەعنەویدا(ئەخلاقی) کۆدەکاتەوە کە بە کڵێسا(پەرستگا) ناودەبرێت،[1] واتا دۆرکهایم تەواو جیاوازی هەیە و بە ڕاشکاوی چەمکی ژوورسروشتی ڕەتدەکاتەوە، پێیوایە ئاین پیرۆزی گرتۆتە خۆی، پیرۆزیەکەش کۆمەڵایەتیە و بەرهەمی کۆمەڵگایە، نەک ژوورسروشتی. بە کورتی دۆرکهایم بەم جۆرە پێناسەی ئاین دەکات" ئاین بریتیە لە سیستەمێکی ئیمانی ڕێژەیی بە شتە پیرۆزەکان"[2]

ئاین ئەرکی گرنگی هەیە لە کۆمەڵگادا، ئیبن خەلدون و ئۆگست کۆنت و ئەمیل دۆرکهایم، پێیانوایە ئاین بە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا دادەنرێت.[3] هەروەها ئەرکی تری هەیە وەک هاوبەندی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی پەیوەستی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا، دڵنیایی و ئارامی دەروونی بە ئەندامانی کۆمەڵگا دەبەخشێت.[4] لە لایەکی ترەوە، ئاین لە پاڵ سیستەمەکانی تری کۆمەڵگا چاودێری چالاکی و کردەوەکانی مرۆڤ دەکات، بە تایبەتی لە کۆمەڵگا سەرەتایی و نەریتیەکان ڕۆڵێکی سەرەکی و بنەڕەتی لە ئاڕاستەکردنی ئاکاری کەسەکان دەبینێت، سەرچاوەیەکی سەرەکیە بۆ جیاکردنەوەی شێوەکانی خراپە و چاکە لە ژیانی ڕۆژانەدا، بەمەش دەستنیشانی جۆری مامەڵەکردن و ڕادەی کارلێککردنی تاکەکانی کۆمەڵگا دەکات.[5] ئاین هەمیشە لە ناوخەڵک و بۆ خەڵک دروست دەبێت، هیچکات ئاینی تاکەکەسی نەبووە، ئاین وەک پێداویستیەکی ڕۆحی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤ، ڕۆڵێکی مەعریفی گەورەش دەبینێت، کە لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی هەیە بۆ نەژاد و ڕەچەڵەکی دروستبوونی مرۆڤ و دروستبوونی دونیا و دەسپێکی ژیان بە گشتی، وەکو پسپۆر و شارەزایان دەڵێن"ئاین یەکەمین فەلسەفەی مرۆڤە!"[6]

ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای توێژینەوە، تا ڕادەیەکی زۆر سیمایەکی ئاینی هەیە، ئاین کاریگەریی بەسەر زۆربەی ڕووەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە، وەک هاوسەرگیری، خێزان، خزمایەتی، پەروەردە، داب و نەریت، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، جلوبەرگ، خواردن و خواردنەوە، لایەنی ئابووری و بازار و کارو کاسبی، دیاریکردنی حەرام و حەڵاڵ، لایەنی بەڕیوەبردن و چارەسەری کێشە و صلح و...هتد

---

(١) جان بول ولیم، الأدیان فی علم الاجتماع، ت: بسمة بدران،مجد المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع، بیروت، ٢٠٠١، ص ٢٦

(٢) دانیال هیرڤیۆ لیژێ و ئەوانیتر، ئاین چییە؟ بە کوردیکردن و لێکدانەوەی: عادل باخەوان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨،ل٩٧

(٣) فوئاد بەعلی، ئیبن خەلدون و کۆمەڵناسیی نوێ-لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری، و: زیرەک ئەحمەد و سنور عەبدوڵڵا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٧٣

(٤) ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥

(٥) ڕێبین ڕەسوڵ و دیار عەزیز،سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣

(٦) ڕەشاد میران، چەند بابەتێکی ئیتنۆ-کۆمەڵایەتی، بەرگی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٠، ل٥٧

بیروبــاوەڕی ئــاینیی خەڵکــی ڕانــیە، لەســەرئاینی ئیســلامە، کە ئــاینێکی ئاســمانیی یەکخواپەرستیە، لە ساڵانی ڕابردوودا جگە لە ئاینی ئیسلام، پەیرەوکەرانی ئاینی تریش لە شارەکەدا هەبوون، وەک مەسیحی و جولەکە، مەسیحیەکان هەم کەمبوونە و هەم بە هۆی کاری فەرمانبەری و کاسبیەوە لە ڕانیە بوونە، لە ئێستادا هیچ مەسیحیەکی تێدانیە، هەرچی جولەکەکـانن لەگەڵ ئەوەی خەڵکــی نــاوچەکەبوون و ژمارەشــیان کەم نەبــووە، بەڵام دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لەسالی ١٩٤٨ کۆچیان کردووە بۆ ئەوێ و،چەند کەسێکیان ماونەتەوە، کە ژن بوون و شویان کردووە و بوون بە موسوڵمان، واتا تا ئێستاش خەڵکی بە ئەصل جولەکەی تێدایە کە پییاندەگوترێت (بن جو)، تا ئەم ساڵانەی دوایش پەیوەندی هەبووە لە نێوان بن جوەکانی ئێرە و ئەو جوانەی چون بۆ ئیسرائیل و تەنانەت هەندێک خێزان ڕۆشتن بۆئیسرائیل و بەشێکیشیان نیشتەجێبوون و بەشێکیشیان گەڕاوەنەوە.(١)

سەبارەت بە ئەرکە ئاینیەکان، ئاینی ئیسلام پێنج روکنی هەیە، ئەمانەن: شەهادەت، نوێژ، ڕۆژوو، زەکات، حەج، کە هەموو ئەرکە ئاینیەکان لە چوارچێوەی ئەم پێنج روکەندان. دانیشتوانی ڕانیەش، کە لەسەر ئاینی ئیسلامن، بەشێوەیەکی میانڕەوانە، پابەندن بە ئەرک و واجباتەکانی ئاینەکە، نوێژ ڕۆژانە پێنج جارموسڵمان ئەنجامی بدات، لە ماڵەوە بێت یان لە مزگەوت(*) یان لە هەر شوێنێکی تر، ڕۆژانە مزگەوتەکان ئاوەڵان وتێیاندا نوێژی بە کۆمەڵ دەکرێت، هەروەها هەموو ڕۆژانی هەینی نوێژی نیوەرۆ لە مزگەوت دەکرێت و وتار دەخوێنرێتەوە(کە تەنیا واجبە لەسەر نێر، بەڵام ئێستا بەشێکی ژنانیش دەچن)، کە هۆکارێکی بەهێزی ئیمانداری و بەهێزبوونی پەیوندیە کۆمەڵایەتیەکانیشە، هەروەها هەموو ساڵێک بە ڕۆژووبون لە مانگی ڕەمەزاندا، ئەرکێکی ئاینیە و بە شێوەیەکی دیار و پیشوازی لێدەکرێت و سەبارەت بە زەکاتیش، کە بەخشینی ماڵ و سامانە ، بڕی بەخشینەکە بە پێی شەرع دیاریکراوە، کە ئەم ئەرکە ئاینیەش لەم شارەدا جێبەجێدەکرێت، کە ئەمە هەم ڕەهەندێکی ئاینی هەیە، هەمیش بۆ دەستگرتنی هەژارانە، بۆ نەهێشتنی هەژاری و سەرەنجامیش پەیوەندیەکان بەهێز دەکات و خۆشەویستی نێوانی خەڵکی زیاتر دەکات. هەروەها هەر موسوڵمانێکی پێگەیشتوو ژن یان پیاو، کە نەخۆش نەبێت(دەرونی و جەستەیی) و بۆی بلوێت و دارای هەبێت، لە ژیانیدا یەک جار واجبە حەج بکات ، لە شاری ڕانیەدا خەڵکانێکی زۆر

(١) عمر امین علی، بەشێک لە چاوپێکەوتنن پێشووی ل٩٢

(*) مزگەوت، پەرستگای ئاینی ئیسلامە، لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، پیرۆزی و گرنگی و بایەخی تایبەتی هەیە، لە پاڵ ئەنجامدانی نوێژ و پەرستشەکان، یەکێکن لە گشتیترین شوێنەکان، کە دەرگا بەڕووی هاوڵاتیاندا ئاوەڵایە و زۆرجار جێگای کۆبونەوەی خەڵکین بۆ کاری خێرخوزای و چارەسەرکردنی کیشەکان و بەدەنگەوە هاتنی یەکتری، هەروەها بەشێک لە مزگەوتەکان وانەی ئاینی و پەروەردەییان تێدا دەگوترێتەوە، بەتایبەت لە وەرزی هاویناندا، لە شاری ڕانیەدا ٨٣ مزگەوت هەیە، کە زیاتر لە نیوەیان نوێژی هەینیان تێدا ئەنجام دەدرێت.
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی ڕاپەڕین، ئاماری شوێنە ئاینیەکان لە ساڵی ٢٠١٩

ئەنجامیدەدەن، ئەو کەسانەی دەچن بۆ حەج، پیش ڕۆشتن، ماڵئاوایی و گەردەن ئازادی لە دۆست و خزم و کەس دەکەن، هەروەها لە دوای ئەنجامدانی فەریزەکە و گەڕانەوەیان بۆ ئێرە، دۆست و خزم و ناسیاو دەچنە ماڵیان و بەخێرهاتنەوەیان دەکەن و لە لایەن ماڵی حاجیەکەوە ئاوی زمزم و دیاریان پێکەش دەکرێت، کە دیسان ئەمەش لەڕووی سەردان و پەیوەندیەوەکانەوە، هۆکارێکی بەهێزی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە. **سەبارەت بە بۆنە و مەراسیمە ئاینیەکانیش، ئەمانە هەن:** شەوی بەرات، مانگی ڕەمەزان، هەردوو جەژنی ڕەمەزان و قوربان، هەردوو جەژنەکە ئەرک و گرنگیی زۆریان هەیە لە مانەوە و بەهێزبوونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و ئاشتبوونەوە لەگەڵ یەکتری، بەتایبەت لە ئێستادا، کە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بە گشتی ڕوو لە لاوازبوونن، مەولود(لە دایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام محمد د.خ)، مەراسیمی مردوناشتن و پرسە.[١]

**مەراسیمی مردوناشتن و پرسە**

لە زۆربەی ئاینەکاندا بەخاکسپاردن نەریتە و ناشتنی مردوو هەیە، لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا، مەراسیمی مردن و ناشتن، زیاتر ئاینیە، چونکە ڕێوشێنەکانی بە شەرعی ئیسلام ڕیکخراون، بەڵام لە و کۆمەڵگایانەشدا، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر وردەکاری پرۆسەکە و پرسەدانان جیاوازە، بە گوێرەی داب و نەریت و سروشتی کۆمەڵگاکەیان، لە شاری ڕانیەدا، بەراورد بەڕابردوو، ئەم مەراسیمە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە ئێستادا کاتێک کەسێک دەمرێت، دوای شیوەن وهاتن و ئاگادارکردنەوەی دۆست و ناسیاو و خزمان، وەک لە ئیسلامدا هاتووە، لاشەکەی بە ئاو و پاککەرەوەیەک(سابوون) دەشۆرێت، دوای شۆردن بە پارچەیەک قوماشی سپی کە پێیدەڵین خام دەیپێچنەوە و دەخرێتە ناو تابوت، دواتر لە مزگەوت نوێژی لەسەر دەکرێت، دوای ئەوە بە ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری تایبەت بە گواستنەوەی تەرم، تەرمەکەی دەبەن بۆ گۆڕستان[*]،بەڵام لە ڕابردوودا، خەڵکی بە دەف ژەنین و داخستنی زۆربەی دوکانەکان، تەرمیان گواستۆتەوە بۆ گۆڕستان، دوای هەڵکەندنی گۆڕ[**] کە زیاتر شێوەی هاریکاری و بە کۆمەڵ دەکرێت، تەرمەکە دەخرێتە ناو گۆڕەکە(شاردنەوە)، دواتر لە لایەن مامۆستایەکی ئاینی، مردووەکە تەلقین دەدرێت و ئامادەبوانیش گوێدەگرن، دوای ئەوە مامۆستا ئاینەکە، کۆتایی بەمەراسیمی بەگۆڕسپاردن دێنێ، دواتر ئامادەبووان دەڕۆنەوە ماڵی خاوەن پرسە، دواتر لە یەکێک لە مزگەوتە نزیکەکان کە هۆڵی پرسەشی هەبێت، پرسە دادەنرێت و لافیتەی ڕاگەیاندنی مردوو لە چەند

(١) نبی غفور نبی، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٤١

(*) گۆڕستانەکانی ڕانیە لە ئێستادا: کونەسێ، سەیداوا، گۆڕستانی نوێی ڕانیە

(**) گۆڕەکان لە بنەڕەتدا گڵن و بە گڵ پڕ دەکرێنەوە و دادەپۆشرێن، بەڵام هەندێکیان لەلایەن کەسوکاری مردووەکەوە هەڵدەبەسترێن و کاشی و چیمەنتۆ دەکرێن و کەپر یان ژووریان بۆ دەکرێت.

شـوێنێک هەڵدەواسـرێت و ئێسـتا لە ڕێگـای تـۆڕە کۆمەڵایەتیەکـانی ئینتەرنێتـیش پرسـەکە ڕادەگەیەنرێت،کەواتە لێرەدا داهێنراوە تەکنۆلۆجیەکـان پەرەیـان بەم پرۆسـەیەوە داوە و زیـاتر بڵاوی دەکەنەوە و خەڵکی زیاتر ئاگاداری پرسەکە دەبێت.[١] ماوەی دانانی پرسەی پیاوان بە شـێوەیەکی فەرمــی و مــانەوە لە مــزگەوت دوو ڕۆژە، بەیانیــان و دوای نیوەڕۆیــان، بەڵام هەندێک جار زیاتریش لە مزگەوت دادەنیشن، لە کاتێکدا ئەمە لە ڕابردوودا ماوەکەی زیاتر بووە و بەرەبەرە کەمبۆتەوە، هەروەها بۆ پرسەی ژنانیش یان لە مزگەوتەکەدا هۆڵی پرسەی ژنان هەیە، یان خێمە هەڵدەدرێت لە کۆلانی خاوەن پرسەکە، هەروەها خێمە هەڵدەدرێت بۆ پیاوانیش کاتێ لە مزگەوت دێنەوە و بۆ کاتی شەوانە، ئەم خێمەیە جاران نەبوو، یەکێک لە ماڵە دراوسێکان یان زیاتر ماڵەکەیان چۆڵدەکرد، لە پرسەدا قورئان دەخوێندرێت و سورەتی فاتحە هەدیەی مردوو دەکرێت و ئاو دەگێڕدرێت، نەریت وایە کەسایەتی و پیرەکانی خاوەن پرسە دادەنیشن و گەنجەکان خزمەت دەکەن و بەپێوە ڕادەوەستن، دوای دوو بۆ سێ ڕۆژ، مامۆستایەکی ئاینی بە وتارێکی کورت کۆتایی بە پرسەکە دێنێ لە مزگەوت، بەڵام تا چەند ڕۆژی تر لە ماڵی خاوەن پرسە خەڵک هەر دێت. لە ئێستادا بەشێکی لە خێزان و بنەماڵە خاوەن پرسەکان، دوای تەواو بوونی پرسەکە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا، سوپاسنامە بڵاو دەکەنەوە بۆ بەشداریکردنی خەڵکی لە پرسەکەدا.[٢]

سـەبارەت بە نەریتەکـانی پرسـە، بەگشـتی گۆڕانکاریـان بەسـەرداهاتووە، لە ڕابـردوودا خـاوەن پرسـە و خزمەکانیشـیان نەریتەکـانی شـیوەن و غەمبـاربوون پەیڕەودەکـران، وەک پۆشینی جلـی ڕەش و تاریـک، پێنەکەنین، تەلەفزیۆن دانەگیرساندن، شیوەنی زۆر، نەچونە سەیران و دواخستنی زەماوەند و شایی بۆ ساڵک یان کەمتر، ئەمە نەک هەر خاوەن پرسە، بەڵکو دراوسـێکانیش ڕەچـاوی ئەوەیـان دەکـرد، بەڵام ئێسـتا ئەمـانە بە شـێوەیەکی بەرچـاو کەمبونەتەوە، بەڵام تا ئێستا سێیەم ڕۆژی پرسە، کەسو کاری خاوەن پرسە هەردەچنە سەر قەبـران، هەروەهـا یەکەم جەژنــی دوای مـردنەکە، پێیـدەگوترێت نۆجەژنە(نـوێ جەژنە) و بەیـانیەکەی زوو مـاڵی خـاوەن پرسـە دەچـنە سـەر قەبـران، هەروەهـا بەوپێیەی کەسـێک لە ماڵەکە کەمبۆتەوە و بۆ دڵنەوایی و پێوەدیـار نەبوون، لە نۆجەژنەدا خزم و کەسوکاریش بە تایبەت سەردانی ماڵی خاوەن مردوو دەکەن و بەشێکیشیان جەژنەکە لەوێ دەکەن. هەروەها نەریتـی سـەردانی قەبرسـتان هەر هەیە، مـاڵی خـاوەن پرسـە زوو زوو سـەردانی گـۆڕی مردووەکانیان دەکەن. [٣]

(١) نبی غفور نبی، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٤١
(٢) ئاکۆ خدر حسن، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٣
(٣) نبی غفور نبی، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشوو

له بنەڕەتدا ئەرکی پرسە، دڵنەوایی و کەمکردنەوەی خەمی خاوەن پرسەیە و ئەرکێکی دینـی و کـۆمەڵایەتیە، له شارەکەشـدا بەو پیـیەی هەم موسـوڵمانن و هەمـیش پێکهـاتەیەکی خێلەکی هەیە و پەیوەندیەکان بەهێزن، پرسە زۆر گرنگیی پێدەدرێت و قەرەباڵغە، بەگشتی له پرۆسەکەدا، هوکاری و هاریکاری مادی و مەعنەوی له لایەن دراوسێ و هاوڕێ و خزمـان هەیە. بەڵام ئێستا بـۆ خـاوەن پرسـه تـا ڕادەیەک بـووه به ئەرک و نـاڕەحەتی، هەم له ڕووی ئابووری و هەم له ڕووی مەعنەویشەوە، چونکه تێچوو و پێویستیەکانی پرسـه زۆرترن و له هەمانکاتیشدا ئەو کۆمەک و هاوکـاریەی جـاران هەبـووه کە کـاتی ژەمەکـان هەر دراوسێیەی سینیەک خـواردنی دەهێنـا و ئەوانەی له دووریشـەوه بهاتنیـایه زەخیرەیـان دەهێنـا، ئێستا ئەمه کەمترە، لەگەڵ ئەوەی ئێستاش بـۆ هەر پرسـەیەک خزمـان و دۆستان بەشـێکی یـان تەواوی تێچووی پرسـەکه دەگرنه ئەستۆی خۆیـان یـان هەنـدێک خێـزان و بنەمـاڵه هەن کە سندوقی کۆکردنەوەی پارەیان هەیە بۆ ئەم کاتانه. هەروەها له ئێستادا پرسه تا ڕادەیەکی زۆر ڕەهەندە دینـیەکەی نەمـاوه و زیـاتر لەبەر گلەیـیه و بـۆته بەجێهێنـانی ئەرکێکـی کـۆمەڵایەتیی ناویستەمەندانە، له هەمانکاتدا حساب لەسەر قەرەباڵغی و چۆڵی پرسەکه دەکرێت.[١]

**سەبارەت به مەزارەکان،** قەزای ڕانیه، کۆمەڵێک مەزار و گۆڕی پیاو چاکی لێیه کە به مەرقەد و چاک و پیر ناسراون، بەڵام ئەوەی دەکەوێته شاری ڕانیه، بریتین له سێ مەزار، کە له ناوشار و دەروەی شاریش سەردانیکەریان هەیە، ئەمانەن:
**سـەید عەلـی:** گـۆری پیاوچـاکێکه، دەکەوێـته شـەقامی سـەید عەلـی، کە شـەقامەکەش و بازاڕەکەش هەر بەناوی سەید عەلیەوه ناونراون، پێشتر گۆڕستانێکی لێبووه، بەڵام دواتر له لایەن شـارەوانی ڕانـیەوە، گۆرسـتانەکه تێکـدراوه و کـراوه به بـاخچه، بەڵام مەزارەکه پـارێزراوە و هەروەک خـۆیەتی، له ژورێکـدایه کە نیـوەی به کۆنکرێـت داپۆشـراوه و بەشەکەیتری دار و درەختی لێ چێنراوە. خەڵک سەردانی دەکەن به مەبەستی چاکبوونەوەی نەخۆشی و هاتنەدیی ئاوات و چارەسەرکردنی کێشـه دەروونـی و کۆمەڵایەتیەکان، کە پارچه بەردی بچوک به کێلەکەوه دەنوسێنن، ئەگەر پێوەی نوسـا و گرتـی، گوایـا نزاکانیـان قبـوڵ دەبێت و ئاواتیان دێته دی و چارەی نەخۆشـی و کێشـەکانیان دەکرێت، سەردانیکەران بەپێـی توانا خێری بۆ دەکەن و له دوای خۆیان نوقل و چکلێت جێدەهێلن. تا ئێستاش خەڵکی ڕۆژانی چوار شەممه و هەینی سەردانی دەکەن.[٢] بڕوانه وێنەی (١١)

---

(١) نبی غفور نبی، بەشێک له چاوپێکەوتنی پێشووی ل٤١

(٢) وسو خضر وسو، چاوپێکەوتن، دووکاندارێکی کۆنی شەقامی سەید عەلی، ڕانیه، ٢٠١٩/٣/٢٥

**شێخ حەمەدی بەستەهیزە:** گۆڕی پیاوچاکێکە، دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری ڕانیە، گۆڕەکەی بە دیوارێکی سەر دانەپۆشراوی نزم دەورەدراوە و دار و درەختی لێ چێنراوە، خەڵکی بە مەبەستی چاک بوونەوەی باداری، منداڵبوون، هاتنەدی نیاز و ئاوات سەردانی دەکەن، هەبووە گیسک یان خورمای کردۆتە خێر، نەریت وابووە بە زۆربەی ئەوانەی سەدانیان کردووە، دوو نان و پیازێکیان لەدوای خۆیان جێهێشتووە، بۆ ئەوەی سەردانیکەرانی دوای خۆیان لێی بخۆن و برسی نەبن. تا ئێستاش خەڵکی ناوە ناوە سەردانی دەکەن(١). بڕوانە وێنەی (١٢)

**سەیدە فەقیرە:** دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری ڕانیە، گۆڕی پیاوچاکێکە بە ناوی سەید محەمەد، چونکە کەسێکی هەژار و کەمدەرامەت بووە، نازناوی فەقیرەی بەسەردا براوە، لە پاڵ درەختێکی گەورەدا نێژراوە، چواردەورێکی کۆنکرێتی نزمی بۆ دروستکراوە، خەڵکی بۆ مەبەستی باداری و چاکبوونەوەی نەخۆشی خەڵک سەردانی کردووە، لەدوای خۆیان خێریان بۆ کردووە. تا ئێستاش خەڵکی ناوە ناوە سەردانی دەکەن(٢). بڕوانە وێنەی(١٣)

وێنەی (١١)
مەزاری سەید عەلی نیشان دەدات(٣)



(١) اسماعیل محمد علی، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل١٤٥
(٢) هەمان چاوپێکەوتن
(٣) وێنەکان لە لایەن توێژەرەوە لە ٢٠١٩/٤/٢٧ گیراون

وێنەی (١٢)مەزاری بەستە هیزە نیشان دەدات



وێنەی (١٣) مەزاری سەیدە فەقیرە نیشان دەدات



## سێیەم/ یاسا

یەکێکە لە توخموکـانی کلتـوری واتـایی و ئـامرازێکی گرنگـی کـۆنترۆڵـی کـۆمەڵایەتیە، کاریگەریی لەسەر لایەنەکانیتری کۆمەڵگا هەیە و کارتێکراویشە پێیان، هەموو کۆمەڵگایەک بـۆ هانـدان و پەیوەسـتکردنی ئەنـدامەکانی لەگەڵ نۆرمەکانـدا، سیسـتەمێک لە پاداشـت و سزاکانی دانـاوە و ڕێکیـان دەخـات. یاسا ئیجابیەکـان بەو پاداشتانە دەگوترێت کە بە کەسێک لەکاتی گونجان لەگەڵ نۆرمە کۆمەڵایەتیکان دەدرێت، سزا و یاسا سلبیەکان ئەو سزایانەیە کە لەکاتی نەبوونی گونجاندنی تاکەکەس لەگەڵ نۆرمەکاندا، بەرامبەری بەکاردەهێنرێت.(١)

یاسا بـریتیە لە سیستەمێک لە نـۆرمی یەکسـان(گونجاو و پەسـەند کـراو لە کۆمەڵگادا) بـۆ ڕێکـوپێککردنی هەڵسـوکەوتی مـرۆڤ، مەبەسـت لە بنیاتنـانی ئەو سیسـتەمە، کـۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیە(*).(٢) واتا بریتیە لە ئامرازێکی کۆمەڵایەتی بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی کۆمەڵایەتی و لە ئاکامدا ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.(٣) یاسا لە ڕێگەی دەسـتەڵاتێکی سـەربەخۆی دوور لە هەر پەیوەنـدیەکی کەسـی و خزمـایەتی و برادەرایەتـی دەسـەپێنرێت، بزوێنەرێکـی زۆر تایبەتمەنـد و کۆتـا پـلەی کـۆنترۆڵکردنە، کە لە لایەن کۆمەڵگاوە بەکاردێت، ئامانج لێی ڕێکخستنی کارلێکە کۆمەڵایەتیەکـان و کۆمەڵگایە. یاسـا بـۆ گشـت دادەنرێـت و لە پێنـاو تاکەکەسـێک نـیە، بە سـەر گشـت ئەنـدامانی کۆمەڵگـایەکی دیاریکراودا جێبەجێ دەکرێت، لەو پێناوەشدا گشت کەسەکان ناچار دەکات کە ملکەچی بن لە ڕیگـای بەکارهێنـانی هێزەوە.(٤) بەشێکی زۆری زانایـانی مرۆڤناسـی، پێیـانوایە بەکارهێنـانی هێز گرنگترین ڕوی یاسـایە، یاسـا لە ڕوانـگەی رادکلیف بـراون هۆکـارێکە لە هۆکارەکـانی پارێزگـاریکردن و جێگیرکردنـی کۆمەڵگـا، ئامرازەکەشـی کە بەکاریـدێنێت بـریتیە لە هێـز و دەستەڵاتی ملکەچکەر.(٥)

---

(١) بروس کوهین، سەرەتایەک بۆ کۆمەڵناسی، سەرچاوەی پێشوو،، ل ١٤٣-١٤٤

(*) کـۆنترۆڵی کـۆمەڵایەتی: بـریتیە لە درێژەپێدانی سیسـتەم و ئـارامی لە کۆمەڵگـادا، بەهـۆی کۆمەڵێـک ئـامرازی جۆراوجۆرەوە کە کۆمەڵایەتیـانە بڕیاریـان لەسـەر دراوە، وەکـو سـزادان و بەسوکسـەیرکردن و ڕەخنەلێگرتن و هانـدان و پاداشـت و ستایشـکردن، بـۆ ئەوەی تـاک و گـروپە کۆمەڵایەتیەکـان لەگەڵ پێوەرەکـانی کۆمەڵگـادا هەماهەنگ و تەبابن. گشت ئەو ڕووکارانەیە کە کۆمەڵگا دەیگرێتەبەر بۆ دەستگرتن بەسەر ڕەفتاری تاکەکانیدا لە نـاو کۆمەڵگـادا، ئەو ئامرازانەشـی کە دەیـانگرێتە بەر بـۆ خـۆ گونجانـدنی ڕەفتـاری خەڵکـی، خۆگونجانـدنێک بسازێت لەگەڵ گروپ و کۆمەڵ و شێواز و چوارچێوەکانی بیرکردنەوەی گشتی. بروانە:

- ئیبراهیم ناصر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٦
- محەمەد شوانی، بنچینەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٧

(٢) فەخرەدین ئامێدیان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٩

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٥٥٤

(٤) فەرمان فارس طاهر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢-١٣

(٥)احمد ابو زید، المصدر السابق، ص٤٥١

یاساكان دابەش دەبن بۆ هەردوو جۆری فەرمی(مەدەنی، نوسراو) و نافەرمی(عورفی، نەنوسراو)[١] یاسای نەریتی(نەنوسراو): بریتیە لە کۆمەڵێک بەها و پێوەر، کە ئەرک و ماف و سزا و پاداشت کە هێزێکی کۆمەڵایەتیان هەیە. یاسای مەدەنی(نوسراو): نوسراون لە لایەن کەسانی تایبەتمەند و، هێزێکی یاسایی و حکومی هەیە، بەڵام لەگەڵ پێداویستی و داب و نەریت و ڕێساکانی کلتوری کۆمەڵگا دەگونجێن و ڕێکدەخرێن و دادەڕێژرێن، لە کۆمەڵگاکاندا، زۆر لە یاساکان پێش ئەوەی کە شێوەیەکی نوسراو و تۆمار کراو(فەرمی) بەخۆوە بگرن، لایەنی عورفیان هەیە.[٢] لە بنەڕەتدا یاساکان بۆ ئەوە نوسراونەتەوە کە توانا ببەخشنە خەڵکی، تاکو بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە کۆمەڵگادا پێکەوە بژین.[٣] زۆرێک لە کۆمەڵناسان بڕوایان وایە کە پاداشت و سزا نارەسمیەکان زیاتر لە پاداشت و سزا فەرمیەکان کاراییان هەیە.[٤]

کۆمەڵگای توێژینەوەش وەک هەر کۆمەڵگایەکی تر، هەم یاسای نوسراو و فەرمی و هەم یاسای نەنوسراو کە ئاین و داب و نەرییت و عورفەکانن، تێدا بەکاردەبرێت، هەردوو یاساکە هێزی خۆیانیان هەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا یاسا نەریتیەکە جێدەستی دیارترە و خەڵک تا ئێستا زیاتر پەنا بۆ داب ونەریت وعورفەکان دەبەن بۆچارەسەرکردنی کێشەکانیان، هۆکاریش ئەوەیە کە ئەم چارەسەرانە، ڕیشەی مێژوویی و کلتوریان هەیە و نەرمیان زیاتر وەک لە دادگا و مامەڵە و بەدواداچوونەکانی، ئەمە جگە لەوەی پشت بەستن بە یاسا و دادگا، متمانە و هۆشیاریەکی بنەڕەتی و پەروەردەیەکی مەدەنی و یاسایی دەوێت، کە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا تا ئێستا ئەمە گەشەی نەکردووە، گەر هەشبێت لە قۆناغەکانی سەرەتایدایە و بەپێی گۆرانکاریەکانی سەردەم و ئاڵۆزیەکان و زۆربوونی کێشەکان و تاوان و لادانەکان نیە، تا ئێستا لە کۆمەڵگاکەدا زیاتر دەستەواژەی عەیبە و گوناهـ و حەرام و حەڵاڵ زیاتر بڵاو و کارپێکراون لە دەستەواژە یاساییەکانی وەک قەدەغەیە و نایاساییە، چونکە کۆمەڵگاکە نەریتیە و ڕانەهاتووە لەگەڵ پەیڕەوکردنی یاسا فەرمیەکان و لەهەمانکاتیشدا یاسا فەرمیەکان بە باشی جێبەجێنەکراون، هەروەها بە گشتی کۆمەڵگاکە زیاتر وا دەخوازێت هەندێک بابەت لە دەرەوەی دادگا(یاسای نوسراو) چارەسەر بکرێت، وەک هەندێک کیشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی، هەروەها زۆر جار بەهۆی بەهێزیی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و تەکلیف و برادەرایەتی، نەرمی لە جێبەجێکردنی بڕیارەکان و یاساکانی دادگادا دەکرێت. بەڵام لەگەڵ

(١) بروس کوهین، سەرەتایەک بۆ کۆمەڵناسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٤٣-١٤٤
(٢) مەنسور وسووقی و عەلی ئەکبەر نیک خولق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥
(٣) مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٥
(٤) بروس کوهین، سەرەتایەک بۆ کۆمەڵناسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٣-١٤٤

ئەمانەشدا، لە ئێستادا کۆمەڵگاکە زیاتر بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێت کە یاسای نوسراو پیادە دەکرێت و ئەندامانی کۆمەڵگاکە پەنای بۆ دەبەن، بۆ نمونە بە بەراورد بە رابردوو هاوسەرگیری تۆمارکردن لە ناو دادگا بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، کەم هاوسەرگیری هەیە تۆمار نەکرێت، هەروەها لەگەڵ ئەوەی بەشێک کیشەکان بە ڕیگای خێلەکی و صلحی عەشایری چارەسەر دەکرێن، بەڵام دادگاش سەرقاڵیەکی زۆری تێدایە و خەڵکێکی زۆر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەنای بۆ دێنن، هەروەها لە لایەکی ترەوە ئامراز و دەزگاکانی یاسای فەرمی زۆر کاریکردۆتە سەر ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگاکە و پاراستنی ئارامی و ئاسایش و مافی هاولاتیان و ریکخستنی بازاڕو کاروکاسبی و...هتد.[١] جگە لەو هۆکارەی کە کۆمەڵگاکە نەریتیە، یەکێک لە هۆکارەکانی تر، باڵادەستی حزب و پێشێلکردنی یاسایە لە لایەن حزب، کە خۆی دەستەڵاتیشی بەدەستەوەیەو لەسەروی دەستەڵاتیشەوەیە، لە چەند ئاستێکدا، یەکەم: لەبەر ئەوەی حزبی کوردی مەدەنی نیە(بە تایبەت حزبە باڵادەستەکان) سەروەربوونی یاسا لە سودی خۆی نیە، بە مەبەست و لەبەر بەرژەوەندیی خۆی، نایەوێت یاسا سەروەربێت و کۆمەڵگا مەدەنی و ڕێکخراو بێت، دووەم: حزب هەر خۆی مەکتەبی کۆمەلایەتیی هەیە و لیژنەی کۆمەلایەتیی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی عەشایەری و کادیرە حزبیەکانی و دەستدەخاتە ناو کاری دادگاکان، هەروەها سێیەم: ئەوەیە کە حزبی کوردی بنەڕەتێک و بیرکردنەوە و بەرنامەی بە مەدەنیکردن و وڵاتی یاسایی نیە، ئەزمونی حکمڕانیان لە ماوەی دوای ڕاپەڕین و نەبوونی سیستەمێکی پەروەردەیی تەندروست و نادادپەروەریان، بوتە هۆی بێ متمانەیی خەڵک لە یاسا و دادگاکان، هەروەها لە لایەکی ترە، بێرکردنەوەی خێڵەکی و بوونی خێڵەکان لە کۆمەڵگاکەدا، کە زۆر جار لەسەرووی یاساوە مامەڵە دەکەن و لەلایەن دەستەڵاتیشەوە پشتگیری دەکرێن.[٢]

---

(١) کەمال عبدالله رفیق، چاوپێکەوتن، دادوەر، رانیە، ٢٠١٩/٤/٢١

(٢) سامان حاجی سلێمان، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٤

**چوارەم: سیاسەت**

سیاسەت(*) بەشێکە لە ژیانی کۆمەڵگا، ئەرکی پاراستن و جێگیرکردنی کۆمەڵگایە، هیچ کۆمەڵگایەک بە بێ حوکمڕانی نیە و هیچ کۆمەڵگایەک نیە بەبێ سیاسەت.(١)

فەیلەسوفی یۆنانی ئەرستۆ لە کتێبی سیاسەتدا باسی لە مرۆڤ کردووە و پێیوایە مرۆڤ "بونەوەرێکی سیاسییە"(٢) کەواتە سیاسەت خەسڵەتێکی مرۆییە و بەشێکە لە کلتور، بەو پێیەی مرۆڤ سروشتێکی سیاسیی هەیە، جا لە هەر کایە و بوارێکی ژیانیدا بێت. بۆیە دەستەڵات و سیاسەت تەنیا لە دامەزراوە سیاسیەکاندا نیە،بەڵکو لە دامەزراوەکانی تر و پەیوەندیەکانی تریشدا هەیە، وەک خێزان و...هتد، لە هەر شوێنێک پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان هەبن، پەیوەندیە سیاسیەکانیش دروستدەبن.(٣) سیاسەت ناوەڕۆکێکی بەربڵاو و نادیاری هەیە، هەموو شتێک، لە یاریەکی تۆپی پێوە هەتا وتاردانێک، دەتوانێت لە کاتێکدا سیاسی بێت و لە کاتیکی تردا نەبێت، چونکە کردەی سیاسی، بەر لەهەر شتێک کردەیەکی کۆمەڵایەتیە.(٤) لەگەڵ هەموو ئەو ئاڵۆزیەی سیاسەتیشدا،بەڵام پێناسەی سیاسەت کراوە بەوەی کە کۆمەڵیەک چالاکیە پەیوەندیان بە دیاریکردن و ئەنجامگەیاندنی ئامانجەکانی جەماوەر و دەستەکەوتە جیاوازەکانەوە هەیە، هەروەها پەیوەندی بە بەکارهێنانی هێز لەلایەن ئەو ئەندامانەی لەو کۆمەڵەدا خۆیان بەو ئامانجانەوە خەریک دەکەن. واتا سیاسەت سێ خەسڵەتی هەیە: سیاسەت دەبێت سەبارەت بە بابەتێک بدوێت کە پەیوەندیی بە خەڵکەوە هەبێت، دەبێت ئامانجی هەبێت، دەبێت بەکارهێنان و تاقیکردنەوەی دەستەڵات بێت.دەستەڵاتیش ئەو توانایەیە، کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی ئەوانی تر دادەنێت، یان توانای سەپاندنی ویستی کەسێک بەسەر کەسێکی تردا. (٥)

---

(*) چەمکی سیاسەت کە لەبەرامبەر وشەی ئینگلیزیی Policy و فەرەنسی Politique وە بەکاردەبرێت، لە وشەی یۆنانی Polis بە مانای شار یان Cite ەوە وەرگیراوە، یەکێکە لە چەمکە ئاڵۆزەکانی ناو زانستە کۆمەڵایەتیەکان. لە مێژووی هزرە سیاسیەکاندا، تا ئێستا، سیاسەت بە هاوواتای دەوڵەت، بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی، دەستەڵات زانراوە.

ئەحمەد نەقیب زادە، پێشەکیەک لەسەر کۆمەڵناسیی سیاسی، و: مەسعود ڕەواندووست، دەزگای توێژینەوەوبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٨

(١) جۆرج بالاندیێ، ئەنترۆپۆلۆجیای سیاسی، و: بەهزاد حەوێزی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٤، ل٣٨-٣٩

(٢) سڤین ئێریک لیدمان، مێژووی بیروباوەڕی سیاسی، و: عەلاء نووری و دلێر میرزا، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپخانەی چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٥١

(٣) ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٦

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٢٨-٢٩

(٥) ئەی.ئەی.ترۆبۆرست، ئەنترۆپۆلۆژی سیاسی، و: خەلیل محەمەد شڵماشی، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی،٢٠٠٢، ل ٢٧-٢٩

لە پاڵ سیستەمەکانی تری کۆمەڵگا، سیاسیەتیش هەیە، کە بریتیە لە کۆمەڵێک ڕێوشوێن و ڕاپەڕاندن و شێوازی هەڵسوکەوت و ڕەفتار، هەروەها کۆمەڵێک بنەما و پێکهاتەی بنەمایی پەیوەست بە پراکتیزەکردنی ئەرکی دەستەڵاتەوە و کاری نێوانیان ڕیکدەخەن.[١] ئەم سیستەمە ڕەفتاری تاک و گروپەکانی کۆمەڵگا ڕیکدەخات و و کۆنترۆڵی دەکات، لە هەمانکاتدا پارێزگاری لە مانەوە و بەردەوامبوونی کۆمەڵگا دەکات .[٢] ڕادکلیف براون دەڵێت" سیاسەت دیویکی ڕێکخستنی گشتیی کۆمەڵگایە، کە کۆمەڵگا دەپارێزێت"[٣] هەروەها مۆریس دۆڤیرجە، ئاماژە بۆئەوە دەکات کە سیاسەت لە لایەکەوە جۆرە ڕووبەڕووبونەوە یان ململانێیەکە لە نێوان تاکەکەس و گروپەکان بۆ بەدەستهێنانی دەستەڵات، ئەو دەستەڵاتەی کە سەرکەوتووەکان لە بەرژەوەندیی خۆیان بە سەر ژێرکەوتوەکاندا پیادەی دەکەن، بەڵام لە لایەکی ترەوە هەوڵدانیشە بۆ هێنانە کایەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، کە بۆ هەمووان بە سودە.[٤]

سەبارەت بە کۆمەڵگای توێژینەوە، لەڕووی بەڕێوەبردنەوە، شارەکە ناوەندی قەزای ڕانیە و ئیدارەی ڕاپەڕینە، لە ڕێگای ٦٣ فەرمانگە و بەڕیوەبەرایەتیەوە، شارەکە بەڕیوەدەبرێت و ڕیکخراوە.

شاری ڕانیە، لەزۆربەی وێستگە سیاسیەکاندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، ناوچەیەکە جێگەی خەبات و تیکۆشان و بەرەنگاربوونەوەیە، زۆر خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی ئەنجامداوە دژی داگیرکەران، خەڵکەکەی هەر لە کۆنەوە بە گیانێکی بەرەنگاری و نەتەوەییانە، بەشداری سیاسی کارایان هەبووە و هەیە، شەهید و قوربانی زۆریداوە لە پێناو خاک و نیشتماندا، تەنانەن لەم ساڵانەی دواییدا، لەشەری داعشدا، دانیشتوانەکەی شەهید و قوربانی زۆری داوە، زۆربەی خێزانەکانی ئەم شارە خاوەن شەهید و کەمئەندامن، گرنگترین ڕووداوی سیاسیی مێژووی هاوچەرخی هەرێمی کوردستان، لەم شارەدا دەستی پێکردووە دواتر بۆ هەموو شار و ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان، کە ئەویش ڕاپەڕینی ٥/ئازاری ١٩٩١بوو، کە شارەکەی وەک دەروازەی ڕاپەڕین ناودار کرد و بە پایتەختی ئازادیی هەرێمی کوردستانی عێراقیش ناوی دەرکردووە.[٥]

---

(١) محەمەد شوانی، بنچینەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٢

(٢) جەبار قادر ئەحمەد، کولتوور و سیاسەت-ڕەهەندەکانی گۆڕانی کولتووری لە سیستەمی سیاسیدا، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان دەروونناسانی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٥، ل ٩١، ٩٣

(٣) جۆرج بالاندیێ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٩

(٤) مەنوچێهر موحسنی، کۆمەڵناسیی گشتی- بەرگی یەکەم، و: موسڵح ئیروانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٥٦

(٥) مۆفەق حمە مجید، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٤١

هەر لەڕابردووەوە بەتایبەت لە سالآنی ١٩٤٠ەوە پارتی سیاسی لە شارەکەدا هەیە و بەشداری سیاسی خەڵکی ڕانیە لە پارتە سیاسیەکان و چالاکیەکاندا هەبووە. [١] لە ئێستاشدا زۆربەی حزبە کوردیەکان لە شارەکەدا هەن و لایەنگریان هەیە، کە ڕیزبەندکراون بەپێی ژمارەی دەنگدەرانیان لە کۆتا هەڵبژاردندا(هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٨)دا: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، پارتی دیموکراتیی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، نەوەی نوێ، ،حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعیی کوردستان، بزوتنەوەی ئیسلامی. [٢] جگە لەم حزبانەی هەرێمی کوردستانی عێراق، حزبی دیموکراتیی کوردستانی ئێرانیش بارەگایان هەیە، هەروەها لایەنگری پارتی کرێکاران(پ.ک.ک)شی تێدایە. لەگەڵ ئەوەی ئەم شارە بە ناوچەیەکی گرنگی خەبات و تێکۆشان و پڕلایەنگری یەکێتیی نیشتمانی دادەنرێت و بە "قەڵای سەوز" ناوزەد دەکرێت، بەهۆی بوونی ڕێژەیەکی زۆری ئەندام و لایەنگری سەر بەو حزبە، هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە تاکو ئێستا و بوونی شەهید و قوربانیەکی زۆری شارەکە لە ناو ئەو حزبەدا، بە جۆرێک مێژوویەکی ڕیشە داکوتاوی لەشارەکەدا هەیە و تێکەڵی خێزان و بنەماڵەکان بووە. بەڵام وەک فرەڕەنگیە کۆمەڵایەتی و میانڕەویە ئاینیەکەی و تەبایی و پێکەوەژیان، ئەم شارە فرەیی حزبیشی تێدایە و چالاکی و دەنگی حزبەکانی تریشی تێدایە. بەگشتی خەڵکی شارەکە، بەشداری سیاسیان هەیە لەڕێگای کاری حزبی و ڕیکخراوەیی و بەشداری هەڵبژاردنەکان.

پەیوەندیی حزبی سیاسی لەگەڵ خەڵکدا بەهێزە، بەهۆی بچوکی شوێنەکە، بوونی چەندان ئەندام کە کاردەکەن لە ئۆرگانە حزبیەکان، قوربانیدانی چەندان خێزان بە شەهید بوون و کەمئەندامبوونی کەسوکاریان، کە ئەندامی ئەو حزبانە بوون، جگە لەوەی حزب هەیە بووە بە مێژوویەک بۆ چەندان خێزان و کارکردنی حزبایەتی تێیدا ڕەوتێکی خێزانی وەرگرتووە، هەروەها لە لایەکی ترەوە حزب جگە لە کاری سیاسی، بەشداری لایەنە کۆمەڵایەتیەکەی کۆمەڵگاکەش دەکەن وەک پرسە و چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیەکان هەر لە کێشەی خێزانیەوە بگرە تا کێشەی گەورەی نێوان بنەماڵەکان و کوشتن و مەسەلەی ناموس و...هتد. خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە حزب دەستی خستۆتە ناو تەواوی بوارەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵکیەوە (لە حزبی گەورەوە بۆ حزبی بچوک و بەپێی دەسەڵاتی خۆی، بەتایبەت حزبی باڵادەست لە ناوچەکە)، دەستی خستۆتە ناو دامەزراوەی حکومی و فەرمانگەکان، زانکۆ و کەرتی پەروەردە، ڕاگەیاندن، بازاڕ...هتد، هیچ کەلەبەرێکی کۆمەڵگاکە نیە دەستی

---

(١) رسول سعید مولود، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل٩٥

(٢) ماڵپەری www.khec.krd : کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی

حزبی تێدا نەبێت و حزب تێیدا باڵا دەست نەبێت و حزبەکان جگە لە بارەگای سەرەکیان، چەندان ڕێکخراو و سەندیکا و کۆمەڵەی جۆراوجۆریان لە کەرت و بوارە جۆراوجۆرەکانی شارەکەدا، وەک خوێندکاران و مامۆستایان و پارێزەران و دکتۆران و ژنان و گەنجان و زانکۆ ...هتد. حزبایەتی، تەواوی پانتایی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکەکەی داگیرکردووە!

لە نزیکەی لە هەموو باس و لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دەربارەی کورد، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە لە کوردستاندا پەیوەندیەکی خێڵەکی-دەرەبەگایەتی بەرقەرارن، بێگومان ئەوەش ڕاستیەکە و نکوڵی لێ ناکرێت، چونکە خێڵ لە کوردستاندا ئێستاش هەر شێوە و فۆرمێکە بۆ دامەزراوەی دەرەبەگایەتی و پەیوەندیەکانی، وە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ڕۆژانەدا، نەک هەر ئەوە، بەڵکو خێڵ لە هەموو ڕەوشتێکی سیاسیدا ئامادەیە.(١)

لە کۆمەڵگای توێژینەوەشدا، بەوپێیەی پێکهاتەیەکی خێڵایەتیی هەیە، لەگەڵ ئەوەی دەستەڵاتی فەرمی و حکومەت و فەرمانگەکان هەن، بەڵام لە بنەڕەتدا و لە چەند ئاست و ڕوویەکەوە سەرۆک خێڵەکان خاوەن دەستەڵاتن، کە زۆرجار ئەوانەی سەرۆکی ئیدارە وقایمقایم و سەرۆکی یەکە ئیداری و فەرمانگەکانن، سەر بەخێڵەکانن و بە پاڵپشتی ئەوان دانراون و نمایشی دەستەڵاتی خێڵ دەکەن(تەنانەت زۆر جار پشکپشکێنەی خێڵەکان هەیە لە دانانی سەرۆکی یەکە ئیداریەکان)، یان خێڵ و سەرۆک خێڵەکان لەسەرووی حکومەت و دەستەڵاتی فەرمی مامەڵە دەکەن و بەربەستن لەبەردەم زۆرپڕۆژەی حکومی و لێشیان قبوڵ دەکرێت، چونکە حزبی باڵادەست پاڵپشتیانە، یان ڕونتر: حزب و خێل درێژکراوەی یەکترین و هەمان بەرژەوەندی و شێوەکارکردنیان هەیە و مانەوەی هەریەکێکیان لەبەرژەوەندیی ئەوی ترە. تەتەنانەن لە ئێستادا خەڵک لەدەوری خێزان و بنەماڵە و خێڵەکەی کۆ دەبێتەوە، چونکە ئەم یەکگرتنە دەیپارێزێت و بەهێزی دەکات و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی بۆ دروست دەکات بەبەهێزی. هەر بە هەمان شێوەش خەڵک لە دەوری حزب کۆبۆتوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوە حوکمڕانیەی کە هەیە و حزبەکان تێیدا باڵادەستن و خۆیان دروستیان کردووە بۆ مانەوەی خۆیان. واتا خێڵ و حزب یەکتر تەواو دەکەن، هەردووکیان لە نەبوونی حکومەتی دامەزراوەیی سود دەبینن و خۆیانی پێبەهێز دەکەن، لەبەر ئەوەشە، لە ئێستادا پرۆسەی بە خێڵکردنەوە ئەنجام دەدرێت و ساڵانە ڤیستڤالی خێڵەکان ساز دەکرێت و بیرکردنەوەی خێڵەکی پەرەی پێدەدرێت.(٢)

---

(١) ڕەشاد میران، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢

(٢) رسول سعید مولود، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشوول ٩٨ هەروەها سامان حاجی سلێمان، بەشێک لە چاوپێکەتنی پێشووی ل٩٤

## پێنجەم/ هونەر و ئەدەب

ئەدەب وهونەر توخمێکی واتایی گرنگ کلتورن، کە تێیدا ئەزمون و ئەندێشە و سۆز و خەون و هیوا و ئاواتەکانی مرۆڤ بە چەندان شێوەی هونەری و ئەفرێنەرانەی جۆراوجۆر پێشکەش دەکرێن، ئەدەب و هونەرەکان، بەجۆرێک لە جۆرەکان و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ڕەنگدانەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و کلتوری گشتیی کۆمەڵگان، ڕەنگدانەوەی سەردەم و شوێنی سەرهەڵدانیەتی.(١)

فرانس پواز دەڵێت" مرۆڤ تەنانەت لە دژوارترین هەلومەرجەکانی ژیان و گوزەرانیدا، هەموو کات و وزەکانی خۆی بۆ بژێوی و خۆراک تەرخان ناکات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە خەڵکانێک کە لەرووی بژێوی باشترن، کاتیان زۆرترە بۆ بابەتی جگە لە کار و بژێوی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچۆنێک بێت، مرۆڤ کاتی هەیە بۆ هونەر و بەرهەمی هونەری و جوانکاری و...هتد. چونکە هیچ مرۆڤێک نیە بە جۆرێک لە جۆرەکان، چێژ لە کاری هونەری و جوانی نەبینێت." (٢)

هونەر بە گشتی چەند ئەرکێکی هەیە، کە بەپێی سەردەم و شوێنەکەی دەگۆڕێت، لەوانە: پرکردنەوەی کاتی بەتاڵی، چێژوەرگرتن، ئارامبوونەوەی دەروون و کەمکردنەوەی شڵەژانی دەروونی، کەمکردنەوەی تاوان و توندوتیژی و ...هتد. (٣)

لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان فۆرمی هونەری و ناوەرۆکی ئاکاریدا، بە ئەندازەیەک، کە هەموو ئەو نموونە فۆرمیانەی هونەریان لێبەرهەم دێت، لەم ناوەڕۆکە خاڵی نین.ئەمە تەنانەت بەسەر فۆرمە ئەندازەییەکاندا جێبەجێدەبێت، ئەم فۆرمانە چەندین مانای ڕەمزی لە خۆ دەگرن، وە بە زۆریش ئەو مانایانە یەک شێواز وەردەگرن، واتا ڕێکخراو و یەکخراو دەبن لە تێڕوانینی هەموو کەسەکانی کۆمەڵگادا. زۆر جاریش لایەنە ڕەمزیەکانی هونەرەکان هەندێک لە مانا سۆزیە قوڵەکان لە خۆدەگرن.(٤) واتا هەروەک فرانس پواز دەڵێت "مرۆڤ پاڵنەرێکی خۆڕسکانەی هەیە بۆ دروستکردن و پێکهێنانی شتەکان بەشێوەیەکی بەهرەدارانە و داهێنەرانە، بەڵام ئەوە کلتورە، شێوەی شتەکان دیاریدەکات، کە هونەرمەند ئینتمای بۆی هەیە."(٥)

---

(١) سەمیر ئیبراهیم حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢

(٢) فرانتس پوآز، مردمشناسی هنر(هنر ابتدائی)، ت: جلال الدین رفیع فر، نشر گل آذین، تهران، ١٣٩١،ص٥٣

(٣) معن خليل عمر، علم الاجتماع الفن، دارالشروق، الاردن -عمان، ٢٠٠٠، ص١١٥

(٤) قەیس ئەلنوری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤

(٥) محمد الخطيب، الاثنولوجيا، دراسة عن المجتمعات البدائية، دار علاءالدين للنشر والتوزيع والترجمة، سوريا، دمشق، ٢٠٠٩، ص٢٠٣

لە ڕوانــگەی پێناســەکانی مرۆڤناسـیەوە بـۆ هـونەر، هـونەر دابەشـدەکرێت بـۆ هـونەرە پیشـەییەکان و هونەرە جوانەکـان. هونەرە پیشـەییەکان ئامـاژەن بـۆ پیشـە و چـالاکی و کـاری بەرهەمهێنـان و دەکەونە چوارچێوەی کەرتـی ئـابووری، بەڵام هونەرە جوانەکـان زیـاتر بـۆ جوانکارین وەک وێنەکێشان و نواندن و سەما و مۆسیقا و...هتد.(١)

سەبارەت بە هونەری پیشەیی ودەستڕەنگینی، وەک: بەرگدروویی، جۆلایی ، دارتاشـی، ئاسـنگەری، زێـرنگەری، هـونەری تەلارسـازی، سەرتاشـی و جوانکاریەکـانی و...هتـد. لە شارەکەدا وەک پیشەیەکی پێویستی کەرتی ئـابووری و بژێوی هەن و بە بەردەوامـی بە هۆی کلتوری دەرەکی لەڕێگەی هێنـانی بیرۆکەی تـازە و داهێنـان و تەکنەلۆجیـاو ئـامێری تـازەوە، ئەمانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتوو و ڕۆژانەش گۆڕانیان بەسەردادێت.

سـەبارەت بە هونەرە جوانەکـان، لەوانە مۆسـیقا و گـۆرانی، لە ڕابـردودا زیـاتر هونەری میللی هەبووە، بەتایبەت کە ناوچەیەکی کشتوکاڵی بووە، لە کاتی گەنم ڕنینەوە و گـوڵەبەڕۆژە تەکانـدن و گشـت کـارە هەرەوەزیەکـانی تـر ئـاوێزانکراون بە گـۆرانی و مەقـام و حەیـران، لێرەوە چەندین مەقامبێژ و حەیرانبێژ و بەندبێژ پەیدابوون، بەگشتی ئەو هونەرە میللیە ئـامێرە موسیقیە هەواییەکانی وەک بلـوێر و باڵەبـان، شمشـاڵ و دوزەلە و زورنـای تێدا بەکارهـاتووە، هەروەها ئامێرە مۆسـیقیە ڕیتمیەکـانی وەک تەپڵ و دەهۆڵ و دەف.هەمـوو کـارە هونەریەکـان زیــاتر لۆکــاڵی و نــاوچەیی بــوون و تۆمــارنەکراون، بــۆیە گەر گــروپێکیش هەبووبێــت مێـژووەکەی دیـار نـیە. بەڵام سـەبارەت بە مێـژووی دروسـتبوونی یەکەم گروپـی مۆسـیقی لە ڕانیە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی ١٩٧٥، بە ناوی تیپی مۆسیقای ڕانیە، لەلایەن تۆفیق مەلا فـاتح و چـالاک ڕەفیق و سـەهەنگ میرزا و ئەوانـی تـر. دوای ئەوە هیوا مستەفا خـولی مۆسیقای کردۆتەوە و تیپێکی مۆسیقاشی دامەزراندووە کە بەشداری کردووە لە زۆر ڤیسـتڤاڵ لە ئاستی کوردستان و عێراقدا و لە هەندێکیاندا پلەی دووەم و سێیەمی بەدەستهێناوە، لە دوای ڕاپەڕینـەوە(١٩٩١) مۆسـیقا زیـاتر گەشـەی کـردووە، دواتـر بە هەوڵـی چەنـد دەرچـویەکی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر و بەبریاری حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیمانگـای هـونەر جوانەکـانی ڕانـیە(*) لە سـاڵی ٢٠٠٠ کـرایەوە، کە دەسـتکەوتێکی گرنـگ بـوو بـۆ

(١) محمد الخطیب، الاثنولوجیا، المصدر السابق، ص٢٠٤

(*) پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە، لە ساڵی ٢٠٠٠ لە شاری ڕانیە دامەزراوە، لە سەرەتاوە تـا ئێستا لە هەر دوو بەشـی شێوەکاری و بەشـی مۆسیقا پێکدێت، بەشـی شێوەکاری پێکدێت لە بەشـی نیگارکێشـان و گڵکـاری و پەیکەرسازی، هەروەها لە بەشی مۆسیقادا ئامێرە مۆسیقیەکان بە جیا دەخوێنرێن. ئەم پەیمانگایە ٥ قۆنـاغی هەیە و سـاڵانە نـزیکەی ٣٠ خوێنـدکاری کـوڕ و کچ وەردەگرێـت، لە ئێسـتادا، کـۆی خوێنـداکارانی گشـت قۆنـاغەکـانی ١٢٩ خوێندکارە. بەهۆیەوە ساڵانە کۆمەڵێک مامۆستای هونەری پێدەگەیەنرێن، هەروەها کـار و چالاکیەکانیـان لە ڤیستڤالی ساڵانەی پەیمانگاکەدا دەخرێنە ڕوو.
شکار احمد، چاوپێکەوتن، مامۆستا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/١٥

شارەکە، چونکە تا ئەوکاتە تەنیا ٥ کەسی دانیشتووی شاری ڕانیە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بوونە لە موصڵ و سلێمانی و هەولێر. هەروەها لە شارەکەدا هونەری ئاینی هەبووە، کە لە بۆنە ئاینیەکاندا، وەک ڕەمەزان و مەولود، دەفژەنین و گۆرانی و سرودی ئاینی وتراون. لە ئێستاشدا جگە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، چەند شوێنێکی تری هونەری وەک بەڕێوەبەرایتی رۆشنبیری و هونەری ڕانیە و چالاکی قوتابخانەکان و چەند گروپێک مۆسیقی هەن، کە کارە هونەریە مۆسیقیەکان ئەنجام دەدەن[١]

سەبارەت بە هونەری نیگارکێشان، هەر لە ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە هەبووە و لە خوێندنگاکاندا خوێنراوەو بەرەبەرە گەشەی کردووە، بەتایبەت ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان گەشەی زۆری کردووە و تا گەشتووە بە ئێستا کە چەند مامۆستا و هونەرمەندێکی لەو بوارەدا هەیە،[٢] هەروەها پەیکەرتاشی، بە شێوەی ئەکادیمی، مێژوویەکی دێرینی نیە لە شارەکەدا، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، دواتر لە دوای ڕاپەڕین و تا ئێستا زۆر گەشەی کردووە و لە ڕووی توانای هونەریەوە، هونەرمەندی باش و هەڵکەوتووی تێدایە، هەروەها کارگەیەکی گەورەی داڕشتنی برۆنزی بۆ پەیکەرتاشی تێدایە، کە بەشێکی زۆری کارەکانی شارەکانی تریشی لێ ئەنجامدەدرێت، لە شارەکەدا، کارە پەیکەرسازیەکانی مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین لە لایەن هونەرمەندی پەیکەرسازی شاری ڕانیە ئەیوب ئەحمەد ئەنجامدراوە، کە یەکێکە لە گەورەترین کارە پەیکەرسایەکان لە سەر ئاستی عێراقدا لە ڕووی کیش و قەبارەوە.ئەم مۆنۆمێنتە گوزارشتە لە گشت ڕاپەڕین و خەباتەکانی گەلی کورد، بەتایبەت ڕاپەڕینی ٥/ئازار/ ١٩٩١ [٣] بڕوانە وێنەی(١٤). یەکێکی تر لە هونەرە جوانەکان، شانۆیە، کە هەر لەساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لەشارەکە هەبووە، بەڵام ئەوەی بە ئەرشیف پارێزراوە و هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان، وە سەردەمی زێرینی شانۆ لە شارەکە، ساڵانی هەشتاکان بووە کە ٦ گروپی شانۆیی هەبووە و بەردەوام کار و چالاکیان هەبووە و ژنیش تێیدا بەشداربووە، هەروەها بینەریش زۆر بووە، بەلام دۆخی شانۆلە ئێستادا خراپە، لەبەر ئەوەی بینەری کەمە و چالاکی و کاری شانۆیش کەمە و زیاتر بینەری دراما و فیلم زۆرە. [٤]

---

(١) سەرکەوت بورهان یوسف، چاوپێکەوتن مۆسیقار و مامۆستای هونەرە جوانەکان، ڕانیە، ٢٠١٩/٦/٣
(٢) خلیل علی، چاوپێکەوتن، نیگارکێش و مامۆستای هونەرە جوانەکان، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/٧
(٣) ئەیوب ئەحمەد، چاوپێکەوتن پەیکەرساز و مامۆستای هونەرە جوانەکان، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/١٢
(٤) فریاد عبدولڕەحمان، چاوپێکەوتن، شانۆکار و دەرهێنەری شانۆیی، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/١٤

وێنەی(١٤)
وێنەی مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین نیشان دەدات[١]



هەروەها سەبارەت بە شایی و هەڵپەرکێ ، بەگشتی لەناو کورددا لە بۆنە خۆشەکان و جەژن و سەیراندا، شایی و هەڵپەرکێ دەکرێت، لەوبارەیەوە تۆمابوا دەڵێت" هەموو خۆشیەکانی خێزان: منداڵبوون، خەتەنەسوران، بەتایبەتیش ژنهێنان گۆرانی و هەڵپەرکێیان لەگەڵدایە." [٢] هەروەها میجەر نوئێل وەصفی هەڵپەرکێی کوردیی کردووە، دەڵێت" ەجوڵانێکی شەپۆل ئاسای ناسکی هەموو ئەڵقەیەکە، لەسەر ئاواز و جوڵانی هارمۆنیی مۆسیقا، وەک سروەی بەیان، چۆن گوڵە گەنمەکان دەخاتە سەما و هەڵپەرکێ!"[٣] لە کۆندا هەر جۆرە شاییەک ئاواز و گۆرانیی خۆی هەبووە، گرنگترین جۆرەکانی شایی لە ڕانیە و دەوروبەری ئەمانەن: سێ پێیی، چەپەیی، سوسکەیی، شێخانی، ملانێ.[٤]

(١) وێنەکە وەرگیراوە لە پەیکەرساز ئەیوب ئەحمەد
(٢) تۆمابوا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩
(٣) مەیجەر نوئێل، یاداشتەکانی مەیجەر نوئێل لە کوردستاندا، و: حسێن احمد جاف و حسین عثمان نێرکسەجاڕی، مطبعة أوفسیت حسام، بغداد، ١٩٨٤، ل٤٩
(٤) هەڵوێست، جۆرەکانی شایی لە ڕانیە و دەوروبەریدا، گۆڤاری ڕانیە ژ.١٣، ڕانیە، ٢٠٠٤، ل٣٣-٣٤

دەربارەی ئەدەب، هەروەک مینۆرسکی دەڵێت" بواری شیعر لە ناو کوردەکاندا زۆر بەرفراوانە"[1] ئەمە بۆ شاری ڕانیەش بە هەمان جۆرە، لە ژانرە ئەدەبیەکاندا، شیعر هەر لە کۆنەوە لە شارەکەدا هەبووە، هەر لە ئەدەبی میللی و زارەکیەوە تا شعری تازە و نوسراو بە فراوانی لە شارەکەدا هەبووە، لەسەردەمی ڕژێمە داگیرکەرەکاندا، گیانێکی بەرگریکارانە و نەتەوەییانەی بەبەردا کراوە و، کاریگەریی سروشت و ئافرەتیشی لەسەر بووە، لەدوای شیعر هەریەک لە پەخشان و چێرۆک و کورتە چیرۆک، واتا شاعیر و چیرۆکنوس هەن لەشارەکەدا، بەڵام تا ئێستا ڕۆماننوس لە شارەکەدا نیە و ڕۆمانێک لەشارەکەدا نەنوسراوە. [2]

هەروەها سەبارەت بە پەند و ئیدیۆم، کە بەشێکن لە ئەدەبی میللی، بەگشتی ڕانیە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە، بۆ نمونە یەکێک لە و ئیدیۆمانە، لە پەیوەندیدا بە خاک و کشتوکاڵی ناوچەکە گوتراوە، ئەمەیە کە دەگوترێت *"ساڵی ئیشک(وشک)، بیتوێن سەرپشک - ساڵی تەڕ، بیتوێن لەڕ"* ئەم ئیدیۆمە سەبارەت بە خاک و جۆری گڵەکەیەتی، کە جۆری زەوی و زاری دەشتی ڕانیە تەڕ و ئاودارە، بۆیە ئەگەر ساڵێک بارانبارین بڕەکەی مامناوەندی بێت و لەسەر وشکێتی بێت، ئەوە دانەوێڵەکەی باش و بە بڕشت دەبێت، هیچ پەڵە گەنمێکی خراپ و بێ بەرەکەتی تێدانابێت و یەک لەیەکتر چاکتر دەبێت، بۆیە کشتیارەکە یان کریارەکە سەرپشک دەبێت لەهەڵبژاردنی هەرکامێکیان زەرەر ناکات، بەپێچەوانەوە، بە بارانبارینی زۆر، ئەوە دانەوێڵەکەی باش نابێت، چونکە دانەوێلەکە زیاتر هێزی لە بەژن و قەد و گەڵاکەی دەکات و دان ناکات، یان دەیکات و دەکەوێتە سەر زەوی و بەهۆی تەڕبوونەوە ژەنگ لێدەدات، ئیتر بەو هۆیەوە ئەوساڵە دانەوێڵەکە لەڕ و بێ بەرەکەت دەبێت.[3]

---

(١) مینۆرسکی، کورد، و: حمەسعید حمەکریم، بەڕێوەبەرێتی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٣، ل٨٨

(٢) نیازی حمە عزیز، چاوپێکەوتن، نوسەر و شاعیر، ڕانیە، ٢٠١٩/٥/٦

(٣) ئارارات احمد، بەشێک لە چاوپێکەوتنی پێشووی ل١٤١

**شەشەم/ پەروەردە**

پەروەردە[*]یەکێکە لە توخمە واتاییەکانی کلتور، کە هەم کلتورە و هەمیش گوێزەرەوەی کلتورە، هەروەها سەرچاوەیەکی گۆڕانی کلتوریشە.

ڕە گ و ڕیشەی پەروەردە بە ئەندازەی بیری مرۆڤایەتی دێرینە، پرۆسەی پەروەدە لەگەڵ دروستبوونی مرڤ و کۆبونەوەیان لەسەر ڕووی زەویدا هەیە.[1] هەورەها پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کەسەکان و ئامادەکرنیان بۆ ژیانێکی سەرکەوتوو، یەکەمین بایەخی هزری مرۆڤایەتی بووە و لەوبارەیەشەوە چەندین تیۆری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی جۆراوجۆر هاتونەتە ئاراوە، کە ڕەنگدانەوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتی و کلتوریە باوەکەی و قۆناغە مێژووییەکانن.[2]

لە ڕوانگەی فەیلەسوفی یۆنانی ئەفلاتون ٤٢٧-٣٤٧پ.ز پەروەردە پرۆسەی ڕاهێنانی ئاکاریە، یان هەوڵدانێکی ئارەزوومەندانەی نەوەی کۆنە لە پێناو گواستنەوەی دابونەریتی باشی ژیان، هەروەها گواستنەوەی ئەو حیکمەتەی کە گەورەکان بە بە ئەزمون پێیگەیشتوون بۆ نەوەی تازە.[3] هەر سەبارەت بە پەروەدە جۆن دیوی دەڵێت" پەروەردە و فێرکردن بریتیە لە نوێکردنەوەی ئەزمونەکانی ڕابردوو، پێکهێنانێکی نوێتری ئەو ئەزمونانەیە بە ئاراستەی فەراهەمکردنی گەشەیەکی زیاتر بۆ تاک." [4] هەورەها جۆن ستیوارد میل دەڵێت "پەروەردە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە ئێمە ئەنجامیدەدەین، یان خەڵکانی تر بۆ ئێمە ئەنجامیدەدەن تا لە کەماڵی سروشتمان نزیکمان بکەنەوە"[5]

بە گشتی پەروەردە پرۆسەیەکە لە سەرەتای لە دایکبوونی مرۆڤەوە تا مردنی درێژەی هەیە، وەک توخمێکی کلتوری و پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیە،چەند ئەرکێکی هەیە، ئەمانەن:

١. پێدانی ئەزموونی کۆمەڵایەتی بە تاکەکەس، ئەمەش بریتیە لەفێرکردنی ئەو بەها و بیر وباوەڕ و دابونەریت و شێوەڕەفتاری ئەو کۆمەڵگایەی کەسەکان تێیدا دەژین.

---

(*) لە رووی زمانەوانیەوە، وشەی پەروەردە لە وشەی لاتینی (Educacio) وەرگیراوە، کە بەمانای پرۆسەی فیرکردن و بنیاتنانی عەقڵ دێت. پەروەردە پرۆسەیەکە یان گۆڕانکاریەکە کە تێیدا گەشەپێدان و پێشکەوتنی کرداره عەقڵی و هزریەکانی مرۆڤ ڕوودەدات، ئەمەش لە میانەی دووبارەکردنەوەی قۆناغ بەقۆناغی.
مستەفا تیلیون، دەروازەیەکی گشتی لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژیاوە، و: نادیە وەلی جەبار، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٦، ل٤٤

(١) ئیبراهیم ناصر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥

(٢) سەمیر ئیبراهیم حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨

(٣) چنار سەعد عەبدولا، پەروەردە و نەتەوایەتی- لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆجیی مێژوویی لە هەرێمی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٧

(٤) هەردی مەهدی میکە، پەروەردە و کارتێکەرەکانی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک، ٢٠١٢، ل٢٦

(٥) تاهیر حەسۆ زێباری، محەمەد حوسێن شوانی،سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩١

٢. پەروەردە لە بنەڕەتدا کردەیەکی کلتوریە، بەهۆیەوە کلتور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، هەروەها گواستنەوەی شێوازە ڕەفتاریەکان بۆ کەسەکانی ناو کۆمەڵگا.

٣. گۆڕانکاریکردن لە کلتوردا و گۆڕینی پێکهاتەکانی، لابردنی شتە بێسودەکان و زیادکردنی ئەو شتانەی سودبەخشن،هەروەها ڕۆشنکردنی هزری کەسەکان بە زانیاریە هاوچەرخەکانی ژیان.[١]

٤. پەروەردە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگ و سەرەکیە لە ڕەوتی ژیانی هەر کۆمەڵگایەکدا، کۆمەڵگا بەم پرۆسەیە بوون و بەردەوامبوونی خۆی دەستەبەر دەکات، لەم ڕووەوە دەرێت بگوترێت پەروەردە واتا ژیان بە هەموو لایەنەکانیەوە.[٢]

٥. پەروەردە وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتی ئامانجەکەی بریتیە لە پێکهێنانی ڕەفتاری تاک و گەشەپێدانی لە ڕێگای بەشداریکردنیەوە لە ژیانی کۆمەڵگادا، بەو واتایەی ئەرکەکەی بریتیە لە پرۆسەی پێکهێنانی کەسێتیی مرۆڤ و ڕاهێنانی بۆ دەستخستنی تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتیەکان، تا لەڕێگەیەوە گونجان و سازانێکی دروست لەگەڵ کلتوری کۆمەڵگاکەیدا بەدیبێنێت.[٣] ئەمیل دۆرکهایم دەڵێت"ئەو مرۆڤەی پەروەردەکراوە جیاوازە لەو مرۆڤەی سروشت بۆی دروستکردووین، کەسی پەروەردەکراو کەسێکە نەخشی کۆمەڵگای لەسەرە و کۆمەڵگا چۆنی ویستووە ئاوا دروستیکردووە"[٤]

٦. یەکگرتنی کۆمەڵایەتی و بەرزبوونەوە و گەشەسەندنی کەسێتی، پەرەپێدان، پاراستن و بەرهەمهێنانی زانست و ...هتد[٥]

لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، پەروەردە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەڵام تا ئێستا پەروەدە هەر شێوەیەکی نەریتی و خێزانی هەیە، بەوپێیەی کۆمەڵگایەکی نەریتیە و، خێزان یەکەیەکی گرنگی پەروەردە و فێرکردنی ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوەیە، هەروەها خێزان دامەزراوەیەکی گرنگی کۆمەڵگاکەیە کە زۆربەی ئەرکەکانی ژیان لەسەرە و هەموو جۆرەکانی پەروەردە (پەروەدەی جەستەیی و تەندروستی، پەروەردەی ئاکاری و دەروونی و ویژدانی، پەروەردەی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و ئابووری، پەروەردەی ئاینی، پەروەدەی سێکسی، پەروەدەکرن بۆ سود وەرگرتن لە کاتی بەتاڵ و یاری و...هتد.) بە پلەی یەکەم دگەڕێتەوە بۆ خێزان و ئەرکی خێزانن، هەرچەندە لە

---

(١) ئیبراهیم ناصر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦
(٢) ڕەشاد میران، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧
(٣) هەردی مەهدی میکە، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٦
(٤) ئیبراهیم ناصر، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٦
(٥) برۆس کۆهین، بنەماکانی کۆمەڵناسی، و: چەکۆ ئەحمەدی،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤، ل٢٢٦

ئێستادا کەناڵ و سەرچاوە پەروەردەیەییەکانی دەرەوەی خێزان بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆش کاریان کردۆتە سەر پەروەردەی خێزانی، بەڵام بەوپێیەی خێزان ڕەگ و ڕیشەیەکی بەهێزی هەیە و یەکێکە لەو دامەزراوانەی کۆمەڵگاکە، کە تا ڕادەیەکی زۆر تا ئێستاش بە بەهێزی ماوەتەوە و دەستەڵاتێکی زۆری بەسەر ئەندامەکانیەوە هەیە، کاریگەریەکانی سەرچاوە پەروەردەییەکانی تر لەسەر پەروەردەی خێزانی کەمن، بەڵام ڕوو لە گەشەکردنن. لە ناو خێزانیشدا زیاتر پەروەردەیەکی جۆرێک لە هەڕەمەکی و بێ بەرنامەیی هەیە، کە زیاتر پشتئەستوورە بە میزاج و باشی و خراپی و حەوسەڵەی دایک و باوک، نەک پەروەردەیەکی بەرنامە بۆدارێژراوی سەردەمیانە، زیاتر سەرچاوەگرتوون لە ئاین و نەریتەکانی پێشوو.بەڵام بە گشتی پەروەردە، بۆتە هۆی کۆنترۆڵ و چاودێریی کۆمەڵایەتی، هەروەها بۆتە هۆی هێشتنەوەی دابونەریت و بەهاکانی کۆمەڵگاکە، هەروەها ڕۆلی هەیە لە دروستکردنی کەسێتی و ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری کەسەکاندا، خێزان بەهۆی پەروەردەکەیەوە، پێگە و کەسێتی ئەندامەکانی دیاریدەکات و، لەشارەکەدا بە ناسینی خێزانەکە، دیاریدەکرێت کە کەسێتی و پەروەردەی ئەندامەکانی چۆنە و چەند لەسەر بەها چاکەکان ڕاهێنراون و چەند لادەر و ڕوو لە کاری خراپن. لە ئێستادا یەکێک لە گۆڕانکاریەکان ئەوەیە کە پێشتر خێزان گەورە بووە و باپیر و نەنک و خزمە نزیکەکانیش کە پێکەوە ژیاون، ڕۆلیان هەبووە لە پەروەردەکردنی منداڵەکان و هاوبەش بووە، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی بچوکبوونەوەی خێزان، پەروەردە لە دەستی تەنها دایک و باوکەکەیەو و،هەروەها لە خێزانیشدا بەشی زۆری پەروەردە دەگەڕێتەوە بۆ دایک. کەواتا هەرچەندە شوێن و سەرچاوەکانی پەروەردەکرن جۆراوجۆرن(خێزان، خوێندنگا، پەرستگا، هاوڕێیان، یانەکان، ڕاگەیاندن و..هتد) و هەریەک لەمانە کاریگەریان هەیە لەسەر پەروەردە، بەڵام هێشتا خێزان بە گرنگترین دامەزراوە دادەنرێت لە پەروەردەکرن و دیاریکردنی کەسێتی کەسەکاندا، دەروونسان پێیانوایە ئەزموونەکانی کاتی منداڵی لە هەموو قۆناغەکانی تر زیاتر کاریگەریی لە سەر ژیانی کەسەکە هەیە.[١]هەروەها لەو بارەیەوە هربرت فیری دەڵێت "پەروەردە لەماڵەوە دەست پێدەکات و، هەموو پەروەردەیەکیش بۆ ماڵەوە دەگەڕیتەوە"[٢]

---

(١) سەمیر ئیبراهیم حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١

(٢) ئیبراهیم ناصر، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٢

## حەوتەم/ ڕای گشتی

ڕای گشـتی(*) یەکـێکە لە تـوخمە واتاییەکـانی کلتـور، کە گوزارشـتە لە ڕای بەرچـاو و بەرفـراوان و بـاوی نـاو کۆمەڵگـا، کە پەیوەندیـدارە بە پـرس و بـابەتێکی دیـاریکراو بە قبوڵکردنی و یان ڕەتکراوەی.(١)هەروەها ڕای گشتی بە مانا فراوان و وردەکەی دەبێتە ئەو کۆمەڵە هزر و بیروباوەڕانەی لە ناو خەڵکدا باو و بڵاون دەربارەی بابەتێک یان ڕوداوێکی دیـاریکراو، کە دروسـتی و ڕەواییـان نەسـەلمێنراوە و پاڵپشـتی نەکـراون، بەهـۆی ئەوەی کە پەیوەسـتن بە لایەنە خودیەکـانی تـاکەکەس و گروپەکـانەوە و، کـاتی پێویستیشـیان نەبـووە بـۆ سەلماندن و بەڵگە هێنانەوە بۆ تێز و پرەنسیپ و فەلسەفەکەیان.(٢) لەوبارەیەوە جۆن ستیوارد میل دەڵێت "ڕای گشتی بریتیە لە هەموو ئەو شتانەی کە کۆمەڵگا دەیەوێت، یان نایەوێت"(٣) هەروەها ئەلفرێد سۆفی پێیوایە "ڕای گشتی بریتیە لە ڕای ویژدانێکی هەستیار کە لە شێوەی دادگایەکدا گوزارشت لە دەنگی شاراوەی خەڵـک دەکـات"، لە لایەکـی تـرەوە دیڤید پیسۆن دەڵێت "ڕای گشتی بریتیە لە ڕای ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە مەرج نیە یەکتر بناسن، بەڵام ڕا و وەڵامێکی هاوبەشیان هەیە سەبارەت بە ڕوداوێکی دیاریکراو"(٤)

ڕای گشـــتی ڕەهەنـــدی جۆراوجـــۆری هەیە، کە لەگەڵ تەواوی لایەنەکـــانی ژیـــانی کـۆمەڵایەتی ودەرونـــی و کلتـوری و ئـاین و زمـان و مێـژوو و و گـوزەرانی خەڵـکەوە گرێدەدرێت، بەسـەر دوو بەش دابەش دەبێت، یەکەم: بەشـی بنەرەتیە، کە تەواوی ئەو هۆ و هۆکـارانە لە خۆ دەگرێت، کە بناغەکـانی ژیـانی کۆمەڵگـایی پێکدێنێت، کە ئەم بەشـە کەمتر توشـی ئـاڵوگۆڕ دەبێت. دووەم: بەشـە هێمـاییەکەیەتی، کە خۆپیشـاندان و بەرجەسـتەبوونەوەی

---

(*) مێژووی ڕای گشتی وەکو دیاردە زۆر کۆنە، کە دەگەڕیتەوە بۆ سـەرەتاکانی دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆڤ، کاتێـک لە کۆمەڵگاکانـدا چەنـد نـاوێکی جیـاواز لە جیـاتی ڕای گشـتی بەکـار دەهـات وەکـو ڕای زۆرینـە، ڕای جەماوەر، ڕای گەل، دەنگی گەل، ڕێکەوتنی گشتی، ئیرادەی گەل و...هتد. بەردەوامـی باسـکردنی ڕای گشـتی لای فەیلەسوف و بیرمەند و پیاوانی دەوڵەت بە ئاشکراو شاراوەیی هەبووە. هەروەهـا سـەبارەت بە دەستەواژەی ڕا(opinion) بـۆ یەکەمـین جـار لە سـەدەی هەژدەمـدا سـەریهەڵدا، هەتـا کـاتی شۆڕشـی فەرەنسـی ڕای بـژاردە هەڵکەوتووە پەرلەمانیەکان بوو کە ئـاڵای خەباتیـان دژی پەشـایەتی ڕەهـا هەڵدابوو، ئەوان ڕای خۆیـان لە بـارەی پاشـــاوە بە خەڵــک ڕادەگەیانــد. لە دوای شۆڕشـــی فەرەنســـاوە، ئەم دەســـتەواژەیە خـــرایە پـــاڵ هاوڵاتیـــان و نوێنەرەکانیان، واتـا ڕای گشـتی بە بۆچوونی هاوڵاتیـان و نـوێنەرە سیاسـی و فکریەکانیـان سـەبارەت بە بۆچـوونە جۆراوجۆرەکان دەگوترا، بڕوانە:

- ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو ،ل٢٦١
- ڕێبوار کەریم مەحمود، پارتە سیاسیەکان و ڕای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢٠٦

(١) حسن ابوزید، المصدر السابق، ص١٤

(٢) ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٢، ل٢٦٢

(٣) عامر حسین فیاض، ڕای گشتی، و: ئاکۆ فاتیح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٩

(٤) ڕێبوار کەریم مەحمود، سەرچاوەی پێشوو ل٢٠٤

ڕای گشتی بە بوونەی ڕووداوێک یان پەرچە کردارە لە بەرامبەر شتێکی تایبەتدایە.[1] هەروەها ڕای گشتی بەپێی کات سێ جۆرە: یەکەم ڕای گشتیی هەمیشەیی: داب و نەریت و ئاین پاشخانەکەیەتی و بە بەردەوامی و نادیاری هەیە، زیاتر لە کۆمەڵگا نەریتیەکاندا هەیە، دووەم ڕای گشتیی کاتی: بەرژەوەندیەکی کاتی و ڕووداویکی تاییەت بە زوویی دروستی دەکات، ئەم جۆرەیان لە کۆمەڵگا پیشەسازیەکان زۆر کارایە، سێیەم ڕای گشتیی ڕۆژانە: سەبارەت بە پرسێکی ڕۆژانەیە و، کاردانەوەی ڕۆژانەیە. [2]

ڕای گشتی پەیوەستە بە کۆمەڵەوە، بەپێی بارودۆخە کلتوری و کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسیەکان بەپێی قۆناغە مێژووییەکان گۆڕانی بەسەردادێت.[3] ئەگەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی گروپەکان و هێزەکان و تاکەکان، جەستەی کۆمەڵگا پێکدێنن، ئەوا ڕای گشتی ڕۆح و گیانی ئەوە و، هەر بەو شێوەیە هەتا هاوپەیوەندیی جەستەیی کۆمەڵگا زیاتر بێت، رۆحی ئەو(ڕای گشتی)ش بە هێزتر و دیارترو هەستپێکراوتر دەبێت.[4]

ناوەڕۆکی ڕای گشتی کارتێکراوە بەو بەهاو نۆرمانەی کە هەڵقوڵاوی یاساو دابونەریت و ئاین و ئاکارن، لەلایەکی ترەوە لەژێر کاریگەریی بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتیدایە.[5]پێکهێنەرەکانی ڕای گشتی ئەمانەن: دابونەریت، ئاین، دامەزراوەکانی پەروەدە و فێرکردن و پێگەیاندن، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکرن، ڕووداو کێشەکان، سەرکردە و پێشەواکان، دۆخی سیاسی و هەلومەرجی نێودەوڵەتی.[6]

ڕای گشتیش چەند ئەرک و گرنگیەکی هەیە، ئەمانەن:

١. چاودێریکردنی بەها و پێوەر و بنەما ئاکاریەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا.
٢. گیانی مەعنەوی و ورەی ئەندامانی کۆمەڵگا دەپارێزێت و دەیژیێنێتەوە.
٣. ئەندامانی کۆمەڵگا بۆ گوێڕایەڵی بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتی و گشتیەکان ڕادەهێنێت، دژایەتیان کەمدەکاتەوە و لە چوارچێوەیەی بەرژەوەندیی هاوبەشدا ڕێکیان دەخات.[7]
٤. پەرەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی.[8]

(١) ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٢
(٢) ڕێبوار کەریم مەحمود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١-٢١٣
(٣) هەمان سەرچاوە، ل٢٠٦
(٤) ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦١
(٥) هیوا مەجید خەلیل، کاریگەریی ڕای گشتی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی-لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیە، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی یاسا و ڕامیاری، زانکۆی سەڵاحەدین، ٢٠٠٨، ل٩
(٦) ڕێبوار کەریم مەحمود، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٢٨-٢٣٠
(٧) هیوا مەجید خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٩
(٨) ڕێبوار کەریم مەحمود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٣-٢٢٤

ڕای گشتی وەک هەر توخمێکی تری کلتوری، لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا هەیە، بەڵام بەو فۆرمەی ڕا گشتیە نا، کە لە کۆمەڵگا پیشەسازی و مەدەنیەکان، وەک ئامرازێکی فشاری بەهێز بەردەوام ئامادەیی هەیە، بەڵکو زیاتر ئەو فۆرمە لە ڕا گشتی هەیە، کە زیاتر وەک ئامرازێکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییە، چونکە کۆمەڵگاکە نەریتیە و ڕا گشتیەکەش بەرهەمی داب و نەریت و ئاینەکەیەتی، زیاتر کارایە لە بوارە کۆمەڵایەتیەکەی ئاستی خوارەوەی کۆمەڵگادا، بۆ چاودێریکردن و هاودەنگبوون لەسەر هەندێک بابەتی ڕیشەداکوتاوی کۆمەڵایەتی و نەریتی، هەروەها چەند هۆکاری تر هەن کە لە ئیستادا ڕای گشتی بەپێی گۆرانکاریەکانی سەردەم و دونیای پیشەسازی لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا کارانیە، لەوانە پێکهاتەی خێڵایەتی و بیرکردنەوەی خێڵایەتی لە کۆمەڵگاکەدا، کە ئەمە ڕیگرە لە بیرکردنەوەی مەدەنی و هەبوونی جیاوازیەکان، هەروەها لەلایەکی ترەوە حزب کە باڵا دەستە لە بەڕێوەبردن و حوکمڕانیکردنی شارەکەدا، فۆرمێکی نەریتی و خێلەکی و نا مەدەنیی هەیە، کە جگە لەوەی بە تەواوی رۆچۆتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دانیشتوانەکەیەوە و ڕای گشتی پارچە پارچە کردووە، لە هەمانکاتدا ڕێگرە لە هەر ڕەخنەگرتن و کۆدەنگی و ڕایەکی گشتی لەبەرامبەر نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و داخوازیەکانی خەڵک، هەروەها لە لایەکی ترەوە نەبوونی سەندیکا و ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە بەڕاستی سەربەخۆ و ئازاد بن، وایکردووە ڕای گشتی کارا نەبێت و نمایشی خۆی نەکات.

یەکێک لەو توخمە کلتوریانەی کە ئامرازێکیشە بۆ گواستنەوە و گوزارشتکردن لە کۆی کلتور و توخمەکانی، **-زمان-**ە، کە لە مرۆڤناسیدا، پانتاییەکی بەرفراوانی داگیرکردووە، بەوپێیەی مرۆڤناسی لێکۆڵینەوەیە لە مرۆڤ، وەک بوونەوەرێکی عاقڵ و خاوەن کلتور، زمانیش یەکێکە لە توخمە کلتوریە بنەڕەتیەکان، لە هەمانکاتدا گوێزەرەوە و بڵاوکەرەوەی کلتوریش. هەروەها ئامرازی گەیاندن و دروستکەری پەیوەندیەکانە، کە ئەمەش گرنگی خۆی هەیە لە مرۆڤناسیدا، بەوپێیەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکان پێکدێت لەسەر بنەمای پەیوەندیەکان.

لە نوسینەکانی لیڤی شتراوسدا، مرۆڤناسی لێکۆڵینەوە لە زمان دەکات و کارەکانی زانای زمانناسی فەرەنسیی فردیناند دوسوسوری لە بواری زماندا پەیوەستکردووە بە بابەتەکانی مرۆڤناسی، بەڵام شتراوس لە سوسور باڵاتر ڕۆشتووە، پێکهاتەگەریی لە هەموو شێوەکانی پەیوەندیدا بەکارهێناوە، وە توێژینەوەی لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و سیستەمەکانی زمانناسی

و سیستەمەکانی خزمایەتیدا کردووە.[١] شتراوس پێیوایە، زمانی کۆمەڵگایەک، بەرجەستەکەری کلتوری گشتیی کۆمەڵگاکەیە، لە هەمانکاتدا زمان ڕەگەزێکی کلتوریە.[٢]

ئیدوارد ساپیر دەڵێت "زمان ئامرازێکی پەتیی ناغەریزیە، مرۆڤ بۆ گواستنەوەی هزر و سۆز و ئارەزووەکانی بەکاریدەهێنێت، کە لە ڕیگەی کۆمەڵە هێمایەکی لەخۆوە بەرهەمیان دەهێنێت." [٣] هەروەها پێیوایە زمان بە تەواوی دیاردەیەکی کلتوریە، لێکۆڵینەوە لە کلتور واتا لێکۆڵینەوە لە زمان،[٤] ئەو پێیوایە زمان هێمای کلتوریی گروپێکی دیاریکراوە، ناسنامە و شێوازی بیرکردنەوەو ڕەفتاری تایبەتیی ئەندامانی کۆمەڵگا بەهۆی زمانەوە بەهێز تر دەبن، زۆربەی گۆڕانکاریەکانی زمان لەو کاتەدا ڕوودەدەن کە کۆمەڵگا و کلتورەکان لەگەڵ یەکتریدا پەیوەندی دەکەن، هەروەها مرۆڤەکانیش لە ئەنجامی پەیوەندیکرن و ئاڵوگۆڕدا چەمک و وشەی نوێ لە کلتورەکانی تر وەردەگرن.[٥]

لە هەموو کۆمەڵگایەکدا سروشت و قەبارەی هەرچۆنێک بێت، زمان ڕۆلێکی گرنگ و سەرەکی دەبینێت، بەوپێیەی بەهێزترین هۆکاری پێکەوەبەستنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەیە و لە هەمانکاتیشدا هێمای چالاکیە هاوبەشەکانیانە، مالینۆفسکی دەڵێت "ئەرکی زمان تەنها تێگەیشتن و گەیاندن نیە، بەڵکو ئەرکی زمان بەستنەوەی زنجیرەیەک چالاکی ڕێکخراوی مرۆییە و بەشێکە لە ڕەفتاری مرۆیی"[٦]

زمان تایبەتە بە کۆمەڵ نەک تاکەکەس و تایبەتمەندیەکی نەتەوەییە، فرانز فانون پێیوایە وایە کە ئاخاوتن بە زمانی خۆت واتای بوون بە شێوەیەکی ڕەهایە لەبەرامبەر ئەوانی تر، مەبەستی ئەوەیە کە دەستەڵاتی زمانی داگیرکەران لە دورگە داگیرکراوەکان گوزارشتە لە سەرکوتی زمان و کلتوری لۆکاڵیان و کەرەستەیەکە بۆ زاڵبوون بەسەریاندا، بە ڕای فانون ئاخاوتن بە زمانی داگیرکەر واتای سڕینەوەی باری ژیار و لە گۆرنانی نەریت و مێژووەکەت، ڕزگاربوون لە کۆتوبەندی داگیرکەران گرێدراوی ڕزگاربوونە لە بەندی زمان و کلتوری داگیرکەران.[٧]

(١) کلود ریویر، در امدی بر انسان شناسی، ت: ناصر فکوهی، نشر نی، ١٣٧٩، ص٨١
(٢) دنیس کوش، مفهوم الثثقافة فی العلوم الاجتماعیه، ت: منیر السعیدانی،المنطمة العربیة للترجمة، بیروت ٢٠٠٧، ص٧٦
(٣) مها محمد فوزی معاذ، الانثروبولوجیا اللغوی، دارالمعرفة الجامعیة، الاسکندریة، ٢٠١١، ص١٣٩
(٤) ناصر فکوهی، پارەهای انسانشناسی، نشر نی، تهران،١٣٨٥، ص ١٠
(٥) دانیل بیتس و فرد پلاگ، انسانشناسی فرهنگی، ترجمە: محسن ثلاثی،انتشارات علمی و فرهنگی،تهران، ١٣٧٥، ص٤٥٣
(٦) محمود السعران، اللغة والمجتمع رأی ومنهج، دار المعارف، الاسکندریة، ١٩٦٣، ص١٧
(7) Frantz Fanon,Black Skin-White Masks,T:Charles Lam Markman, Pluto Press, London, 2008, p9

زمـانی کـوردی، زمـانی ڕەسـەنی شـاری ڕانـیەیە، شێوەزاری سـەرەکیی ڕانیە و شێوەی ئاخاوتنی سەر بە کرمانجی خواروەوە، لەناو کرمانجی خواروشدا سەر بە لقی سلێمانیە، بەڵام بەگشتی، جگە لە سلێمانی، موکریانی و هەولێریش کاریگەریـان لەسـەری هەیە، بەتـایبەتی لە ڕووی ئاخـاوتنەوە. هەروەهـا چـونکە دانیشـتوانەکەی تـێکەڵەیەکە لە خەڵکـی دەوروبەری و ناوچەکانی تری کوردستان، شێوەزارەکەشی ئەو کاریگەریەی لەسـەرە، زۆر جار هەست بە بەش و شێوەزاری بچوک(بن زار) دەکرێت لە ناو شارەکەدا، کە بۆتە هۆی دەوڵەمەندبوونی شـێوەزارە سـەرەکیەکە، بەهـۆی مـانەوەی وشـە و زمـان پـاراوی لە هەنـدێک لە گونـد و ناوچەکـانی دەوروبەری، بەڵام بە گشـتی شـێوەی قسـەکردنی خەڵـکەکەی شـێوەیەکی ڕانیەیـی وەرگرتووە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و دەناسرێتەوە. سەبارەت بە زمان پاراوی و مـانەوەی زمانەکە تا ڕادەیەک بە ڕەسەنی و پاراوی، ئەمە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتەی جوگرافیی ڕانـیە، بەوپـێەی بەگشـتی شـوێنێکی عاصـی و دورە دەسـت بـووە بـۆ داگیـرکەران و لە سنورەکانی عەرەب و تورک و فارس دوورە، سنورەکانی هەر لەگەڵ ناوچە کوردیەکانە، کە ئەمە ڕاستیەکە، تا زمان دورتر بێت لە زمـانی بێگـانە، پـاراوتر و پـاکتر دەمێنێتەوە. بەڵام لە ئێستادا و لە سەردەمی ئینتەرنێت و بەجیهانیبوونی کلتوردا و، تێکڵبـوونی زیـاتری شـارەکە بە دەوروبەری و ناوچەکانی تر و دەرەوەی کوردستان، هەروەها گرنگینەدان بە زمانی کـوردی و بـێ بـایەخکردنی لە دامەزراوەکـانی پەروەردە و خوێنـدنی بـاڵادا، ڕانـیەش وەکـو هەمووشارەکانی تر، کەوتۆتە بەر لێشاوی زمانی بێگانە. [١]

(١) عبداللە عمر فرخە، چاوپێکەوتن، مامۆستا و شارەزای زمانی کوردی، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/٧

# بەشی پێنجەم: کۆتایی توێژینەوە

یەکەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوە

دووەم: پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

یەکەم/ پێشنیارەکانی توێژینەوە

دووەم/ ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

# بەشی پێنجەم: کۆتایی توێژینەوە

## یەکەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوە

١. کۆمەڵگای توێژینەوە لەسەر دەشتی ڕانیە هەڵکەوتووە، کە دەشتی ناوچە شاخاویەکانە و گرنگترین شوێنی شاخاویەکانن بۆ نیشتەجێبوون، شاری ڕانیە گرنگترین مەڵبەندی دانیشتوانی ئەو دەشتەیە، کە مێژوویەکی دێرینی هەیە، جگە لەم دەشتە، لەڕووی بەرزی و نزمیەوە، شاخ و گرد و دۆڵیشی هەیە.

٢. کۆمەڵگای توێژینەوە هەڵکەوتەیەکی جوگرافیی کارگێری هەیە، کە لەسەر ئاستی قەزا هاوسنورە لەگەڵ چەند قەزایەکدا، کە سەربە پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەولێرن و بە چەند ڕێگایەکەوە پێیانەوە بەستراوەتەوە، لەو نێوانەدا، پەیوەندی و تێکەڵاویەکی زۆری کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئابوری هەیە لەگەڵ ئەو قەزایانە و هەردوو پارێزگاکەدا. هەروەها بەوپێیەی شاری ڕانیە ناوەندی قەزای ڕانیە و ئیدارەی ڕاپەرینە، بووە بەناوەندی ڕاییکردنی مامەڵە و کار و کاسبی هاوڵاتیانی ئیدارەکە بە گشتی و قەزاکە بە تایبەتی. ئەمانە کاریگەربوون لەسەر شێوە ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئابووری کۆمەلگای توێژینەوە.

٣. گۆڕانی کارگێری بەرچاو لە قەزای ڕانیەدا ڕوویداوە، بە جۆرێک لە ساڵی ١٩٥٧دا، قەزاکە پێکدێت لە سێ ناحیە (ناحیەی ناوەند-شاری ڕانیە، ناحیەی چنارە، ناحیەی ناوەدەشت) بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨دا، قەزای ڕانیە لە پێنج ناحیە پێکدێت(ناحیەی ناوەند، ناحیەی چوارقورنە، ناحیەی بێتواتە، ناحیەی حاجیاوا، ناحیەی سەرکەپکان).

٤. ئاوو هەوای کۆمەڵگای توێژینەوە، سەر بە ئاوو هەوای دەریای ناوەڕاستە، کە زستانی سارد و بارانەویە و هاوینی گەرم و وشکە.

٥. کۆمەڵگای توێژینەوە دەوڵەمەندە بە سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی و سەرزەوی، لە گرنگترین سەرچاوەکانی ئاوی شارەکە، سەرچاوەی ئاوی قولەیە، کە هەر لەسەرەتاوە هۆکاری ئاوەدانی و کۆبونەوەی دانیشتوان بووە لە شارەکەدا.

٦. کۆمەڵگای توێژینەوە لەسەر ئاستی ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوان گەشەی کردووە و فراوان بووە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی شوێنی شارەکە لەباربووە بۆ گەشەکردن و گەڕەکەکانی شارەکە زیاد بوون، هەروەها بە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان کە بە شێوەیەکی دیار زیادیکرووە.

٧. دانیشتوانی کۆمەڵگای توێژینەوە، دانیشتوانێکی تێکەڵن لە خەڵکی ناوچە و خێلەکان، ئەم تێکەڵی و فرەییەی دانیشتوانی ڕانیە، کاریگەریی هەبووە لەسەر کلتور و شێوەژیانی کۆمەڵایەتیی شارەکە.

٨. خانوو لە کۆمەڵگای تویژینەوەدا، گۆڕانێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە، لەڕووی شێوە و نەخشە و کەرەستەکانی دروستکردنیەوە، ئەمەش لە ژێر کاریگەریی پێویستیی ژیانی ئێستا و گۆڕانی بواری کۆمەڵایەتی وکلتوری و ئابووری و پیشە و سەرچاوەکانی داهات و کلتوری دەرەکی و داهێنانەکان.
٩. دەشتی ڕانیە، دەشتێکی بە پیتە، بنەماکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی تێدایە، وەک زەوی بەپیت و ئاووهەوای لەبارو سەرچاوەکانی ئاو، هەردوو بەروبومی هاوینە و زستانەی هەیە، هەورەها دەوڵەمەندە بە سامانی ئاژەڵ، لەگەڵ ئەوەی، ئەمە وایکردووە لە بنەڕەتدا کۆمەڵگای تویژینەوە، کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی بێت و لە ڕابردوودا کشتوکاڵ سەرچاوەی بەرهەم و داهاتی سەرەکی بووە، بەڵام لە ئێستادا، بەهۆی گۆڕانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوری و بایەخنەدان بە کشتوکاڵ، کار و پیشەی کشتوکاڵی ئەو گرنگی و بەرهەم و داهاتەی جارانی نیە، پیشە و داهاتی فەرمانبەری و بازرگانی(تەنیا هاوردەکرن)، بووەتە یەکێک لە سەرچاوەی داهات و بەرهەکانی کۆمەڵگای تویژینەوە.
١٠. کۆمەڵگای تویژینەوە، دەوڵەمەندە بە ناوچەی گەشتیاری، بەڵام نەبۆتە سەرچاوەیەکی ئابووری.
١١. هاوسەرگیری لە کۆمەڵگای تویژینەوەدا، گرنگیی زۆری پێدەدرێت و پاڵنەر و هاندەری سروشتی و ئاینی و کۆمەڵایەتیی زۆری هەیە.
١٢. لە کۆمەڵگای تویژینەوەدا، هاوسەرگیری لە ڕووی گرێبەست و دانپێدانانیەوە، ئاینیە و بە شێوەیەکی فەرمیش لە دادگا تۆمار دەکرێت.
١٣. لە ئێستای کۆمەڵگای تویژینەوەدا، هاوسەرگیری تاکژنی و هاوسەرگیریی دەرەکی و هەڵبژاردنی ئازادانە باوترین جۆری هاوسەرگیرین، بەڵام لە ڕابردوودا هاوسەرگیری ناوخۆیی و ژنبەژن زۆر پەیڕەو کراون و، ئێستاش لای چینی ئاغاکان هاوسەرگیری ناوخۆیی پەیڕەودەکرێت.
١٤. لەکۆمەڵگای تویژینەوەدا، لەگەڵ ئەوەی مەڕاسیمی هاوسەرگیری گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام هەر گرنگیی پێدەدرێت، مافی دۆزینەوە و هەڵبژاردنی هاوسەر لە دەستی کوڕ و خێزانی کوڕدایە، هەروەها ڕەزامەندی کوڕ و کچەکە زۆر ڕەچاو دەکرێت، لە کاتێکدا لە ڕابردوودا، زۆر کەم ئەمە ڕەچاو کراوە، بەتایبەت ڕەزامەندیی کچ، زیاتر خێزان و گەورەکانی بڕیاریان لەسەر هاوسەرگیری کوڕ و کچ داوە.
١٥. تا ئێستا خێزان گرنگترین یەکە و دارمەزراوەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای تویژینەوەیە، گرنگی و ئەرکی زۆری هەیە، وەک ئەرکی پرکردنەوەی سێکسی نێوان ژن و مێرد و لەدایکبوونی منداڵ و زۆربوون، ئەرکی ئابووری و بژێوی ئەندامانی خێزان، پاراستنی ئەندامانی خێزان، پەروەردەکردنی ئەندامانی و دروستکردنی کەسێتی و پێگەی کۆمەڵایەتی.

١٦. تـا ئێسـتا دەسـتەڵات لە هەمـوو جۆرەكـانی خێزانـدا باوكسـالاریە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا، بەراورد بەڕابـردوو، پـێگەی ژن و دەسـتەڵاتەكانی زیادیـان كـردووە بەهـۆی خوێنـدن و كـاركردنی ژن و پەیـداكردنی داهـاتی خێـزان و گـۆڕانی كـۆمەڵایەتی وكلتـوری و شـێوەی بیركردنەوە.

١٧. لە كۆمەڵگای توێژینەوەدا، گۆڕان لە جۆرەكانی خێزاندا ڕوویداوە، بە جۆرێـک لە خێزانـی فراوان و ئاڵۆزەوە گۆڕاوە بۆ خێزانی بچوک و سادە، لە ئێستادا باوترین و زۆرترین جۆری خێـزان، خێزانـی سـادەیە. ئەمەش لەژێـر كـاریگەریی گـۆڕانی ژیـانی ئـابووری و گـۆڕانی كۆمەڵایەتی و كلتوری.

١٨. لەگەڵ ئەوەی پەیوەنـدیی خزمـایەتی بەبەراورد بە ڕابـردوو لاواز بـووە، ئەمەش لەژێـر كـاریگەریی زۆربـوونی ژمـارەی دانیشـتوان و كەمبـونەوەی هاوسـەرگیریی نـاوخۆیی و زۆربوونی هاوسەرگیریی دەرەكی، هەروەها بچوكبوونەوە خێزان و كەمبوونەوەی كـاری هەرەوەزی و گۆڕان لەسەرچاوەكانی داهات و بەرهەمهێنـان، بەڵام تـا ئێستا خزمـایەتی هەر بەهێزە لە كۆمەڵگای توێژینەوەدا، كاریگەریی لەسەر زۆربەی لایەنەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی هەیە، لە لایەكـی ترەوە تـا ئێسـتا خزمـایەتیی خـوێنی لەڕێـگەی بـاوكەوە بەهێزتـرین جـۆری جزمـایەتیە، بەڵام بەراورد بەڕابـردوو خزمـایەتیی خـوێنی لەڕێـگەی دایـكەوە و، هەروەهـا خزمایەتی لەریگەی هاوسەرگیریەوە بەهێز بووە.

١٩. لە كۆمەڵگای تـوێژینەوەدا جلوبەرگ گـۆڕانی بەسـەرداهاتووە، هەم لەڕووی چەنـدێتیەوە و هەم لەڕووی شێوە و جۆرەكانیەوە، جلوبەرگی كوردیی پیـاوانە و ژنـانە زۆر لەبەر دەكرێت و زیـاتر بە تەمەنەكـان لەبەری دەكەن، بەڵام گەنجەكـان زیـاتر جلـی بیـانی لەبەر دەكەن، ئەمەش لەژێر كاریگەریی كلتوری دەرەكی.

٢٠. تا ئێستا خـواردنە كوردەواریەكـان و نەریتەكـانی خـواردن لە كۆمەڵگـای تـوێژینەوەدا هەن، هەروەهـا جـۆری خـواردنی تـازەش پەیـدابوون، لەژێـر كـاریگەریی كلتـوری دەرەكـی و هاوردەكردنی كەرەستەی خۆراكیی جۆراوجۆر.

٢١. كۆمەڵگای توێژینەوە، ناوچەیەكی دێرینە و دەوڵەمەندە بە شوێنەوار، كە بەشێكی كەمیـان پشـكنینیان بـۆ كـراوە، بەڵام بەشـێكی زۆریـان پشـكنینیان بـۆ نەكـراوە و نەخـراونەتە سەرنەخشەی شوێنەواری كوردستان و عێراق.

٢٢. لە كۆمەڵگای توێژینەوەدا، لە ڕابردوودا كەرەستە و ئامێری پیشـە و ژیـانی ڕۆژانە، زیـاتر دروستكراوی ناوخۆبوون و پیشـەكان زیـاتر دەسـتی و مـاڵی بـوون، بەڵام لە ئێسـتادا ئـامێر و كەلوپەلەكان زۆرینەیان بەرهەمی هاوردەكراون.

٢٣. تا ئێستا كۆمەڵگای توێژینەوە پابەندە بە زۆرێک لە دابونەریتەكان، بەوپێیەی كۆمەڵگایەكی نەریتی و خێڵەكیە.

٢٤. پرکردنەوەی کاتەکانی دەستەبەتاڵی لە ئێستادا، مۆرکێکی تاکەکەسیان هەیە، لەڕێگای یاریە ئەلکترۆنیەکان و ئینتەرنێت و مۆبایل و ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن، لەکاتێکدا لە ڕابردوودا، ئەم کاتە زیادانە، لەڕێگای کۆبونەوە و سەردانی یەکتری و یاری بە کۆمەڵیەوە پرکراونەتەوە.

٢٥. کۆمەڵگای تویژینەوە، کە کۆمەڵگایەکی ئیسلامیە، ئەندامەکانی، بەشێوەیەکی میانڕەوانە پابەندی ئەرک و نەریتە ئاینیەکانن، ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکە، سیمایەکی ئاینی هەیە و ئاین کاریگەریی لە سەر کۆی لایەنەکای ژیانی کۆمەڵگاکە هەیە وەک پەروەردە، هاوسەرگیری، خێزان، خزمایەتی، کاروکاسبی، کۆنترۆلی کۆمەڵایەتی و ...هتد.

٢٦. جەژن و بۆنە ئاینیەکان، بۆنەیەکی گرنگن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان و ئەندامانی کۆکەڵگای تویژینەوە، بە بایەخەوە ئامادەکاریان بۆ دەکەن و ئەنجامیان دەدەن.

٢٧. مەراسیمی ناشتنی مردوو و دانانی پرسە، یەکێکە لە بۆنە ئاینی و کۆمەڵایەتیە دیارەکانی کۆمەڵگای تویژینەو، بایەخی زۆری پێدەدەرێت.

٢٨. تا ئێستا سەردانی مەزارە ئاینیەکان لە کۆمەڵگای تویژینەوەدا هەیە.

٢٩. لە کۆمەڵگای تویژینەوەدا هەردوو جۆری یاسای مەدەنی(نوسراو) و یاسای نەریتی(نەنوسراو) هەیە، بەڵام هێزی یاسا نەریتیەکان زیاتر و کاراترن، لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا پشتبەستن بە یاسا مەدەنیەکان ڕوو لەگەشەکردنە.

٣٠. کۆمەڵگای تویژینەوە لەڕێگای دەستەڵاتی فەرمیی حکومەتەوە بەڕێوە دەبرێت، بەڵام دەستەڵاتی حزب و خێڵەکان زۆرکات لەسەرووی دەستەڵاتی فەرمیی حکومەتەوەیە.

٣١. لە کۆمەڵگای تویژینەوەدا هونەر و ئەدەب، بە بەراود بەڕابردوو گەشەیان کردووە.

٣٢. لە کۆمەڵگای تویژینەوەدا پەروەردە تا ئێستا پەروەردەیەکی نەریتیە، سەرچاوەی یەکەمی هەموو جۆرەکانی پەروەردە لە خێزانەوەیە.

٣٣. تا ئێستا لە کۆمەڵگای تویژینەوەدا، ڕای گشتی، ڕایەکی بەهێزی پەرەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی نیە، بەڵکو زیاتر وەک ئامرازێکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیە و لە ئاستی کۆمەڵایەتی و نەریتی نمایشی خۆی دەکات.

٣٤. شێوەزاری ڕانیە، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و گوندەکانی دەوروبەری، شێوەزارێکی کوردیی پاراو و پاکە، لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا دوورنیە لە کاریگەریی زمانی بێگانە.

## دووەم: پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

### أ-پێشنیارەکانی توێژینەوە

١. پێشنیار دەکەم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵسن بە چاککردنی ڕێگاکانی شاری ڕانیە لە ناوخۆدا و، ئەو ڕیگایانەی دەیبەستێتەوە بە قەزا و پارێزگاکانی تری کوردستان و دروستکردنی ڕێگای تازە، کە سەرچاوەی سەرەکیی پەیوەندیی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کلتورین، بەهۆیانەوە چەندین قوربانی لێکەوتۆتەوە.

٢. پێشنیاردەکەم بۆ دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی ڕاپەڕین، سود وەرگرن لە سەرچاوە ئاویەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە و چاککردن و ڕیکخستنەوەیان.

٣. شارەکە لە ڕووی ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوانەوە ڕوو لە گەشە کردنە، پێشنیار دەکەم بۆ ئیدارەی ڕاپەڕین و شارەوانیی ڕانیە، هەوڵ بدرێت بە تازەترین و سەردەمیانەترین شێوە، نەخشەی ئەم گەشەکردنە بکێشرێت.

٤. پێشنیار دەکەم بۆ ئیدارەی ڕاپەڕین، ڕێژەی سەوزایی لە شارەکەدا زیاد بکەن.

٥. پێشنیار دەکەم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، سود وەرگرن لە بەپیتی دەشتی ڕانیە و، پەرەبدەن بە کەرتی کشتوکاڵی بە هەردوو جۆری بەروبومی ڕووەکی و سامانی ئاژەڵی، لەڕێگای ئاسانکاری بۆ جوتیاران و دابینکردنی پێویستیەکانیان، ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، برەودان بە بەروومی خۆماڵی و ڕێگەنەدان بە هێنانی بەروبومی زۆری هاوردەکراو. هەورەها گەشەبدرێت بە بازرگانی و پیشەسازی لە ناوچەکەدا، بە دروستکردنی کارگە و سود وەرگرتن لە بەروبوم و کەرەستە خۆماڵیەکان و ناردنە دەرەوەشیان.

٦. پێشنیار دەکەم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی بدەن بە ناوچە گەشتیاریەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە و بیانکەن بە پیشە و سەرچاوەیەکی داهات.

٧. پێشنیار دەکەم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی بدات بە هاوسەرگیری و کارئاسانیکردنی بۆ گەنجان. هەروەها گرنگی بدات بە قەوارەی خێزان و لەبەریەکهەڵنەوەشانی، لەڕیگەی چارەسەرکردنی کێشە دارایی و پەروەردەییە سەردەمیەکان، چاودێریکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی خێزانی.

٨. پێشنیار دەکەم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، دامودەزگا کارگێریەکانی لە دەست تێوەردانی حزبی و خێلەکی و پشکپشکێنەی حزبی و خێلەکی و خزمخزمێنە بپارێزێت و، یاسا سەروەر بکات.

٩. پێشنیار دەکەم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان پەرە بە بواری کلتوری کوردەواری بدات و شوێنەوار و کەلەپوری بپارێزێت.

## ب-ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

١. پەرەپێدان و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگای کوردی و ناوچە جیاجیاکانی، بەتایبەتی لەسەر شێوە ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوری، کە تا ئێستا توێژینەوەی کەمی لەسەر ئەنجامدراوە، هەروەها بە هەند وەرگرتنی دەرەنجامەکانی، بە مەبەستی پاراستنی کلتوری کوردی و گەشەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوری.
٢. پاراستنی ژینگەی سروشتیی کۆمەڵگای توێژینەوە لە لایەن دانیشتوانەکەیەوە.
٣. ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوە، گرنگیی زیاتر بدەن بە پیشەی جوتیاری و بەرهەمە ڕووەکی و ئاژەڵیەکان، هەروەها گرنگی بە پیشە دەستیەکان و دامەزراندنی کارگەکان بدەن بۆ ئەوەی زۆرترین سود لە کەرەستە و بەرهەمە خۆماڵیەکانی ژینگەکەیان وەرگرن.
٤. ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوە، گرنگی بدەن بە پاراستنی دابونەریت و بەها کوردەواریەکان و، گەشەیان پێبدەن بە پێی پێویستی و گۆڕانکاریەکانی ژیانی سەردەم.
٥. خێزانەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە گرنگیی زیاتر بدەن بە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری و ئازادی هەڵبژاردن، لە هەمانکاتدا گەنجەکان ڕەچاوی باری خێزانی و گەورە و بچوکی و بڕیارەکانی خێزان بکەن، بۆ دروستکرنی خێزانێکی بەهێز و پەروەردەیەکی تەندروست.
٦. ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوە پەرە بە پەیوەندیە خزمایەتیەکان بدەن، وەک پەیوەندیەکی ئامادەی پێویست، دوور لە دەمارگیری و، هەروەها خزم خزمێنە تێکەڵی کاروباری کارگێریی فەرمانگەکان نەکرێت.
٧. ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوە بەشداری سیاسیی کارایان هەبێت، بۆ پەرەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی.
٨. ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوە پابەندی یاسافەرمیەکان بن، لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکان و سەروەربوونی یاسا لە کۆمەڵگاکەدا.
٩. ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوە، پەرە بە ڕای گشتی کۆمەڵگاکەیان بدەن، وەک ئامرازێکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی.
١٠. حزب و خێڵ و سەرۆک خێڵەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە، دەست نەخەنە کاروباری کارگێڕیی حکومەتەوە، زیاتر هەوڵی ئاشتەوایی و پێکەوە ژیان بدەن.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان

**أ) کتێب**


١. ا.م.مینتیشاشفیلی، کورد(کورتەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی-ئابووری، رۆشنبیری و گوزەران)، و: عیزەدین مستەفا رەسوول،دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوی موکریانی،چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨

٢. احسان محمد الحسن، کۆمەڵناسیی ئابووری، و: فەیسەل عەلی، چاپخانەی پەنجەرە، تاران،٢٠١٥

٣. ئی.ئار.لیچ، رەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردی رەواندز، و:عەزیز گەردی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٥

٤. ئیبراهیم ناصر، زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی، و: دانا نادر محەمەد، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەژار موکریانی، چاپخانەی چوارچرا، هەڵەبجە،٢٠١٣

٥. ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، و: دانا مەلا حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢

٦. ئیڤانز پریتچارد، ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، و: دیار عەزیز شەریف، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپخانەی تیشک، هەولێر، ٢٠٠٨

٧. ئەحمەد نەقیب زادە، پێشەکیەک لەسەر کۆمەڵناسیی سیاسی، و: مەسعود رەواندووست، دەزگای توێژینەوەوبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧

٨. ئەنتۆنی گیدنز، کۆمەڵناسی، و:حەسەن ئەحمەد مستەفا، دەزگای وەرگێران، هەولێر،٢٠٠٩

٩. ئەی.ئەی.ترۆبۆرست، ئەنترۆپۆلۆژی سیاسی، و: خەلیل محەمەد شلَماشی، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی،٢٠٠٢

١٠. برنهارد شیفەرس، بنەماکانی کۆمەڵناسی لاوان،و: یووسف فەقێهی، خانەی وەرگێران،هەولێر، ٢٠٠٨

١١. بروس کوهین،سەرەتایەک بۆ کۆمەڵناسی،و: هێمن شەریف،خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا،سلێمانی،٢٠١٠

١٢. برۆس کۆهین،بنەماکانی کۆمەڵناسی،و: چەکۆ ئەحمەدی،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات،هەولێر، ٢٠١٤

١٣. بەدرخان سندی، کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی رۆژهەڵاتناسیدا، و: ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک،٢٠٠٨

١٤. پەیتەر کلۆس، ئەنترۆپۆلۆژی کلتوری، و: خلیل محمد شلماسی، چاپخانەی بەدرخان، سلیمانی، ٢٠٠٢

١٥. تاهیر حەسۆ زێباری، محەمەد حوسێن شوانی، دەروازەیەک بۆکۆمەڵناسی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ، ٢٠١٣

١٦.تۆمابوا، ژیانی کوردەواری، و: حمە سعید حمەکریم، بەڕێوەبەرێتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٨٠

١٧.جاسم محەمەد محەمەد عەلی، رۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٨

١٨.جۆرج بالاندیێ،ئەنترۆپۆلۆجیای سیاسی،و:بەهزاد حەویزی،خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە،هەولێر،٢٠١٤

١٩.جەبار قادر ئەحمەد، کولتوور و سیاسەت-رەهەندەکانی گۆڕانی کولتووری لە سیستەمی سیاسیدا، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان دەروونناسانی کوردستان، هەولێر،٢٠١٥

٢٠.چنار سەعد عەبدوڵا، پەروەردە و نەتەوایەتی- لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆجیی مێژووییە لە هەرێمی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠

٢١.حسێن حوزنی موکریانی، میرانی بابان، بێ چاپخانە، هەولێر، ١٩٦٠

٢٢.خالید قادر،ناساندنی شاری رانیە و دەرخستنی بەشێک لە مێژووی کۆن و نوێی،چاپخانەی سەردەم،سلێمانی،بێ ساڵ

٢٣.خلیل ئیسماعیل محەمەد، رۆڵی رەهەندی نەتەوەیی لە گۆڕینی سنوری کارگێریی پارێزگای کەرکوک، و:جەزا تۆفیق تالیب، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥

٢٤.خەبات عەبدوڵڵا، جیۆمۆرفۆلۆجیای کوردستانی باشور، بنەما تیۆریەکانی جوگرافیای عەسکەریی کوردستانی باشور، سلێمانی، ٢٠٠٥

٢٥.داریوش ئاشوری، چەمک و پێناسەی فەرهەنگ(کولتوور)، و: ئیبراهیم حەسەن پور، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣

٢٦.دانیال ل.پاڵس، حەوت تیۆریی دەربارەی ئاین، و: ئاوات ئەحمەد، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری وسیاسی، چاپخانەی کۆمپانیای نێوەند، سلێمانی،٢٠٠٧
٢٧.دانیال هیرڤیۆ لیژێ و ئەوانیتر، ئاین چییە؟ بە کوردیکردن و لێکدانەوەی: عادل باخەوان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨
٢٨.ڕێبوار کەریم مەحمود، پارتە سیاسیەکان و ڕای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩
٢٩.ڕێبین ڕەسوڵ و دیار عەزیز،ئەنترۆپۆلۆژیا-لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین، هەولێر، ٢٠٠٤
٣٠.ڕەسول بۆسکێنی، شانشینەکانی زاگرۆز(کوردستان)، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی،٢٠١٩
٣١.ڕەشاد میران، چەند بابەتێکی ئیتنۆ-کۆمەڵایەتی،بەرگی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی،هەولێر،٢٠١٠
٣٢.ساکار محمد حسن گەردی، ڕۆڵی دانەوێڵە لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠١٠
٣٣.سڤین ئێریک لیدمان، مێژووی بیروباوەڕی سیاسی، و: عەلاء نووری و دلێر میرزا، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپخانەی چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٤
٣٤.سەمیر ئیبراهیم حەسەن، کولتوور و کۆمەڵگە، و: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە،چاپخانەی ئازاد هەورامی،کەرکوک،٢٠١١
٣٥.شیروان عومەر ڕەشید، بنەماکانی جزگرافیای سروشتی و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٧
٣٦.عامر حسین فیاض، ڕای گشتی، و: ئاکۆ فاتیح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨
٣٧.عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح، بیرەوەریەکانی ئەحمەدی حەمەئاغای پشدەر، چاپخانەی ئازاد، سلێمانی،٢٠٠١
٣٨.عدنان السید الحسن، جیۆگرافیای (ئابوری-دانیشتوان)ی جیهانی هاوچەرخ، و: فەرمان عبدالرحمن و: محمد فاتح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٢
٣٩.عبدالعزیز علی خزاعلە و ئەوانیتر، دەروازەی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: توانا فریدون، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی مێخەک، بێ شوێن، ٢٠١٨
٤٠.عەبدوڵڵا غەفور، کورد-لێکۆڵینەوەیەک لە کولتووری ماددی سەردەمدا،بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی،هەولێر،٢٠١١
٤١.فاضل قەرەداغی، چیرۆکی شمشارە، باسێکی مێژوویی کۆنی شمشارەی دەشتی ڕانیە، مەڵبەندی کۆمپیوتەری ئێکسڵ، سلێمانی، ١٩٩٦
٤٢.فوئاد بەعلی، ئیبن خەلدون و کۆمەڵناسیی نوێ-لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری، و: زیرەک ئەحمەد و سنور عەبدوڵڵا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر،٢٠٠٦
٤٣.فەخرەدین ئامێدیان، فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی، ناوەندی چاپی شەمیم،سنە،٢٠١٣
٤٤.فەریدون کاکەیی، داهات و ئەمنی ئاو لە هەرێمی کوردستان، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی، سلێمانی،٢٠٠١
٤٥.قەیس ئەلنوری، ئەنترۆپۆلۆژیا چی یە؟ و: سۆران قادر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی، ٢٠٠٦
٤٦.کامەران بابان زادە، میرنیشنی سۆران، بێ چاپخانە، هەولێر، ١٩٩٨
٤٧.کامەران تاهیر سەعید، کۆیە-لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی،مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٨
٤٨.کامەران ئەحمەد حەمە، سەرەتایەک لە: مێژووی ئابووری و بیری ئابووری، چاپخانەی ژیار، سلێمانی، ٢٠١٤
٤٩.کاویس قەفتان، چەند توێژینەوەیەک لە مێژووی میرنشینی بابان و سۆران و بۆتان، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی، ٢٠٠٦
٥٠.کلۆدیۆس جێمس ڕیچ، گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان١٨٢٠، و: محەمەد حەمەباقی، بێ چاپخانە، ئێران، تەورێز، ١٩٩٢
٥١.کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی،ژمارە ٣، و:سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر، ١٩٩٧،
٥٢.گۆران ئیبراهیم صالح، کەرکوک لەسەر دەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە نێوان ساڵانی ١٨٧٦-١٩٠٩، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٦

٥٣.لەیلا محمد قارەمان، خاکی هەرێمی کوردستان، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٩
٥٤.محمد شاکەلی، لە لادێوە بۆ شار، لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی کۆچی گوندنشینەکانی کوردستان بەرەو شارەکان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، بێ شوێن، ٢٠٠٦
٥٥.محمد شوانی، سەرەتایەک بۆ توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، کتێخانەی فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٥
٥٦.محەمەد شوانی، بنچینەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی، بەرگی ١، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان، بێ چاپخانە و شوێن، ٢٠١٧
٥٧.مراد حکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لە سەردەمی بەعسدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠٤
٥٨.مستەفا تیلیون، دەروازەیەکی گشتی لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژیاوە، و: نادیە وەلی جەبار، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٦
٥٩. معن خلیل، ڕەخنەی هزری کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ، و:شەهلا وەلی جەبار، پرۆژەی هاوبەشی دەزگای موکریانی و کۆمەڵەی کۆمەڵناسان، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩
٦٠.ملیحة عونی القصیر و صبیح عبدالمنعم احمد، سۆسیۆلۆژیای خێزان، و: صابر بکر بۆکانی، سەنتەری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و تاوان، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠٢
٦١.میشێل مالروب، مرۆڤ و ئاینەکان-ڕۆڵی ئاین لە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیدا، و: هیوا مەلا عەلی سورەدێیی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر،٢٠٠٦
٦٢.مینۆرسکی، کورد، و: حەمەسعید حەمەکریم، بەڕێوەبەرێتی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٣
٦٣.مەجدەدین عومەر خەیری خەمەش، کۆمەڵناسی بابەت و میتۆد، و:عبداللە خورشید و ئەوانیتر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢
٦٤.مەعن خەلیل عومەر، ڕێبازەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، و: زیرەک ئەحمەد ڕەحمان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١١
٦٥.مەعن خەلیل، کۆمەڵناسی خێزان،و:ئارام ئەمین جەلال، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی،هەولێر،٢٠٠٧
٦٦.مەنسور وسووقی و عەلی ئەکبەر نیک خولق، بنەماکانی کۆمەڵناسی، و: سیروان محمد حاجی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣
٦٧.مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و: ڕێبوار سیوەیلی و ئەوانیتر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧
٦٨.مەنوچێهر موحسنی، کۆمەڵناسیی گشتی- بەرگی یەکەم، و: موسڵح ئیروانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥
٦٩.مەیجەر نوئێل، یاداشتەکانی مەیجەر نوئێل لە کوردستاندا، و: حسێن احمد جاف و حسین عثمان نێرکسەجاڕی، مطبعة أوفسیت حسام، بغداد، ١٩٨٤
٧٠.نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین؛چەندبابەتێکی کۆمەڵناسی، کتێبی یەکەم- بەرگی دوەم، الدار العربیة للعلوم ناشرون، لبنان، ٢٠١٥
٧١. هاوڕێ یاسین محمدامین، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق،چاپخانەی غەزەلنوس، سلێمانی، ٢٠١١
٧٢.هینی هارۆلد هالسن، ژیانی ئافرەتی کورد، و: عەزیز گەردی،چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق-دەستەی کورد، بەغداد،١٩٨٣
٧٣.هەردی مەهدی میکە، پەروەردە و کارتێکەرەکانی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک، ٢٠١٢
٧٤.ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی،جوگرافیای کەش و ئاووهەوا-بەرگی١،دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی،سلێمانی، ٢٠٠٧
٧٥.ئاوێستا خالید محمد و هاوار تاهیر کەریم، ئەتڵەسی پارێزگای سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی
٧٦.یورگین لیسیۆ، خشتەکانی شمشارە-ڕاپۆرتێکی سەرەتایی، و:عەزیز گەردی، لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانەدەر،هەولێر،١٩٩٨

**ب) توێژینەوەی ماستەر و دکتۆرا**

١. ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا، ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) لەباشوری کوردستان-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨
٢. ئارام علی فرج، بونیاد و کردار وەک دوو ئاستی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسیدا، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، سکولی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣
٣. پشتیوان شەفیق ئەحمەد، شیکردنەوەیەکی شوێنی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای ڕانیە (١٩٥٧-٢٠٠٦)، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٩
٤. پێشرەو سەمەد تۆفیق، شیکردنەوەیەکی شوێنی دانیشتوانی شاری ڕانیە، نامەی ماستەر،بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٩
٥. توانا عثمان محمدامین، ڕۆڵی بەها کۆمەڵایەتیەکان لە ڕێکخستنی کۆمەڵگادا، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٧
٦. دلێر خالید حسن، سامانی ئاژەل لە پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر،بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٧
٧. سیروان محمد مهدی، شیکردنەوەی شوێنیی نشینگە دێهاتیەکانی قەزای ڕانیە و ڕەهەندەکانی پەرەپێدانیان، نامەی ماستەر،بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٧
٨. عزەت فتاح حمەصالح، ژیانی کۆمەڵایەتیی هەورامان،توێژینەوەیەکی سۆسیۆ ئەنترۆپۆلۆجی یە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٥
٩. فەرمان فارس طاهر، کاریگەریی داب و نەریت لەسەر پەیرەوکردنی یاسا، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٧
١٠. محمد علی قادر، نواندنی کارتۆگرافیی تایبەتمەندیە سروشتیەکانی قەزای ڕانیە بە بەکارهێنانی (GIS)و(RS)، نامەی ماستەر،بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣
١١. مقداد حسن عبدالقادر، شاری کەلار(لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار)، نامەی ماستەر،بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤
١٢. هانا عەلی حەمە، ڕانیە ١٩٥٨-١٩٩١ توێژینەوەیەکی مێژوویە لە بارودۆخی(سیاسی، کارگێری، کۆمەڵایەتی،ڕۆشنبیری، ئابووری)، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٦
١٣. هیوا مەجید خەلیل، کاریگەریی ڕای گشتی لەسەر دەسەلاتی سیاسی-لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیە، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی یاسا و ڕامیاری، زانکۆی سەلاحەدین،٢٠٠٨

**ج) گۆڤار**

١. ئیبراهیم بالیسانی، سەربردەی ڕانیە و دەوروبەری، گۆڤاری ڕوانین،ژ٥، ڕانیە،١٩٩٩
٢. بێستون احمد حسین، دیاریکردنی ناوچەی بازرگانیی سەنتەری شاری ڕانیە(لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ، ژ١١، ٢٠١٧
٣. پشتیوان شەفیق ئەحمەد، ڕەهەندی جوگرافیای قەزای ڕانیە، گۆڤاری ستاندارد،هەولێر، ژ١٤، ٢٠٠٧
٤. حەوێز سەعدی، تەلارسازی لە ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە، ژ١٨، ڕانیە، ٢٠٠٦
٥. خالید قادر و هێرش رسول، چاوپێکەوتن لەگەل برایم بەگ، گۆڤاری ڕانیە، ژ٦، ڕانیە، ٢٠٠٣
٦. خلیل علی، مێژووی شاری ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە، ژ١٩، ڕانیە، ٢٠٠٧
٧. خەلیل عەلی، گوڵەکانی کێوەڕەش(بە وێنەوە)، گۆڤاری ڕانیە، ژ٢٢، ڕانیە، ٢٠٠٧
٨. سەباح مەرگەیی، هەندی زانیاری سەبارەت بە فەرمانگەی ئاو لە ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە،ژ٢، ڕانیە، ٢٠٠٣
٩. عبدالرقیب یوسف، هەگبەی زانیاریەکانی لەبارەی ڕانیەوە، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە٢١، ڕانیە، ٢٠٠٧
١٠. کامەران بابان زادە، دەربەندی ڕانیە و چەند ئاماژەیەکی مێژوویی، گۆڤاری زنار، ژ٢٨، ڕانیە، ٢٠٠٩
١١. کامەران بابان زادە، سەرەتایەک بۆ مێژووی ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە،ژ٧، ڕانیە،٢٠٠٤

١٢.كـامەران طـاهر سـعيد و ڕێبـين ڕۆسـتەم ڕەسـوڵ، گەشـەی دانیشـتوانی شـاری ڕانـیە لە نێـوان سـاڵانی (١٩٨٧-٢٠١٢)،گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین،ژ١٠، ٢٠١٦
١٣.کامەران عەبدە ساڵح، شەوانی ڕانیە و یاریە فۆلکلۆریەکان، گۆڤاری ڕانیە، ژ٩، ڕانیە، ٢٠٠٤
١٤.لەیلا محمد قارەمان، بەرهەمی کشتوکاڵ لە دەشتی بیتوێن، گۆڤاری سـەنتەری برایەتـی، ژ٢٢، چاپخـانەی وەزارەتـی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠
١٥.محمد وتمان محمد، دیاریکردنی شاری ڕانیە بەپێی بیردۆزەی خاڵی پچراندن،گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ١٠، ٢٠١٧
١٦.محمد ئەمین عارف، ڕانیە لە چاویلکەی مێژوودا، گۆڤاری ڕانیە، ژ٤،ڕانیە، ٢٠٠٣
١٧.هـێمن عەبـدوڵڵا،ڕێ و ڕەسـم و داب و دەسـتووری ژنهێنـان لە ڕانـیە و دەوروبەری لە کۆنـدا،گۆڤاری ڕانـیە، ژ٦، ڕانیە،٢٠٠٣
١٨.هەڵوێست، جۆرەکانی شایی لە ڕانیە و دەوروبەریدا، گۆڤاری ڕانیە، ژ١٣، ڕانیە، ٢٠٠٤

**د) دامەزراوەی حکومی**

١. ئیدارەی ڕاپەڕین، ژووری خۆیی و کارگێڕی
٢. بەڕێوبەرایەتیی باجی خانوبەرەی ڕاپەڕین، ئاماری پیشەیی ٢٠١٨
٣. بەڕێوەبەرایەتیی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاوبانی ڕاپەڕین، ژوری تکنیکی
٤. بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشـی ئـاودێری، بەشـی پلاندانان، ژووری زەوی و زار، ژووری سامانی ئـاژەڵ، ویستگەی کەشناسی
٥. بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی ڕاپەڕین، ئاماری شوێنە ئاینیەکان لە ساڵی ٢٠١٩
٦. بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری ڕاپەڕین، ئاماری شوێنە گەشتیارەیەکان
٧. بەڕێوەبەرایەتیی ئامـاری سلێمـــانی، بەشـی GIS، زانیـاری دەربـارەی ڕووبەرو یەکە کارگێڕیەکـانی قەزای ڕانیە، بەشی شیکاری زانیاری، بەشی ئاماری پیشەسازی، بەشی ئاماری کشتوکالی
٨. دادگای بەرایی ڕانیە، ئاماری هاوسەرگیریی ٢٠١٨، ژووری ژمارە ٩ ، ١٤
٩. سـەرۆکایەتیی شـارەوانیی ڕانیە ، بەشـی هونەری، نەخشـەی بنەڕەتیـی شـاری ڕانـیە، پلان و بەدواداچوون، خشتەی پێکهاتەی زانیاریەکانی گەڕەکەکانی ڕانیە بۆ سالی ٢٠١٨، بەشی زەوی
١٠.فەرمانگەی باجی خانووبەرەی ڕاپەڕین، ئاماری پیشەیی ساڵی ٢٠١٨
١١.فەرمانگەی ئاماری ڕانیە، ژمـارەی دانیشـتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین بە پێـی نـاحیە و قەزا بۆ سـالی ٢٠٠٩، وە پیشبینی گەشەی دانیشتوان بۆ ساڵی ٢٠٢٠، ٢٠١٨
١٢.قایمقامیەتی قەزای ڕانیە، بەشی خۆراکی ڕانیە، پسوڵەی خۆراکی ٢٠١٨
١٣.زانکۆی ڕاپەڕین، ویستگەی کەشناسیی.

## دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان

**أ) کتێب**

١. ابراهيم ابراش، المنهج العيلمي وتطبيقاته فی العلوم الاجتماعيه، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٨
٢. ابراهيم عثمان، مقدمة فی علم الاجتماع، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٩
٣. احسان محمد الحسن، البناء الاجتماعی و الطبقية، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت،١٩٨٥
٤. احسان محمد الحسن، مناهج البحث الاجتماعی، دار الوائل للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٠٥
٥. احمـد ابـو زيـد، البنـاء الاجتمـاعی-مـدخل لدراسـة المجتمـع-الانسـاق، الهيئـة المصـرية العامـة للكتـاب فـرع الاسكندريه،١٩٧٩
٦. احمد بدر، اصول البحث العلمی و منهاجه، الكويت، دار القلم، ١٩٨٢
٧. احمد حبيب، الموارد الاقتصاديه، جامعة بغداد، العراق، ١٩٨١
٨. احمد ذكی بدوی، معجم مصطلحات علوم الاجتماعية(ئينجليزی-فرنسی،عربی)، مكتبه لبنان للنشر، لبنان، ١٩٨٢

٩. اسماعيل عبدالرحمن و حربى عريقات، مفاهم و نظم اقتصادية، دار الوائل للنشر، اردن،٢٠٠٤
١٠. ايكه هولتكرانس، قاموس مصطلحات اثنولوجيا والفولكلور، ت: محمد جوهرى و حسن الشامى، الهيئة العامة لقصور الثقافه، مصر، بدون السنه الطبع
١١. جان بول وليم، الأديان فى علم الاجتماع، ت: بسمة بدران،مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠١
١٢. جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكية للامن القومى فى اقلم كردستان، مركز للدراسات الاستراتيجية، السليمانية،٢٠٠٥
١٣. جمال بابان، اصول اسما والمدن والمواقع العراقية، ج١، مطبعة اجيال، بغداد، ١٩٨٩
١٤. حسن ابوزيد، مدخل الى الانثروبولوجيا، جامعة ملك فيصل، سعوديه، ١٤٣٣هـ
١٥. حسن شحاتة، اسس علم الاجتماع، دار النهضه العربية، القاهرة، ١٩٧٦
١٦. حسين عبدالحميد احمد رشوان، الانثروبولوجيا الاجتماعيه فى مجالين النظرى والتطبيقى، المكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية، ٢٠١٠
١٧. خليل اسماعيل محمد، اربيل دراسات ديموغرافية- اقتصادية، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل،٢٠٠٣
١٨. خليل اسماعيل محمد، القضية الكردية فى العراق وجود ام حدود، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠٠٦
١٩. دبليو.ار.هي، سنتان في كردستان ١٩١٨-١٩٢٠، ج١، ترجمة: فؤاد جميل،دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٣
٢٠. دنيس كوش، مفهوم الثثقافة فى العلوم الاجتماعيه، ت: منير السعيدانى،المنظمة العربية للترجمة، بيروت ٢٠٠٧
٢١. دينكن ميشيل ، معجم علم الاجتماع، ت: احسان محمد الحسن، مطبعة الحريه، بغداد،١٩٨٠
٢٢. ر.بودون و ف. بوريكو، المعجم النقدى لعلم الاجتماع، ت: سليم حداد، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوضيع، بيروت، ط٢، ٢٠٠٧
٢٣. ربحى مصطفى عليان و عثمان محمد غنيم، مناهج واساليب البحث العلمى، دار الصفا للنشر والتوزيع،عمان،٢٠٠٠
٢٤. زيدان عبالباقى، علم الاجتماع المهنى، دار الفكر العربى،مطبعة السعادة، القاهره، ١٩٧٦
٢٥. زين الدين عبدالمقصود، البيئة والانسان، منشأ المعارف، الاسكندرية، ١٩٩٧
٢٦. سلوى عبدالحميد الخطيب، نظرة فى علم الاجتماع الاسرى، مكتبة الشقرى، الرياض،٢٠٠٧
٢٧. السيد عبدالعاطى السيد، الايكولوجيا الاجتماعيه، دارالمعرفةالجامعية، الاسكندرية،١٩٨٥
٢٨. السيد محمد البدوى، علم الاجتماع الاقتصادى، دار المعرفه الجامعية، الاسكندرية، مصر،١٩٨٣
٢٩. السيد محمد البدوى، فى علم الاجتماع الاقتصادى، دار المعرفه الجامعية، الاسكندرية، مصر،١٩٨٦
٣٠. شارلوت سيمور- سميث، موسوعة علم الانسان، المفاهيم والمصطلحات الانثروبولوجية، ت: علياء شكرى واخرون باشراف محمد الجوهرى، المركز القومى للترجمة، القاهرة، ٢٠٠٩
٣١. شاكر خصباك، العراق الشمالى- دراسة للنواحى الطبيعية والبشرية، مطبعة الشفيق، بغداد،١٩٨٣
٣٢. شاكر مصطفى سليم، المدخل الى الانثروبولوجيا، مطبعة العانى، بغداد، ١٩٧٥
٣٣. شاكر مصطفى سليم، قاموس الانثروبولوجيا، جامعة الكويت، ١٩٨١
٣٤. عاطف وصفى، الانثروبولوجيا الثقافية، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت،١٩٧١
٣٥. عباس فاضل السعدى، منطقه الزاب الصغير العراق، مطبعة السعد، بغداد، ١٩٧٦
٣٦. عبالمنعم السيد على، مدخل فى علم الاقتصاد، الجامعة المستنصرية، بغداد، ١٩٨٤،ص١٠
٣٧. عبد على سلمان،الانثروبولوجيا الاجتماعيه،وزارة التعلم العالى والبحث العلمى،جامعة صلاح الدين،بدون سنة الطبع
٣٨. عبد على مالكى، المدخل الى الانثروبولوجيا الاجتماعيه، دار نيبور، بغداد، ٢٠١٤
٣٩. عبدالباسط محمد الحسن، أصول البحث الاجتماعى، مكتبة الانجلوالمصريه، القاهره،١٩٧١
٤٠. عبدالرحمن بدوى، مناهج البحث العلمى، وكالة المطبوعات، الكويت، ١٩٩٧
٤١. عبدالرزاق عياس حسين، جغرافية المدن، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٧٧
٤٢. عبدالغنى عماد، سوسيولوجيا الثقافة-المفاهم والاشكاليات...من الحاثة الى العولمة، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٦
٤٣. عبدالله بن عبدالعزيز مصلح، قيود الملكية الخاصة، مؤسسة الرسالة بيروت، سوريا، ١٩٨٨

٤٤. عبدالله محمد عبدالرحمن، علم الاجتماع الصناعى، دار النهضه العربية للطباع والنشر، بيروت، ١٩٩٩
٤٥. علاءالدين جاسم البياتى، البناء الاجتماعى والتغير فى المجتمع الريفى، مؤسسةالعلمى/بيروت-دارالتربيه/بغداد، ١٩٧٥
٤٦. علاءالدين جاسم البياتى، علم الاجتماع بين النظرية والتطبيق، دار التربية، بغداد،١٩٧٥
٤٧. على عبدالرزاق جلبى، دراسات فى المجتمع والثقافة والشخصية، دار النهضة العربية للطباعة والنشر والتوضيع، لبنان-بيروت، ١٩٨٤
٤٨. على وهب، جغرافية الاقتصاد الزراعى، المؤسسة الجامعية لدراسات، لبنان، ١٩٨٧
٤٩. علياء شكرى، اتجاهات معاصرة فى دراسة الاسرة، دار المعارف، قاهرة، ١٩٨٢
٥٠. عيسى الشماس، مدخل الى علم الانسان، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق،٢٠٠٤
٥١. فاتن محمد شريف،الأسرة والقرابة-دراسات فى الأنثروبولوجيا الاجتماعية،دار الوفا لدينا الطباعة والنشر،الاسكندرية،٢٠٠٦
٥٢. فاروق احمد مصطفى و محمد عباس ابراهيم، المناهج الأنثروبولوجية و تطبيقاتها الميدانية، دار المعرفة الجامعية الأسكندرية، مصر، ٢٠١٠
٥٣. قباري محمد اسماعيل، الانثروبولوجيا العامة، دارالمعرفة، الاسكندرية، ١٩٧٣
٥٤. قيس النورى، الانثروبولوجيا الاقتصادية، وزارة التعليم العالى والبحث العلمى،مطبعة التعليم العالى فى الموصل،١٩٨٣
٥٥. قيس النورى، المدخل الى علم الانسان، وزارة تعليم العالى والبحث العلمى، بغداد،١٩٨٢
٥٦. كلايد كلوكهون، الانسان فى المراة، ت: شاكر مصطفى سليم، بغداد، ١٩٦٤
٥٧. لوسى مير، مقدمة فى الانثروبولوجيا الاجتماعية،ت: شاكر مصطفى سليم، دار الحرية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٣
٥٨. محمد ازهر السماك و اخرون، استخدامات الأرض بين اللنطرية والتطبيق، مطبعة جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٤
٥٩. محمد الجوهرى و علياء شكرى،مقدمة فى دراسة الانثروبولوجيا،بدون مكان الطبع،القاهرة،٢٠٠٧
٦٠. محمد الجوهري واخرون، الأنثروبولوجيا الاجتماعية، دارالمعرفه الجامعة الأسكندرية، مصر، ٢٠٠٤
٦١. محمد الخطيب،الاثنولوجيا،دراسة عن المجتمعات البدائية،دار علاءالدين للنشر والتوزيع والترجمة، سوريا، دمشق، ٢٠٠٩
٦٢. محمد الخطيب، الأنثروبولوجيا الاجتماعية، دار علاءالدين للنشر والتوزيع والترجمة،٢٠٠٨
٦٣. محمد بن احمودة، الأنثروبولوجيا البنيوية-أو حق الاختلاف من خلال ابحاث ك.ل.ستراوس، دار محمد على الحامى للنشر، تونس، ١٩٨٧
٦٤. محمد عبدالحميد، البحث العلمي في دراسات الاعلامية، عالم الكتب، القاهرة، ٢٠٠٠
٦٥. محمد عبدالعبود مرسى، الانثروبولوجيا العامة، دار المعرفه الجامعية، مصر، الاسكندرية، ١٩٨٩
٦٦. محمد عبده محبوب،طرق البحث الانثروبولوجى-النسق القرابى،دار المعرفية الجامعية،الاسكندرية،١٩٨٥
٦٧. محمد عبده محجوب،مقدمة فى الاتجاه السوسيو الأنثروبولوجى،الهيئة المصرية للكتاب،الأسكندرية، ١٩٧٧
٦٨. محمد على حنبوله، الوظيفة الاجتماعية للملكية الخاصه، بدون مطبعة النشر، القاهره،١٩٧٤
٦٩. محمد منير حجاب، الاعلام السياحى، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهره، ٢٠٠٣
٧٠. محمد هادى الدفتر و عبدالله الحسن، العراق الشمالى، مطبعة النهار، بغداد، ١٩٥٨
٧١. محمد يسرى ابراهيم دعبس، الثقافه واالشخصية، الملتقى المصرى للابداع والتنميه، اسكندريه، ١٩٩٣
٧٢. محمود السعران، اللغة والمجتمع رأى ومنهج، دار المعارف، الاسكندرية، ١٩٦٣
٧٣. معن خليل عمر، علم الاجتماع الفن، دارالشروق، الاردن -عمان، ٢٠٠٠
٧٤. مليحة عوني قصير و معن خليل عمر، مدخل الى علم الاجتماع، وزارة تعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، ١٩٨١
٧٥. مها محمد فوزى معاذ، الانثروبولوجيا اللغوى، دارالمعرفة الجامعية، الاسكندرية،٢٠١١
٧٦. موفق الحمدانى واخرون، مناهج البحث العلمى، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، اردن،٢٠٠٦
٧٧. ناريمان يونس لهلوب،استراتيجية البحث الاجتماعى(الاثنوغرافيا)،دار الاسامة للنشر والتوزيع،عمان،٢٠١١
٧٨. نعمان شحادة، علم المناخ، دارالصفاء للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٩
٧٩. هنرى فيلد، جنوب كردستان-دراسة انثروبولوجية، ت: جرجيس فتح الله، دار اراس،اربيل،٢٠٠١
٨٠. وفيق حسين الخشاب واخرون، الموارد الطبيعيه، دار الحريه، بغداد، ١٩٧٦
٨١. يحيى مرسى عيد بدر،أصول علم الانسان،الجزء الاول،دار الوفاءلدينا الطباعة والنشر والتوزيع،الاسكندريه،٢٠٠٧

**ب) توێژینەوەی ماستەر و دکتۆرا**

١. حسين محمد عيدان، الخدمات التعليمية في مدينة رانية-محافظه السلێمانية-العراق، رسالة ماجستير،غير منشورة، كلية اداب، جامعة المنصورة، مصر،٢٠١٥
٢. عدى بجاى شبيب، هور الحمار-دراسة سوسيوانثروبولوجية ١٩٩٢-٢٠٠٦، رسالة ماجستير، غير المنشورة، كلية الاداب، جامعة بغداد،٢٠٠٧
٣. عزت فتاح حەصالح، ابلاخ-دراسة انثروبولوجية، رسالة دكتورا، غير النشورة،كلية علوم الانسانية،جامعة السليمانية،٢٠١٢
٤. محمد جاسم العبادى، قلعة صالح-دراسة انثروبولوجية اجتماعية،اطروحه دكتۆرا، كلية اداب، جامعة بغداد،٢٠١٠
٥. محمد مصطفى احمد، بيارە-دراسة سوسيوأنثروبولوجية، رسالة الماجستير، غير المنشورة، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٤
٦. هەلەت رشيد عبدالله، علاقة المناخ بانتاج التبغ فى المحافظة السليمانية، رسالة الماجستير، غير المنشورة، كلية التربية، جامعة الموصل، ٢٠٠٦
٧. يحيى خيرالله عودة، التغير البنائى فى مدينة الصدر-دراسة انثروبولوجية-ميدانيه،رسالة ماجستير، غير المنشورة، كلية الاداب، جامعة بغداد، ٢٠٠٥

**ج) دامەزراوەی حکومی**

١. مديرية الاحصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنى الخدمية وارتكازية لاقليم كردستان العراق، لسنة ٢٠٠٢، جدول رقم ١
٢. وزارة التخطيط، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظه السليمانية، مطبعة الجهاز المركزى للاحصاء، بغداد، ١٩٨٧، جدول رقم٢٢١
٣. وزارة التخطيط، نتائج ترقيم لمبانى و حصرى لسكان لسنة ١٩٧٧، محافظه السليمانية، مطبعة الجهاز المركزى للاحصاء، بغداد، ١٩٧٧، جدول رقم ١

## سێیەم: سەرچاوە فارسیەکان

**کتێب**

١. احمد گل محمدى، جهانى شدن- فرهنگ-هويت،نش نى، تهران، ١٣٨١
٢. باقر ساروخانى، مقدمه‌اى بر جامعه‌شناسى خانواده، نشر سروش، تهران، ١٣٨٥
٣. برونيسلاو مالينوفسكى،نظريه‌اى علمى درباره فرهنگ،ت:عبدالحمد زرين قلم،نشر گام نو، تهران، ١٣٧٨
٤. حميد عضدانلو، اشنايى با مفاهم اساسى جامعشناسى،نشر نى، تهران، ١٣٨٦
٥. داغستان سعيد، جازبه‌هاى كردشگرى، انتشارات مهكامه، تهران، ١٣٩١
٦. دانيل بيتس و فرد پلاگ، انسانشناسى فرهنگى، ت: محسن ثلاثى،انتشارات علمى و فرهنگى،تهران، ١٣٧٥
٧. فرانتس پوآز، مردمشناسى هنر(هنر ابتدائى)، ت: جلال الدين رفيع فر، نشر گل آذين، تهران، ١٣٩١
٨. كلود ريوير، در امدى بر انسان شناسى، ت: ناصر فكوهى، نشر نى، ١٣٧٩
٩. كنت وات، مبانى محيط زيست، ت: عبدالمحسن وهاب زاده،جهاد دانشگايى مشهد،١٣٦٤
١٠. كنراد فيليپ كتاک، انسان شناسى، كشف تفاوت هاى انسانى، ترجمه: محسن ثلاثى، انتشارات علمى، تهران، ١٣٨٦
١١. محمود روح الامينى، مبانى انسان شناسى، تهران، عطار، ١٣٧٢
١٢. ناصر فكوهى، پاره‌هاى انسانشناسى، نشر نى، تهران،١٣٨٥
١٣. ناصر فكوهى، تاريخ انديشه و نظريه‌هاى انسان شناسى، نشر نى، تهران، ١٣٩٥
١٤. ناصر فكوهى، مبانى انسان شناسى، نشر نى، تهران، ١٣٩٦
١٥. هلن واتسون و سايمن كولمن، درامدى به انسان شناسى، ت:محسن ثلاثى، تهران، علمى، ١٣٨١

## چوارەم:سەرچاوە ئینگلیزیەکان

أ) کتێب


1. A.L.Kroeber, Anthropology, Hardcourt,brace and Company, New York, 1948
2. Antony wallas, Religion: An Anthropological View, McGraw-Hill, New York,1966
3. David H.Olson and John Defarin, Marriages & Families, Published by McGraw-Hill, New York,2006
4. Emile Durkheim, The Dividsion Labour, in Society, The free press, New York,1965.
5. Evans Pritchared, Social Anthropology, cohen and west, London,1964
6. Frantz Fanon,Black Skin-White Masks,T:Charles Lam Markman, Pluto Press, London, 2008
7. J.L.Hanson, A Textbook Of Economics, Macdonald and Evans, London, 1982
8. Mark Q.Sutton and E.N.Anderson, Introduction to Cultral Ecology, AltaMira press, New York, ,2010
9. Nigel Rapport and Joanna Overing, Social and Cultural Anthropology, published in the Taylor & Francis e-Library, London and New York, 2003
10. R.Jon McGree and Richard L.Warms, Anthropological Theory, An intrdoductory history, published by McGraw-Hill,New York,2004
11. Robert McC.Netting, Cultural Ecology, Cummings Pubilishing Company,USA,1977
12. Sara Neena. T.T and N.P.Hafiz Mohamad, Social Anthropology, University of Calicut, India, 2011
13. Serena Nanda and Richard L.Warms. Cultural Anthroplogy, Thomson Higher Education, USA, 9th Editions, 2007
14. William J.Good, Principles of Sociology,New Delhi,Taha,1979

ب) توێژینەوەی ماستەر و دکتۆرا

1. Diary Ali Mohammed Amin,Water resources management in Rania area Sulaimania NE-Iraq, P.H.D,college of science University of Bagdad,2008
2. Salahalddin Ali Saeed, Geology and Hydrogeology of Sharazoor-Piramagroon Basin, Sulaimani area, North Eastern Iraq, P.H.D, college of science University of Beograd,2007


## پێنجەم: ئینتەرنێت


١. ماڵپەڕی www.Krjc.com : هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزراەتی دادوەری، مامەڵەکانی ئەنجامدراو لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان، لە ٢٠١٨/١/٢ – ٢٠١٨/١٢/٣١.
٢. ماڵپەڕی www.khec.krd: کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی


## شەشەم: چاوپێکەوتن

١. ابوبکر محمد ڕسول، چاوپێکەوتن، ئەندازیار و بەرپرسی بەشی دابەشکردن و چاکسازیی لە بەڕێوبەرایەتی ئاوی ڕاپەڕین، لە ٢٠١٩/١/٢٨
٢. اسماعیل محمد علی، چاوپێکەوتن، شارەزای شوێنەوار و مەزارەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/٥
٣. ئارارات احمد، چاوپێکەوتن، شارەزای بواری کەلەپوری ڕانیە، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/٢٦
٤. ئاکۆ خدر حسن، چاوپێکەوتن، مامۆستای ئاینی و شارەزای بواری کۆمەڵایەتیی ڕانیە، ڕانیە، ٢٠١٩/٣/٢٨
٥. ئامینە خدر حسن، چاوپێکەوتن، فرۆشیاری گیا بەهاریەکان، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/٢
٦. ئەیوب ئەحمەد، چاوپێکەوتن پەیکەرساز و مامۆستای هونەرە جوانەکان، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/١٢
٧. جمال رشید حەوێزی، چاوپێکەوتن، مامۆستای خانەنیشین، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/٥.
٨. حبیبە سعید سلێمان، چاوپێکەوتن، بەرگدرووی ژنان، ڕانیە، ٢٠١٩/٥/٤
٩. حسیبە عزیز، چاوپێکەوتن، ژنی ماڵ، ڕانیە، ٢٠٩/٤/٢٧
١٠. حسێن محمود حسێن، چاوپێکەوتن، بەرگدرووی پیاوان، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/٦
١١. خلیل علی، چاوپێکەوتن، نیگارکێش و مامۆستای هونەرە جوانەکان، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/٧
١٢. خیراللە عبداللە، چاوپێکەوتن، شارەزای بواری کۆمەڵایەتیی ڕانیە، ڕانیە، ٢٠١٩/٣/٣
١٣. دڵشاد بکر صالح، چاوپێکەوتن، ئەندازیار لە ئیدارەی ڕاپەڕین، ڕانیە، ٢٠١٩/٢/٢٠
١٤. ڕسوڵ حمە عبدالقادر، چاوپێکەتن، نوسەر و شارەزای بواری کۆمەڵایەتی و کلتوریی ڕانیە،ڕانیە، ٢٠١٩/٤/٣
١٥. ڕسول سعید مولود، چاوپێکەوتن، خانەنیشین و شارەزای بواری کۆمەڵایەتی و کلتوریی ڕانیە، ڕانیە،٢٠١٩/٤/٤
١٦. سامان حاجی سلێمان، چاوپێکەوتن، مامۆستا و شارەزای بواری کۆمەڵایەتی و کلتوریی ڕانیە،ڕانیە، ٢٠١٩/٣/٦
١٧. سەرکەوت بورهان یوسف، چاوپێکەوتن مۆسیقار و مامۆستای هونەرە جوانەکان، ڕانیە، ٢٠١٩/٦/٣
١٨. شکار احمد، چاوپێکەوتن، مامۆستا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/١٥
١٩. عبداللە عمر فرخە، چاوپێکەوتن، مامۆستا و شارەزای زمانی کوردی، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/٧
٢٠. عبداللە مولود عبداللە، چاوپێکەوتن، دوکاندار و فرۆشیاری سەوزە و گیابەهاریەکان، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/١
٢١. عزیز محمود عزیز، چاوپێکەوتن، مامۆستا و شارەزای بواری کۆمەڵایەتیی ڕانیە، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/٥.
٢٢. عمر امین علی، چاوپێکەوتن، نوسەر و شارەزای بواری کۆمەڵایەتی و کلتوریی ڕانیە، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/١١
٢٣. عوسمان محمد، چاوپێکەوتن،جوڵا، ڕانیە، ٢٠١٩/٣/٢
٢٤. فریاد عبدولڕەحمان، چاوپێکەوتن، شانۆکار و دەرهێنەری شانۆیی، ڕانیە،٢٠١٩/٤/١٤
٢٥. کەمال عبداللە رفیق، چاوپێکەوتن، دادوەر، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/٢١
٢٦. لعلی غریب مستەفا، ژنی ماڵ، چاوپێکەوتن، ڕانیە، ٢٠١٩/٣/٢٠
٢٧. مۆفەق حمە مجید، چاوپێکەوتن، شارەزای بواری کۆمەڵایەتیی ڕانیە، ڕانیە، لە ٢٠١٩/٣/٨.
٢٨. نبی غفور نبی، چاوپێکەوتن، مامۆستای ئاینی و شارەزای بواری کۆمەڵایەتیی ڕانیە، ڕانیە، ٢٠١٩/٤/١٠
٢٩. نیازی حمە عزیز، چاوپێکەوتن، نوسەر و شاعیر، ڕانیە، ٢٠١٩/٥/٦
٣٠. وسو خضر وسو، چاوپێکەوتن، دوکاندارێکی کۆنی شەقامی سەید عەلی، ڕانیە، ٢٠١٩/٣/٢٥

# پاشکۆکان

# پاشکۆی (١)

## فەرمانی وزاری کردنەوەی ئیدارەی ڕاپەڕین نیشان دەدات[١]



هەرێمی کوردستان ـ عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەتی ئەنجومەن

اقليم كوردستان العراق
رئاسة مجلس الوزراء
سكرتارية المجلس

Kurdistan Regional Government
Council of Minsters

ژمارە: ١٠٨٤ No:
ڕێکەوت: ٢٨/ گوڵان / ٢٧١١ ی کوردی Date: ٢٠١١/٥/٢

بۆ/ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/دیوان

بابەت/ ئیستحداثکردنی ئیدارەی نوێ

لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی و بەرجەستەکردنی بنەمای لامرکزی ئیداری ودابەزاندنی دەسەلات، ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٢) لە ڕۆژی ٢٠١١/٢/٧ بڕیاریدا بە پەسەندکردنی پێشنیاری ئیستحداث کردنی (سێ) یەکەی ئیداری نوێ بۆ (ڕاپەڕین، هەڵەبجە، سۆران)، وبە نووسراوی ژمارە ١٦٥٠ لە ٢٠١١/٢/٨ داوای کرد لە ئەنجومەنی هەردوو پارێزگای (هەولێر وسلێمانی) بۆ کاری پێویست لەم بارەیەوە بە پێی تایبەتمەندییان.

بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە نووسراویان ژمارە ٣٢٥ لە بەرواری ٢٠١١/٣/٢٨ ڕەزامەندی خۆیان دەربڕیووە سەبارەت بە هەردوو ئیدارەی (ڕاپەڕین، هەڵەبجە)، بفەرموون هاوپێچ گشت بەراییەکانی بابەتەکەتان بۆ دەنێرین بۆ دەرکردنی بڕیاری پێویست لە لایەن بەڕێزتانەوە.


لەگەڵ ڕێزدا

هاوپێچ

- بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە ١٦٥٠ لە ٢٠١١/٢/٨.
- نووسراوی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە ٣٢٥ لە ٢٠١١/٣/٢٨.
- هەردوو نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە ٦٩١٢ لە ٢٠١١/٣/٢٨ و ٩٩٩٩ لە ٢٠١١/٤/٢٨.

د. بەرهەم احمد صالح
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

هەرێمی کوردستان ـ هەولێر Kurdistan Region - Erbil
تەلەفۆن: ٠٩٦٤ (٠٦٦) ٢٢٣٠٢٤٧ - ٢٢٣٠٢٤٨ - ٢٢٢٠٢١٠ Phone: +964 (066) 2220210 - 2230247 - 2230248
E-mail: council of ministers@krg.org



هەرێمی کوردستان ـ عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەتی ئەنجومەن

اقليم كوردستان العراق
رئاسة مجلس الوزراء
سكرتارية المجلس

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

ژمارە: No:
ڕێکەوت: / / ٢٧ ی کوردی Date: / /

| ئیدارەی ڕاپەڕین لە ناوەندی قەزای ڕانیە | پێکهاتەی ئیدارەکە |
|---|---|
| | سەنتەری قەزای ڕانیە |
| | سەنتەری قەزای پشدەر |
| | ناحیەی چوارقورنە |
| | ناحیەی بێتواتە |
| | ناحیەی حاجیاوا |
| | ناحیەی سەرکەپکان |
| | ناحیەی هێرۆ |
| | ناحیەی ناودەشت |
| | ناحیەی هەڵشۆ |
| | ناحیەی ژاراوە |
| | ناحیەی ئیسێوە |

| ئیدارەی هەڵەبجە لە ناوەندی قەزای هەڵەبجە | پێکهاتەی ئیدارەکە |
|---|---|
| | سەنتەری قەزای هەڵەبجە |
| | سەنتەری قەزای شارەزوور |
| | سەنتەری قەزای سید صادق |
| | ناحیەی سیروان |
| | ناحیەی بیارە |
| | ناحیەی خورماڵ |
| | ناحیەی وارماوا |
| | ناحیەی سروچک |

تێبینی: لەدوای بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران، پارێزگای سلێمانی هەردوو نووسراوی ژمارە ٦٩١٢ لە ٢٠١١/٣/٢٨ و ٩٩٩٩ لە ٢٠١١/٤/٢٨ ناردووە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە تیایدا ئاماژەدراوە بە داواکاری ئەوەی قەزای پێنجوێن نەخرێتە سەر ئیدارەی هەڵەبجە و لەسەر پارێزگای سلێمانی بمێنێتەوە.

هەرێمی کوردستان ـ هەولێر Kurdistan Region - Erbil
تەلەفۆن: ٠٩٦٤ (٠٦٦) ٢٢٢٠٢١٠ - ٢٢٣٠٢٤٧ - ٢٢٣٠٢٤٨ Phone: +964 (066) 2220210 - 2230247 - 2230248
E-mail: council of ministers@krg.org

(١) ئیدارەی ڕاپەڕین، ژووری خۆیی و کارگێری

## پاشکۆی(٢)


ڕووبەر و ڕێژەی بەکارهێنانی زەویی شاری ڕانیە سالّی ٢٠١٨ نیشان دەدات [١]

| جۆری بەکارهێنان | ژمارە | | ڕووبەر/ کم٢ | |
|---|---|---|---|---|
| | بیناکراو | لە کۆی | بیناکراو | لە کۆی |
| یەکەی نیشتەجێبوون(خانوو) | ١٧١٢٠ | ٢٥٦٣٧ | -------- | ٥,٥ |
| قوتابخانە و خوێندنگا | ٣٥ | ٧٧ | ٠,٢٦ | ٦٤,٠ |
| باخچەی ساوایان | ٦ | ٢٨ | ٠,٠٢ | ١١,٠ |
| دایەنگا | ١ | ٢٠ | ٠٠٣,٠ | ٠٩,٠ |
| نەخۆشخانە+بنکەی تەندروستی | ١١ | ٢٢ | ١٠,٠ | ١٣,٠ |
| مزگەوت | ٥٩ | ٧٣ | ٠٧,٠ | ١٣,٠ |
| بینای گشتی | ٤٢ | ٧٦ | ٢٣,٠ | ٥٤,٠ |
| بازرگانی | ١٩٠ | ٢٢٥ | ٣٠,٠ | ٦٢,٠ |
| خزمەتگوزاری | ٢٦ | ١٣٦ | ٤٥,٢ | ٧٦,٣ |
| کۆمەڵگای وەرزشی+گۆڕەپانی یاری | ١٣ | ٢٥ | ١٣,٠ | ٢٧,٠ |
| | ١٧٥٠٣ | ٢٦٢٤٢ | ٥٦,٣ | |
| شەقامەکان<br>ناو گەڕەک و نێوان گەرەکەکان | | | | ٣٧,٧ |
| سەوزایی | | | | ٨,٢ |
| کۆ | | | | ٢٢ |

(١) سەرۆکایەتیی شارەوانیی رانیە،بەشی پلان و بەدواداچوون، سەرچاوەی پیشوو.

## پاشکۆی(٣)

نەخشەی ڕێگاکانی شاری ڕانیە و یەکە کارگێڕیەکانی نیشان دەدات[١]



(١) بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی زەوی و زار،سەرچاوەی پێشوو

پاشکۆی (٤)

ڕووبەری زەوی و زاری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ لە قەزای ڕانیە بە دۆنم نیشاندەدات[١]

| ڕووبەر بە دۆنم | جۆری زەوی |
|---|---|
| ٦٨١٨٥ | ڕووبەری زەوی بەردەڵان |
| ٦٣٦٧ | ڕووبەری زەوی ڕەزی دێم |
| ٢٣٦٠ | ڕووبەری زەوی باخی بەراو |
| ٧٥١٠٨ | ڕووبەری زەوی لەوەرگای سروشتی |
| ٨٤٠ | ڕووبەری زەویی دارستانی دەستکرد |
| ٥٤٨٤٢ | ڕووبەری زەوی دارستانی سروشتی |
| ٥٩٦٥٧ | ڕووبەری زەوی دێم |
| ٤٦٤٩٢ | ڕووبەری زەوی مغمورە |
| ٢٨٠ | ڕووبەری زەوی بەراوی ترۆمپا |
| ٢٢١٣٧ | ڕووبەری زەویی بەراو |
| ٢٢٨٩٠٧ | ڕووبەری گشتی |

(١) بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی رانیە، ژووری زەوی و زار، سەرچاوەی پێشوو

# پاشکۆی (٥)

## ژمارە و ناوی کەرتە کشتوکاڵیەکانی قەزای ڕانیە بەپێی ناحیەکان نیشان دەدات[١]

| شوێن / ژمارە | **ژمارە و ناوی کەرتەمکانی ناوەندی رانیە ١١ کەرت** | **ژمارە و ناوی کەرتەکانی سەرکەپکان ٢٤ کەرت** | **ژمارە و ناوی کەرتەکانی چوارقورنە ٢٨ کەرت** | **ژمارە و ناوی کەرتەکانی حاجیاوا ١١کەرت** | **ژمارە و ناوی کەرتەکانی بێتواتە ٢١ کەرت** |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١/رانیە | ٢٢/سەرکەپکان | ١٠/قروجە | ٣٠/کانی ماران | ٣٥/سەروچاوە |
| ٢ | ٢/کونەسە | ٤٥/شیبان | ١١/گولەک | ٣١/پوکەی سەروو | ٦٠/ئەندێک |
| ٣ | ٣/سیدە فەقیرە | ٤٦/دەلالان | ١٢/تۆبەکاران | ٣٢/گردی تلێ | ٦١/ئەنگۆز |
| ٤ | ٤/بۆسکین | ٤٧/ریژینە | ١٣/بارەبەست | ٣٣/زنگزنگە | ٦٣/هەرتەل |
| ٥ | ٥/قورەگۆ | ٤٨/میکوکان | ١٤/گردمامند | ٣٤/نەمررود و چۆلیاوا | ٧٥/نواوە |
| ٦ | ٦/دەربەند | ٤٩/برد حوشتر | ١٥/بازموسیان | ٣٦/میرەبەگ | ٨٠/شکارتە |
| ٧ | ٧/تۆپاوا | ٥٠/پاشقوتەل | ١٦/ورانگەی سەروو | ٣٨/قورەبەرازە | ٨١/نێوێ |
| ٨ | ٨/هەنجیرەی رەمک | ٥١/کانی بناو | ١٧/ورانگەی خواروو | ٣٩/پوکەی خواروو | ٨٢/بی لنگە |
| ٩ | ٩/تیتوکە | ٥٢/توبزاوا | ١٨/قورەشینە | ٤٣/گرمکە داڵ | ٨٣/چیوەی سەروو |
| ١٠ | ٣٧/شارستێن | ٥٣/قەلا سەیدە | ١٩/کامم | ٧٣/کانی توان | ٨٤/وەرە |
| ١١ | ٤٤/هەنجیرەی ئاکۆ | ٥٤/سارتکەی سەروو | ٢٠/پاڵەوان | ٧٤/خلیفە | ٨٥/ملوک |
| ١٢ | | ٥٥/سارتکەی خواروو | ٢١/دوگرتکان | | ٨٦/هەرمک |
| ١٣ | | ٥٦/دیرە | ٢٣/چوارقورنە | | ٨٧/هەنجیرە |
| ١٤ | | ٥٧/نورە | ٢٤/گردجان | | ٨٨/زێوە |
| ١٥ | | ٥٨/بردانگە | ٢٥/سەرخمە | | ٨٩/چیوەی خواروو |
| ١٦ | | ٥٩/دۆڵەرەقە | ٢٦/قەمبەران | | ٩٠/سوێرە |
| ١٧ | | ٦٢/پلنگان | ٢٧/بایزئاغا | | ٩١/دواوە و بێتواتە |
| ١٨ | | ٦٤/ناوزینان | ٢٨/دوکەرتکان | | ٩٢/بێکێل |
| ١٩ | | ٦٥/گوێچکەلان | ٢٩/قەمتەران | | ٩٣/ممیاوا |
| ٢٠ | | ٦٦/کەوبین | ٤٠/کۆڵەکە | | ٩٤/سەردۆڵ |
| ٢١ | | ٦٧/مدیرە | ٤١/ساردوقامیشە | | ٩٥/گردەشیر |
| ٢٢ | | ٦٨/شکلە | ٤٢/ئەستریلان | | |
| ٢٣ | | ٦٩/گۆڵان | ٧٠/قەسرۆک | | |
| ٢٤ | | ٧٦/بیردبی | ٧١/هیزۆپی گەورە | | |
| ٢٥ | | | ٧٢/چنارۆک بڵباس | | |
| ٢٦ | | | ٧٧/هیزۆپی بچوک | | |
| ٢٧ | | | ٧٨/بێستانە | | |
| ٢٨ | | | ٧٩/گڵی گۆڵان | | |
| **کۆی گشتی ژمارەی کەرتەکان** | | | | | **٩٥** |

(١) بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی رانیە، ژووری زەوی و زار، سەرچاوەی پێشوو

**حكومة اقليم كردستان العراق**

**وزارة التعليم العالى والبحث العلمى**

**جامعة السليمانية-كلية علوم الانسانية**

**قسم علم الاجتماع**

# رانــــيه

**بحث الأنثروبولوجي**

مقدمة الى مجلس كلية العلوم الانسانية فى جامعة السليمانية، كجزء من مطلبات لنيل شهادة الماجستير فى علم الاجتماع- علم الانسان

من قبل

**دارِێژ وريا محمد**

باشراف

**أ.م.د.عزت فتاح حمەصالح**

**٢٧١٩ كوردى** **١٤٤٠ هجرى** **٢٠١٩ ميلادى**

## الملخص

يعد البناء الاجتماعي للمجتمع ، من أهم الموضوعات الأنثروبولوجية (علم الأنسان)، التي تمت الدراسة الغفيرة عليها في ذلك المجال، حيث لكل مجتمع سماته ونمط حياة اقتصادية و ثقافية مختصتين به، التي تميزها عن المجتمعات الأخرى.

تعتبر مدينة رانية -كمجمتع البحث- واحدة من المدن العريقه والقديمه فى كردستان ومركزا لقضاء رانية وإدارة رابرين التابعة لمحافظة السليمانية. واتسمت هذه المنطقة – مثلما ذكرنا- بنمط حياة متعددة الأدوار من حيث الجانبُ الاقتصادي والاجتماعي و الثقافي.

مثلما هو واضح بأن هذه البحث بدوره، بحث أنثروبولوجي طليعة عن البناء الاجتماعي لمدينة رانية، بغية إطلالة جوانب مجتمع رانيه و ترابطها، فضلا عن انجلاء خصوصيات الحياة الاقتصادية والاجتماعية والثقافية لتلك المدينة السالفة الذكر، ولذلك استخدم الباحث منهجَي البناء الوظيفي والتاريخي، فضلا عن أدوات جمع معلوماتها، واللذين يتمثلان في الملاحظة، و الملاحظة بالمشاركة، والمقابلة، والكتب، والذكريات، وكذلك الدوائر الحكومية.

إن الباحث قد أشار بدوره في مقدمة البحث عن المفاهيم الرئيسة المستخدمة في البحث، والتي احتوت على (مدينة رانيه، وبناء الاجتماعي، والانثروبولوجيا)، حيث عرض عملية المناهج المستخدمة في البحث المتضمنة في كل من (موضوع البحث، و مجتمعه، و مناهجه، و أهمية وأهدافه، ومجالات البحث ايضا)

إن البحث تكونت من خمسة اقسام، حيث يتطرق القسم الأول منها الى النسق الآيكولوجي لمجتمع البحث، و ذلك من خلال تسليط الضوء على عناصر البيئة الطبيعية والاجتماعية للمجتمع المتمثلة في (الموقع الجغرافي و بنيتها الإداري ومساحتها، ومرتفعاتها و منحدراتها، و طقسها، و بنيتها الجيولوجية من حيث التربةُ ونباتات الطبيعية والمزروعة ومواردها المائية، والمواصلات، فضلا عن سكانها)، حيث إن البيئة الطبيعية والاجتماعية تؤثران على نمط الحياة الانسانية في المجتمع، و تنعكسان أيضا على الإبداع والقدرات الإنسانية. وما يتعلق بالقسم الثاني من الدراسة، فأن الباحث تطرق الى النسق الاقتصادي لمجتمع البحث، حيث أشار الى كل من ملكية و تقسيم

العمل، فضلا عن التطرق الى عملية التبادل والتجارة والزراعة والصناعة والسياحة، والمظفين، ولاشك أن العيش والبقاء على قيد الحياة متعلقان تماما بالإنتاج والجانب الاقتصادي للمجتمع. أما قسم الثالث من الدراسة فقد ألمح الباحث الى النسق الاجتماعي، الذي يتضمن على ثلاثة مباحث مترابطة، وألمع الباحث في المجتمع البحث عن (الزواج و أنواعها وطرقها، والعائلة بأنواعها، والقرابة بأنواعها ومصطلحاتها). وقد خُصِّصتْ الدراسة في القسم الرابع منها للنسق الثقافي في مجتمع البحث، وذلك عن طريق الإشارة الجلية الى مفهوم الثقافة ومميزاتها و وظائفها، وكذلك العناصر المادية للثقافة المتضمنة من(الملبس، والمأكل، والآثار، والوسائل المستخدمة في الحياة اليومية)، وذلك فضلا عن التطرق الى العناصر المعنوية للثقافة المكونة من (العادات والقاليد، والدين، والقانون، والسياسة، والفن والادب، و كذلك التربية والرأي العام) و أما في القسم الخامس المتمم للأقسام الخمسة المذكورة للدراسة، فقد سلط الضوء على كل من الخاتمة والنتئاج والتوصيات.

وأن مصطلحاتها المفتاحية المكونة من: مدينة رانية، وبنائها الاجتماعي، والانثروبولوجي، والآيكولوجي، والاقتصادي، فضلا عن القرابة، والعائلة، والزواج، والثقافة.

and type of family, relative and type of relatives in community research. Another part which is part four presenting culture system of community research, shows introduce culture concepts, characteristic and functions, also material culture (cloths, food, archeology, ordinary machine) also non-martial culture (norm and values, religion, law, politics, art, education and public opinion). Finally, the results, suggestion, recommendation have been presented in part five.

**Keys concept:** Ranya, social structure, Anthropology, Ecology, Economic, Relative, Family, Marriage and Culture.

# Summary

Society social structure, is important anthropology topic which has been targeting to do research, since each society has social, economic and culture specialty, that makes different from others.

Ranya city is community research which is ancient and traditional city in Kurdistan, also it is a part of Sulimaniyah governorate, which has specialty, regards to economic, social and culture.

This research, is an anthropology research in term of social structure of Ranya city, to aim presenting Ranya city fields and relocated together, also to find the specialty of Ranya city, so functional and history method have been used as long as with notice, interview, book, official documents tools.

In the introduction, research concepts have been included to clarify such as (Ranya, social structure, anthropology) also research method (research subject, research community, research method, important, aim and research fields)

This research has been divided for five parties, first part is about ecology system of community research, with refers to environmental and social of community (geography location, structure management Location and administration structure, area, topography, weather, geological structure, soil, nature, plant, water resource, Traffic, population and house) since it has strong effect to life style and also has been affected by evolution and human abilities. In addition, in part two, economic system has been presented to show owner, division of work, exchange, business, agriculture, industry and tourism, since ordinary people life relate to economic structure of society. Moreover, social system introduces in part three, which relate to other topics and it is presented marriage, marriage ways and types of marriage, family

**Kurdistan Regional Governet-Iraq**
**Ministry Of Higher Education and Scienttific Research**
**University Of Sulaimani-College Of Humanities**
**Department of Sociology**

# Ranya

## An Anthropological Research

This Research submitted to The Council of The College Of Humanities at the University Of Sulaimani In Partial Fulfillment Of The degree of Master in Sociology-Anthropology.

By
**Darezh Wrya Mohammed**

Supervised by
**Asst . Prof . Dr. Ezat Fattah Hama Salih**

**2019 A.D** **1440 Al-H** **2719 K**